# دیوان

سەرنووسەر
**سمکۆ عەبدولکەریم**

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە
ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات

خاوەن ئیمتیاز
**مەسعودی مەلا هەمزە**

سەرپەرشتیاری گشتی
**بێکەس حەمە قادر**

بەڕێوەبەری نووسین
**محەمەد گۆران**

ژمارە (٣٢) ئاداری ٢٠٢٣ زایینی - نەورۆزی ٢٧٢٣ کوردی

## کتێب

دوای دابڕانێکی کورت، لە دوای سەرهەڵدانی پەتای کۆڕۆنا ئەمساڵ لە نوێوە، جارێکی دی پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب لە هەولێر کرایەوە، لەو پێشانگەیدا ئەوەی زیاتر جێگەی سەرنج بوو، ئەو هەموو کتێبە دانسقانە بوون، کە بە زمانی عەرەبیی بەردەستن، بەتایبەتی ئەو کتێبانەی لە زمانی دیکەوە کراونەتە عەرەبیی، بەڵام کتێبخانەی کوردیی لێیان بێبەشە.

هەندێک کتێب بەرچاو دەکەون، کە پێویست بوو، چەند ساڵ پێش ئێستە کرابووانە کوردیی، کەچی وەرگێڕانی کورد هێندەی بەدوای کتێبی بازاڕین، هێندە بەدوای کتێبی دانسقەوە نین. بەشێوەیەک نموونەی ئەو کتێبانە هێندە زۆرن، ئێرە جێی ریزکردنیان نییە.

لە زۆربەی وڵاتانی دونیا، کتێب وەرگێڕان پرۆسەیەکی بە دامەزراوکراوە، کە ئەمەش وایکردووە زۆر بە خێرایی و لەکاتی خۆیدا هەموو ئەو کتێبانە وەربگێڕنە سەر زمانی نەتەوەکانیان، کە مەبەستیانە و بە گرنگیان دەزانن، بەشێوەیەک هەندێکجار ئەو پرۆسەی وەرگێڕانە بۆ ئێمە جێگەی سەرسوڕمانە، کە دەبینین لە ماوەی چەند شەو و ڕۆژێکدا تازەترین کتێب بۆ زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان وەردەگێڕدرێن، کەچی ئێمە دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵیش، هێشتە پێمان نەزانیون.

ڕەنگە ئەم خێراییە لە وەرگێڕان بۆ وڵاتانی خاوەن ئەزموون و قاڵبووی نێو دونیای زانست و مەعریفە پرۆسەیەکی ئاسایی بێت، بەڵام بۆ ئێمە هێشتە ماویەتی بگەینە ئەو تێگەیشتنە مەعریفییە، چونکە تا ئێستەش بەشێک لە وەرگێڕ و دەزگا چاپەمەنییەکانی هەرێمی کوردستان لە خەیاڵی بازاڕ و قازانجی پارە دان، بە دەگمەن نەبێت بیریان بۆ ئەوە ناچێت، کە ئەمڕۆ چ کتێبێکی تازە و پڕ بایەخ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

ئەمە جگە لەو دووبارە و چەندبارە وەرگێڕان و چاپکردنەوەی ئەو کتێبانەی، کە هیچ جۆرە گەشەیەک بە بیر و مەعریفەی مرۆڤ نابەخشن.

تۆ تا نەچیتە نێو کتێبخانەکان و پرسیار لە پڕ فرۆشترین کتێب نەکەیت، لەوە تێناگەیت، کە کتێبخانەی کوردیی لە چ پاشاگەردانییەک دایە، ڕەنگە تا ئاستێک کەسێک ئازاد بێت لەوەی چ کتێبێک دەنووسێت، یان وەریدەگێڕێت، بەڵام ئەم ئازادییە نابێت ببێتە هۆی جۆشدانی خوێنەر بە ئاراستەی دۆگمای فیکریی و مەعریفیی، تەنیا لە پێناو بەرزکردنەوەی ژمارەی کتێبە چاپکراوە نەخوێنراوەکانیدا.

چونکە ئەمەش هاوشێوەی زۆر شتی دیکەی ئەم مەملەکەتە، ئەنجامەکەی تەنیا سووک و ڕیسواکردنی کتێب و بەها پیرۆزەکانە، ئەو بەهایانەی زۆر کۆمەڵگە لێیەوە پایەکانی دەوڵەت و بنەما ئەخلاقییەکانی خۆیانیان پێ دروستکرد.

*سەرنووسەر*

هەولێر - شەقامی ١٠٠ مەتری نزیک کۆلێژی دەرمانسازی
govaridiwan@gmail.com
(گۆڤاری دیوان) لەتیلیگرام

تیراژ: (١٠٠٠) دانە
دیزاین: ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)
سەرپەرشتیاری چاپ: مەهدی ئەحمەد حوسێن (٠٧٥٠٤٥٥٠٢١٣)
چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر (٠٧٥٠٤٤٩٥٦٥٤ - ٠٧٧٠٤٤٩٥٦٥٤)

هەموو ئەو وتار و بابەتانەی لە گۆڤاری دیوان بڵاودەکرێنەوە، ڕاوبۆچوونی نووسەرەکانیانە

# لەم ژمارەیەدا

*** دۆسیە: (ئەحمەد چەلەبی)**


١. ئەحمەد چەلەبی دەباغ .. لەدەستپێکەوە بۆ سەرەتایەکی نوێ / سمکۆ عەبدولکەریم ...... ٤
٢. ئەحمەد چەلەبی تەنیا شەش مانگ لای مەلا خوێندوویەتی / ئا: دیوان ...... ٥
٣. بەشێکی زۆری شاری هەولێر موڵکی ئەحمەد چەلەبی بوو / ئا: رەوەست نەوزاد ...... ١٤
٤. هەولێرنەک بەغدا، یەکەم شاری عێراق بوو لەبواری مانگرتندا بۆ داشکاندنی نرخی کارەبا/د.کەمال مەزهەر ...... ١٨
٥. هەولێر .. لە چاخی فانۆسەوە بۆ چاخی کارەبا / سینان چەلەبی ...... ٢٦
٦. بنەماڵە دێرینەکانی هەولێر/ سوداد ڕەسووڵ ...... ٢٧
٧. کاسی ئەحمەد چەلەبی/ شێرزاد هەینی ...... ٣٢


*** مێژوو:**


١. ئەحمەد خواجە، لە هەولێر چی دیت؟ / ئیحسان ڕەشاد موفتی ...... ٣٦


*** ئەدەب:**


١. شێوازی شیعری جەلالی میرزا کەریم/ ڕزگار جەباری ...... ٥٠
٢. فنجانێک قاوەم بدێ، با وەرزەکانی قاوە و سەفەر بخوێنمەوە / ئەحمەد مستەفا زەکی ...... ٦٢
٣. جەلالی دارتاش / یوسف ئیسماعیل عەزیز ...... ٦٨
٤. هەورازە ڕێ / محەمەد کەریم نانەوا ...... ٧٢
٥. پێنج چیرۆکی زۆر کورت / بڵند باجەلان ...... ٧٣
٦. تورەبون لە ئاو، نزایەک بۆ ژن / بەیان ئیبراهیم ...... ٧٤


*** ڕۆشنبیریی گشتیی:**


١. کورتە مێژوویەک لەبارەی واژەی «دیوان Dîwãn» / ئەسعەد قەرەداخیی ...... ٧٨
٢. سەردەمی چەتەیی ئەوروپا / ن/ د. نعمت الله فازلی – و/ مقداد شاسواری ...... ٨٥
٣. فەلسەفە لە نێوان چییەتیی مەعریفە و پێویستیی بابەتییبوون / دڵشاد کاوانی ...... ٨٧


*** دیدار:**


١. دیداری ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل:/ دیمانە: سمکۆ عەبدولکەریم ...... ٩٠


*** هونەر:**


١. ڤان کوخ / عەزیز پیرداود ...... ١٠٤


*** خوێندنەوەی کتێب:**


١. پیاوە بێجامە شینەکە / باهۆز مستەفا ...... ١٠٨
٢. حەرەس قەومییەکان .. قۆناغێکی دی لە مێژووی خوێناوی عێراق / ئیسماعیل تەنیا ...... ١١٣
٣. نووسەری گەورە و نووسینی بچووک! / سەدیق سەعید ڕواندزی ...... ١١٩


*** لەبری بیرەوەری:**


١. شەو لەکێوان (بەشی ١٦) د. ئەرسەلان بایز ...... ١٢٢


*** وێستگەی دیوان:**


١. (١) پرسیار (وریا ئەحمەد) ...... ١٣٠
٢. دیوانی هەولێر (ئەحمەد ئاکۆ) نازم دڵبەند ...... ١٣٢
٣. یەکەم بابەت (موحسین ئاوارە) ...... ١٣٥
٤. گۆشەی دیوان (لیوای کەرکووک لە پرۆگرامی خوێندنی ئامادەیی و خانەی مامۆستایان-ی عێراق ...... ١٣٦
٥. د. ئەنوەر دڵسۆز (١٩٢٤– ١٩٩٣) ولاتپارێزێکی قەلای هەولێرە / تاریق جامباز ...... ١٣٧
٦. باوکی کۆمەلایەتی، باوکی بایلۆژی / ڕزگار عومەر ...... ١٣٨
٧. لە دەفتەری نەمریدا (حوسام حەسرەت) ...... ١٤٠
٨. سالۆنی لاپەڕە (٩) ...... ١٤٢


*** لاپەڕە ١٤٤:**


١. مانگی سێ / سمکۆ عەبدولکەریم ...... ١٤٤

# دۆسیە

# ئەحمەد چەلەبی

## ١٨٩١ - ١٩٧١

ئەحمەد چەلەبی سەربە بنەماڵەی چەلەبییەکانی هەولێر بوو، وەک پیشەی بنەماڵەکەی بە کشتوکاڵ و مەڕداری دەست پێدەکات. دواتر دەست بەکاری بازرگانی و دامەزراندنی پرۆژەی خزمەتگوزاری دەکات.

یەکەم کەس بوو، ئەو پرۆژانەی ئەنجام دا:

- هێنانی ئامێری بەرهەمهێنانی کارەبا
- دامەزراندنی کارگەی سەهۆڵ
- هێنانی کارگەی کارەبایی ئاش
- هێنانی فڕنی ئۆتۆماتیکی دروستکردنی سەموون
- هێنانی ئامێری تیشکی (ئێکس ڕای) بۆ پشکنینی شکان و وەرەم



# ئەحمەد چەلەبی دەباغ
# لەدەستپێکەوە بۆ سەرەتایەکی نوێ

بە دڵنیاییەوە لە هەولێر کەسایەتی زۆر گەورە و ناودار هەڵکوتوون، کە ڕەنگە چەندینساڵی بوێت، ئێمە لە گۆڤاری دیوان بتوانین هەموویان بەسەر بکەینەوە، بەڵام خوا یار بێ و گۆڤار بەردەوام بێت، هەوڵدەدەین پەیتا پەیتا و بێ جیاوازیکردنی نەتەوەیی، ئایینی و مەزهەبی ئاوڕ لە هەموویان بدەینەوە و تیشک بخەینە سەر گۆشە نارۆشنەکانی ژیانیان و تۆزی سەر ئەو لاپەڕانە داتەکێنی، کە تا ئێستە لەنێو ڕەفە و دۆڵابەکانی نێو بنەماڵە دێرینەکانی هەولێر بێناز کەوتوون.
ڕەنگە ئێمە تەنیا بە دۆسییەکی مانگانەی ئەم گۆڤارە دەرەقەت نەیەین، بۆیە چەند لاپەڕەیەکی دیکەی گۆڤارمان بە ناوونیشانی (دیوانی هەولێر) بۆ ئەو کەسایەتییانەی دیکەی هەولێر-یش تەرخان کردووە، کە ڕەنگە لەڕووی ئیشوکار و ڕۆڵیان لە خزمەتکردنی شاری هەولێر هیچیان کەمتر نەبێت لەوانەی بەشێوەیەکی گشتیی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا ناسراون، بەڵام ئەوان کەمتر، یان بڵێین هەر ئاوڕیشیان لێنەدراوەتەوە. نازم دڵبەند بەو ئەزموون و تەمەنەی خۆیەوە، بە گرۆتینێکی لە ڕادەبەدەر مانگانە ئاوڕیان لێدەداتەوە و ئەم گۆشەیە ئامادە دەکات.
ئەحمەد چەلەبی یەکێکە لەو سەدان کەسایەتیانەی هەولێر، کە جێپەنجەیان دیارە و ئێستە ئەو بەشێکە لە مێژووی ئەم شارە، بەڵام ئەوەی چەلەبی لەوانی دیکە جیادەکاتەوە، ئەوەیە، کە دەکرێت بڵێین ئەو یەکەم کەس بووە، ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە وەرچەرخانی شاری هەولێر، لە ڕووی بازرگانیی و پیشەسازییەوە، کە ئەمەش بۆ ئەو سەردەمی، بە وێستگەیەکی پێشکەوتووی ئەقڵیی و مەعریفی دادەنرێت.
کەسێک لەنێو ئەو هەموو کەسایەتییەی ئەودەمی خۆی، بیر لە قۆناغێکی پێشکەوتووتر دەکاتەوە، لە مەڕداریی و کشتوکاڵییەوە بۆ بازرگانیی و پیشەسازیی.
ڕەنگە بەفری چیاکان هۆکارێکی بنەڕەتی بیرکردنەوەی ئەو پیاوە بووبن، کە چۆن لەو بەفرە دەربازیان بێت، کە لە وەرزەکانی زستاندا خەڵکی ناوچە شاخاوییەکان دەیانهێنایە هەولێر و بە شارییەکانیان دەفرۆشت، چونکە دیارە بۆ ئەو سەردەم، هەم هەڵگرتنی ئەو بەفرە بۆ وەرزی هاوین قورس بووە، هەم لە ڕووی تەندروستیشەوە باش نەبووە.
بۆیە کاتێک ئەحمەد چەلەبی بۆ یەکەم جار کارگەی (بووز-سەهۆڵ) دەهێنێتە هەولێر بیر لەوە دەکاتەوە، کە بەبێ بوونی کارەبا ناتوانێت ئەو کارگەیە دامەزرێنێت.
واتە لێرەوە، یەک دوای یەک، پەیوەندیی پێداویستییەکان بە یەکدییەوە، دەبنە پاڵنەری ئەقڵی چەلەبی، بۆ هەنگاونان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی.
ئەگەرچی ئەو هەنگاوەی چەلەبی، کاریگەری دەبێت لەسەر بژێوی خەڵکانێک، کە تا ئەودەم پشتیان بەوکارە بەستبوو، بەڵام دواجار ئەوەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی ئەوانیش بیر لە کارێکی دیکە بکەنەوە، چونکە ناکرێت ژیان و گوزەران و کارکردن هەر بەیەک شێوە بمێننەوە.
جگە لەوەش ئەو هەنگاوە بنەڕەتی و سەرەتاییانەی ئەو، دەبنە هۆکارێک و سەرەتایەکیش بۆ جووڵاندنی ئەقڵی کەسانی دیکەی هەولێر، بۆ ئەوەی ئەوانیش بیر بکەنەوە.
بۆیە دەکرێت دەستپێکردنی دژایەتی چەلەبی لە لایەن هەندێک کەسایەتی دیاری ئەودەم، بەو سەرەتا تازەیە دابنێین، بەتایبەتی کاتێک ناڕەزایەتییەکان لە دژی زۆریی نرخی کارەبا پێدەنێتە قۆناغێکی نوێی جووڵانەوەی میللییانەی هاوڵاتیانی هەولێر، کە دواجار بەسەرکەوتنی هاوڵاتیان کۆتایی پێدێت.
هەموو ئەوانە وایان کرد ئەحمەد چەلەبی-مان بیر بێتەوە و ئاوڕی لێبدەینەوە، بەدەر لەوەی خانەوادەکەی ئێستە چۆن بیردەکەنەوە، ئایە خۆیان بە کورد دەزانن، یان تورکمان؟ ئەوە بەلای ئێمەوە گرنگ نییە، ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە، ئەوەیە گۆڤاری دیوان مینبەرێک بێت بۆ هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکان و پێکهاتەکانی نیشتەجێی سەر خاکی کوردستان، چونکە پێمانوایە هەولێر و کوردستان بەمشێوە مۆزایکە قەشەنگتر خۆی دەنوێنێت، ئایندەش بەندە بەو تێگەیشتنە ڕاستەوە.

**سمکۆ عەبدولکەریم**



## مەحموود عەبدولخالیق ئەحمەد چەلەبی:

# ئەحمەد چەلەبی تەنیا شەش مانگ لای مەلا خوێندوویەتی

ئامادەکردنی: دیوان

مەحموود ئابیَ «کاک مەحموود» کەسوکار و نزیکەکانی ئاوا بانگی دەکەن و دەیدوێنن، کوڕی عەبدولخالیق کوڕی (ئەحمەد چەلەبی) یە، ڕاشکاوانە دەڵێ «ئێمە تورکمانین و بەبنەچە سەلجوقین و لەئازەربایجانەوە هاتووینەتە قەڵای هەولێر» هاوکات بەوردی باس لەکار و پیشەی بنەماڵەکەیان دەکات، کە چۆن سەرەتا مەڕدار بووینە و پاشتر لەسەر قسەی (ئەحمەد چەلەبی) باپیری ڕوودەکەنە کاری بازرگانی و پیشەسازی، دواتریش نەوەکانی ئەم بنەماڵەیە دەخرێنە بەرخوێندن و لەبوارە جیاجیاکاندا بڕوانامە بەدەست دەهێنن.

مەحموود ئابیَ، دەڵێ بنەماڵەی ئێمە هەردوو «نازناوی چەلەبی و دەباغ»یان بەکارهێناوە، کە هەردووکیان تایبەتن بە بنەماڵەکەیان. هەر لەو دیمانەیەی گۆڤاری دیوان-دا، مەحموود ئابیَ، باس لەزۆر خەسڵەت و لایەنی کۆمەڵایەتی و هزر و ژیانی تایبەتی «ئەحمەد چەلەبی» باپیری دەکات و ڕاشکاوانە وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

**- نازناوی (چەلەبی) ماناکەی لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

+ سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی بازرگانە گەورەکان نازناوی (چەلەبی)یان هەبووە و خەڵکەکە ئەو نازناوەیان بۆ دادەنان. ئەسڵ و بنەچەی وشەکەش ئەگەر بەراوردی بکرێ بەئینگلیزی واتا (جەنتلمان) بەواتای پیاوەکی ماقووڵ و هێمن و لەسەرخۆ، گران و سەنگین، ئەوە واتای ڕاستەقینەی وشەکەیە. بۆیە هێندە بەسە کە بزانین (چەلەبی) واتا بازرگان و سەرمایەدارێکی گەورە.

مەحموود چەلەبی، کە بابی ئەحمەد چەلەبی بووە و منیش هەر بەناوی ئەو کراومەتەوە، ئەوانە هەموویان نازناوی چەلەبییان هەبووە (ئەحمەد چەلەبی کوڕی مەحموود چەلەبی کوڕی قادر چەلەبی کوڕی حاجی سەعید چەلەبی کوڕی حاجی حارس چەلەبی) بەوجۆرە دەچێتە دوێ، هەتا دەگاتە عومەر ئاغای، کە باپیرە گەورەی ئێمە ئاغایە، ئەوە بنەماڵەی باوکی ئەحمەد چەلەبی، بەڵام بنەماڵەی دایکی ئەحمەد چەلەبی، ئەوان (دۆغرەمەچی)ن بۆیە بەتێگەیشتنی من تەمەنی ئەو نازناوەی بنەماڵەکەمان ٦٠٠ ساڵ دەبێت، بەپێی ئەو شەجەرەی بنەماڵەکەمان کە



مەحموود عەبدولخالیق ئەحمەد مەحموود چەلەبی



“ ئەحمەد چەلەبی هەموو ساڵەک گەنم و جۆی لە سەرانسەری عێراق دەکڕی و دەینارده ئەوروپا ”

لەبەردەستمان دایە.

**– ئێوە کە ئەوەندە دەوڵەمەند بوونە، بنەماڵەکەتان سەرەتا چ کار و پیشەیەکیان کردووە؟**

+ مەڕدار بووینە، سەت مێگەلیان هەبووە، هەر مێگەلەکیش هەزار سەر بووە، واتا هەمووی سەت هەزار سەر بووە، سەرمایەی ماڵی چەلەبی لەو مەڕانەوە هاتووە. حەزدەکەم ئەوەش باس بکەم، کە دەگێڕنەوە: کابرایەک لەچیا دێتە خوارێ و بەنیازی بازرگانی دەیەوێت بچێتە حەلەب، هەر لەهەولێرەوە بەڕێدەکەوێ و لەکوێندەر مێگەلە مەڕێک دەبینێ، دەپرسێ ئەوە هی ماڵی (حاجی قادر)ییە؟ کە دەکاتە باپیری ئەحمەد چەلەبی، هەردەڕوا و مێگەلی دیکە دەبینێ، دیسان پرسیار دەکات و دەڵێ ئەوە هی حاجی قادرییە؟ هەتا دەگاتە سەرسنووری سوریا، مێگەلە مەڕێکی دیکە دەبینێ و دەڵێ ئەو مەڕانە هی کێیە؟ دەڵێن هی حاجی قادرییە، کابرا لەگوێدرێژەکەی دێتە خوارێ و دەڵێ: با ئەوەش بۆ ماڵی حاجی قادر–ی بێت!

**– دەگوترێ، کە ئەحمەد چەلەبی بۆ ماوەیەکی کاتی نازناوی خۆی کردووەتە «ئەحمەد دەباغ» دەکرێ هۆکاری ئەمە بزانین؟**



ئەحمەد چەلەبی

+ وەک گوتم بنەماڵەی ئێمە سەت هەزار سەر مەڕیان هەبووە، پیستەی حەیوانیش زۆر بەقیمەت بووە، جا دەبوایە بەوەستایی ببڕدرێ و دەبغ بکرێت (کارگەی دەبغ)یان هەبوو، کارگەکە ڕاستە وەکو ئەوانەی ئەو سەردەمە نەبووە، چونکە هەموو ئیشوکارەکان بەدەست کراوە، جا لەسەر ئەو پیشەیە، نازناوی (دەباغ)یش درایە بنەماڵەی ئێمە. من زۆر لەنووسراوەکانی باپیرم بینیوە، کە لەسەری دەنووسی (ئەحمەد چەلەبی دەباغ) ئێستەش هەندێک لە ئامۆزاکانم هەر نازناوی (دەباغ) بەکاردەهێنن.

دوای نەمانی مەلەکییەت و هاتنی سەردەمی کۆماری، حکوومەت نازناوی عەشایریان هەڵگرت و بنەماڵەکان تەنیا دەیانتوانی نازناوی پیشە بەکاربهێنن، بۆیە بەناچاری نازناوی دەباغی زیاتر ڕەواجی پەیداکرد، بەتایبەتی لەسەردەمی بەعس هەموو نازناوەکان هەڵگیران، سەددام حوسێن، خۆی پێشتر نازناوی تکریتی هەبوو، کە هاتە حوکم نازناوی تکریتی هەڵگرت. بەو شێوەیە نازناوی عەشائیریی و ناوچەیی نەما، تەنیا نازناوی پیشە مایەوە، بۆیە نازناوەکەی ئێمەش ئەو ماوەیە بووە دەباغ، بەڵام بە بۆچوونی من نازناوی پیشە، بۆ ماوەیی نییە، ئێستە من پیشەم ئەندازیارە، دەکرێت کوڕەکەی منیش بڵێت ئەندازیارم؟ ئایا دەکرێت من پیشەی ئەندازیاری بدەمە کوڕەکەشم؟ بێگومان نا، بەڵام نازناوی چەلەبی، هەموو بنەماڵەکە دەتوانن بەکاری بهێنن و لەگەڵیدا بڕۆن.

**– حەز دەکەین لەزاری خۆتانەوە ئینتیمای قەومی و بنەچەتان بزانین، هەروەها ئەوەش بزانین، کە سەرەتا بنەماڵەی ئێوە لەکوێوە هاتوونەتە هەولێر؟**

+ بنەماڵەی ئێمە لەئازەربایجان و دەوروبەرییەوە هاتوونەتە قەڵای هەولێر، باپیرە گەورەی ئێمە لەگەڵ حەملەی سەلجووقیان هاتووەتە هەولێر، بەڵام کامە تیرەی سەلجوقین، ئایا لە ئەفشەرین؟ لەبەیاتین؟ لە کەدورگەین؟ ئەوەی نازانم بەدرووستی، بەڵام سەتا میلۆن دڵنیام کە ئەمە سەلجووقینە.

بۆیە ئەگەر لەمن دەپرسی، لە ئەحمەد چەلەبی

دەپرسی؟ دەڵێم ئێمە تورکمانین و بنەچەشمان سەلجوقین، کاتی خۆی پیاوێک هەبوو (مەلا تەها) لای ئێمە زۆر بڕواپێکراو و سەنگین بوو، خەڵکی تەندووڕەی بوو، جا ئەو بۆی گێڕامەوە، گوتی لەدوای هاتنی ئینگلیز ڕۆژێک قەومییەتی خەڵکیان دەنووسی، بێگومان ئەو ئاین و ئۆینە دوای هاتنی ئینگلیز دەستیپێکرد، جا (مەلا تەها) لەحاجی مەحموودی پرسییە لەمەکتەب شتەکی وەها هەیە، عەبدولخالیق-ی بەچ قەومەک بنووسین؟ گوتی بنووسن تورک، ئەوکات تورکمانیش نەبوو، دواتر عەبدولکەریم قاسم ئەو ئۆینەی دروستکرد و تاکو لەنێوان ئێمە و تورکیا تەفرەقە هەبێت، بەهەرحاڵ، تورکمانەکە باشیش بوو، چونکە کە دەڵێی تورکمانم کەس ناڵێ خەڵکی تورکیای، جا بنەچەی ئێمە تورکمانین.

**- پیشەی سەرەتا و یەکەمی بنەماڵەکەتان کە وەک ئاماژەتان پێدا لەدوای هاتنیان لەئازەربایجانەوە بۆ هەولێر، مەڕدار بوونە، ئەی دواتر چۆن وازتان لەمەڕداری هێنا و چوونە نێو دونیای بازرگانی و پیشەسازی؟**

+ دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و هاتنی ئینگلیز بۆ ناوچەکە، ئەحمەد چەلەبی بەباوکی دەڵێت ئیدی زەمانی مەڕداری نەما، دونیا بەرەو پێشکەوتن و پیشەسازی دەڕوات، بۆیە ئێمەش دەبێت خۆمان بگۆڕین و ڕوو لەپیشەسازی بکەین، مەحموود چەلەبی باوکیشی، زۆری ڕێز لەئەحمەد چەلەبی دەگرت و بەقسەی دەکرد، چونکە ئەحمەد چەلەبی پیاوەکی زۆر عاقڵ بووە و ئەوەشی لەمنداڵییەوە پێوە دیاربووە، بۆیە لەسەر قسەی ئەحمەد چەلەبی، ئەو مەڕانە هەمووی دەفرۆشن و تەنیا ژمارەیەکی کەمی بۆ پێداویستی ڕۆژانەی خۆیان دەهێڵنەوە.

**- دوای وازهێنان لەمەڕداری و ڕووکردنە کاری بازرگانی و پیشەسازی، یەکەم پرۆژە چیبووە، کە ئەحمەد چەلەبی، هێناویتییە هەولێر؟**

+ یەکەم پرۆژەی کارگەی بەفر بوو، بەڵام پێش ئەوە کارەبای هێناوەتە هەولێر، چونکە کارگەی بەفر بەبێ کارەبا نەدەخرایە گەڕ، ئینجا دواتر کە زانیان کارەباش سوودێکی زۆری هەیە، کارەباشی هێنایە هەولێر، پاشتر کارگەی بەفرەکەی فراوانتر کرد و لەموسڵ و بەغداش کارگەی بەفری دانا.

حەزدەکەم ئەوەش بڵێم، چونکە کەم کەس ئەو شتە دەزانێت، ئەحمەد چەلەبی لەبەغدایێ لەگەڵ پیاوەکی دیار و دەوڵەمەند (هادی چەلەبی) کە ئەویش نازناوی چەلەبی هەبوو، کەسێکی سیاسیی بوو، لەسەردەمی مەلیک فەیسەلی دووەم یەکەم نەخۆشخانەی تایبەت بە منداڵانی لە بەغدا دروستکرد، لەگەڵ ئەحمەد چەلەبی پێکەوە کارگەی بەفرەکەیان دانا.

هادی چەلەبی زۆر عەقڵی ئەحمەد چەلەبی گرتبوو و خۆشیویستبوو، بۆیە دەڵێ کوڕێکم ببێ بەناوی تۆی دەکەمەوە، ئەوە بوو قسەکەی خۆی دەگەیێنێتە جێ و پاشتر کوڕەکەی (ئەحمەد چەلەبی) دەبێتە کەسایەتییەکی دیاری ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی و سەرکردایەتی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی دەکات.

دوای ئەوە (ئەحمەد چەلەبی) کارگەی ئاردی هێنایە هەولێر، کارگەکە لەبەریتانیا هێنرایە هەولێر و زۆرزۆر باشبوو، حکوومەتی ئەوکاتی عێراقیش زۆر هاوکاربوو، خەتێکی سکەی قیتاری هێنایە ناو کارگەکە و ڕاستەوخۆ ئاردەکەی بۆ بەغدا و بەسرا و شوێنانی دیکە بار دەکرد، لەوێوەش گەنم دەهێنرایە نێو کارگە و دەکرایە ئارد. حکوومەتی مەلەکی زۆر عاقڵ



“

**ئەگەر لەمن دەپرسی، لە ئەحمەد چەلەبی دەپرسی؟ دەڵێم ئێمە تورکمانین و بنەچەشمان سەلجوقین**

”



ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٧ لە هەولێر
لە وێنەکەدا ئەحمەد چەلەبی و شەهاب چەلەبی دیارن و ناسراون



بوو، تەماشای ئەوەی نەدەکرد ئەوە کوردە، یان عەرەبە، یان تورکمان، کەسێکی وەک ئەحمەد موختار بابان کورد بوو، کرابووە سەرۆک وەزیر، جەعفەر عەسکەری ئەویش تورکمان بوو، کرابووە سەرۆک وەزیر.

دوای ساڵی ١٩٥٦ بۆ ١٩٥٧ ئەحمەد چەلەبی لەگەڵ چەند شارەزایەکی بەریتانی دانیشت و گوتی من دەمەوێت ئاو لە گۆپاڵەوە بهێنمە قەراج، چونکە قەراج خاکەکەی زۆر بەپیتە، یەک کیلۆ گەنم بچێنی، ئەگەر باران و ئاوی هەبێت، سەت کیلۆت دەداتێ، ئەو ژمارە لەهیچ شوێنەکی دونیایێ نییە، مەرجی ئەحمەد چەلەبی ئەوەبوو، کە دوای بە ئەنجانگەیاندنی پرۆژەکە و هێنانی ئاو بۆ قەراج، ماوەی بیست ساڵ سوودی چاندن و دروێنەکەی بۆ خۆی بێت، پاش ئەوە، پرۆژەکە ڕادەستی حکوومەت بکاتەوە و خەڵکەکەش خۆیان زەوییەکانیان تۆ بکەن، ئەمە ئێستە پێیدەڵێن «موساتەحە« حکوومەتی عێراقی ڕازی بوو و وەزیری ناوەخۆ، کە سەعید قەزاز بوو و ئەویش کوردبوو، هەموویان بەو مەرجەی ئەحمەد چەلەبی ڕازی بوون و ڕێککەوتن لەسەری، دەستیانپێکرد و شۆڕشی چواردەی تەمموزی بەسەردا هات، دوای هاتنە سەردەسەڵاتی حکوومەتی تازەش، هەر کەسێکی عاقڵ و ئیشی باشی کردبێت لەنەزەری ئەوان خائین بوو، ئەوەبوو پرۆژەکەیان ڕاگرت.

بەوەش نەوەستان «ئیسلاح زراعی»یان کرد و زیانێکی گەورەتریان لەئەحمەد چەلەبی دا، زەوییەکانیان هەموو بەبێ قەرەبووکردنەوە لێساندەوە، ئەو زەوییانە کە نزیک بە ٣٢ هەزار دۆنم دەبوو لەئێستەدا هەمووی کەوتووتە نێو شارەوانی هەولێر، بۆیە ئەحمەد چەلەبی لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز لێدرا چیدی نەیتوانی بچێتە پێشەوە.

ئەو پرۆژەی ئاوە ئەگەر جێبەجێ کرابا، قەراج هەمووی دەبووە دارستان، لەهەولێر ٣٦٣ کارێز هەبووە، گوندی «قونیان» کە هی ئێمە بوو، لەوێندەر بزن لەنێو ئەو ئاوەی خنکاوە، جا بێنە پێش چاوی خۆت ٣٦٣ کارێز لەکن یەک دابنێ دەبێتە زێیەک، لەشەڕی ئەسکەندەر و داریۆشی، دەگوترێت داریۆش فیلەکانی خۆی لەغاباتی هەولێرێ شاردبۆوە، ئایا ئێستە کەس غابات لەهەولێر دەبینێ؟ ئەی ئەگەر پرۆژەکە سەری گرتبا و ئەو ئاوە چووبا قەراجێ؟ ئێستە ئەو ناوچەیە چی لێدەهات؟

لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستە پرۆژەی ئاو وەستا، بەڵام ئەحمەد چەلەبی بەردەوامبوو لەپرۆژەکانی و ئەوجارە ئامێری «تیشک»ی هێنا، دوای ئەوەش کارگە و فڕنی «سەموونی ئۆتۆماتیکی»یان هێنا، ئەو دوو پرۆژەیە پاش شۆڕشی ١٤ی تەمموز کراوە، بەڵام ئەو شتانە لەگەڵ هێز و شانوشەوکەتی ئەحمەد چەلەبی نایەتەوە، بەنیسبەتە وی زۆر کەمە، ئێمە لەتورکی دەڵێین: ئەمە لەحوشتری بەس گوێیەکەیە.

**– لێرەدا شوێنی خۆیەتی کە ئەو پرسیارە بکەین، باشە لەبەرچی لەو کاتەی، کە ئەحمەد چەلەبی پرۆژەی کارەبا و کارگەی بەفری هێناوەتە هەولێر، خەڵک ناڕەزایەتی دەربڕیوە، ئایا کوالیتی پرۆژەکە خراپ بووە، یاخود هۆکاری دیکە هەبوو؟**




مەراسیمی کردنەوەی یەکەم نەخۆشخانەی تایبەت بە منداڵان، کە لەسەر دەستی عەبدولهادی چەلەبی، دۆستی ئەحمەد چەلەبی لە بەغدا دروستکرا

**من زۆر لەنووسراوەکانی باپیرم بینیوە، کە لەسەری دەنووسی (ئەحمەد چەلەبی دەباغ) ئێستەش هەندێک لە ئامۆزاکانم هەر نازناوی (دەباغ) بەکاردەهێنن**

+ وەکی ئەحمەد چەلەبی کارەبای هێنایە هەولێری، زۆر پیاو هەبوو خەمی پێ دەخوارد! هەتا عەریزەیان نووسیبوو بۆ بەغدا، کە ئەو پیاوە وەها و ئاوها دەکات، بەڵام هیچ قیمەت و ئەرزشەک بۆ عەریزەکان نەکرا و کەس بەقسەیانی نەکرد، بێگومان دواتر کە کارەبا دانرا، دەبوو هەر ماڵە و برە پارەیەکیش بدات، ئەوجارە گوتیان نرخەکەی زۆرە و دەبێ دابەزێت، ئەحمەد چەلەبیش گوتی نرخ دانابەزێنم، خەڵکیش بایکۆتیان کرد و گوتیان نابێ کەس کارەبا پێبکات، هەتا ماڵی عەلی پاشای دۆغرەمەچی، چونکە ئەحمەد چەلەبی دایکی دۆغرەمەچی بوو، بووکیشی، کە دەکاتە دایکی من، ئەویش هەر دۆغرەمەچی بوو، ئەوان ناچاربوون کە لەگەڵ خەڵکەکە پێکبێن. لەو بینەوبەردەشدا، مەلیک فەیسەڵی یەکەم دێتە هەولێری، ماڵی عەلی پاشا ڕووخسەتیان لەخەڵکەکە وەرگرت و گوتیان دەبێ لەبەر مەلیکی کارەبا پێ بکرێت، ئەوەبوو لەدەرکی قەڵاتێ هەتا ماڵی عەلی پاشای گلۆپیان بۆ دانا و خەڵک بایکۆتەکەی شکاند.

ئەوکاتە، کە کارگەی بەفریش دانرا، سەرەتا هەموو ماڵەکانی قەڵاتێ و مزگەوتەکان بەفریان بەخۆڕایی وەردەگرت، بەڵام دواتر، کە بووە پارە و نرخەک بۆ بەفرەکە دانرا، دیسان خەڵکەکە زۆریان پێ ناخۆشبوو «کوو ئەوها دەبی» ئەوانیش گوتیان ئەدی خۆ هەر بەلاشتان نادەینێ!


دەمەوێت لێرە ئاماژە بەوە بکەم، کە هێنانی کارگەی بەفر بۆ هەولێر، کودەتایەکی گەورە و گۆڕانکاریی بوو لە ژیانی خەڵکی هەولێر، پێشتر هەموو ماڵەکانی قەڵاتێ ژێر زەمینیان هەبوو، زستانان بە کەروبار بەفریان لەچیا دەهێنا، ئەوکاتەش زستانان بەفر زۆر دەباری، من بەبیرم



دێ نیوەمەتر بەفر لەو هەولێرەی باریوە، بۆیە خەڵک بەفری لەژێر زەوی و لەنێو کا دەشاردەوە، ئەو بەفرە هەتا هاوین دەما و نەدەتوایەوە، بەڵام کە کارگەی بەفر هاتە هەولێرێ، چیدی خەڵک پێویستی بەژێرزەمین و بەفری چیا نەما. دواتر ئەحمەد چەلەبی کارگەی بەفری لەموسڵ و بەغدا و بەسرا-ش دانا.

**– پرۆژە بازرگانی و پیشەسازییەکانی ئەحمەد چەلەبی بەس لەنێو هەولێر و چوارچێوەی عێراقدا بوو، یاخود پرۆژەی دیکەشی هەبووە لەدەرەوەی سنوور و وڵاتانی دیکە؟**

+ بەڵێ هەیبوو. هەموو ساڵەک گەنم و جۆی لەسەرانسەری عێراق دەکڕی و دەینارده ئەورووپا، ئەحمەد چەلەبی پیاوی تایبەتی خۆی هەبوو و دەیناردن گەنم و جۆیەکە خڕ بکەنەوە، ماڵی مەحموود نوح هەبوو لەموسڵ ناوچەی جەزیرەیان لەبەر دەستبوو، لەکەرکوکێ ماڵی قیردارەکان، ماڵی سلێمان و جافەکان، ئەوانە هەمووی زەویوزاریان هەبوو، ئەو گەنم و جۆیە پاش ئەوەی دەهێنرایە هەولێر، دواتریش دەبردرایە بەغدا و لەوێوەش بۆ بەسرا و لە پاپۆڕ بار دەکرا و دەسوڕایەوە بۆ نۆکەندی سوێس و پاشتر دەچووە ئەورووپا. لەو پرۆسەی گەنم و جۆ ناردنەدا، ئەحمەد چەلەبی دوو کەسی دیکەشی لەگەڵدا بوو، داود چەلەبی لەبەغدا و چەلەبییەکی دیکەش لەبەسرایێ کە ناوەکەم نایەتەوە یاد، ئەو سێیە نازناوی «شابەندەر»یان وەرگرتبوو، واتا






> **کەسێکی دەستبڵاو نەبوو، فلسەکی کەسی نەدەخوارد بەڵام نەیدەهێشت فلسەکی خۆیشی لە دوای کەس بچێت**

سەرۆکی هەموو بازرگانەکان، جا لەو سێیەش، ئەحمەد چەلەبی بە پلەی یەکەم دەهات.

حەزدەکەم ئەوەش باس بکەم، پیاوەک لەهەولێرێ هەبوو (ڕۆستەم خەففاف) کە ئێستە کوڕەکانی ماون و کەسی دیارن، خانەوادەکی زەنگین و کاسبی هەولێرن، جا ڕۆستەم خەففاف بۆ منی گێڕایەوە و گوتی: «زۆرم حەزدەکرد وەک ئەحمەد چەلەبی زەنگین بم، وەکی نوێژی دەکرد دەچووم لەدوای ئەو نوێژم دەکرد، تاکو منیش وەکو ئەو دەوڵەمەند بم، ڕۆژەک چوومە لای چەلەبی و گوتم دەمەوێت منیش لەگەڵ تۆ ئیش بکەم؟ چەلەبی گوتی کوڕم دەترسم زەرەر بکەی، چونکە من زەرەریش بکەم کاریگەریی بەسەرمەوە نابێت، بەڵام کاریگەریی لەسەتۆ دەبێت، گوتم قەینا ئەوەی خوا دایبێت ئەو باشە، چەلەبی گوتی باشە برۆ گەنم و جۆی بکڕە» ڕۆستەم خەففاف گوتی گەنم و جۆمان کڕی و ناردمانە بەسرا و لە پاپۆڕمان بارکرد، شەڕی سوێس دەستی پێکرد، سنوورەکان هەمووی داخران، ئەو ساڵەش باران زوو هات، ئەوکاتەش وەک ئێستە کۆنتێنەر و دەزگایەک نەبوو ئەو گەنمەی لێهەڵبگری (گەنم و جۆ)مان هەمووی ئاو بردی و چمان نەما، هاتمەوە کن ئەحمەد چەلەبی گوتی ئەدی پێتم نەگوت؟ من زەرەرەکی زۆر گەورەم کردیە، بەڵام کاریگەریی نییە، بەڵام بۆ تۆ وانییە.

**– بنەماڵەکەتان ماوەیەکی زۆر مەڕدار بووینە و کاری دەباغیان کردووە، پاشتر لەسەر پێشنیاز**



**نموونەیەکی ئامێری بەرهەمهێنانی کارەبا لەوسەردەم، کە بە نەوتی ڕەش کاری دەکرد**

**و قسەی ئەحمەد چەلەبی واز لەمەڕداری دەهێنن و ڕووو دەکەنە کاری بازرگانی و پڕۆژەی پیشەسازی، ئەی دواتر چۆنبوو وازتان لەکاری بازرگانی و پیشەسازیش هێنا و ڕووتان کردە خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامە؟**

+ هەندێک شێوەکار هەیە وەک (مایکل ئەنجیلۆ) دەڵێت ئەگەر من بەکەیف و ئاسوودە نەبم، هیچ تابلۆیەکم پێناکێشرێت، هەندێک شێوەکاریش هەن وەک (ڤان کوخ) ئەگەر زۆر لەنێو ناخۆشی و مەشەقەت نەبووبیتن، تابلۆیەکیان پێنەدەکرا، ئێمە وەک بنەماڵەی چەلەبی، یان دەباغ، جیاوازییان نییە، زۆرمان پێخۆشبوو لەسەر پیشەی بابوباپیران بمابانیەوە، وەنەبی توانامان نەبووبێت، نەخێر بەڵکو توانامان زۆر زۆریش بوو، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ڕێگەیان نەدا، یان دەبووا لەگەڵ حکوومەت بیت، یاخود دەبوو دانیشی و فیکر بکەیەوە، کە چ بکەی و چ نەکەی؟ هەموومان گەیشتین بەوەی، کە بخوێنین، من و سینانی برام، بووینە ئەندازیاری تەلارسازی، ئەوانەی دیکە هەریەکە و لەبوارێک خوێندی و بڕوانامەی وەرگرت، هەموومان چووینە بواری دیکە و ویستمان ئەو زەرەروزیانەی بەرمانکەوتووە بەبڕوانامەکانمان پارێزگاری لێبکەین، ئەگینا ئەگەر زەوییەکانمان مابا و ئیسلاح زراعیی نەکرابا، کە من پێی دەڵێم «تەخریب زراعیی» هیچ یەکێک لەئێمە لەئەندازیاری زراعی هیچی دیکەمان نەدەخوێند.

من ئێستەش لەوە تێناگەم بۆچی خەڵکی زەوی کشتوکاڵی تێکدەدا و خانوو و شوێنی نیشتەجێبوونی لەسەر دروست دەکا؟ لەجیاتی ئەو هەموو خانووە، سێ باڵەخانەی درووستکەی و زەوییەکەی دیکە هەمووی بکرێتە کشتوکاڵ باشتر نییە؟ ئەوە چ عەقڵێکە، کە زیان لەمن و لەخۆشی دەدات.

**– لەبنەماڵەی ئێوە چ ئەوانەی پێشتر و ئەوانەی دواتریش، هەمووی یەکە و یەک ژنی هێناوە، بەڵام ئەحمەد چەلەبی چەند ژنێکی هێناوە و پەنای بۆ فرەژنی بردووە؟ دەکرێت پێمانبڵێی هۆکاری ئەمە چیبوو؟**

+ بەڵێ ئەوە ڕاستە. حاجی قادر، یەک ژنی هەبووە،



عەبدولخالیق کوڕی ئەحمەد چەلەبی

حاجی سەعید یەک ژنی هەبووە، حاجی مەحموود یەک ژنی هەبووە، بەڵام ئەحمەد چەلەبی سێ ژنی هێناوە. زۆر غەریبە، لەگەڵ ماڵی حاجی ڕەشید ئاغای بەیاتی، نەسرین ئەربیلی شاعیر، نورەدین ئاغا و عەتاولاغا ئەوانە هەموو بەیاتین، ئێمە خزماتییەکی پتەومان لەگەڵیاندا هەیە و هەموومان لەوان ژنمان هێناوە (ئەحمەد چەلەبی)یش دیسان، کە ژنی هێناوە، کچەکی ڕەشید ئاغا دەهێنێت، یەک کچی لێ دەبێ (نەفیس) و هاوسەرەکەی وەفات دەکاتن، کچەکەی بچووک دەبێ و ناچار دەبێت ژنەکی دیکە بێنێت، ئەوجارە ئەحمەد چەلەبی کچەکی دیکەی ڕەشیدئاغا کە ناوی (شەفیق) دەبێت دەخوازێت، کە دەکاتە خوشکی بچووکی خێزانی یەکەمی، شەهاب چەلەبی، کە مامی ئەحمەد چەلەبی-یە ئەویش کچەکەی دیکەی ڕەشیدئاغا، کە ناوی (حەیات)ە، دەخوازێت، واتە ئەحمەد چەلەبی دوو کچی و شەهاب چەلەبی-ش کچەک لەوان دەخوازن، لەگەڵ ئەوەی مام و برازان، بەڵام یەک تەمەنن، دەبنە ولاش زاوای یەکدی.

ئەحمەد چەلەبی خۆی تاقانە دەبێت، نە خوشک و نە برا هیچی نییە، حاجی مەحموود یەک کوڕی بووە، ئەویش (ئەحمەد چەلەبی) بوو، لەژنی دووەمی ئەحمەد چەلەبی منداڵی زۆر دەبێت، کوڕەکی بەناوی (عاشوور) دەبێت، زۆر ناژی و وەفات دەکات، ئەوجارە (عەبدولڕەزاق)ی دەبێت و ئەویش زۆر ناژی، کچەکی دیکە بەناوی (نەبیهە) ئەویش ناژی و وەفات دەکات، پاشتر (عەبدولخالیق و نەجیب و ئیبراهیم و ئەمیرە و سەماحەت و نەبیهەکی دیکە)ی دەبێت، ئەوان هەموو دەمێنن.

من پۆلی دووی سەرەتای بووم (شەفیق خان) وەفاتی کرد، زۆریش گەنج بوو هەر چل بۆ چلوپێنج ساڵ دەبوو، لەهیکرا نەخۆشکەوت و بردیانە بەغدایێ و مرد، زۆر ژنەکی عاقڵ و جوان و گران و خانەدان بوو، بەڕاستی کچە ئاغا بوو، بەردەوام کراس و جلوبەرگی تورکمانی لەبەربوو، تەپەلغی لەسەربوو. دوای شەفیق خان، ئەحمەد چەلەبی ژنی سێیەمی هێنا، کە کچی ڕەشید ئاغای میرانی شەقڵاوەی بوو، ژنەکی زۆر بەڕێز و خانەدان بوو، لەویش دوو کچی بوو، ئەو ژنەشی دوای ئەحمەد چەلەبی وەفاتی کرد، لەئێستەدا ئەحمەد چەلەبی لەبەرەی هەر سێ ژنان تەنیا سێ کچی لەژیاندا ماون. پوورمن بەڵام لەبەر ئەوەی لەمن بچووکترن «ئابێ»م پێدەڵێن.

**– خوێندەواری ئەحمەد چەلەبی، تا چ ئاست و قۆناغێک بووە؟**

+ پرسیارەکی زۆر جوانە، ئەحمەد چەلەبی تەنیا شەش مانگ لای مەلا خوێندوویەتی، ئەویش نەوەک فەقێ بووبێ و لەحوجرە دەرسی وەرگرتبێ، تەنیا ئەلفوبێی لای مەلا خوێندووە و تەواو، بەڵام دەستوخەتێکی زۆر غەریبی هەبوو، کاتێک نامەیەکی دەنووسی، پەڕەکەی بەسپێتی و بەبێ هیچ شتەک لەسەر ئێولەپی دەستی دادەنا و دەستی بەنووسین دەکرد، خۆشنووسێکی زۆر سەرسوڕهێنەر بوو، دەستوخەتی زۆر لەچاپی ئێستە جوانتربوو، ئیمزایەکەی دەتگوت نەقشە.

**– ئەحمەد چەلەبی لەسەر قەڵات لەدایکبووە، ئەی کە هاتۆتە خوارێ لەکوێ نیشتەجێ بووە؟**

+ کاتەک لەقەڵات هاتە خوارێ، هاتووەتە ئەو خانووەی، کە ئێستە کاک کۆسرەت لێی



“

**یەکەم پڕۆژەی ئەحمەد چەلەبی کارگەی بەفر بوو، بەڵام پێش ئەوە کارەبای هێناوەتە هەولێر، چونکە کارگەی بەفر بەبێ کارەبا نادەخرایە گەڕ**

”



نیشتەجێییە، ئەو خانووە پێشتر هی ئەحمەد چەلەبی بوو و هەر لەوێش وەفاتی کرد.

**– چ ئەوەی خۆت لێت بینیوە و چ ئەوەی بۆیان گێڕاویتییەوە، کەسایەتی و هەڵسوکەوتی ئەحمەد چەلەبی چۆن بووە؟**

+ من زۆر دەچوومە کنی و دەستیم ماچ دەکرد و لای دادەنیشتم، پیاوەکی زۆر هێمن و لەسەرخۆ بوو، کەمدوو بوو، کەم قسەی دەکرد. زۆر ئازابوو، لەهیچ شتەکی نەدەترسا، دەیگوت من لەژیاندا هیچ شتەکی ناقانوونی و ناشەرعی ناکەم، بۆیە لەخوای نەبێت لەکەس ناترسم. توڕەش نەدەبوو.

**– ئەحمەد چەلەبی چ جۆرە ئۆتۆمبێلێکی هەبوو و ژمارەکەی چەند بوو؟**

+ یەکەمین سەیارە لەهەولێرێ کە ژمارە ١ی دراوەتی هی موتەسەریف بوو، دوای ئەوە ژمارە ٢ هی ماڵی عەلی پاشا بوو، سەیارەی ئەحمەد چەلەبی ژمارە ١٥ بوو، ئێستا ژمارەکەی لای ئامۆزام ئەحمەد چەلەبییە، سەیارەکەی ئەحمەد چەلەبی (بیوک)ی ڕەنگ ڕەش بوو، شۆفێرەکی



**ئۆتۆمبێلی ژمارە (١٦)ی عەبدولخالیق چەلەبی کوڕی ئەحمەد چەلەبی**

**عەلی پاشا هەمووجار بەئەحمەد چەلەبی دەگوت: ئەتۆ پیاوەکی زیرەک و عاقڵی وەرە بتکەمە ئەندام پەرلەمان. ئەویش دەیگوت: خاڵە ئەمن ئیشوکاری بازرگانی دەزانم و لەسیاسەت تێناگەم**

تایبەتی هەبوو، هی ئێمەش واتا باوکم، سەیارەکە مۆدیل ١٩٤٥ کادیلاک بوو، ژمارە ١٦ بوو و ئێستەش ماومانە و لای سینان چەلەبی برامە.

**– گوتتان ئەحمەد چەلەبی شۆفێری تایبەتی هەبوو، شۆفێرەکەی ناوی چ بوو و لەچ نەتەوە و ئایینەک بوو؟**

+ شۆفێرەکەی ناوی سەعید ئیسحاق بوو، پیاوێکی سوورەی پرچ زەردی چاوشین بوو، لەبنەچەدا جوو بوو، بەڵام ئیسحاقی باوکی ببووە ئیسلام و پاش گەڕانەوەی جووەکان بۆ ئیسرائیل، ئیسحاق لەبەر ئەوەی ببووە ئیسلام لێرە مابۆوە و لەگەڵ قەومەکەی نەڕۆیشتبوو، سەعیدیش کوڕی وی بوو، بەڵام سەعید هەر بەتورکی قسەی دەکرد و شۆفێری ئەحمەد چەلەبی بوو، پیاوەکی زۆرباش بوو و زۆر منی لەباوەش کردیە بەمنداڵی.

دوای ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ منداڵەکانی گوتبوویان باوکە ئێمە ئەسڵمان جووە و دەچینەوە ئیسرائیل، چووبوونە تورکیا و لەسەفارەتی ئیسرائیل ئیسپاتیان کردبوو، کە جوونە، هەموویان چوونە ئیسرائیل، بەڵام هاوسەرەکەی سەعید تورکمان و خەڵکی هەولێربوو، پووری کەرخی ئاڵتی بەرماغ بوو، دواتر لەوێ سەعید پەشیمان ببۆوە و گوتبووی: « دنیاش هەستی، ئەمن نابمەوە جوو تازە ناشتوانم بگەڕێمەوە هەولێر و حەیام دەچی، دەچمە سوێد» بۆیە بەخێزانەوە چووبوونە سوێد. دواتر سەعید لەوێ وەفات دەکات و هەر لەوێش دەنێژرێت.

**– ئەحمەد چەلەبی زۆر دۆست و هاوڕێی کێ بوو، هاوڕێکانی بەزۆری لەچ چین و توێژەک بوون؟**

+ ئەحمەد چەلەبی سێ جۆر هاوڕێی هەبوو، جۆرێک ئەوانەی کاروباری بازرگانی لەگەڵدا دەکردن، وەک ماڵی مستەفا سابونچی لەموسڵێ، بازرگانەکانی بەغدا و بەسرایێ، ئەوان دەهاتنە هەولێرێ و ئەحمەد چەلەبی بەخۆی دەچووە لایان لەبەغدا و بەسرا سەری لێدەدان. جۆرەکی دیکە، ئەوانەی لای ئەو ئیشیان دەکرد، واتە فەرمانبەرەکانی خۆی، وەک (حاجی فەتاحی شنۆیی) ئەوانە لەبن دەستی وی ئیشیان دەکرد. جۆری سێیەمی هاوڕێکانی، کەسوکار و خزمەکانی، وەک ماڵی ڕەشیدئاغای، زۆربەی ئێواران دەچووە دیوەخانی نورەدین ئاغا کە دەیکردە برای ژنی.

**– ئەی ئەحمەد چەلەبی لەگەڵ دینداری، خێر و خێرات چۆنبوو؟ پیاوەکی دەستبڵاو یان ڕەزیل بوو؟**

+ پیاوەکی زۆر ئیماندار بوو، خێرەومەند بوو، هەموو ڕۆژێ بەفری بۆ مزگەوتەکان بەلاش ڕەوانە دەکرد، بەڵام کەسێکی دەستبڵاو نەبوو، فلسەکی کەسی نەدەخوارد، بەڵام نەیدەهێشت فلسەکی خۆیشی لەدوای کەس بچێت. مامم نەجیب، کەسێکی موتەدەین نەبوو، بەڵام زۆر دەستبڵاو بوو، مامم ئیبراهیم کەسێکی سەخی بوو، بەڵام دەستبڵاو نەبوو، بابم هەندێک دەستبڵاو بوو، دەیگوت ئەوەی هاتە پێش دەرگا دەبێت شتەک هەر ببا لەگەڵ خۆی، بەڵام خێرەومەندی ئەحمەد چەلەبی زانستی بوو، شێخی چۆلی بەتەواوی پێداویستییەکانی لەملی وی بوو.

من بەچاوی خۆم بینیومە، ئێواران، جا حرووق، یان کەبابیان بۆ شێخی چۆلی دەنارد، ئەویش لەگەڵیاندا دادەنیشت و بەخۆی حازری دەکرد و دەیگوت: بیبەن بۆ شێخی چۆلی، دەمگوت بۆ وا دەکەی؟ دەیگوت هەتا خێری زیاتر بێت. قوربانی و زەکات و ئەوانەی هەمووی بۆ ئەوان دەنارد.

**– تێگەیشتن و تێڕوانینی بۆ سیاسەت چۆنبوو؟**

+ بەهیچ شێوەیەک تێکەڵی سیاسەت نەدەبوو، عەلی پاشای دۆغرەمەچی، جا ئەحمەد چەلەبی



لەبەر ئەوەی دایکی دۆغرەمەچییە، بەعەلی پاشای دەگوت: خاڵە. عەلی پاشا هەمووجار بەئەحمەد چەلەبی دەگوت: ئەتو پیاوەکی زیرەک و عاقڵی وەرە بتکەمە ئەندام پەرلەمان. ئەویش دەیگوت: خاڵە ئەمن ئیشوکاری بازرگانی دەزانم و لەسیاسەت تێناگەم، بۆیە تێکەڵی سیاسەتی نەدەبوو، بەڵام ئەگەر ویستبای دەیتوانی ببێتە موتەسەریف، یان سەرۆک شارەوانی هەولێر،

**سەردەمی عوسمانی، بازرگانە گەورەکان نازناوی (چەلەبی)یان هەبووە و بنەچەی وشەکە ئەگەر بەراوردی بکەی بە ئینگلیزی واتا (جەنتلمان)**

چونکە هەمووی لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بوو، لەهەولێر هیچ پیاوەک لەو زەنگینتر نەبوو، هەموو شتی پێدەکرا.

*** وێنەکانمان لە ڕێگەی دلاوەر بازرگان-وە بەدەست گەیشتوون**



**عەبدولقادر باوکی ئەحمەد چەلەبی**



ئا: ڕەوەست نەوزاد

## د. عەبدولڕەزاق شەهابەدین دەباغ

# بەشێکی زۆری شاری هەولێر موڵکی ئەحمەد چەلەبی بوو، کە لەحاجی قادر چەلەبی باپیرەم بۆمان مابووەوە

ئەحمەد چەلەبی ئەو کەسایەتییە بەناوبانگ و گرنگ و پارەدارەی هەولێر بوو، کە لەسەدەی بیستەمی ڕابردوو لەو شارە ژیاوە، ئەوکەسایەتییە هەرچەندە بەهۆی دەوڵەمەندی و خانەوادە بەناوبانگەکەی ناسراو بوو، بەڵام جگە لەوە بەهۆی ئەو کار و پرۆژە گەورانەی لە هەولێر ئەنجامیداون، جیاوازییەکی تەواوی لەگەڵ هەموو پارەدار و کەسە بەناوبانگەکانی ئەو شارە هەبوو.

### هەم چەلەبی بوو، هەم دەباغ

د. عەبدولڕەزاق شەهابەدین دەباغ، کە یەکێکە لەئامۆزاکانی ئەحمەد چەلەبی سەبارەت بەژیانی ئەو کەسایەتییە دوا و گوتی: ئەحمەد چەلەبی ناوی تەواوی (ئەحمەد حاجی مەحمود چەلەبی)یەو لەقەڵای هەولێر لەدایکبووە، کە ئەوسا ماڵی باپیرەشمان هەر لەقەڵا بووە.

سەبارەت بە ڕۆژی لە دایکبوونیشی بە دروستی نازانرێت، بەڵام ئەوەندە هەیە، کە ئەحمەد چەلەبی لە باوەشی شێخی چۆلی دانیشتووە، کە شێخی چۆلیش لەساڵی ۱۹۰۲-۱۹۰۳ کۆچی دوایی کردووە.

شێخی چۆلی لەبنەماڵەی دۆغرەمەچی بووە و لەو مزگەوتە دادەنیشت کە ئێستە پێیدەڵێن مزگەوتی شێخی چۆلی. باب و باپیرانی ئێمەش موریدی شێخی چۆلی و شێخ حوسامەدینی تەوێڵە و بیارە بوون، بۆیە من پێموایە ئەحمەد چەلەبی لەساڵی ۱۹۰۱ لەدایکبووە.

دوای دامەزراندنی کارگەی دەباغی، واتە پێستە خۆشکردن لە هەولێر، کە لەلایەن ئەحمەد چەلەبی و مامەکانم دروستکرا و شوێنەکەشی کەوتبووە نزیک مزگەوتی شێخی چۆلی، نازناوی دەباغی خستە سەر نازناوی خۆی و بنەماڵەکەمان.

> "زەوییەکانی گوندەکانی (سوێرە، توورەق، شەمعوناوا، باغ و منارە) و زەوی دیش بەر ئەحمەد چەلەبی کەوت"

ئەحمەد چەلەبی ۳ ژنی هێناوە، یەکەمیان لەعەشیرەتی خۆشناو بوو، کە من بیرم نایەت، یەک کچی لێی هەبوو، ژنی دووەمیشی کە ناوی شەفیقەخان بوو، کچی ڕەشیدئاغا بوو، لەویش سێ کوڕی هەبوو عەبدولخالیق و ئیبراهیم و نەجیب، لەگەڵ پێنج کچ کە ناویان (نەبیهە، ئەمیرە، سەماحەت، سەمیرە) و کچێکی دی بوون، ژنی سێیەمیشی ئەویش هەر لەتیرەی خۆشناو بوو، کە خوشکی جەمیل بەگی خۆشناو بوو، لەویش دوو کچی هەبوون، هۆی هێنانی دوو ژن لەتیرەی خۆشناو لەلایەن ئەحمەد چەلەبییەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئێمە بنەماڵەکەمان لەئەسڵدا خۆشناوین و خزمایەتیشمان لەگەڵ میرەکانی ناوچەی شەقڵاوەدا هەیە.

وتیشی: باوکم بۆمی گێڕاوەتەوە، کاتێک ئەحمەد چەلەبی گەنج بووە لەگەڵ حاجی صالح چەلەبی مامم، کە بازرگانێکی زۆر گەورەی ئەوکاتی هەولێر بوو لەسەردەمی حوکمی عوسمانییەکان کاری کردووە، ئەوکات پێست و خوری لە هەولێرەوە دەنارده بەیروت لە لوبنان و لەوێشەوە بۆ شاری مەرسیلیای فەرەنسا، کە ئەوکات قسەکردنی ڕەسمیان بەزمانەکانی تورکی و فەرەنسی بوو.

ئەوکات باوکی و مامەکانی، کە حەوت برای چەلەبییەکان بوون، لە کار و بازرگانیدا هاوبەش بوون، بەڵام دوای ماوەیەک، ئەحمەد چەلەبی، کە



هێشتە گەنج بووە، پێیانی گوتووە ئەو دەیەوێت بە تەنیا و بۆخۆی کاربکات، ئەوانیش ڕازی دەبن و ١٠٠ لیرەی زێریان وەکو سەرمایە پێداوە.

وتیشی: بە بیرم دێت لە ساڵی چلەکان لە قەڵای هەولێر، ماڵمان لەپشت ماڵی ئەحمەد چەلەبی بوو، کە ئەوکات ئەحمەد چەلەبی ژوورەکەی لەگەڵ ژوورەکەی من یەک ژوور لەیەک دوور بوو، هەموو شەوێک بە تەلەفون لەگەڵ کاسانێک قسەی دەکرد، لە بەغدا بوون، بۆ ئەوەی دەنگیشت باش بگات، دەبوایە بە دەنگی بەرز قسەبکەیت، ئەحمەد چەلەبی-ش دەنگێکی بەرزی هەبوو، تەلەفۆنی دەکرد، منیش گوێم لە هەموو قسەکانی دەبوو، ئەو پیاوە تادەنووست، هەر تەلەفۆنی بۆ بەغدا دەکرد، چونکە ئەوکات لە بەغدا کۆمپانیای بازرگانی هەبوو، کە ناوەکەی کۆمپانیای ئەحمەد دەباغ و هاوبەشەکانی) بوو.

دەباغ باسی ئەوەشی کرد، کە ئەحمەد چەلەبی لەبەغدا و هەولێر، کارگەی سەهۆڵی هەبووە و شەریکی ڕەشید میرزا بوو و گوتی: قسەیەکیش هەیە کە نازانم ڕاستە، یان نا، کە گوتراوە عزەت دوری، کە ئەوکات سەهۆڵی فرۆشتووە، سەهۆڵی لەکارگەکەی ئەحمەد چەلەبی لەبەغدا کڕیوە، هەروەک زۆربەی کارە بازرگانییەکانی لەبەغدا بووە، هەرچەندە خۆی بۆ ئەوێ نەدەچوو، کە ئەوکات شووشەی لە چیکسلۆفاکیا و ئاسنیشی لەئینگلتەرا بۆ هەموو عێراق دەهێنا.

من منداڵ بووم لەگەڵ ئیبراهیم و نەجیب، دوو کوڕەکەی ئەحمەد چەلەبی دەچووینە کارگەی سەهۆڵەکە و سەیری ئامێر و ترومپا و حەوزەکەیمان دەکرد.


سەبارەت بە هێنانی مەکینەی کارەباش بۆ هەولێر گوتی: لەساڵی سیەکان بۆ یەکەمجار کارەبا لەلایەن ئەحمەد چەلەبییەوە هێنرایە شاری هەولێر، کە بریتی بوو لە ئامێری موەلیدەی گەورە، من تەنیا ئاسەوارەکەیم بینیبوو، کە لەنزیک بازاری قەلعە لەژێر قەڵا دانیابوو کارەبای بەشێوەی هاوبەش بەماڵەکان دەدا، کە موەلیدەیەکی زۆر گەورە بوو، لەجۆری DC دواتر دوای ئەوەی، کە حکومەت خۆی کارەبای هێنا ئەحمەد چەلەبی بەناچاری ئامێرەکەی لابرد. دوای ئەوەش بۆ یەکەمجار ئەحمەد چەلەبی ٧ تا ٩ ئاشی گەنم هاڕینی هێنا هەولێر، کە وەکو کارگە وابوو، دواتر ئامێرێکی گەورەی ئاردی هێنا بۆ هەولێر و کارگەی ئاردی دروستکرد، لەگەڵ کارگەی سەهۆڵ لە نزیک وێستگەی شەمەندەفێری هەولێر دایانان، کە ئەوکات تەنانەت زەوییەکانی وێستگەکەش موڵکی ئەو و فەتاح چەلەبی مامم بوون، کە دواتر ئیستملاک کرا.

هۆی ئەو کارانەی ئەحمەد چەلەبی ئەوەبوو، کە دەیویست کارێک بکات، کەس پێشتر دەیکردبێت.

### ئەحمەد چەلەبی و چیرۆکی پیاوە خۆشناوەکە

دکتۆر عەبدولڕەزاق باسی لەوەشکرد بەر لەهێنانی کارگەی سەهۆڵ، خۆشناوەکانی ناوچەی خۆشناوەتی لەوەرزی هاوین بەفری سەر شاخەکانیان بۆ شاری هەولێر دەهێنا، بەڵام دوای دانانی کارگەی سەهۆڵ ئیدی کەس ئەو بەفرەی ئەوانی نەدەکڕی.

من بیرم دێت بەفرەکە پڕبوو لەکاو پووش،



عەبدولڕەزاق دەباغ



ڕۆژێکیان ئەحمەد چەلەبی بەتەنیا لەبازار دەڕوات کابرایەکی خۆشناو بەهاوار جنێو بەئەحمەد چەلەبی دەدات و دەڵێت: ئەو پیاوە بەهێنانی کارگەی سەهۆڵ ڕزقی ئێمەشی بڕیوە و بەفرەکانمان بازاریان نەماوە، ئەحمەد چەلەبیش بەپیاوەکە دەڵێت: کوڕی خۆم جنێو مەدە، چونکە هەرکەسێک ڕزقی خۆی دەخوات، چەلەبی ئەو قسەی پێدەڵێت و دەڕوات، دواتر پیاوەکە لە خەڵکی دەپرسێت، کە ئەو کەسە کێ بوو، ئەوانیش دەڵێن ئەوە ئەحمەد چەلەبی بوو، ئیدی پیاوە خۆشناوەکە دەڵێت بەڕاستی ئەو پیاوێکی باش بوو، منیش هەڵە بووم نەدەبوایە جنێوی پێبدەم.

## خێری دەکرد، نەیدەهێشت کەس بیزانێت

سەبارەت بەکەسایەتی و هەڵسوکەوتیشی، دەباغ گوتی: دەڵێن لەسەرەتادا ئەحمەد چەلەبی جلی کەوا و سەڵتەی لەبەرکردووە، بەڵام من بەوجۆرە جلە نەمبینیوە، هەر بەقاتی پانتۆڵ بینیومە، پیاوێکی زۆر لەسەرخۆ و هێمن و خێرخواز بوو، بەجۆرێک خێری دەکرد، کەس نەیزانێت، کە ئەوکات چەندین خێزانی شارەکەی بەخێودەکرد، پارە و زەکاتی بۆ دەناردن، بەڵام مەرجی ئەوەبوو، کە کەس پێی نەزانێت. کەسێکی دینداریش بوو، هەروەک لەمانگی ڕەمەزانانیشدا لەهەر سی ڕۆژەکەدا لەسەر خەرجی ئەحمەد



چەلەبی خواردن و شیرنەمەنی لەمزگەوتی شێخی چۆلی سەر خەڵکی دابەش دەکرا، ئەو زۆر گرنگی بەمزگەوتی شێخی چۆلی دەدا. بە بیرم دێت کە بەردەوام لەماڵەکەی یا لەنووسینگەکەی لەبینایەک لەنزیک بازاری (قەلعە) دەچوومە لای و بەمنی دەگوت وەرە کوڕم لە لام دانیشە.

ئەحمەد چەلەبی لەقەڵا دەچووە دیوەخانەکەی نورەدین ئاغای کوڕی ڕەشید ئاغای خاڵی و هەروەک باسیش دەکەن، کە لەنێو بازاری قەیسەری نووسینگەی هەبووە، کە ئەو قەیسەریەش بەر لە ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر لەلایەن مەحموود چەلەبی باوکی و حاجی صاڵحی مامی دروستکراوە.

## فڕۆکەیەکی تایبەتی بۆ هێنرایە هەولێر

ئەو ئامۆزایەی چەلەبی باسی ڕووداوێکی ژیانی ئەحمەد چەلەبی بۆ کردین و گوتی: ڕۆژێکیان ئەحمەد چەلەبی لەیەکێک لەکارگەکانیدا دەبێت لەشاری هەولێر دیوارێکی کارگەکە بەسەریدا دەڕوخێت و بەهۆیەوە قاچێکی دەشکێت، بە بیرم دێت بەهۆیەوە ئەوکات فڕۆکەیەکی تایبەت لەبەغداوە بۆ گواستنەوەی بۆ بەغدا و چارەسەرکردنی هاتە هەولێر. لەفڕۆکەخانەکە نیشتەوە، کە منیش ئامادەی بووم و گەیاندیە بەغدا و لەوێ لەنەخۆشخانەی (میرئەلیاس) خەواندیان، کە نەخۆشخانەکە موڵکی جوولەکەکان بوو، لەوێ دکتۆرێکی لێبوو بەناوی (د. سۆسمەن) کە دکتۆری نەشتەرگەری بوو، جوولەکەیەکی ئەڵمانی بوو، چارەسەری ئەحمەد چەلەبی دەکرد.

دوای چارەسەرکردنی، پشتی و هەندێک شوێنی چاکبۆوە، بەڵام قاچی بەتەواوی چاک نەبۆوە و بەخواری مایەوە، دواتریش تووشی نەخۆشی پڕۆستات بوو، چوو بۆ بەغدا و نەشتەرگەری بۆ کرا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو بەهۆیەوە لەساڵی ١٩٧٥ کۆچی دوایی کرد.

## بەشێکی زۆری هەولێر موڵکی ئەوبوو

دەربارەی موڵک وماڵیشی، دەباغ گوتی: دەتوانم بڵێم بەشێکی زۆری شاری هەولێر موڵکی ئەحمەد چەلەبی بوو، کە لە حاجی قادر چەلەبی باپیرەم بۆمان مابووەوە، کە پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند و موڵکدار بوو، زەوییەکی زۆری کشتوکاڵی

**هۆی هێنانی دوو ژن لەتیرەی خۆشناو لەلایەن ئەحمەد چەلەبییەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئێمە بنەماڵەکەمان لەئەسڵدا خۆشناوین و خزمایەتیشمان لەگەڵ میرەکانی ناوچەی شەقڵاوەدا هەیە**

لە گوندەکان و دەوروبەری هەولێری هەبوو. دواتر باوکم و مامەکانم زەویەکانیان لەنێوانیان دابەشکرد، کە ئەوکات تەنیا ئەحمەد چەلەبی و فەتاح چەلەبی مامم زەوییەکانی دەوروبەری هەولێریان بەرکەوت، کە زۆر بەنرخ بوون.

زەوییەکانی گوندەکانی (سوێری، تووڕەق، شەمعوناوا، باغلو مینارە) و زەوی دیش بەر ئەحمەد چەلەبی کەوت، دەتوانم بڵێم نیوەی مولکی هەولێر هی ئەوان بوو، کە دواتر حکومەت دەستی بەسەرداگرت.



گوتیشی: ئەحمەد چەلەبی، کە ماڵی لەقەڵا هاتە خوارەوە، لەنزیک وێستگەی شەمەندفەری هەولێر قەسرێکی دروستکرد، کە پانتاییەکەی ١٤ هەزارو ٥٠٠ مەتر بوو، تەنیا بیناکەی ٨ هەزار مەتر بوو،بریتی بوو لە چل ژوور. دواجار منداڵەکانی فرۆشتیان و دواتریش ڕوخێنرا، ئێستە دووبارە خانووی لەسەر دروستکراوە، کە بووەتە ماڵی کاک کۆسرەت ڕەسووڵ.

جگە لەوەش زەوی دەوروبەریشی هەر مولکی ئەو بوو، هەروەک تەنیا لەبازاری تەیراوە ٦٠ دوکانی هەبوو، کە ئێستەش زۆربەی مولکەکانی ماوە، بەڵام بەر منداڵەکانی کەوت.

**ئەبڕەهەمی جوولەکە نووسەری بوو**

ئەوەشی نەشاردەوە کە ئەحمەد چەلەبی تا کۆچی دوایی کرد هیچ پۆستێکی حکومی وەرنەگرت، ئەویش بەهۆی وەسیەتێکی باپیرەم بوو، کە گوتبووی ئێوە بەهیچ شێوەیەک پۆستی حکومی وەرمەگرن، هەروەک خۆشی بازرگان بوو پێویستی پێ نەبوو، بیریشم دێت کە ئەوکاتەی کە نوسینگەی لەهەولێر بوو چوار نووسەری هەبوو کە نووسەرە سەرەکیەکەی جوولەکە بوو ناوی (ئەبڕەهام) بوو، دواتر چوو بۆ فەلەستین.




**قەسری ئەحمەد چەلەبی لە قەڵای هەولێر**



# هەولێر، نەک بەغدا،

## یەکەم شاری عێراق بوو لە بواری مانگرتندا بۆ داشکاندنی نرخی کارەبا

**پێشکەشە بە یادی براو هاورێم، ڕۆڵەی بەوەفای هەولێر خوالێخۆشبوو دوکتۆر ڕەشید قۆجە قەصاب**



**دکتۆر کەمال مەزهەر**

بەهۆی ئینگلیز و ئەڵەمانەوە سەرەتای ئەم سەدەیە نووری کارەبا گەیشتە عێراق. دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن لەشکری ئینگلیزەوە خەڵکی پتر لە نیعمەتی کارەبا تێگەیشتن و زۆرتر ڕوویان تێی کرد، سەرباری ئەوە، بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی ئینگلیز خۆیشیان پێویستیان بەوە بوو بایەخ بدەن بە بەکارهێنانی کارەبا. بەر لە کۆتایی بیستەکان یەک لە دوای یەک کارەبا گەیشتە شارەکانی کوردستانی عێراقیش. شایانی باسە تا سەرەتای سییەکان ٢٧٩ ماڵ و دوکان و دەزگا لە کەرکوک و ٣٣٠یش لە سلێمانی کارەبایان وەرگرتبوو. بەغدا و بەسرە و موسڵ پێش ئەوان بە ماوەیەک کارەبایان بۆ هات.

بەر لە کۆتایی بیستەکان ئەحمەد محەمەد چەلەبی دەباغ (لێرە ناوی باوکی ئەحمەد چەلەبی بە هەڵە نووسراوە، محەمەد نییە، مەحموودە-دیوان) کە لە بنەماڵەیەکی ناسراوی هەولێرە، داوای مافی دامەزراندنی مەکینەی کارەبای کرد بۆ ناوشار.

ئەنجوومەنی شارەوانی و موتەصەریف (پارێزگار)ی هەولێر و وەزارەتی کاروباری ناوخۆ بە گەرمی پشتگیریی داواکەیان کرد. بەپێی تەقدیری ئەحمەد چەلەبی خۆی هێنان و دامەزراندنی مەکینەکە و ئەو خانووەی بۆی تەرخان کرا بەسەر یەکەوە دەوروبەری سەد و پەنجا هەزار ڕوپیێ، واتا نزیکەی یازدە هەزارو دوو سەد و پەنجا دیناری تێچوو، کە بۆ ڕۆژگاری خۆی پارەیەکی یەکجار زۆر بوو. دوور نییە تەقدیرەکەی ئەحمەد چەلەبی زۆر دروست نەبێت، چونکە مەکینەی کارەباکەی سلێمانی، کە شارەوانی بۆ خۆی، هەر ئەو دەوربەرە دایمەزراند بوو، تەنها حەفتا هەزار ڕوپیێ تێچووبوو. هەر چۆن بێت ئەحمەد چەلەب-یش کەمی خەرج نەکردبوو تەنانەت ڕۆستەم چەلەبی، کە ئەویش لە ناودارانی هەولێرە (مامی عوسمان و موحسین و نەجم و دوکتۆر ڕەشید قۆجە قەصابە) سەرەتا دەیویست ببێتە هاوبەشی ئەحمەد چەلەبی، بەڵام دوایی لەبەر زۆری سەرمایەی پرۆژەکە، کە وا دیارە لە وێزەی ئەودا نەبووە، پەشیمان بۆتەوە[1]

**ئیمتیازەکەی ئەحمەد چەلەبی لە سێ مەرجی سەرەکی پێکهاتبوو:**

یەکەم ـ دەربارەی ماوەی خودی ئیمتیازەکە بوو، کە بڕیاردرا سێ ساڵ بێت.

دووەم ـ دەبوو ئەحمەد چەلەبی بەرانبەر ماگانەی ٦٠٠ ڕوپیێ بە گڵۆپ شەقامەکانی ناوشار ڕووناک بکاتەوە.

***بەر لە کۆتایی بیستەکان ئەحمەد مەحموود چەلەبی دەباغ، کە لە بنەماڵەیەکی ناسراوی هەولێرە، داوای مافی دامەزراندنی مەکینەی کارەبای کرد بۆ ناوشار***

سێیەم ـ نرخی هەر کیلۆ واتێکی کارەبا بۆ خەڵکی ناوشار لە دە عانە تێنەپەڕێت[٢]

بەو جۆرە پڕۆژەی کارەبای ناوشاری هەولێر دامەزرا و ڕۆژی هەشتی تەشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٠ لە خوار دەرگای قەڵاتێ، بەر لە مزگەوتی حاجی قادری دەباغ بووە ڕۆژی حەشر، عەشاماتێکی زۆر ڕژانە ئەوێ، هەموو حەپەسا بوون، زۆری نەبرد ئاشی ئەلەکتریکی شار کەوتە کار و گڵۆپ داگیرسا.

یەکەم ڕۆژ کارەبای هەولێر گەیشتە ئەم چوارماڵە: عەبدولحەمید بەگی پارێزگار و دەروێش لوتفی بەگی بەڕێوەبەری پۆلیس و یونس ئەفەندی ئەفسەری پۆلیس و زیا ئەدهەم، کە خاوەن ئاش بوو، جگە لە قوتابخانەی شوعبە و شەش چایخانە، کە ئەمانە خاوەنیان بوون، حاجی وەلی قادر و فەتاح ساڵح و عومەر مەلا و عومەر ڕەشید و جەمیل قاوەچی و عەبود سەلمان. تا ناوەندی ساڵی ١٩٣١، واتا لە ماوەی دەوروبەری دە مانگدا، ئەو دوکان و ماڵ و دەزگایانەی شاری هەولێر، کە کارەبایان ڕاکێشا ژمارەیان گەیشتە ١٢٥، لەوانە، بە وێنە، حاجی ڕەشید ئاغای وەیس، کە پاش پێنج ڕۆژ لە دەستبەکارکردنی ئاشی ئەلکتریکەکە کارەبای ڕاکێشایە ماڵی خۆی، شەهاب چەلەبیش ڕۆژی شازدەی تەشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٠ ماڵەکەی کردە چراخان، هەر ئەو ڕۆژەش یانەی فەرمانبەرانی هەولێر و ماڵی زەکی ئەمین ئەفەندیی بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوەندیی شار کارەبایان وەرگرت. هەرچی حاجی شەریف خەلیل دۆغرەمەچییە، کە باوکی دوکتۆر هاشم دۆغرەمەچی و ئەندازیار محەمەد دۆغرەمەچییە و ناوی چەند جارێک لەم وتارەدا دووپات دەبێتەوە، ڕۆژی بیست و حەوتی تەشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٠ کارەبای ڕاکێشاوەتە ماڵی خۆی، یەکێکی وەک داود ئاغای سەعید ئاغا دوو هێڵی ڕاکێشاوە، یەکەمیان ڕۆژی دوازدەی شوباتی ساڵی ١٩٣١ بۆ محەلەکەی و دووەمیشیان پاش سێ ڕۆژ بۆ ماڵەوەی، لەو ڕۆژانەدا ڕەفیق حیلمی مامۆستای ناوەندی دەبێت لە هەولێر، ئەویش ڕۆژی یەکی تەموزی هەمان ساڵ کارەبا وەردەگرێت[٣]

هەڵبەت دامەزراندنی ئاشی ئەلەکتریک لە گشت ڕوویەکەوە هەنگاوێکی ژیاریی گەورەبوو بۆ ژیانی هەولێرو هەولێرییەکان، بەڵام ئەوساکە نرخی کارەبا بەنیسبەت کەمدەرامەتیی خەڵکییەوە زۆر بەرز بوو، کیلۆواتێکی لە هەولێر بە دە عانە، واتا بە چل فلس بوو، کەچی لە بەغدا کە کارەباکەی بەدەست کۆمپانیایەکی ئینگلیزییەوە بوو نرخی حەوت عانە، واتا بیست و هەشت فلس بوو، لە سلێمانی سەرەتا، واتا کۆتایی بیستەکان، نرخی کیلۆواتێک دوازدە عانە (سی و دوو فلس) بوو، بێ گومان ئەوە یەکێک بوو لەو هۆیانەی ژمارەی ئەوانەی لە هەولێر کارەبایان وەرگرت نەدەگەیشتە نیوەی ئەوانەی کەرکوک، یا لە سلێمانی کارەبایان وەرگرتبوو.



هەرچۆن بێت لە هەموو لا خەڵکی نرخی کارەبایان پێ بەرزبوو، لە بەغدا ئەو ناڕەزاییە سەرئەنجام بووە هۆی تەقینەوەی مانگرتنێکی بەرفراوان، کە ڕۆژی پێنجی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٣ دەستی پێ کردو ماوەی چەند ڕۆژێک کەس نە



## هەولێر نەک بەغدا یەکەم شاری عیراق بوو لە بواری مانگرتندا بۆ داشکاندنی نرخی کارەبا

پێشکەشە بە یادی براو هاوڕێم، ڕۆڵەی بەوەفای هەولێر خوالێخۆشبوو دوکتۆر ڕەشید قۆجە قەصاب

ئەحمەد چەلەبی دەباغ – هەولێری

بە هۆی ئینگلیزو ئەڵەمانەوە سەرەتای ئەم سەدەیە نوری کارەبا گەیشتە عیراق. دوای داگیرکردنی عیراق لەلایەن لەشکری ئینگلیزەوە خەڵکی پتر لە نیعمەتی کارەبا تێگەیشتن و زۆرتر روویان تێی کرد، **سەرباری ئەوە بەرژەوەندە تایبەتییەکانی ئینگلیز خۆیشیان پێویستیان بەوە بوو بایەخ بدەن بە بەکارهێنانی کارەبا.** بەر لە کۆتایی بیستەکان یەک لە دوای یەک کارەبا گەیشتە شارەکانی کوردستانی عیراقیش. شایانی باسە تا سەرەتای سییەکان ٢٧٩ ماڵ و دوکان و دەزگا لە کەرکوک و ٣٣٠یش لە سلێمانی کارەبایان وەرگرتبوو. بەغداو بەسرەو موسڵ پێش ئەوان بە ماوەیەک کارەبایان بۆ هات.

بەر لە کۆتایی بیستەکان **ئەحمەد محەمەد چەلەبی دەباغ**، کە لە بنەماڵەیەکی ناسراوی هەولێرە، داوای مافی دامەزراندنی مەکینەی کارەبای کرد بۆ ناوشار. ئەنجوومەنی شارەوانی و موتەصەریف(پارێزگار)ی هەولێرو وەزارەتی کاروباری ناوخۆ بە گەرمی پشتگیریی داواکەیان کرد. بەپێی تەقدیری ئەحمەد چەلەبی خۆی

لاپەڕەیەک لە کتێبی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی کورد) بەرگی دووەم

لەناو ماڵدا، نە لە دوکان و کارگەکاندا کارەبای بەکار نەدەهێنا تا میری بە زەبری کوتەک ئەو بزووتنەوەیەی دانەمرکاندەوەو ڕابەرانی بۆ شاری سلێمانی دوور نەخستنەوە[٤]



ئەو مانگرتنەی بەغدا لاپەڕەیەکی بایەخدارە لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا و تا ئێستا بە ڕووداوێکی تاقانە و بێ هاوتا لەناو تۆماری ئەو مێژووەدا لە قەڵەم دراوە، کەچی لە ڕاستیدا، بەپێی بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانی خودی وەزارەتی کاروباری ناوخۆی عێراق، بەر لەوە بە نزیکەی دوو ساڵ و نیو لە هەولێر مانگرتنێکی لەوجۆرە سازکراوە، کە دەبێت پایە و مەقامی یەکەمی پێ بدرێت لەناو لاپەڕەکانی ئەو تۆمارەدا. لە سەرەتای ساڵی ١٩٣١وە هەولێرییەکان لەناو خۆیاندا کەوتنە مقۆ مقۆ و توانج تێگرتن لەسەر نرخی کارەبا، تایبەت لەو ڕۆژانەشدا گرانی بە جارێک باڵی بەسەر دونیادا کێشابوو، تا ناوەندی ئەو ساڵە نارەزایی هەولێرییەکان لەم بوارەدا گەیشتە ئاستی بزووتنەوەیەکی ڕێکخراو، کە نوێنەرانی گشت دەستە و چینەکانی ناوشار تێیدا بەشدار بوون، چونکە کەم کردنەوەی نرخی کارەبا سەرئەنجام لەگەڵ بەرژەوەندی ئەو ڕەشو ڕوتانەشدا دەگونجا، کە هێشتا لەناو ماڵدا قوتیلە و فانۆسیان بەکاردەهێنا نەک کارەبا. بەڵام بەرانبەر بەوان هی واش هەبوون دەیانویست بۆ خۆیان جێگەی ئەحمەد چەلەبی دەباغ بگرنەوە، یان هەر ناحەزی ئەو بنەماڵەیە بوون بۆیەکا بە گەرمی تێکەڵی بزووتنەوەکە بوبوون.

لە ناوەندی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٣١وە ژمارەیەک کاسبکاری هەولێری دەستیان لە بەکارهێنانی کارەبا هەڵگرت، یەکەم کەس لەم بوارەدا محەمەد ئەحمەدی چەلەبی بوو، کە لە ڕۆژی پازدەی ئەو مانگەوە کارەبای لە چایخانەکەی خۆی بڕی. پاش نزیکەی دوو حەفتە وەستا ئاکۆیی پێڵاودروو وەستا خەلیلی سەعاتچی و سەرداود محەمەدی چایچی و جوبرائیل ناوێک لاساییان کردەوە، ئەوانیش پێکڕا کارەبایان لە دوکانەکانی خۆیان بڕی[٥]

تا دەهات ئەو بزووتنەوەیە پتر پەرەی دەسەند. پارێزگاری هەولێر بۆ یەکەم جار لەو نامە نهێنیەیدا، کە ڕۆژی بیستی تەموزی ساڵی ١٩٣١ ناردوویە بۆ وەزیری کاروباری ناوخۆ باسی ئەوەی کردووە چۆن ((پازدە بیست کەسێک لە کاسبکاران مانگرتنێکیان ساز کردووە))٦ لە ڕۆژی چواری ئابەوە ئەو بزووتنەوەیە دەبێتە مانگرتنێکی گشتی بەوەی پەنجا و سێ کەس بەجارێک کارەبا لە ماڵ و دوکان و چایخانەکانی خۆیان دەبڕن. مانگرتنەکە بە کاسبکارانی ناو بازاڕەوە نەوەستا، بەڵکو هەمان کات ژمارەیەک لە گەورە پیاوان و ڕووناکبیرانی شار بەشدارییان تێیدا کرد، لەوانە مامۆستا ڕەفیق حیلمی بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوەندی زەکی ئەمین و محەمەد دۆغرەمەچی و داود ئاغای سەعید ئاغا. جگە لە مامۆستایانی قوتابخانەکان ژمارەیەک لە فەرمانبەرانیش بەشداریی مانگرتنەکەیان کرد، کەمال ئەفەندی پشکنەری پۆست و تەلەفۆنی شار یەکێک لەو فەرمانبەرانە بوو، ئەویش لە ڕۆژی دەی تەموزی ساڵی ١٩٣١وە کارەبای لە ماڵی خۆی بڕی، مەلا فەندیش لایەنگر بوو، تایبەت چونکە دانوی لەگەڵ عەبدولحەمید بەگی پارێزگار و جەمال ڕەفعەتی مودیری تەحریراتدا نەدەکوڵا، ئەو کارەبای ڕانەکێشابوو، بەڵام موحسین ئاغای



**دینگێک لە هەولێر بەرلە هێنانی ئامێری ئاش گەنم بەم شێوەیە دەهاڕدرا**

**هەڵبەت دامەزراندنی ئاشی ئەلەکتریک لە گشت ڕوویەکەوە هەنگاوێکی ژیارێی گەورەبوو بۆ ژیانی هەولێرو هەولێرییەکان، بەڵام ئەوساکە نرخی کارەبا بەنیسبەت کەمدەرامەتیی خەڵکییەوە زۆر بەرز بوو**

خوشکەزای، کە بەڕێوەبەری شارەوانی بوو، لە ڕۆژی چواری ئابەوە بەشداریی لە مانگرتنەکەدا کرد. بەپێی گێڕانەوەی بەڵگەنامەکان مەلا فەندی زۆر جاران لە باداواوە ئۆتۆمبیلی تایبەتی خۆی دەنارد بەدووی ڕابەرانی مانگرتنەکەدا. دوایی جەعفەر ئەبولتمەنیش لە بەغدا بە هەمان دەستوور پێوەندی هەبوو بە ڕابەرانی مانگرانی بەغداوە و ئەویش یەکێک بوو، کە هەر لە سەرەتاوە کارەبای لە ماڵی خۆی بڕی.

شایانی باسە مانگرانی هەولێر، تایبەت چاپچییەکانی ناوشار، بڕیاریاندا لە ڕۆژانی مانگرتنەکەدا گرامافۆنیش بەکارنەهێنن، ویستیان لەو ڕێگەیەوە پتر سەرنجی هەموو لا بەلای بزووتنەوەکەیاندا ڕابکێشن. بەو جۆرە ناو بازاڕ خامۆش بوو، دوای ئەوەی جاران لە هەر چوارلاوە، تا درەنگە شەوانێ دەنگی قەوان ناڵەی دەهات.

تا ئەو دەوروبەرە دروشمی مانگرانیش قاڵبی تەواوی خۆی لە سێ خاڵی سەرەکیدا وەرگرت، کە ئەمەی لای خوارەوە پوختەیانە:

١.داشکاندنی نرخی هەر کیلۆواتێکی کارەبا لە دە عانەوە بۆ چوار عانە، یا هیچ نەبێت بۆ شەش عانە، واتا لە چل فلسەوە بۆ ١٦، یا ئەو پەڕەکەی بۆ ٢٤ فلس.

٢.ئەگەر ئەو داخوازییە جێبەجێ نەکرا ئەوساکە شارەوانی بۆ خۆی مەکینەی کارەبا بهێنێت، یا ڕێگە بدات خەڵکەکە بۆ خۆیان مەکینە بهێنن، یا هەردوو لا بەهاوبەشی.



٣.گواستنەوەی مودیری تەحریرات جەمال ڕەفعەت٧ کە بە چاوساغ و لایەنگری ئەحمەد چەلەبی دەباغیان دادەنا.

ناوەندی ئابی ١٩٣١، واتا لە گەرمەی ڕۆژانی مانگرتنەکەدا، نوری سەعیدی سەرەک وەزیران هاتە سەردانی هەولێر، ڕابەرانی مانگرتنەکە ئەوەیان بە هەل زانی و ڕۆژی پازدەی ئاب سکاڵا نامەیەکی دووروودرێژیان بۆی ئامادە کرد و بۆ ڕۆژی داهاتوو دەستەیەکی هەڵبژاردە سکاڵا نامەکەیان پێشکەش بە نوری پاشا کرد. سکاڵا نامەکە ناوی ٤٤٨ کەسی بەسەرەوەیە، ٣٨٠ کەسیان مۆر و ٦٨یشیان ئیمزایان کردووە، بەشێک لە ئیمزاکان هی دیان و جووەکانی شارن. ناوەرۆکی سکاڵا نامەکە خۆیشی بریتییە هەر لەو سێ داخوازییەی لە سەرەوە باسیانمان کرد[٨]

ئەم هەوڵ و کۆششەی هەولێرییەکان هیچی لێ سەوز نەبوو، تایبەت لەبەر ئەوەی عەبدولحەمید بەگی پارێزگار بە توندی دژی مانگرتنەکە



دەروازەی قەڵا



وەستاو لە هەموو ڕوویەکەوە لایەنی جەمال ڕەفعەت و ئەحمەد چەلەبی دەباغی دەگرت. لەوەیش بەولاوە ئینگلیزەکان بایەخێکی زۆریان بەو مانگرتنەی هەولێردا، دەقی سەرجەمی سکاڵا نامەو داخوازێکانی مانگرەکانیان کردە ئینگلیزی و بەوردی لێیان کۆڵینەوە.

تەنها ئەو ڕاپۆرتە نهێنییەی میستەر لاینی پشکنەری کارگێڕی کەرکوک و هەولێر ڕۆژی سێی تەشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣١ دەربارەی مانگرتنەکەی هەولێر ناردوویە بۆ ئەدمۆندسی ڕاوێژکاری وەزارەتی کاروباری ناوخۆ لە بەغدا بریتییە لە هەشت لاپەڕەی قەوارە گەورە[٩] ئینگلیزەکان پێیان وانەبوو ئەو جۆرە بزووتنەوەیە بۆ شارێکی وەک هەولێر هەروا کارێکی ئاساییە، لە ڕاپۆرتێکی نهێنی خۆیاندا لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٣١دا لەو بارەیەوە نووسیویانە دەڵێن:

((داخوازییەکی لەو بابەتە (واتا داوای داشکاندنی نرخی کارەبا لە ڕێگەی مانگرتنەوە) بەگشتی دیاردەیەکی نا ئاساییە بۆ شوێنێکی وەک هەولێرو



مۆرەکانی سەر سکاڵانامەکە

نیشانەی ئەوەیە کە جۆرە بزووتنەوەیەکی ڕێکخراوی گێرە شێوێن لە ئارادایە))[١٠]

ئەم تێبینییە بۆ ڕۆژگاری خۆی بایەخی تایبەتیی هەیە، ڕەنگبێ بە نیسبەت هەولێرەوە یەکەم ئاماژەی لەو بابەتە بێت بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سیاسیی ڕێکخراو بە نهێنی.

مانگرانیش دەستیان هەڵنەگرت، ئەمجارەیان ڕۆژی بیست و حەوتی ئاب دوو سکاڵا نامەی تریان نارده بەغدا، یەکێکیان دیسانەوە بۆ نوری سەعیدی سەرەک وەزیران، ئەوی تریشیان بۆ موزاحیم پاچەچی وەزیری کاروباری ناوخۆ. سکاڵا نامەی ئەمجارەیان ئیمزاو مۆری ٥٠٥ کەسی پێوەیە، واتا ٥٧ کەس پتر لەوانەی سکاڵا نامەی یەکەمیان دایە نوری سەعید لە هەولێر، ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵگەی سووربوونی کاسبکارانی هەولێرە لەسەر داخوازییەکانیان. وا دیارە ڕابەرانی مانگرتنەکە ئەمجارەیان وێنەی هەردوو سکاڵا نامەکەیان داوەتە ڕۆژنامەکانی بەغداش، چونکە ڕۆژنامەی (العراق) دوو جاران لەو ڕۆژانەدا بەتایبەتی باسی سکاڵا نامەی دانیشتوانی هەولێری کردووە[١١]

هەردوو سکاڵا نامەکە بە خەتێکی جوان و ڕێکوپێک نووسراونەتەوە، لە ڕووی ناوەرۆکەوە هێمن و لەسەرخۆن، عەرەبییەکەشیان هەرچەندە بێ هەڵە نییە، بەڵام بە گشتی مستەواکەی باشە، پوولێک وا بە دامێنی هەر یەکێکیانەوە کە نرخی یەک ڕوپێ، واتا ٧٥ فلسە، هەردوو پوولەکەش مۆری حاجی شەریفی دۆغرەمەچییان بەسەرەوەیە، کە دیارە لەناو مانگرەکاندا پایە و مەقامی تایبەتیی خۆی هەبووە، بە بەڵگەنامە نهێنییەکاندا وا دیارە دەمڕاستی مانگرەکان و ڕابەری بزووتنەوەکەیان بووە، یەکێک لە بەڵگەنامەکان بە ((سەرۆکی کۆمەڵەی عەتتاران)) ناوی هێناوە، حاجی شەریف بۆ ڕۆژگاری خۆی پیاوێکی دونیا دیدە و وریا و لەناو خەڵکدا ڕێزدار بووە، ئاگادارانی هەولێر دەڵێن ((عاشقی عەدالەت بووە))[١٢]

بەپێی بەڵگەنامەکان لە ڕۆژانی مانگرتنەکەدا کاسبکارانی شار بەسەرپەرشتی حاجی شەریف زوو زوو بە ڕۆژ کۆبوونەوەی تایبەتیان لە چایخانەکەی عەبۆ ساز دەکرد، شەوانیش بۆ

"ئەم هەوڵ و کۆششەی هەولێرییەکان هیچی لێ سەوز نەبوو، تایبەت لەبەر ئەوەی عەبدولحەمید بەگی پارێزگار بە توندی دژی مانگرتنەکە وەستاو لە هەموو ڕوویەکەوە لایەنی جەمال ڕەفعەت و ئەحمەد چەلەبی دەباغی دەگرت"

**سەرئەنجام میری ناچار بوو لە کەلی شەیتان بێتە خوارێ و جەمال ڕەفعەت لە هەولێر ڕابگوێزێت و ئەحمەد چەلەبی دەباغیش ناچار بکات دوو عانە لە نرخی هەر کیلۆواتێکی کارەباکەی دابشکێنێت**

هەمان مەبەست دەچوونە قەراغ شار. لێرەدا ناوی کەریم گورجیش هاتووە.

بەپێی ئەو نامەیەی پارێزگاری هەولێر ڕۆژی ٢٦ی ئابی ساڵی ١٩٣١ ناردوویە بۆ وەزارەتی کاروباری ناوخۆ جگە لە حاجی شەریفی دۆغرەمەچی ئەم چوار کەسەش هاندەری مانگرتنەکە بوون:

١.مەلا ئەمینی بەقاڵ.
٢.یاسینی حاجی ئەلیاسی بەزاز.
٣.حاجی یونس ئاسنگەر.
٤.حاجی محەمەد قەرۆکی ئاسنگەر[13]


زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی دوو سکاڵا نامە تازەکەیان مۆر، یا ئیمزا کردووە بریتین لە عەتتار و بەقاڵ و بەزاز و ئاسنگەر و سەرتاش و دارتاش و چایخانەچی و خەفاف و قەصاب و چێشتخانەچی و دوکاندار و کاسبکاری تر، بەڵام، هەمان کات، ژمارەیەک لەوانەش، کە پێیان دەگوتن پیاو ماقووڵ و ئەفەندی داویانەتە پاڵیان و هەردووک سکاڵانامەکەیان ئیمزا کردووە، وەک حاجی عومەر مستەفا و ساڵحی سۆفی بەگ و محەمەد و وەهابی شێخۆ و نادر عەبدولقادری باوکی فایق و دوکتۆر نامیق و دوکتۆر تەحسین و پارێزەر تەڵعەت نادر.

نوری سەعید هیچی نەکرد لەوە بەولاوە، کە داوای لە پارێزگاری موسڵ کرد جەلال بابان بنێرێت بۆ هەولێر بۆ تۆژینەوەی سەرجەمی کێشەکە، وا پێ دەچێت نوری سەعید ویستبێتی ئەو کارە ڕاسپێرێتە فەرمانبەرێکی کورد، بۆیەکا لەناو هەمواندا جەلال بابانی پێشنیار کردووە، کە ئەوساکە پشکنەری کارگێڕی (مفتشی إداری) موسڵ بووە. بەڵام سەرئەنجام کارەکە خرایە ئەستۆی پشکنەری کارگێڕی هەولێر و کەرکوک، کە ئەوساکە میستەر لاین بوو، لاین لە کەرکوک دادەنیشت و جاروبار سەری هەولێری دەدا[14]



هەڵوێستی وەزیری کاروباری ناوخۆ بە جۆرێکی تر بوو. ئەوساکە، وەک وتمان، موزاحیم پاچەچی وەزیری کاروباری ناوخۆ بوو، پاچەچی سیاسەتمەدارێکی هەڵپەرست و توندڕەو بوو. بەر لەوەی ببێتە وەزیری کاروباری ناوخۆ یەکێک بوو لە ڕابەرە ناسراوەکانی ((پارتی نیشتمانی)) (الحزب الوطني) کە نیشتمانپەروەری گەورە جەعفەر ئەبولتمەن سەرۆکی بوو، پاچەچی لە هەمووان ڕەقتر دژی بەستنی پەیمانی ساڵی ١٩٣٠ی نێوان عێراق و بەریتانیا وەستا، بەڵام نوری سەعید، کە چاک لە دیوی ناوەوەی ئەو جۆرە کەسانە تێدەگەیشت بە ئاسانی بەلای خۆیدا ڕایکێشا بەوەی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣١ کردییە وەزیری کاروباری ناوخۆ.

هەڵبەت سیاسەتمەدارێکی وا هەڵپەرست



دەقی سکاڵانامەی مانگرتوانی هەولێر بۆ وەزیری کاروباری ناوخۆ

**"ئەم تێبینییە بۆ ڕۆژگاری خۆی بایەخی تایبەتیی هەیە، ڕەنگبێ بە نیسبەت هەولێرەوە یەکەم ئاماژەی لەو بابەتە بێت بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سیاسیی ڕێکخراو بە نهێنی"**



**"ئەحمەد چەلەبی دەباغیش خزمەتێکی گەورەی هەولێری کرد، بەوەی مەکینەی کارەبای بۆ هێنا، بەڵام ئەویش دەبوو باری سەختی ڕەشوڕوتی هەولێر فەرامۆش نەکات"**

((دڵسۆزیی)) خۆی لە ئاستی گەل و نیشتماندا بە کورد تاقی دەکاتەوە، لەبەر ئەوە سەیر نییە پاچەچی ویستی دەستوبرد کۆتایی بە مانگرتنەکەی هەولێر بهێنرێت، هەرچەندە هەولێرییەکان لە خودی ئەو سکاڵا نامەیەشدا، کە دابوویانە ئەو، چەند جارێک زۆر بە نەرموونیانی باسی دڵسۆزیی خۆیانیان بۆ میری تۆمار کردبوو. لەگەڵ ئەوەش پاچەچی بە نامەیەکی نهێنی داوای لە پارێزگاری هەولێر کرد بە ڕەقی ڕەفتاری مانگرانی ئەو شارە بکات. ئەمەش دەقی نامەکەیەتی:

((بۆ پارێزگاری هەولێر، نهێنی
ژمارە: س/ ٢٦٨٧
ڕۆژ: ٣١ی ئابی ١٩٣١


نیشانە بەنامەی ژمارە ١٣٢ی ڕۆژی ٢٦ی ئابی ١٩٣١تان. ئێمە گشت تێبینییەکانتانمان ڕەچاو کرد و پێتان ڕادەگەیێنین، کە چاو لە هیچ جۆرە بزووتنەوەیەک، یان هەنگاوێک ناپۆشین ببێتە هۆی جۆرە بزووتنەوەیەک، یان لاوازکردنی دەسەڵاتی میری، تکامان وایە بایەخی تەواو بدەن بەم لایەنە، ئیمزا:
وەزیری کاروباری ناوخۆ))[١٥]

لەبەر ڕۆشنایی ناوەرۆکی ئەم نامەیەدا کاربەدەستانی هەولێر کەوتنە خۆ، فشارێکی زۆریان خستە سەر مانگرانی شار و دەستیان کردە ئامادەکردنی سکاڵا نامەی ساختە دژیان و بۆ پشتگیری کردن لە جەمال ڕەفعەت، پۆلیس نزیکەی دە کەسیشیان ڕاپێچ کرد بۆ تەحقیق لەگەڵیاندا. لەگەڵ ئەوەش بێنەوبەرەی ئەو کێشەیە تا دەوروبەری کۆتایی ساڵی ١٩٣١ درێژەی کێشا و تا دەهات ئاڵۆزتر دەبوو. مانگران سووربوون لەسەر داواکانیان، ڕۆژی نۆی تەشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣١ دوو بروسکەی تریان ناردە بەغدا، یەکەمیان بۆ نوری سەعید و دووەمیان بۆ موزاحیم پاچەچی، ئەمجارەیان بروسکەکانیان لە کەرکوکەوە نارد نەک لە هەولێرەوە، وا دیارە ترسی ئەوەیان هەبووە نەبا بروسکەکان لە هەولێرەوە نەگەنە شوێنی مەبەست. هەردوو بروسکەکە بەم ناوانە لێدراون: لە بریتی دەستەی (صنفی) قەتارچی مەلا محەمەد، لە بریتی دەستەی خەفافەکان مەلا خدر، لە بریتی دەستەی بەرگدرووان حاجی عەلی، لە بریتی دەستەی عەتتارەکان حاجی شەریفی دۆغرەمەچی، لە بریتی دەستی گۆزەچییەکان سۆفی ئیسماعیل، لە بریتی دەستی سەرتاشەکان عەبدولوەهاب، لە بریتی دەستەی زیندووەکان عومەر دای، لە بریتی دەستەی کوڵهەڵگران (حەماڵەکان) عیزەدین، لە بریتی دەستەی ئاسنگەران حاجی یونس، لە بریتی دەستەی مزگەران حاجی کەریم، لە بریتی دەستەی ناڵبەندان عەبدوڵڵا، لە بریتی دەستەی دەڵاڵان محەمەد فارس، لە بریتی دەستەی قەصاب داود ئاغا، لە بریتی دەستەی لبادکەران شێخ یونس، لە بریتی دەستەی دارتاشان فیض الله، لە بریتی دەستەی نانەوایان محەمەد صالح، لە بریتی دەستەی جووەکان صالح یوسف نوری.

ئەمانە لە بروسکەکەیاندا دوو تەقەڵا بێ سوودەکەیان وەبیر سەرەک وەزیران و وەزیری کاروباری ناوخۆ هێناوەتەوەو بەناوی ((سەرجەمی کاسبکاران و کرێکارانی هەولێرەوە)) داوایان لێ کردوون عەدالەت فەرامۆش نەکەن و داخوازییەکانیان جێبەجێ بکەن و ڕادەیەک بۆ فشار و دەسدرێژی کاربەدەستانی میری دابنێن.

دیسانەوە نوری سەعید هیچی نەکرد لەوە بەولاوە، کە ئەویش دەقی بروسکەکەی لەگەڵ نامەیەکی تایبەتیدا نارد بۆ وەزارەتی کاروباری ناوخۆ، تەنانەت نامەکەیش ئیمزای سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی بەسەرەوەیە نەک ئیمزای نوری پاشا خۆی[١٦]

بەڵام هەر لەو ڕۆژانەداو لەبەر هەر هۆیەک بێت نارەزایی گەیشتە دەشتودەری هەولێریش، ڕۆژی یازدەی تەشرینی دووەم، واتا تەنها دوو ڕۆژ



شەقامی ئێستەی بەردەم باخی شار



دوای بروسکەکانی کاسبکارانی شار، ئەم سەرەک هۆزانەش، دژی پارێزگاری هەولێر، بروسکەیەکی تایبەتییان ئاراستەی نوری سەعید کرد: سەرۆکی میر یوسفی خۆشناو صالح بەگی میران و سەرۆکی گەردی جەمیل ئاغا و سەرۆکی کوڕێ مەجید ئاغا و سەرۆکی میر مەحمەلیی خۆشناو قادر بەگی میران، جگە لە ئاغایانی دزەیی خورشیدی بایز ئاغا و حسەین ئاغای مەلا و سلێمان ئۆمەر ئاغا و ڕەسوڵ محەمەد صادق ئاغا.

سەرئەنجام میری ناچار بوو لە کەلی شەیتان بێتە خوارێ و جەمال ڕەفعەت لە هەولێر ڕابگوێزێت و ئەحمەد چەلەبی دەباغیش ناچار بکات دوو عانە لە نرخی هەر کیلۆواتێکی کارەباکەی دابشکێنێت. بەو جۆرە مانگرتنەکەی هەولێر کۆتایی هات، ئەو مانگرتنەی لە هەموو ڕوویەکەوە هیچی لە ماگرتنە بەناوبانگەکەی بەغدا کەمتر نییە، بەڵکو لەبەر سێ هۆی بایەخدار تەرازووی مێژوو بەلای ئەودا دەشکێتەوە، یەکەمیان دەستپێشکەری کردنی هەولێرییەکانە لەو بوارەدا، دووەمیشیان کۆڵنەدانی مانگرانی هەولێرە لە ماوەی شەش مانگی ڕەبەقدا، لەگەڵ وەدی هێنانی بەشێک لە داواکانیان، بەرانبەر دامرکاندنەوەی کتوپڕی مانگرتنەکەی بەغدا، کە لە ڕاستیدا هیچی ئەوتۆی لێ سەوز نەبوو، ئەو مانگرتنەی هەر لە سەرەتاوە ڕۆژنامەکانی بەغدا ناویان لێ نا ((ڕۆژی شانازی نیشتمانی))[١٧]

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە چاو لەوە نەپۆشین کە لەو ڕۆژانەدا هەندێک دەست لە ژێرەوە، بۆ بەرژەوەندی خۆیان، کنەیان دەکرد، جەمال ڕەفعەتیش کارگێڕێکی دەست خاوێن و لێهاتوو بوو، بەڵام زۆر بەخۆی دەنازی، ئەحمەد چەلەبی دەباغیش خزمەتێکی گەورەی هەولێری کرد بەوەی مەکینەی کارەبای بۆ هێنا، بەڵام ئەویش دەبوو باری سەختی ڕەشوڕوتی هەولێر فەرامۆش نەکات، هەرچەندە بەپێی دەفتەری تایبەتیی خۆی پرۆژەکەی زەرەری دەکرد، نەک قازانج، بەڵام وا پێ دەچێت وا نەبوبێت، چونکە کە نوری سەعید هاتە هەولێر بە گەرمی داوای لێ کرد ماوەی ئیمتیازەکەی لە ٣ساڵەوە بۆ بکەنە ٢٥ ساڵ، بەپێی یاسای نەگۆڕی ئابووریش هەر پرۆژەیەک زیان بکات دادەخرێت نەک بەپەرۆشەوە کۆشش دەکرێت بۆ درێژەپێدانی بەو ڕادەیە.

هەر چۆن بێت مانگرتنی کاسبکارانی هەولێر لە ساڵی ١٩٣١دا لاپەڕەیەکی بایەخداری ونی مێژووی هاوچەرخی کورد و عێراقە.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

(*) لە گۆڤاری ((ڕۆشنبیری نوێ)) ژمارە (١٤٢)ی ساڵی ١٩٩٩دا بڵاوکراوەتەوە.

١. ملفات وزاره الداخليه (م. و. د.) مديريه المخابرات السريه والسياسيه ١٩٣١، رقم الملف ٢٧/ أربيل.

٢. العنوان: السياسه الداخليه، موضوع الملف: الحركات السياسه فى لواو أربيل.

Office of the Administrative Inspector, Arbil and Kirkuk , Confidential, No. C/٣٨٩, ٣rd October ١٩٣١, to the Adviser, Ministry of Interior, Baghdad, pp ١-٦.

(٢) Ibid, pp ١-٢.

(٣) Ibid, List of Electric Consumers Past and Present, pp ١-٢.

٤. بۆ باسی ئەو مانگرتنە بڕوانە: عبدالرزاق الحسنى، تأريخ الوزارات العراقيه، الطبعه السابعه، دار الشوون الثقافيه العامه، الجزء الرابع، بغداد، ١٩٨٨، ص ١٠-١٢.

(٥) List of Electric Consumers, pp ١-٢.

٦. م. و. د. ، الملف السابق ص ٦.

٧. ڕەفعەت ئەفەندی باوکیشی لە شارەوانی هەولێر فەرمانبەر بوو، دەڵێن بە ئەسڵ حەڵەبین، هەردووکیان لێهاتوو بوون.

٨. م. و. د. ، الملف السابق، من متصرفيه لواو أربيل الى وزاره الداخليه ببغداد، الرقم ١٣٢ /س/ سرى، التأريخ ٢٦ ئ‌ب ١٩٣١، الموضوع: تقديم صوره مضبطة، ص ٤ ـ ٦.

(٩) Office of the Adm. Insp., Arbil and Kirkuk, Confidential, No, C/٣٨٩, ٣rd Oct, ١٩٣١, pp. ١-٨.

(١٠) Ibid, p.٣, Extract from Confidential Report on the Arbil and Kirkuk Liwas for the month of August, ١٩٣١, Arbil Town.

١١. ((العراق)) (الجريده) بغداد، ١و٨ أيلول ١٩٣١.

١٢. دیدەنی لەگەڵ دلاوەر فەتاح مەحمود حاجی عەبدورەحمان ئاغا، ڕۆژی دوازدەی مایسی ١٩٩٨.

١٣. م. و. د. نفس الملف السابق، من متصرفيه لواو أربيل الى وزاره الداخليه ببغداد، الرقم ١٣٢ /س/ سرى، التأريخ ٢٦ ئ‌ب ١٩٣١، الموضوع: تقديم صوره مضبطة، ص ٦.

١٤. الملف نفسه، ص ١٠.

١٥. الملف نفسه، ص ٧.

١٦. الملف نفسه، ص ٢٥ ـ ٢٦، ديوا مجلس الوزراو، بغداد، الرقم ٤١٢٨، التأريخ ٩ تشرين الثانى ١٩٣١.

١٧. بۆ نموونە بڕوانە: ((العالم العربى)) (جريده) بغداد، العدد ٢٩٨٦، ٢ كانون الاول ١٩٣٣.



# هەولێر

## لە چاخی فانۆسەوە بۆ چاخی کارەبا

ئەحمەد چەلەبی لەنێو بنەماڵەکەی خۆی لەهەموویان گەنجتر و لەهەمووشیان زیرەکتر بوو، لەساڵی ١٩٣٧ بۆ ساڵی ١٩٤٤ سێ کارگەی سەهۆڵی لەشاری هەولێر دانا، لەساڵی پەنجاکانیش یەکەم کارگەی ئاردی هێنایە هەولێر، جگە لەوەش یەکەمجار ئەو ئامێری تیشکی x-ray هێناوە، هەروەک یەکەم کارگەی دروستکردنی سەمونیش ئەو هێناویەتیە شاری هەولێر.

ئەحمەد چەلەبی بە هێنانی کارەبا بۆ هەولێر گۆڕانکارییەکی گەورەی کرد. چاخی فانۆسی کرد بەچاخی کارەبا. کەچی کەسانێک هەبوون ئەوەیان پێناخۆش بوو، ئیرەییان پێی دەبرد. ئەو لە زووەوە بیری بۆ دامەزراندنی کارگە چوو، بڕوای بەوە نەمابوو، کە چیتر کاری ئاژەڵداری سوودی بۆ ناوچەکە دەبێت، بۆیە زۆربەی ئاژەڵەکانی فرۆشت و کەوتە کاری وەبەرهێنان.


سینان چەلەبی

ئەحمەد چەلەبی باپیرەم ٨٢ ساڵ ژیاوە، ئەو زانیاریانەشی، کە من لە باپیرەم وەرگرتووە، ئەوان یانزە پشت لە قەڵای هەولێر ژیاون، ئەگەر سەیری سورەت قەیدی کۆن بکەین، هی باپیرە گەورەمان حاجی مەحمود چەلەبی و حاجی قادر چەلەبی، دەبینین هەموویان نازناوی چەلەبی-یان هەبووە ئەوەی من لە باپیرەم ئەحمەد چەلەبی بیستوومە، دەڵێت: نازناوی ئێمە لەسەردەمی حوکمی عوسمانی چەلەبی زادە بووە، بەڵام دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئینگلیزەوە، عێراق و هەولێر تووشی کێشە بوونە لە لای مزگەوتی شێخی چۆلی کارگەیەکی دەباغییان، واتە پێستە خۆشکردنیان داناوە، لەوێوە نازناوی دەباغیان وەرگرتووە، کە بەهۆیەوە مامەکانیشی لێی تووڕە بوونە و پێیان گوتووە بۆچی نازناوی ئێمەت لە چەلەبی-یەوە گۆڕی بۆ دەباغ؟ ئەویش گوتوویەتی بارودۆخەکە وای پێویست دەکات، چونکە تووشی تەنگوچەڵەمە بووەتەوە، دوای ئەوەی حکومەتی ئەوسا ڕووخا، ئێمەش نازناوی خۆمان وەرگرتەوە و دووبارە نازناومان بوو بە چەلەبی.

کاری بازرگانی ئەحمەد چەلەبی باپیرەم لەدەیەی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو بەهاوردەکردنی شەکر و چا لە وڵاتی فەرەنسا دەستپێکرد، هەروەک خوری هەموو ناوچەی باکووری عێراق-یشی دەکڕی و هاوردەی دەرەوەی دەکرد، ڕۆژ بە ڕۆژ بازرگانییەکەی فراوانتر دەبوو، ئەو لە کارەکەیدا زۆر زیرەک بوو، حەزی دەکرد خۆی کارەکانی خۆی ئەنجام بدات. ئەوکاتیش دۆخەکە وابوو کەسێک لەبنەماڵەیەک کاری دەکرد هەموو بنەماڵەکەی بەخێودەکرد، بەڵام بەو مانایە نەبوو ئەوانی دی کاریان نەکردبێت، بەڵکو ئەوانی دیش بەشیان هەبووە، کە یەکێکیان لەگوند کاری دەکرد یەکێکی دی لەنێو قەیسەری، بەڵام ئەحمەد چەلەبی کاری بازرگانی هەڵبژارد، سەرکەوتووش بوو.

ئەوەی من بیزانم ئەحمەد چەلەبی باپیرەم بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی لەکارگەیەک هاوبەشی هەبوو، کە پێموایە هاوبەشەکەی کەسێکی سەر بەئاینی کریستیان بوو، مرۆڤێکی باش بوو، لەلای باپیرەم کێشە نەبوو کەسەکە کێیە، بەڵکو کێ لەگەڵی ڕاستگۆ بوایە و کاری باشی کردبوایە مامەڵەی لەگەڵ دەکرد. لەوبارەیەوە چیرۆکێکی خۆش هەیە. دەگێڕنەوە، لەسەردەمی کاری ئاژەڵداری ئەحمەد چەلەبی پێویستی بەدوو کەس بووە بۆ کاری شوانی، یان هاوبەشی، لەکاتی گفتوگۆکردندا جگەری پێیان داوە، کە یەکێکیان لەئاگردانەکە جگەرەکەی داگیرساندووە، ئەوی دیکەش بە شقارتە جگەرەکەی داگیرساندووە، کە پێشتر پارەی بەهەردووکیان دابوو، بۆ ئەوەی ئاژەڵ بکڕن، دوای چەند خولەکێک پارەکەی لەو کەسەی، کە جگەرەکەی بەشقارتە داگیرساندووە وەرگرتووەتەوە، ئەویش دەڵێت چەلەبی بۆچی پارەکەت لەم وەرگرتەوە، کەچی هی ئەو برادەرت وەرنەگرتەوە، ئەویش دەڵێت لەبەر ئەوەی تۆ بۆ من دەستنادەیت، ئاگرەکە لەبەردەمت بوو، کەچی جغارەکەت بە شقارتە پێکرد، بۆیە ئەگەر حیساب بۆ ماڵی خۆت نەکەی، چۆن بۆ ماڵی منی دەکەیت.

ئەوەش تاقیکردنەوەیەکی سادە بووە، بۆ ئەوکاتی کارکردن، کە ئەوەش بووەتە پەندێک تا ئێستەش خەڵکی لەناو خۆیان باسی دەکەن.

*** ئەم نووسینەی سینان چەلەبی، پووختەی ئەو دیدارەیە، کە کاتی خۆی ڕەوەست نەوزاد لە میانی ڕاپۆرتێکی تایبەت بۆ تەلەفزیونی گەلی کوردستان کەناڵی هەولێر، لە گەڵی کردووە.**



# بنەماڵە دێرینەکانی هەولێر

هەولێر وەک شارێکی دێرینی کوردستان، لە مێژووی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاستدا مێژوویەکی پرشنگداری هەبووە و هەمیشە وەک شارێک ناوی هاتووە، کە مەڵبەندی زانست و پێگەیاندنی زانای گەورە بووە. شارێک بە درێژایی مێژوو خەڵکی سەر بە گروپی نەتەوە و دینی جیاوازی لە ئامێز گرتووە. باوەڕدارانی هەرسێ دینی ئیسلام و مەسیحی و یەهودی لە شارەکەدا ژیاون، شانبەشانی کورد، تورکمان، سریانی و عەرەبیش لە شارەکەدا نیشتەجێ بوون. شارێک خەڵکەکەی بەم هەموو پێکهاتە هەمەچەشنەوە، هەمیشە پێکەوە ژیاون و بە دەگمەن نەبێت کێشە و گرفتیان نەبووە.

هەر لە بەرەبەیانی مێژوودا ناوی هەولێر (ئەربیل) هاتووە، لە مێژووی کۆن لە نووسراوی سۆمەرییەکان لە دوو هەزاری پێش میلاددا بە «ئۆربیلیوم Urbilium » ناوی هاتووە، لە سەردەمی حکومڕانی ئاشوورییەکانیش بە «ئەربا-ئیلۆ» ناوی هاتووە، لەکاتی هێرشی ئەسکەندەری مەکدۆنی لە ٣٣١ پێش میلاد و شەڕە بە ناوبانگەکەی لە گۆگامیلا (لە نزیک ئاسکی کەڵەکی ئێستا) لە دژی دارای سێیەمی پاشای فارسە ئەخمینیەکان، ناوی «ئەربیلا» بووە. لە سەردەمی فرثییەکان (١٤٨ پێش میلاد – ٢٢٦ پاش میلاد) هەولێر پایتەختی شانشینییەک بووە بە ناوی «حدیاب»

لە هەموو مێژووی ئیسلام و لەلایەن مێژوونووس و گەڕیدە عەرەبەکان ئەوانەی سەردانی شارەکەیان کردووە، یانیش دەربارەی مێژووی شارەکەیان نووسیوە بە ئەربل (أربل) ناوی هاتووە، کە دواتر هەر ئەو ناوە بووە بە ئەربیل (أربيل)ی ئێستا. لە کوردەوارییش وەک دیارە شارەکە بە ناوی «هەولێر» ناسراوە؛ مێژووناسان پێیانوایە، کە ئەم ناوە هەمان گۆڕانی دەنگیی ناوی ئەربیلە بۆ هەولێر، لە ئەربیلەوە گۆڕاوە بۆ «ئەرویل» و «ئۆلیر» تا لەدواییدا بووە بە هەولێر[1].

کەم شار هەیە لە کوردستان لە مێژوودا ناوهێنانی ئەوەندە کۆن بێت، لە هەمان کاتدا بە دەگمەن شارێکیش هەیە وەک هەولێر، کە بەردەوام ئاوەدانی تێدا بووە و خەڵکەکەشی شارنشین بوون. لە سەرچاوە مێژووییەکاندا ئاماژە بە دانیشتوانی شارەکە کراوە، کە لە هەموو سەردەمە مێژووییەکاندا دانیشتووانەکەی هەمووی، یان زۆرینەی کورد بوونە. ڕەنگە گرنگترین سەرچاوەیەک، کە باسی شاری هەولێر و دانیشتوانەکەی کردبێت، لە کتێبی «معجم البلدان»ی گەڕیدە و مێژوونووس یاقوت حەمەوییە (١١٧٩ – ١٢٢٩ میلادی) کە ئەم گەڕیدەیە بۆ ماوەی ١٦ ساڵ سەفەرێکی درێژی بۆ ناوچەکانی میسر و شام و مووسڵ و حەلەب و تەورێز و کوردستان کردووە، لە سەردانی بۆ هەولێر، کە بە «أربل» ناوی بردووە، زانیاریی گرنگ سەبارەت بە دانیشتووانی شارەکە و قەڵاتی هەولێر و بازاڕ و مزگەوتەکانی باس کردووە. سەبارەت بە شارەکە و قەڵاتەکەی دەڵێت: « ئەربل: قەڵاتێکی قایم، و شارێکی گەورەیە، لەسەر زەوییەکی فراوان و بەربڵاودایە، قەڵاتەکەی خەندەقێکی



سوداد ڕەسووڵ

**کوردێکی زۆر، کە لە دەوروبەری هەولێر و ناوچەکانی دیکەی کوردستانەوە بۆ نێو شارەکە کۆچیان کردووە و بە بنەچە کورد و بە زمانیش بە کوردی قسەیان کردووە، دوای چەند پشتێک لە شارەکە لەنێو بۆتەی زمانی تورکمانی و کولتووری تورکی عوسمانی دەتوێنەوە بە تورکمان دەناسرێن**



قووڵی هەیە و دەکەوێتە لایەکی شارەکەوە. دیواری شارەکە لە ناوەندیدا دەپچڕێت، قەڵاتەکە لەسەر گردێکی خاکیی بڵندداپە، گەورەیە و سەری قەڵاتەکە بەرینە، لە سەر قەڵاتەکە بازاڕ و ماڵی خەڵکی هەیە، لەگەڵ مزگەوتێکیش بۆ نوێژکردن. هەر بە قەڵاتەکەی حەلەب دەچێت، بەڵام بە پانتایی، لەوەی حەلەب گەورەتر و فراوانترە.» لەبارەی دانیشتوانەکەشی ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەو شارە زۆرینەی خەڵکەکەی کوردن، بەم شێوەیە وەسفی دانیشتوانەکەی دەکات:

« سەرەڕای فراوانی شارەکەی، خانووەکانی هەر بە خانووی گوند دەچن، نەک شار. زۆرینەی خەڵکەکەی کوردن و بوون بە عەرەب (یان وەک عەرەبیان لێ هاتووە)[٢] ئەو خەڵکانەش، کە لە گوندەکان دەژین و زەویوزاری کشتوکاڵییان هەیە، ئەوانیش کوردن[٣].

ئەم وەسفەی یاقوت حەمەوی بۆ هەولێر، بەڵگەیەکی مێژووییە، کە هەولێر لە سەدەی دوازدەمی میلادیدا دانیشتووانی نێو شار و دەوروبەریشی هەموو کورد بوونە، بەڕادەیەک، کە هیچ ئاماژەیەک بۆ نەتەوەیەکی دیکە نییە. لە سەدەکانی دواتر لەپاڵ کورد، نەتەوەی دی تێدا نیشتەجێ بووە و وەک پێکهاتەیەکی دیکەی نەتەوەیی ناوی هاتووە.

“ ئەم وەسفەی یاقوت حەمەوی بۆ هەولێر، بەڵگەیەکی مێژووییە، کە هەولێر لە سەدەی دوازدەمی میلادیدا دانیشتووانی نێو شار و دەوروبەریشی هەموو کورد بوونە، بەڕادەیەک، کە هیچ ئاماژەیەک بۆ نەتەوەیەکی دیکە نییە ”

ئەم شارە دواتر بۆ ماوەی چوار سەدە لە نێوان ساڵانی ١٥١٦ – ١٩١٨ لە ژێر حوکمڕانی عوسمانییەکاندا بووە، لەم ماوەیەدا هەولێر یەکەیەکی ئیداریی سەر بە ویلایەتی شارەزوور بووە، کە ئەم ویلایەتە لە سەدەی شازدەم لە ١٦ سنجەق پێکهاتووە، لە بەناوبانگترین سنجەقەکانی ئەم ویلایەتەش ئەمانە بوون: کەرکووک، هەولێر، حەریر، کۆیە، سرۆچک، مەرگە، هەزارمێرد، شارباژێر، .. سنووری ویلایەت و سنجەقەکانیش بەردەوام لە گۆڕاندا بووە، بۆیە لە هەندێک سەردەم هەولێر چیدی سنجەق نەماوەتەوە و بووە بە قەزایەک سەر بە سنجەقی کەرکووک، ئەمە سەرەڕای ئەوەی، کە دواتر لە ساڵی ١٨٧٩ ناوی ویلایەتەکەش دەگۆڕێت بۆ ویلایەتی مووسڵ[٤].

هەولێر، کە یەکەیەکی ئیداریی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بووە، پێدەچێت هەر لەو سەردەمەش تورکمان و نەتەوەی دی بۆ نێو ئەم شارە کۆچیان کردبێت و تێیدا نیشتەجێ بووبن. لە سیستەمی ئیداریی شار، خەڵکێک، کە لەو شارە کارمەند و کاربەدەست بوونە، بۆ ئەوەی لەو شارە پۆستێک، یان کارێکیان هەبێت، دەبوایە زمانی تورکیی عوسمانی باش بزانن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی، کە تورکی زمانی ڕەسمیی دەوڵەتی عوسمانیش بووە، ئەو کەسەی لەو شارەش نیشتەجێ بووە بۆ ئەوەی تێکەڵ بە ژیانی شارەکە بێت، پێویستبووە زمانی تورکمانی بزانێت، کە زمانێکی هاوشێوەی تورکیی عوسمانییە، بۆیە لەم ماوەیەدا، بە تایبەت ئەو سەردەمە، کە هێشتا نەتەوایەتی لە دەوڵەتی عوسمانیدا نەبووە، زمانی نەتەوە لای هیچ کەسێک گرنگ نەبووە، ئەو زمانە گرنگ بووە، کە زمانێکە پلەوپایەی هەیە و زمانی بازاڕ و ئیشوکار پەیداکردنە، کە ئەویش زمانی تورکمانی و تورکیی عوسمانی بووە و کوردیی نەبووە.

هەر لەم ڕووەوە، هەرکەسێک لەم ماوەیەدا، کە هاتووە و لەم شارە نیشتەجێ بووە، دەبوایە تورکمانی باش بزانێت، کە زمانی باڵادەستی شارەکە بووە، هەر خێزانێکی کوردیش، کە لە دەوروبەری هەولێر: لە دەشتی هەولێر، یان ناوچەی خۆشناوەتی و باڵەکایەتی بۆ نێو شارەکە کۆچیان کردووە، زۆر پێویست بووە ئەو زمانە بزانن، هەر بە هۆی بایەخی ئەو زمانە، دایک و باوک لەگەڵ منداڵەکانیان بە تورکمانی قسەیان کردووە، بۆ ئەوەی بتوانن بە باشی لەو شارە جێگەی خۆیان بکەنەوە و پێگە و دەسەڵاتیان هەبێت. ئەم جۆرە هەڵوێستە لە بەرانبەر زمان لە هەموو سەردەمێکدا هەبووە، لە مێژووی زمانەکان دیاردەیەکی بەرچاو و باو بووە، کاتێک زمانێکی باڵادەست لە هەرێمێک کاری پێدەکرێت زمانەکانی دی، کە ئاستیان نزمە، و هیچ بایەخێکی ئابووریی و سیاسیی و کارگێڕیی و زانستییان نییە، پەراوێز دەخرێن، خەڵک هەوڵ دەدەن بەو زمانە قسە بکەن، کە باڵادەستە و پلەوپایەی هەیە. ئێستاش ئەم دیاردەیە لە باشووری کوردستان هەیە، کە هەندێک خێزانی کورد لەبەر بایەخی زمانی ئینگلیزی لەگەڵ منداڵەکانیان لە ماڵەوە بە ئینگلیزی قسە دەکەن. هەمان دیاردەی زمان گۆڕین و ئەسیمیلەبوونی زمان ئەمڕۆ لەنێو



شارە کوردەکانی باکووری کوردستانیشدا هەیە، کە لە شارە گەورەکان، کورد بە تورکیی قسە دەکەن و زۆرینەی خێزانەکانیش لەم شارانە، لە ماڵەوەش هەر بە تورکیی قسە دەکەن. هۆکاری ئەم تواندنەوە زمانییە، وەک دیارە باڵادەستی زمانی تورکیی و ئاست نزمی زمانی کوردییە لە تورکیا، هەتا ڕادەی قەدەغەکردن و زیندانیکردن لەسەر قسەکردن بە کوردیی.

بە هەمان پرۆسەی باڵادەستی زمانی تورکمانی لە هەولێر، کوردێکی زۆر، کە لە دەوروبەری هەولێر و ناوچەکانی دیکەی کوردستانەوە بۆ نێو شارەکە کۆچیان کردووە و بە بنەچە کورد و بە زمانیش بە کوردی قسەیان کردووە، دوای چەند پشتێک لە شارەکە لەنێو بۆتەی زمانی تورکمانی و کولتووری تورکی عوسمانی دەتوێنەوە بە تورکمان دەناسرێن، بەڵام ئەوان هەر بە ئەسڵ کورد بوونە، و بە شەجەرەنامە و مێژووی هاتنیشیان بۆ نێو شارەکە لە بنەچەوە لە ناوچەیەکی کوردستانەوە هاتوون. هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە، کە ئەم شارە دێرینەی کوردستان لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا وەک شارێکی تورکمانی زمان ناسراو بووە و دانیشتوانەکەشی بەگشتی بە هەولێری تورکمان ناوزەد کراون، ئەمە هەرچەندە کە زۆرینەیان بە ئەسڵ تورکمانیش نەبوون.

من بەشبەحاڵی خۆم کە لە گەڕەکێکی کۆنی شاری هەولێر، کە گەڕەکی خانەقایە لە دایک بووم، بە دایک و باوک بە ئەسڵ کوردین، باپیرم لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە گوندی سۆربەش لە دەشتی هەولێرەوە بۆ نێو شارەکە کۆچی کردووە، باوکم لە هەولێر لە دایک بووە و دایکیشم بە بنەچە هیی ناوچەی خۆشناوەتییە؛ لە ماڵەوەش هەر بە کوردیی قسەمان کردووە، کەچی هەر لەبەر ئەوەی لە هەولێر لە دایک بووین و لە کۆنەوە خەڵکی شارەکەین، ئێمەش لە نێو شارەکە هەر بە تورکمان دانراوین، خەڵکی دەوروبەری هەولێر پێمان دەڵێن ئێوە هەولێرین و تورکمانن!

ئەمەی کە باسم کرد نموونەیەکە، کە چۆن لەبەر زاڵبوون و باڵادەستی زمانی تورکمانیی لە نێو شارەکە، دانیشتووانەکەیشی هەموو بە تورکمان دانراون، ئەمە هەرچەندە تورکمان وەک کەمینەیەک لەنێو شارەکەدا هەبووە، کە ئەوان بە ئەسڵ لە پاشماوەی ئەو تورکمانانەن، کە دواتر لە سەردەمی عوسمانییەکان بۆ نێو شارەکە کۆچیان کردووە، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجدانە بۆ ئێمە، کە بزانین ئەم شارە بۆچی هەموو خەڵکەکەی بە تورکمان دانراون و بۆچی زۆربەی کوردەکانی نێو شاریش زمانیان گۆڕاوە بۆ تورکمانی؟




تواندنەوەی خەڵکی کوردی زمان لەنێو بۆتەی زمانی تورکمانیدا، ڕەهەندێکی زمانەوانی هەیە، کە پەیوەندیی بە پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی زمان هەیە لەنێوان خەڵکی شارنشین و خەڵکی گوندنشیندا. خەڵکی هەولێر بە هەموو پێکهاتەکانییەوە خۆیان بە خەڵکی شار و بە «هەولێریی» ناساندووە، خەڵکی دەوروبەری هەولێریش، کاتێک دەڵێن هەولێریی، واتە ئەو کەسە خەڵکی شارە و بە ئەسڵ تورکمانە، لە بەرانبەردا خەڵکی نێو شاری هەولێریش، بە خەڵکی دەشتەکی و گوندنشینی دەوروبەری خۆیان گوتووە «کرمانج» واتە لە نێوان خەڵکی شار و گوند، دوو چینی کۆمەڵایەتی پێکهاتووە بە دوو ناسنامە و دوو زمانی جیاواز: ناسنامەی

> **“هەولێر، کە یەکەیەکی ئیداریی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بووە، پێدەچێت هەر لەو سەردەمەش تورکمان و نەتەوەی دی بۆ نێو ئەم شارە کۆچیان کردبێت و تێیدا نیشتەجێ بووبن”**



هەولێریی بە زمانی تورکمانیی، واتە خەڵکی شار، یان شارستان، ناسنامەی کرمانج بە زمانی کوردیی واتە کوردی گوندنشین و دەشتەکی، کە خەریکی کشتوکاڵ و مەڕدارییە. بێگومان ئەم دوو ناسنامە کۆمەڵایەتییە، ڕۆڵی هەبووە لەوەی، کە کوردەکانی نێو شاری هەولێر، کە خۆیان بە شارستانی داناوە و زمانی تورکمانیی کە زمانی باوی شارەکەیە و پلەوپایەی شارستانی هەیە بە باشتریان زانیوە قسەی پێ بکەن لە زمانی کوردیی، کە هیی کوردی کرمانجی گوندنشینە؛ بۆیە لەم ڕوانگە چینایەتییە بۆ زمان، لێرەوە زمانی کوردیی لە بەرانبەر تورکمانیدا لەنێو شارەکە بەرە بەرە لە پاشەکشێدا بووە و دانیشتووانە کوردەکە زمانی خۆیان بۆ تورکمانی گۆڕیوە.

ئەم دیاردە زمانەوانیی-کۆمەڵاتییە لە مێژووی زمانەکان و لەنێو هەموو کۆمەڵگەکاندا هەبووە و هەیە، کە زمانی خەڵکی شار ئاستی بەرزترە لە زمانی خەڵکی گوند.

کتێبی جیاواز لەبارەی مێژووی هەولێر لە کۆن و سەدەکانی ناوەڕاستدا نووسراون، بەڵام کتێبێکی تایبەت بۆ بنەماڵە دێرینەکانی هەولێر، کەلێنێکی گەورە بووە لە مێژووی ئەم شارەدا. خۆشبەختانە ئەم کەلێنە ئەمجارە بە هەوڵ و کۆششی مامۆستا عەبدوڵڵا مەلا عەلی پڕ کرایەوە، کە لەم کتێبەدا بە شێوەیەکی مەیدانی کارەکەی ئەنجامداوە؛ سەد بنەماڵەی دێرینی ئەم شارەی بەسەر کردووەتەوە و چاوپێکەوتنی لەگەڵیان کردووە، بە سەروبەر لەگەڵیان دواوە و بنەچەی هەریەک لە بنەماڵە دێرینەکانی ساغ کردووەتەوە، و شەجەرەنامەی بۆیان ئامادە کردووە، هەر بنەماڵەیەک بەسەرهاتی خۆی گێڕاوەتەوە، کە لە بنەچەدا لە کوێوە هاتوون و کەی لەنێو شارەکەش نیشتەجێ بوونە.

ئەم کتێبە بە بەڵگەی بەرجەستە و ڕاستەوخۆ لە دەمی بنەماڵەکان دەیسەلمێنێت، کە لەم ١٠٠ بنەماڵەیە کە نووسەر چاوپێکەوتنی لەگەڵیان کردووە: ٨٠ بنەماڵە بە ئەسڵ کوردن، ٥ بنەماڵە بە ئەسڵ تورکمانن، ٦ بنەماڵەش بە ئەسڵ عارەبن، ١ بنەماڵە بە ئەسڵ پاکستانی، ١ بنەماڵەش بە ئەسڵ سکۆتلەندی، ئەوانی دی نایانەوێ نەتەوەیان ئاشکرا بکەن.

**“ هەر لەم ڕووەوە، هەرکەسێک لەم ماوەیەدا، کە هاتووە و لەم شارە نیشتەجێ بووە، دەبوایە تورکمانی باش بزانێت، کە زمانی باڵادەستی شارەکە بووە ”**

ئەوەی جێگەی سەرنج و وردبوونەوەیە، لەم سەد بنەماڵە، ڕێژەی بە ئەسڵ تورکمان یەکجار کەمە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا زمانی تورکمانیی لە شارەکەدا زاڵ بووە، ئەو هەشتا بنەماڵە بە ئەسڵ کوردەش زۆربەیان زمانی ئاخاوتنی ماڵەوەیان بووە بە تورکمانیی، بەڵام هەندێک بنەماڵەی دێرینی کوردیش هەر لە سەرەتاوە هەتا ئێستا لەنێو ماڵ زمانی کوردییان پاراستووە. ئەو بنەماڵە عەرەبانەش، کە گەڕەکێکی تایبەتیان لە هەولێردا هەیە بە ناوی «گەڕەکی عارەبان»، ئەوانیش وازیان لە عەرەبیی هێناوە و لەنێو ماڵ بە تورکمانیی قسە دەکەن.

لەم کتێبەدا ڕوون دەبێتەوە، کە ئەو بنەماڵە دێرینانەی هەولێر بەشی زۆرینەیان، کە بە تورکمان و هەولێریی ناسراون بە ڕەچەڵەک دەچنەوە سەر چەندین هۆز و عەشیرەتی کورد، وەک عەشیرەتی خۆشناو، دزەیی، باڵەک، گەردی، ئۆمەربل، زراری، خەیلانی، بندیان، هەمەوەند، جاف، سەرداری، ئاکۆیی، مەنگوڕ و بابانی.. کە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستانەوە هاتوون، وەک کەرکووک، کۆیە، دەشتی هەولێر، خۆشناوەتی، باڵەکایەتی، هەکاریی، ئامەد، جۆلەمێرگ، وان، موکریان، مەهاباد، مەریوان، خانێ، جەزیرەی بۆتان .. تاد

زۆرجار لەبارەی پێکهاتەی نەتەوەیی شارەکە مشتومڕێک دێتە پێش، ئاخۆ لەماوەی سەدەی ڕابردوودا زۆرینەی هەولێر تورکمان بووە، یان کورد؟ ئەم کتێبە دەیسەلمێنێ، کە ئەم شارە لە ڕابردوودا زۆرینەی کورد بووە و ئێستاش زۆرینەی هەر کوردە، بەتایبەت لەم سێ دەیەی دواییدا، کوردێکی زۆر لە دەوروبەر بۆ نێو شارەکە کۆچیان کردووە، ژمارەی دانیشتووانی نێو شار بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، لە هەمان کاتدا پێکهاتەی نەتەوەیی شارەکەش تەواو گۆڕاوە، دەسەڵاتی زمانی تورکمانییش لەنێو شارەکە تەواوێک کاڵ بووەتەوە، ئەوانەی بە تورکمانییش قسە دەکەن، بەردەوام ژمارەیان لە کەمبوونەوەدایە، چونکە ئێستا بە هۆی باڵادەستی زمانی کوردیی وەک زمانی ڕەسمی و ئیدارەی حکومەتی هەرێم، پرۆسەیەکی پێچەوانە دەستی پێکردووە، ئەمجارە تورکمان و زمانی



تورکمانیی لە بۆتەی زمانی کوردیی و نەتەوەی کورددا دەتوێنەوە. هەڵبەت ئەم ڕاستیيانە، هیچ لە ناسنامەی ئەم شارە ناگۆڕن، کە شارێکی فرەنەتەوە و فرەدین و فرەزمانە، کورد و تورکمان وەک برا پێکەوە لەگەڵ یەک لەم شارە ژیاون و تێکەڵ بە یەک بوونە، شارەکە ئەوسا و ئێستاش بە فرەنەتەوەیی و فرەزمانییەوە جوانە، بەڵام بۆ مێژوو گرنگە ناسنامەی ڕاستەقینەی ئەم شارە و بنەچەی دانیشتووانەکەی ڕوونبێتەوە. نووسینەوەی مێژووی بنەماڵە دێرینەکانی هەولێر، هەموو گومانێک سەبارەت بە ناسنامەی ئەم شارە دەڕەوێنێتەوە، بۆیە ئەم کتێبە، بۆ هەرکەسێک، کە بیەوێ لەسەر پێکهاتەی شارەکە و دانیشتووانەکەی زانیاریی دەستی یەکەمی هەبێت، سەرچاوەیەکی گرنگ و باوەڕپێکراوە.

ئەم کتێبە، کە بەرگی یەکەمیەتی، هیوادارین نووسەر کۆڵنەدات و لە کارەکەی بەردەوام بێت بۆ بڵاوکردنەوەی بەرگەکانی دیکەش، لە هەمان کاتدا بە هیواین، کە ئەم کتێبە بنچینەیەک بێت بۆ توێژینەوە و کتێبی دیکە لەم بارەیەوە، بۆ ئەوەی هەموو دیوە تاریکەکانی مێژووی ئەم شارە ڕۆشن بێتەوە. ئەمڕۆ هەولێر پایتەختی باشووری کوردستانە، لە هەمان کاتدا مەڵبەندێکی گرنگی ئیداریی و سیاسیی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشە، بۆیە زۆر گرنگە مێژووی کۆن و نوێی ئەم شارە لە هەموو ڕوویەکەوە دیار و ڕوون بێت، ڕێگە نەدرێت لە لایەن خەڵکانێک بە مەبەست، یان لە لایەن دەسەڵاتێکی ئیقلیمی بۆ ئامانجێکی سیاسی مێژووەکەی چەواشە بکرێت و ڕاستییەکانی داتای دانیشتووان لاڕێ بکرێن، وەک ئەو شێواندنەی، کە شاری کەرکووک ڕووبەڕووی بووەتەوە، کە ئەم شارە هەر لە کۆنەوە وەک هەولێر شارێکی دێرینی کوردستان بووە، بەڵام لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا لە لایەن ڕژێمە حوکمڕانەکانی عێراقەوە بەر شاڵاوی تەعریب کەوتووە، ئەمڕۆ بە ناڕەوا ناسنامەی کوردستانێتی چەواشە دەکرێت و سیمای مێژووی ڕاستەقینەی شارەکەش تەڵخ و لێڵ دەکرێت.

**ژێدەر و سەرچاوە**

١ – طه باقر و فؤاد سفر، المرشد الى مواطن الاثار و الحضارة، بغداد، ١٩٦٦. ص٦.

٢ – لەبارەی ئەم وەسفەی یاقوت حەمەوی کە دەڵێت دانیشتوانی شاری هەولێر بە ئەسڵ کوردن و بوون بە عەرەب، یان وەک عەرەبیان لێهاتووە. وشەی (مستعرب) لە زمانی عەرەبیدا بۆ کەسێک بەکار دێت، کە بە ڕەچەڵەک عەرەب نەبووە و بووە بە عەرەب، یان بۆ کەسێک بەکار دێت، کە عەرەب نییە، بەڵام زمانی عەرەبیی فێر بووە و شارستانیەتی عەرەبیشی وەرگرتووە، هەروەک بۆ عەرەبناسە ئەورووپییەکانیش، کە زمانی عەرەبی فێر بوون (مستعرب)یان بۆ بەکار دێت. بۆیە ئەم (مستعربە)ی کە یاقوت حەمەوی ئاماژەی پێداوە، پێموانییە مەبەستی ئەوە بێت، کە ئەو کوردانەی شاری هەولێر هەموو بوون بە عەرەب، چونکە لەو سەردەمەدا پرۆسەی تەعریب نەبووە، هەتا دانیشتووانی شارێکی کوردیی خەڵکەکەی هەموو کرابن بە عەرەب. واپێدەچێت یاقوت حەمەوی لە سەردانی بۆ هەولێر لەگەڵ خەڵکی خوێندەواری مەلا و مەدرەسەی دینی بە عەرەبیی قسەی کردبێت، ئیدی پێیوابووە خەڵکە کوردەکەی عەرەبیی دەزانن و بە دین و کولتووریش موسڵمانن و وەک عەرەب دەژین، بۆیە بە کوردیی (مستعرب) ناوی بردوون.

٣ – شهاب الدين أبو عبد الله ياقوت بن عبدالله الرومي الحموي، معجم البلدان، دار صادر، الطبعة الثانية، بيروت، ١٩٩٥. كلمة (إربل)، ص ١٣٨.

دەقە عەرەبییەکەی بەم شێوەیە: إربل: قلعة حصينة، ومدينة كبيرة، في فضاء من الأرض واسع بسيط، و لقلعتها خندق عميق، وهي في طرف من المدينة، و سور المدينة ينقطع في نصفها، وهي على تل عال من التراب، عظيم واسع الرأس، وفي هذه القلعة أسواق ومنازل للرعية، و جامع للصلاة، وهي شبيهة بقلعة حلب، إلى أنها أكبر و أوسع رقعة..» « ومع سعة هذه المدينة، فبنيانها و طباعها بالقرى أشبه منها بالمدن، وأكثر أهلها أكراد قد استعربوا، وجميع رساتيقها وفلاحيها وما ينضاف إليها أكراد»

٤ – د. جبار قادر، أربيل في السالنامات العثمانية، مجلة الأكاديمية الكردية، عدد ٢٦، أربيل، ٢٠١٣.

*** ئەم بابەتە پێشتر وەک پێشەکییەک بۆ کتێبی بنەماڵە دێرینەکانی هەولێر نووسراوەو بڵاوبووەتەوە، لەسەر داوای گۆڤاری دیوان نووسەر دوای دارشتنەوەی بۆی ناردین.**

**“ ئەم ڕاستیيانە، هیچ لە ناسنامەی ئەم شارە ناگۆڕن، کە شارێکی فرەنەتەوە و فرەدین و فرەزمانە، کورد و تورکمان وەک برا پێکەوە لەگەڵ یەک لەم شارە ژیاون و تێکەڵ بە یەک بوونە ”**





# کاسی ئەحمەد چەلەبی



شێرزاد هەینی

له منداڵییەوە ناوی «ئەحمەد چەلەبی»مان بیستووە، زۆر لەوانەی لە ئێمە گەورەترن، دەزانن ئەحمەد چەلەبی، پیاوە قەڵاتییەکە، کارەبای بۆ شار هێناوە، کارگەی بووزی داناوە، ئاشی گەورەی ئاردی هەبووە، سەموونی بەتامی بۆ بازاڕ و ماڵەکان دروستکردووە. ئەو پیاوێک بووە، زۆر بەرهەم و داهاتی بەر لە حکومەت بۆ شارەکە هێناوە! پێش حکومەت؛ ماڵەکانی ڕووناک کردووەتەوە، پێش ئیعاشەی حکومەت، سەموونی هێناوە، چیتر خەڵک سەموونی عەسکەرییان وەک لوقم و حەلوا لە ڕۆژانی جەژنی سوپادا نەدەخوارد. پاش ئەوە فڕن پەیدا بووە، سەموونی ئەحمەد چەلەبی پەیدا بووە!

ئەو بە داهێنانەکانی هەولێری چەندان هەنگاو پێشخستووە، هەولێری بەرەو شارستانیەتی بردووە، چیدی لە کۆڵانەکانی شار، شارەوانی شەوانە چرا و فانۆسی هەڵنەکردووە، پیاوێک دەست بە چرا و فتیلە نەگەڕاوە فانۆسەکان پڕ نەوت بکات و دایانگیرسێنێت.

بە هیمەت و سامانی ئەحمەد چەلەبی چیدی سوود لە جەڕە و کوپە نەبینراوە بۆ ئاوی سارد، کارگەکەی ئەو بە لۆری قالبە بووزی بەناو شاردا گێڕاوە، ئاو و ماستاو و عەرەقیان پێ سارد دەکردەوە.

ئەوانەی لەبیریانە دەگێڕنەوە ئۆفیس و نووسینگەکەی ئەحمەد چەلەبی لەنێو بازاڕ، نزیک بانکی عوسمانی، دیار و بەرچاو بووە. ئۆفیسەکەی ئاوەدان بووە، بە دوو سێ پایە سەردەکەوت، پێشەوەی پێشوازی بووە، چەندان سەرکار و وەستا و برادەر و بەردەستەکانی لەوێ چاوەڕوانی ئەرک و فەرمان و ڕێنماییەکانیان کردووە. ئەویش لە سەرەوەتر، ئەفەندییەکی بەشکۆ و بیرمەند دانیشتووە. حیساباتی هەموو وردەکارییەکانی دەبینی.

لە زۆر شتی دەزانی، دەیزانی لەگەڵ چەلەبییەکانی دی و ئامۆزاکانی، کام بەشی زەوی تۆ دەکات، کەی دوورنەی دەکات، چەند گەنمی چاندووە، ئەو ناوچانە بەرانبەر نەخۆشخانەی کۆماری و بەستەپیازە و تا دەگاتە گەڕەکی حەوتی نیسان «ڕاپەڕین» بەنۆرە تۆ دەکەن، دەدوورنەوە، ئاغا و جووتیار و وەستا و ئەندازیار و بازرگان و سەرمایەدار بووە.

چەلەبی لە ساڵی ١٩٠١ یان ١٩٠٢ لەدایکبووە، زوو لە بازرگانی و ناوبازاڕ گەشەی کردووە، بەتەنیا کاریکردووە، لە برا و ئامۆزاکانی جیابوویتەوە، لە هەموو بوارەکانی کاسبی دەسترەنگین بووە، زوو گەشەی کردووە، دەوڵەمەندتر بووە، کارەکانی لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی دی گواستیتەوە، لە زەوی و زار و موڵک ڕووی لە پیشەسازی کردووە. هەر لەو ناوچانەی نزیک کارگەکانی، پشت شارەوانی و نزیک ئاوی کەسک و سۆر کۆشکێکی گەورەی بە دیزاین و نەخشەی نازدار دروست کردووە، خۆزگە کۆشکەکە دەما و نەدەرووخا. کۆشکەکەی جوانترین قەسری شارەکە بووە، لە دوورەوە دیار بووە، باخ و باخچە و دیوارەکانی دیار بوون.

ئەحمەد چەلەبی تەنیا لەو بوارانەدا نوێخواز نەبووە، زوو هێشتە زۆریش دەوڵەمەند نەبووە، کارگەکانی تەواو نەبوون، لە ساڵی ١٩٣٥، واتە لە تەمەنی ٣٢ ساڵی، کاسێکی بۆ وەرزشوانانی شارەکە بەناوی کاسی ئەحمەد چەلەبی داناوە، ئەوەی کردیتە خەڵاتی براوەی یەکەمی



قوتابخانەکان، ئەوەش مایەی دڵخۆشی شارەکە بووە. منداڵان و بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکانی ئەودەمانەوی هەولێری دڵشاد کردووە، ئینجا چەند قوتابخانە لەو شارە هەبووە. پێشبڕکی و فیستڤاڵەکە بۆ ئەودەمانە زۆر بووە، بەرنامەی بۆ دارێژراوە، زووتر قسەیان لەسەر کردووە، تا ناردویەتی کاسەکە دروستکراوە، ئینجا لە بەغدا بووە، یان لە دەرەوەی وڵات! بەڵام ئەو یەکەم کەس بووە، کاسی سەرکەوتن و یەکبوونی بۆ قوتابییانی قوتابخانەکانی هەولێر داناوە، دروستیکردووە و خەرجییەکەی داوە، سەرپەرشتی کردووە و هێناویەتییەوە.

هەواڵەکە، لە ژمارە ٢ گۆڤاری ڕووناکی ڕۆژی ٣١ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣٥ لاپەڕە ١٢ بڵاوکراوەتەوە، ئەگەرنا کاسەکە نەماوە، کەسیش لەو یاریزانانە نەماون کاسەکەیان وەرگرتبێت، یان ئەوانەی سەرپەرشتی پێشبڕکێیەکەیان کردبیت، ئەوەی ماوە و باسکراوە، هەواڵێکی گۆڤاری «ڕووناکی»یە خاوەنی گۆڤارەکەش حاکم «شیت مەستەفا» بووە، ئەویش لە بنەماڵەی چەلەبییەکان بووە، باوکی مەستەفا چەلەبی، کە یەکێک بووە لە بازرگانە دیارەکانی بازاڕی هەولێر، لەنێو قەڵات کەسێکی دیار بووە، کە مردووە هێشتە کوڕەکانی خوێندنیان تەواو نەکردووە، بەڵام دایکیان سەرپەرشتی خویندنی کوڕەکانی دەکات و زانکۆش تەواو دەکەن، یەکێک لەو کوڕانە یەکەمین گۆڤاری کوردی بەناوی ڕووناکی لە هەولێر دەرکردووە.




**بەرلە هێنانی ئامێری کارەبا، بەم شێوەیە شەقامەکان ڕووناک دەکرانەوە**


هەواڵەکە بەپێی ڕێنووسی ئەو ساڵانە بەو جۆرە بووە:

**کاس احمد جلبی**

احمد چلبی دباغ، بو مسابقەی حرکاتی ڕیاضیە و تشجیعی ڕوحی ڕیاضیە لە زیو کاسیکی دروست کردووە ئەو کوشەوەی احمد چلبی سپاسی دەکردی و شایان منتداری و شوکرانەیە اومید دەکری، گەورەکانی هەولیر هەر یک بەروحیکی مقدس و خاوینەوە پیشوازتی ئەو جورە مشروعانە بفرمون، و هەریک لەگەل مشروعیکی نیشتمانەکە یاندا خەریک بن زور پی ناچیت خاکە پیروزەکەمان گەلیک سەردەکەویت و ڕوو لە عمران دەکات.

هەواڵەکە بەو جۆرە بڵاکراوەتەوە، چەند هەڵەی ڕێنووسی چاپی هەیە، بەڵام ماناکەی ڕوونە، گۆڤارەکە بەناوی خۆیان سوپاسی ئەحمەد چەلەبی دەکەن، کە بۆ سەرکەوتنی وەرزش لەو شارە کاسێکی زیوی دروستکردووە و ئەرکی ئەوەی کێشاوە.


گۆڤارەکە هیواداراە دەوڵەمەندەکانی دیش، چاو لە ئەحمەد چەلەبی بکەن بۆ پێشکەوتنی نیشتمان و شارەکە.


* روناکی *

کاس احمد جلبی دباغ

احمد چلبي دباغ . بومسابقەي حركاتي رياضيەوتشجيعي روحي رياضيە لەزيو كاسيكي دروست كردووە ئەم كوشەوەي، احمد چلبي سپاسي دەكرديو شاياني منتداري وشوكرانەيە اوميد دەكري . گەورەكاني هەولير هەريك بە روحيكي مقدس وخاوينەوەپيشوازتي ئەو جورە مشروعانە بفرمون. وهەريك لەگەل مشروعيكي نيشتمانەكە ياندا خەريك بن زوربي ناچيت خاكە پيروزەكمان گەليك سەردەكەويت وروولە عمران دەكات .

ژمارە (٢)ی گۆڤاری ڕووناکی
تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣٥



فهرست

حسین حزنی موکریانی

| | |
|---|---|
| اجتماعيات كومەلەی | حسين حزني |
| نەژاد كورد | |
| مطبوعات تازە | |
| أو و كاريزی هەولير | ح.ح |
| وحی قوميت وتجدی واجتماعی | شيت |
| ريان ردوە ندان وكرمانجە كان | شيت |
| لە قصري حبشستان داريان | ك.ح |
| بوكوروكچە كاني خومان | شيت |
| روناكي | دە وليردلدار |
| كاسي احمد جلبي | |
| زانستي لە شارە كە ما ندابوجي نە بي | |
| ە نيواني راستي وكەنين دا | (هە وليرا) راست |
| تصادياتي نيشتماني كومەلي كورد | |
| ابقەي مارە ٢ | |
| ليكی عبد الە بك ،مصباح | |

موصل لە چاپخانە ي موصل حديثە چاپ كرا!

٣١ تشرين يكەم ١٩٣٥

# مێژوو

- **لە هەولێر .. ئەحمەد خواجە چی دیت؟**

ئیحسان ڕەشاد موفتی

# ئەحمەد خواجە، لە هەولێر چی دیت؟






**ئیحسان ڕەشاد موفتی**

بەر لەوەی بچمە بنج و بناوانی ئەم نووسینە، بە پێویستی دەزانم پێناسەیەکی کتێبی (چیم دی)ی نووسەر و کوردپەروەر و نزیک لە شێخ مەحموود و شۆڕشەکەی خوالێخۆشبوو (ئەحمەد خواجە ١٩٠٣-١٩٩٧) بکەم.

ئەم کتێبە بەشێکی گرنگی مێژووی کورد دەگێڕێتەوە، مێژووی ئەم شۆڕشەی ماوەی هەشت ساڵ (١٩١٩-١٩٢٧) کە (شێخ مەحموود) ڕابەڕایەتی کردووە، چونکە ناوەڕۆکی ئەم کتێبە باس لە سەردەمێکی کوردستان دەکات، کە تازە لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا ڕزگاری ببوو، کێشمەکێشی وڵاتانی براوەی جەنگەکە، ئینگلیز و فەڕەنسا و ئەوانی دیکەش، لەسەر داگیرکاری و دابەشکردنی وڵاتان، کە کوردستان-یش بەشێک بوو لەو کێشمەکێشەیە.

گەورەیی ئەحمەد خواجەی گەنجینەداری شێخ مەحموود لەوەدایە توانیویەتی ئەم هەموو ڕووداوە لای خۆی تۆمار بکات و بیکاتە بەڵگەنامەیەکی زیندوو، بەو هیوایەی ڕۆژێ لە ڕۆژان بە چاپی بگەیەنێت و هەموو لایەکی لێ ئاگادار بکاتەوە.

ئەو هەر بەو عیشقەوە ژیا، تا لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو توانی ئەم گەنجینە مێژووییە لە دوو تۆیی سێ بەرگ بە ناوی (چیم دی) بە چاپ بگەیەنێت.

من ئەوکات مامۆستا بووم لە قوتابخانەی ئامادەیی پیشەسازی کارەبا لە هەولێر، ڕۆژێکیان خوێندکارێکی گەنج هاتەلام و خۆی وەکو خەڵکی سلێمانی و نەوەی خوالێخۆشبوو (ئەحمەد خواجە) پێناساندم و گوتی:

باپیرم خانەوادەی ئێوە دەناسێت و پەیوەندیشی لەگەڵتان هەیە، ئەم پەیوەندییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمانەی بەهۆی پشتگیریان لە شۆڕشەکەی (شێخ مەحموودی حەفید) کۆمەڵە فەرمانبەرێکی شاری سلێمانی دوورخرانەوە بۆ هەولێر، (ئەحمەد خواجە) یەکێ بوو لەو دوورخراوانە، هەروەها ئەم خوێندکارە ژیرە هەر لەم دیدارەدا سڵاوی باپیری (ئەحمەد خواجە)ی پێڕاگەیاندم، تا بیگەنمە باوکم (ڕەشاد موفتی) کە دۆستایەتیان دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، لە ساڵانی (١٩٥٦-١٩٥٧) کە ئەودەم لە شاری سلێمانی (موفتی) قازی بووە و ئاگاداری ڕووداوەکانی ساڵی (١٩٥٦)ش بووە.

ئەودەم لەکاتی هێنانەوەی تەرمی شێخی نەمر بۆ سلێمانی، عومەر عەلی موتەسەڕیفی سلێمانی بووە، کە کەسێکی توندڕەو و ڕق لە دڵ بوو، کە پێشتر لە نووسینەکانمدا باسی ڕەفتارە شەڕانگێزییەکانی ئەو پیاوەم کردووە.

دوای چەند هەفتەیەک، ئەو نەوەی نووسەری کورد (ئەحمەد خواجە) بە داخەوە ناوەکەیم لەبیر نەماوە،



ئەحمەد خواجە



**تۆفیق وەهبی لەگەڵ شێخ مەحموود**

هاتەوە لام و دیارییەکی بە نرخی باپیری بۆ هێنام، بەڕاستی زۆر دڵخۆشی کردم، لەو کاتەدا هەستمکرد لە پەیوەندی بەردەوامی دوو نەوەدا زانیاری زیاتر دەستدەکەون، هەموو جارێکیش، بە کۆمەڵێک زانیاری نوێوە لە باپیرییەوە سەردانی دەکردم و بۆی دەگێڕامەوە.

پێشمگوت، ئەگەر ئەمجارە گەڕایەوە سلێمانی سڵاو و دڵخۆشی و سوپاسی باوکم بۆ ئەو دیارییە بە مامۆستا ئەحمەد خواجە بگەیەنە. ئەویش گوتی: مامۆستا باپیرم زۆر لە هەواڵی مامت (ڕەشید موفتی) دەپرسێت.

دوای خوێندنەوەی کتێبی (چیم دی) بۆم ڕوونبووەوە، کە ئەم هەواڵپرسینەی مام (ڕەشید موفتی ١٩٠٨-١٩٩٢) بۆ ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی خۆی و مامم دەگەڕێتەوە، کە لە ناوەڕاستی بیستەکانی سەدەی ڕابردوولە نێوانیاندا هەبووە.

ئەوکات (ڕەشید موفتی) لە هەرەتی لاویدا بووە و بە گەرمییەوە کەوتبووە نێو چالاکییەکانی لاوانی کورد لە بەغدا، لە دوایشدا وەکو دوو هاوڕێی هاوهەڵوێست لەگەڵ (ئەحمەد خواجە) لە هەولێر بەردەوامییان بەم چالاکییانە داوە، بۆ سەلماندنی ئەوەش لە کتێبی (چیم دی) چەند یادەوەرییەک و ڕووداوێکی ئەوسەردەممان بۆ دەگێڕێتەوە، کە لە هەولێر ڕوویانداوە.

> "ئەودەم لەکاتی هێنانەوەی تەرمی شێخی نەمر بۆ سلێمانی، عومەر عەلی موتەسەڕیفی سلێمانی بووە، کە کەسێکی توندڕەو بوو"

ئەم پەیوەندییەی نێوانی (ئەحمەد خواجە) و (ڕەشید موفتی) و (ئاصف ڕەئوف) برای دڵداری شاعیر بۆ ئەوی ڕۆژێ دەگەڕێتەوە، کە (ئەحمەد خواجە) لە سلێمانی دوورخرابووەوە بۆ هەولێر، ئەو هاوڕێیەتی و لێک نزیکبوونەوەشیان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆحە کوردایەتییەی لە نێوانیاندا هەبووە.

لەمبارەیەوە ئەحمەد خواجە دەڵێت: ڕەشید موفتی یەکێک بوو لەو گەنجە باوەڕپێکراو و چالاکوانە کوردپەروەرانەی هەولێر، کە دەکرا پشتی پێبەستریت

هەروەها دەڵێت:

موفتی و ڕەئوف نامەی نهێنییان بۆ موتەسەڕیفی هەولێر و وەزیرەکان لە بەغدا دەنووسی و تیایدا داوای مافی نووسینی کوردیی و ئیدارەی سەربەخۆییان بۆ کورد دەکرد.

(خواجە) باس لەوەش دەکات، کە لە یەکێ لە جارەکان نامەیەکی (ئاصف) و (خواجە) ئاشکرا دەبێت و بۆ ماوەی سێ ساڵ لە کارەکەیان فەسڵ دەکرێن، سەبارەت بە چارەنووسی مامم (ڕەشید موفتی)یش لە باوکم بیستووە، کە لەو سەروبەندەدا ئەو دەیەوێت هەولێر بەجێبهێڵێ و ڕووبکاتە تورکیا، بەڵام جەنابی (مەلا ئەفەندی) بەمە دەزانێت و بانگی دەکات و هۆشداری دەداتێ و پێیدەڵێت:

ئەگەر بچیتە تورکیا و تەنیا بزانرێت تۆ سەربە چ بنەماڵەیەکی هەولێری دەستگیرت دەکەن، دیارە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەڵوێستی (مەلا ئەفەندی) و هەموو بنەماڵەکەمان بەرانبەر بە ناڕازیبوونمان لەمەڕ گەڕانەوەمان بۆ سەر تورکیا و مانەوەمان لەگەڵ عێراق، لە سایەی ڕاسپاردەکانی (عصبە الامم) کە مافی کورد دابین دەکات، باشترە لەوەی بکەوینە بەر دەسەڵاتی تورکە توندڕۆکان، کە ئەمەش بووە هۆکارێک بۆ بەدەستنەهاتنی سەربەخۆیی لە باشووری کوردستانی.

لەو سەردەمەی (ئەحمەد خواجە) بە هۆکاری پشتگیریکردنی لە شۆڕشەکەی (شێخ مەحموود) وەک کەسێکی نزیک لەو و یەکێک لە مێژوونوسەکانی ئەو، لە سلێمانییەوە دوورخرابووەوە بۆ هەولێر.

لەمڕووەوە زۆر بە وردی باسی ڕووداوەکانی ساڵی (١٩٣٠)ی کوردستان و بارودۆخی کورد دەکات لە چوارچێوەی عێراقدا، کە دۆخێکی ناجێگیر و پڕ نائومێدی بوو، بۆیە جێی خۆیەتی تیشک بخەینە سەر ئەو بارودۆخەی ئەو سەردەمی کوردستان، کە خواجە لە بیرەوەرییەکانیدا باسی کردووە و دەڵێت:

دوای پێکهێنانی ئەنجومەن، وەزیرێکی نوێ بە سەرۆکایەتی (نوری سەعید) لە (١٩٣٠/٣/٢٣) کە هەولێدا لە (٣)ی نیسانی هەمان ساڵدا بگاتە (سیغەیەکی گونجاو) بۆ لێک تێگەیشتنێکی گونجاو سەبارەت بە مەبەستی پەیماننامەیەکی نوێ لەگەڵ ئینگلیز، دیارە ئەمەش گەلی کوردی تووڕە کرد، ئەمەش بە هۆی ئەو ترسەیان، کە لەو گرەنتیانەی پێیاندابوو و لە دوو پەیماننامەکەی پێشوو بۆیان پەسەندکرابوو، چونکە پێشبینی ترسی ئەوەیان دەکرد، کە بە مەبەستی ئەم پەیماننامە تازەیەوە ئەو گەرەنتیانەی کۆمەڵەی گەلان (عصبە الامم) بۆ کورد پێشنیاریان کردبوو پشتگوێ بخرێت، بۆیە دژایەتی کورد بە ئاراستەی حکومەتی نوێ ڕوو لە زیادبوون بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی هەندێ لە کەسایەتییە کوردەکان بەوەیان زانی، کە هیچ ئاماژەیەک لە پەیماننامە تازەکەدا نییە بۆ دەستەبەرکردنی ئەو گەرەنتیانەی پێشتر بۆ کورد دانرابوو، هەروەها ئەم پەیماننامەیە دەبێتە ڕێگاخۆشکارێکیش بۆ دەرچوونی عێراق لەژێر سایەی حوکمی بەریتانیا، لەو حاڵەتەشدا کورد بۆ گورگان جێدەهێڵن، لەوکاتەدا کۆمسیاری باڵای بەریتانیا (مندوب السامی البریطانی) لەگەڵ (شا فەیسەڵی یەکەم) مەلیکی عێراق و سەرۆک وەزیرانی عێراق و ژمارەیەک لە ڕاوێژکارانی کۆبۆوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پێشهاتەکانی سەر گۆڕەپانی کورد و گفتوگۆ لەگەڵیاندا و گرتنی ڕێوشوێنی گونجاو، تا ئەو ترسە لای کورد بڕەوێنێتەوە، لە نێویاندا کاراکردنی یاسایەک بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی، ئەوەبوو نووسینگەیەک لە وەزارەتی ناوخۆ دامەزرا بۆ وەرگێڕانی یاسا و ڕێسا و فەرمانە فەرمییەکان بۆ سەر زمانی کوردی، جگە لە کردنەوەی قوتابخانەی کوردی لە هەولێر و سلێمانی و کەرکووک، لە نێو کەسایەتیە کوردەکانیش دانانی یاریدەدەرێک بەناوی (بەڕێوەبەری ناوخۆ) تا گەیشتە ئەوەی حکومەتی عێراق لە (١)ی نیسانی ساڵی (١٩٣٠) بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەدا، کە لە کۆبوونەوەی داهاتوودا پەیڕەوێکی یاسایی دەخرێتە بەردەم ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ ئەوەی زمانی کوردی بکرێتە زمانێکی ڕەسمی لە ناوچە کوردستانییەکاندا..




لەبەر ئەم هەموو ڕۆشناییە، کۆمسیاری باڵای بەریتانیا لەگەڵ (شا فەیسەڵی یەکەم) کۆبۆوە و باسیان لە پرسی کورد و دۆخی کورد و ئیمتیازەکانی لە کوردستانی عێراق کرد، بە تایبەت لە ڕووی پاراستنی شوناسنامە و دابونەریتی نەتەوەیی، بەو پێیەی گەلی کورد یەکێکە لەو پاڵپشتانەی کە پێشەنگ بوو بۆ سەرخستنی کورد و پتەوکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عێراقدا، ئەمەش وایکرد بۆ هێورکردنەوەی بەشێکی گرنگی کوردستانی عێراق و نیازپاکی، کەسایەتی ناسراوی کورد (تۆفیق وەهبی) لە مانگی ئایاری ساڵی (١٩٣٠) وەک موتەسەڕیفی سلێمانی دەستنیشان کرا، ئەم هەنگاوەش لەلایەن خەڵکەوە پێشوازی لێکرا، هەروەها زمانی کوردیش بوو

“

**من ئەوکات مامۆستا بووم لە قوتابخانەی ئامادەیی پیشەسازی کارەبا لە هەولێر، ڕۆژێکیان خوێندکارێکی گەنج هاتەلام و خۆی وەکو خەڵکی سلێمانی و نەوەی خوالێخۆشبوو (ئەحمەد خواجە) پێناساندم**

”

"

**دوای خوێندنەوەی کتێبی (چیم دی) بۆم ڕوونبووەوە، کە ئەم هەواڵ پرسینەی مام (ڕەشید موفتی) بۆ ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی خۆی و مامم دەگەڕێتەوە، کە لە ناوەڕاستی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو لە نێوانیاندا هەبووە**

"



**حەمید صرصر موتەسەریفی هەولێر لەساڵی ١٩٣٠**

بە زمانێکی ڕەسمی لەو ناوچانەی کوردی تێدا دەژی.

لکاندنی پەروەردەی هەولێریش بە موسڵ، هەڵوەشێنرایەوە و وەکو پەروەردەیەکی سەربەخۆی لیوای هەولێر مایەوە، بەشێکی تایبەت بۆ ناسینی کورد لە سەنتەری کورد دامەزرا، هەرزووش بەر لە بەستنی ئەم پەیماننامەیەی نێوان عێراق و ئینگلیز لە (٣٠)ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٣٠) بەشێک لە کەسایەتییە کوردەکان چالاکییەکانیان دەستپێکرد بۆ خستنەڕووی تێبینیەکانیان و پێشکەشکردنیان بە (کۆمسیاری باڵای بەریتانیا) (فرانیسیی هامفریز) کە داوای دەستەبەرکردنی مافەکانی کوردیان کرد بوو، کە لە چوارچێوەی یەکێک لە مەرجەکانی پەیماننامەکەدا هاتووە، هەر لەم پێودانگەشەوە نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراق و کەسایەتییە کوردەکان لە حکومەت کاریان دەکرد و داوای جێبەجێ کردنی ئەو بەندانەیان کرد، کە لە کۆمەڵەی گەلان (عصبە الامم) دا هاتووە و پەیوەستە بە پاراستنی مافەکانی کورد، بە تایبەت بە مەبەستی چارەسەکردنی دۆخی نالەباری هەندێ لە ناوچەکانی کوردستان، ئەوەبوو لەبەر ئەم ڕۆشنایییە کۆمسیاری باڵای بەریتانیا (المندوب السامی البریطانی) بڕیاریدا شاندێکی هاوبەش پێکبهێنێت کە هەردوو بریکارەکەی (مەیجەر یۆنگ) و نوێنەری سەرۆک وەزیرانی عێراق (جەعفەر عەسکەری) لە خۆگرتبوو بۆ سەردانیکردنی شارەکانی کوردستان (کەرکووک، هەولێر، سلێمانی) بۆ نیشاندانی نیازپاکیان بۆ کورد و دڵنیابوونیان لە جێبەجێ کردنی ڕاسپاردەکانی کۆمەڵەی گەلان (عصبە الامم) بۆ کورد.

شاندەکە بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی (٨)ی ئابی ساڵی (١٩٣٠) بەرەو شاری کەرکوک بەڕێکەوتن، کە (جەمیل مەدفەعی) وەزیری ناوخۆی عێراق و (جەمال بابان) وەزیری داد یاوەری وەفدەکەیان دەکرد، هەر لەگەڵ گەیشتنیان بۆ کەرکووک و بۆ ڕۆژی دوایی (٩)ی ئاب کۆبوونەوەیان لەگەڵ کورد و تورکمان دەستپێکرد و گوێیان لە داواکارییەکانیان گرت، ئینجا بەرەو شاری هەولێر بەڕێکەوتن، لەوێش لە دیوانی موتەسەڕفیەت و یانەی فەرمانبەران لەگەڵ کەسایەتییە دیارەکان و سەرۆک هۆزەکان کۆبوونەوە و چەند وتارێک خوێندرایەوە و گفتوگۆ و پرسیار لە نێوانی هەردوولا دەستپێکرد و بیروڕاکان ئاڵوگۆڕ کران.

دیارە نابێ ئەوە لەبیر بکرێ، کە دێینە سەر وردەکارییەکان هەروەک (ئەحمەد خواجە) لە کتێبەکەیدا (چیم دی) نووسیویەتی:

لەو ماوەیەدا کەسایەتییە کوردەکانی هەولێر وەک (ئەحمەد بەگ ئەفەندی) یەکەم موتەسەڕیفی هەولێر و (خدری پاشا) و (مەعرووف جیاوک) و (ئیسماعیل ڕواندزی) پشتگیری خۆیان بۆ داواکارییەکانی خەڵکی سلێمانی دووپاتکردەوە، دوای ئەمە شاندەکە لە ڕۆژی (١٠)ی ئاب سەردانی شاری سلێمانییان کرد، لەمیانی دیداری سەردانەکەیاندا ژمارەیەک کەسایەتی کورد ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر ئەو سیاسەتەی حکومەتی عێراق دەربڕی، کە ڕایی دەکات و هەندێکیشیان داوای سەربەخۆییان دەکرد لە ژێر سایەی بەریتانیا، یان لە ژێر چاودێری کۆمەڵەی گەلان (عصبە الامم) هەر ئەوەش بوو شاری سلێمانی خستە بەر هەڵمەتێکی توندی ئازار و ڕەشبگیری (ئەمن)کان لەو سەردەمەدا.

مامۆستا (ئەحمەد خواجە) مێژوونووسە یاوەرەکەی (شێخ مەحموودی حەفید) باس لە

یادەوەری ئەو دوو ساڵەی خۆی (١٩٢٩-١٩٣٠) دەکات، کە دوورخرابۆوە بۆ شاری هەولێر و بە ماوەیەکی گرنگ و هەستیاری دادەنێت، چونکە ئەودەمەبوو، کە باشووری کوردستان-یان بە عێراقەوە لکاندبوو، بەڵام ئەوەشی لەبیر نەکردووە، کە (مەلا ئەفەندی) چی پێگوتوون:


(مەترسن ئێمە هەمیشە ئامادەین بۆ یارمەتیدانتان) دیارە عێراق لە ساڵی ١٩٣٠ بەردەوام لە هەوڵداندابوو تا مافی سەربەخۆیی عێراق لای بریتانییەکان وەدەستبێنێت، بۆیە هەمووکات لە دانوستاندا بووە، تا توانی ئەم مەرامەی بێنێتەدی و عێراق بگەیەنێتە ئەو عێراقەی ئەمڕۆ، کە مافی کوردیش لەلایەن (کۆمەڵی گەلان- عصبە الامم)یش پشتگوێ خرا.

مامۆستا (ئەحمەد خواجە) هەر لەمیانی ئەو دوو ساڵەی بۆ هەولێر دوورخرابۆوە، لە ساڵی ١٩٣٠ باس لە موتەسەریفی هەولێر (حەمید صرصر) دەکات، کە کەسێکی شۆڤێنی و دژە کورد و خوێنڕێژ بووە، بەڵام ئەوکات لە هەولێر تاکە یەک مەرجەعی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی هەبووە، کە کورد بە گشتیی و خەڵکی هەولێر بەتایبەتی پشتی پێبەستوە، ئەویش زانای گەورە

**ئەم پەیوەندییەی نێوان ئەحمەد خواجە و ڕەشید موفتی و ئاصف ڕەئوف برای دڵداری شاعیر بۆ ئەوێ ڕۆژێ دەگەڕێتەوە، کە ئەحمەد خواجە لە سلێمانی دوورخرابووەوە بۆ هەولێر**

(مەلا ئەفەندی) بووە (١٨٦٣-١٩٤٢) هەربۆیەش (ئەحمەد خواجە) بە یاوەری (ئاصف مەلا ڕەئوف) برای شاعیری کورد (دڵدار) هانا بۆ (مەلا ئەفەندی) دەبەن بۆ تێگەیاندنی هەڵسوکەوتی شۆڤێنیانەی ئەم موتەسەریفەی هەولێر، چونکە (ئەحمەد خواجە) لە هەولێر، یەکەم کەس، کە ناسیبێتی (ئاصف مەلا ڕەئوف) بووە، هەر بەهۆی خزمایەتی نێوان (ئاصف) و مامم (ڕەشید موفتی)یش ئەو نزیکبوونەوەیە وایکردوە (ئەحمەد خواجە) بەهۆی (ئاصف)وە مامم (ڕەشید موفتی)یش بناسێت و دۆستایەتی لەگەڵ دروست بکات.

(ئەحمەد خواجە) دەڵێت:



**پێشوازی مەلا ئەفەندی لە سامی شەوکەت و ئەحمەدئەفەندی**



**ئەحمەد ئەفەندی یەکەم موتەسەریفی هەولێر**

هەردووکیان کوردپەروەر بوون، هەموو هەوڵدان و خەبات کردنێکیان بۆ وەدەستهێنانی مافی کورد بوو. (ئاصف) کوڕی مەلا ڕەئوفی کوڕی مەلا مەحموودی کوڕی مەلا سەعدی (خادم سەجادە)یە. (ئاصف) خۆی و باوکی و براکەی (دڵدار)ی شاعیر و خوشکەکەی (زەینەب خان) کە ماڵەکەیان نزیکی ماڵی ئێمە بوو لە قەڵای هەولێر، لەگەڵ زاواکەیان (سەعید ئاغا سەید ئەحمەد) باوکی (فازیل و ڕەمزی) و لەگەڵ (ڕەشید موفتی) و (فەیسەڵ ئەحمەد عوسمان) ئەندامی حزبی هیوا بوون.

دیارە بە پێی ئەو زانیارییانەی لامە (ئاصف) ساڵی (١٩٢٧) فەرمانبەر بووە بە پلەی (مدیر تحریر) لە موتەسەریفیەتی هەولێر، هەروەها (مەلا ڕەئوف)ی باوکی خزمی خوالێخۆشبوو (مستەفا ئەمین)ە، کە دەکاتە ئامۆزای باوکم (ڕەشاد موفتی) بۆیە، کە دڵداری شاعیر لە ساڵی (١٩٤٨) کۆچی دوایی کرد لە گۆڕستانی پشت بازاڕی ئێستای (نیشتمان نێژرا، ئاصفی برای (٢٠) ڕۆژ پێش دڵدار کۆچی دوایی کردبوو، ئەمەش کاری کردە سەر دڵدار و دواجار ئەویش ماڵئاوایی کرد.

دیارە ئاصف مەلا ڕەئوف (ئەحمەد خواجە)ی بردووەتە مەقامی (مەلا ئەفەندی) لە گوندی باداوە، ئەو شوێنەی زۆربەی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی تێدا چارەسەر دەکرا.

بەهۆی ئەوەی کە (مەلا ئەفەندی) دۆستی نزیکی (شێخ مەحموودی حەفید) بووە، بۆیە کاتێ (شێخ) دەستگیرکراوە و دوورخراوەتەوە (مەلا ئەفەندی) لەگەڵ کەسایەتی و سەرۆک هۆزەکان، واژۆیان کۆکردووەتەوە و داویانەتە بەرپرسی ئینگلیز، بەمەبەستی ئازادکردنی.

دۆستایەتی شێخ مەحموود و مەلا ئەفەندی دەگەڕێتەوە بۆ دۆستایەتی نزیکی حاجی عومەر ئەفەندی باوکی مەلا ئەفەندی و کاک ئەحمەدی شێخ، باپیری شێخ مەحموود، هەر لەبەرئەوەشە نازناوی (حەفید)ی هەڵگرتووە.

هەر لەبەر ئەم ڕۆشناییشەوە (ئەحمەد خواجە) لە کتێبەکەیدا (چیم دی) لەلاپەڕە (٣٤٦)دا باسی ئەو سەردانەی خۆی دەکات بۆلای مەلا ئەفەندی لە گوندی باداوە و دەڵێت:

من و ئاصف چووینە گوندی باداوە بۆلای مەلا ئەفەندی، لە هەڵسوکەوتی موتەسەریف و ئیدارەدانی هەندێک لەو فەرمانبەرانەی، کە کورد نەبوون، ئاگادارمان کردەوە، ئەوانەی زۆر بە خراپی دەرهەق بە کورد دەجووڵانەوە و دەیانویست بەهیچ شێوەیەک ناوی کورد نەمێنێ...

لە وەڵامدا مەلا ئەفەندی گوتی:

(زۆرباش ئاگاداری هەڵسوکەوتی هەموویانم. ئێوە بڕۆن چی دەکەن بیکەن، دەرهەق بە هەڵسوکەوتی ئەوانە. مەترسن من حاجی شەریف ڕادەسپێرم..) لە گەڕانەوەماندا لە باداوەوە بۆ هەولێر، دیمەنێکی چاوەڕواننەکراومان دی، ئەویش ئەو ئاگادارینامە (اعـلان)ە چەسپکراوانە و دەنگی دەهـۆڵ و زوڕنا بوو، لە ئاگادارییەکانیشدا کە بە عەرەبی نووسراوە:

(بە سەرۆکایەتی حەقی شبلی دەستەیەکی لاساییکەرەوەی تەمسیل هاتووە لەژێر سێبەری موتەسەریفی لیوای هەولێردا لەسەربانی دوکانەکانی بەرقەڵا ئیش دەکەن، ڕێگا بۆ گشت کراوەیە.... ڕەئیسی بەلەدەیەی ئەربیل)

بۆ ڕۆژی دوایی هەردووکمان چووینە لای (حاجی شەریف) باوکی دکتۆر هاشم، هەرکە ئێمەی بینی گوتی چیتان ئەوێ، چەندتان پارە ئەوێ، من لەسەر فەرمانی مەلا ئەفەندی ئامادەم بۆ

“

لەو ماوەیەدا کەسایەتییە کوردەکانی هەولێر وەک ئەحمەد بەگ ئەفەندی یەکەم موتەسەریفی هەولێر و خدری پاشا و مەعرووف جیاوک و ئیسماعیل ڕواندزی پشتگیری خۆیان بۆ داواکارییەکانی خەڵکی سلێمانی دووپاتکردەوە

”

بەجێهێنانی فەرمانەکانی.

لێرەدا هەڵوێستی مەلا ئەفەند-یمان بۆ دەرکەوت، کە کەسایەتییەکی چەند گرنگە بۆ پشتگیری جموجۆڵی ئەو لاوە کوردانە، نەک تەنیا بە قسە، بەڵکو بە پشتگیریکردنی پارەو پوڵیشەوە، بەڵام لە هەموویان گرنگتر لای ئێمە وشەی (مەترسن) بوو. بەتایبەت بۆ ئەو لاوە کوردانەی لە سلێمانییەوە گواسترابوونەوە بۆ هەولێر (ئەحمەد خواجە) لەبەردەوامی قسەکانیدا لەسەر هەڵوێستیان دژ بە (تیپی نواندن) کە لە بەغداوە هاتبوون، هەڵساون بە هاندانی خەڵک، کە کەس نەچێتە بینینی ئەم نواندنە، لە هەمانکاتدا دژی هەڵوێستی توندڕۆی موتەسەریفی هەولێر لە دژی کورد، ئەم چالاکییە گەموگوڕانەی لاوان دەگاتە ئەوەی بە گوللە هێرش بکرێتە سەر بنکەی پۆلیسی هەولێر و بارودۆخی شار تێکبچێت و موتەسەریف لە ترسان خۆی لە دیوانی موتەسەرفیەت حەشار بدات.

هەر بە قسەی (ئەحمەد خواجە) گوایە ئەم گرژییە سێ هەفتەی خایاندووە و دەستەڵاتی حکومەتی تێدا لاواز بووە و (٢٢) ڕۆژ هەولێر بێ حکومەتی پێوە دیاربووە.

ئەمەش دەقی نووسینەکەی (ئەحمەد خواجە)یە پاش ڕۆژێک لەو سەردانەیدا بۆ لای (مەلا



ڕەشید موفتی

ئەفەندی) کە دەڵێت:

(ئاصف زۆری لە هەولێرییەکان ئەناسی، پیاوی زۆرمان کۆکردەوە، ئەو شەوە ماوە نەدرا کەس بچێت بۆ تەمسیل، ئەوانەی چووبوون یەکێ پێنج ڕوپییەیان لێ ستێنرا، پۆلیسی سەر شەقامەکان کران بە شاری (بەکچیی) کە وشەیەکی تورکییە بە مانای (پاسەوان) دێ. لە شەویشدا چەند دەستڕێژێکی گوللە کرایە سەر جێگای پۆلیسی سوارە، شار و میری شلەقان، ئەوەبوو موتەسەریفی هەولێر (حەمید صرصر) و مودیری پۆلیس (درویش لەتیف) چوونە سەربانی سەرا و بە مەترالیۆز هەموو لایان تەنی.

ساڵی (١٩٣٠) کۆمەڵانی خەڵکی هەولێر بەیەک دەنگ داوای مافی کوردیان کرد و بە سرروودی (ئەی کوردینە ئەی مەردینە) کە بووە هۆکاری بێزارکردنی (حەمید صرصر)ی موتەسەریفی ئەوسای لیوای هەولێر.

هەر لەبەر ئەم بەرهەڵستییەی خەڵکی هەولێر (ئەحمەد ئەفەندی) یەکەم موتەسەریفی هەولێر شان بە شانی خەڵکی هەولێر دێتە گۆ و دەڵێت:

(لە ڕێی حەقی میللەتەکەمان ڕۆحی خۆمان فیدا دەکەین) هەروەها (ڕەشید موفتی) لە ساڵی ١٩٣٠ بە زوویی (٢٠) کەسی لە ئاوایی کۆکردەوە و هەموو بەیەک دەنگ بانگەوازییان دەکرد و دەیانگوت: (مردن و ژیانمان لەگەڵ سلێمانی دایە) (محەمەد وەلاشی)یش لەولاوە دەیگوت: (کورد چەکدارە بە خۆشی بێ، یان بە ناخۆشی مافی خۆی هەر دەستێنێت)

هەروەها خدری ئەحمەدی پاشای دزەییش بەناوی هەموو عەشایرەکانی هەولێر قسەی کرد و گوتی: (مەعرووف جیاووک لەگەڵ عەرەب مومکین نییە بەو صورەتە بژین)

(ئیسماعیل بەگی ڕواندز)یش گوتی: (پاشا ئێمە لەو قسە پرووپوچانە تێر بووین، ئەبێ لیوای دهۆک تەشکیل بکرێ)

بۆیە ساڵی (١٩٣٠) بە ساڵێکی گرنگی مێژووی باشووری کوردستان دادەنرێت، چونکە دوای ئەوەی کە ئەو ناوچەیەی بە ویلایەتی موسل دەناسرا بەتەواوی میللەتی کوردی بێ ئومێد

**“ بەهۆی ئەوەی، کە مەلا ئەفەندی دۆستی نزیکی شێخ مەحموودی حەفید بووە، بۆیە کاتێ (شێخ) دەستگیرکراوە و دوورخراوەتەوە مەلا ئەفەندی لەگەڵ کەسایەتی و سەرۆک هۆزەکان، واژۆیان کۆکردووەتەوە و داوایانەتە بەرپرسی ئینگلیز، بەمەبەستی ئازادکردنی ”**

> **ئەحمەد خواجە هەر لەمیانی ئەو دوو ساڵەی بۆ هەولێر دوورخرابۆوە، لە ساڵی ١٩٣١. باس لە موتەسەریفی هەولێر (حەمید صرصر) دەکات، کە کەسێکی شۆڤێنی و دژە کورد و خوێنڕێژ بووە**

کردبوو لەسەربەخۆیی، بەتایبەت دوای ئەوەی ئینگلیز وازی لەو چاودێرییە هێنا لەو دەوڵەتەی، کە بەناوی عێراق دروستی کرد، ئەمەش دوای ئەوە هات، کە پەیماننامەیەکی لەگەڵ بەغدا واژۆ کرد، ئەمەش جارێکی دی کوردی بێ هیوا کرد لە وەدەستهێنانی ئەو مافانەی، کە مافی گەلێک بوو و هەموو مەرجەکانی دەوڵەتبوونیشی تێدابوو بۆ قەدەری دواڕۆژێکی تاریک ئەو گەلەی بەم شێوەیە جێهێشت، بەریتانیا جاریکی دی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی لە عێراق و پاراستنی لەگەڵ عەرەبدا و نەمانی کێشە و گرفت لەو وڵاتە، هەولێدا کورد هێور بکاتەوە، بۆئەوەی کێشەی بۆ دروست نەکات و گرژی و ئاڵۆزی نەیەتە ئاراوە، واژۆکردنی ئەو گرێبەستەی لەنێوان عێراق و بەریتانیا واژۆ کرا، بۆیە کۆمیسیاری باڵای بەریتانیا (المندوب السامی البريطاني) بڕیاریدا شاندێکی هاوبەش پێکبهێنێت لە هەردوو بریکارەکە (مێجەر یۆنگ) و نوێنەری سەرۆک وەزیرانی عێراق (جەعفەر عەسکەری) بۆ سەردانیکردنی شارەکانی کوردستان (کەرکووک و هەولێرو سلێمانی) بۆ نیشاندانی نیازپاکی بەرانبەر بە کورد و دڵنیابوونیان لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی گەلان (عصبه الامم) لە دژی ئەوان.

شاندەکە بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی کە دەکاتە بەرواری ١٩٣٠/٨/٨ بە یاوەری (جەمیل مەدفەعی) وەزیری ناوخۆ و (جەمال بابان) وەزیری داد، گەیشتنە شاری کەرکووک، شاندەکە لە کەرکووک دوای ڕوونکردنەوەی بۆچوونەکانی حکومەت و گوێگرتن، داخوازییەکانی کورد و تورکمانی تاوتوێکرد لە ١٩٣٠/٨/٩ لە کەرکووکەوە بەرەو شاری هەولێر بەڕێکەوتن، لەوێش لە دیوانی موتەسەرفیەت و یانەی فەرمانبەران، لەگەڵ کەسایەتییە دیارەکان و سەرۆک هۆزەکان کۆبوونەوە و وتار پێشکەشکرا و پرسیار و وەڵام لەنیوان هەردوولا ئاڵوگۆر کرا، بەڵام کە دێینە سەر وردەکارییەکان هەروەک (ئەحمەد خواجە) لە کتێبەکەیدا (چیم دی) نووسیویەتی:

یانەی فەرمانبەران لە ١٩ی تشرینی دووەمی ١٩٢٨ بە ڕەزامەندی حکومەت کرایەوە، کە فایق بێکەسی شاعیر بەم بۆنەیەوە شیعرێکی خوێندەوەو تیایدا دەڵێت:

***لە سایەی هیممەت و لوتفی عەدالەتی***
***خواوەکوفیردەوسەئەمشارەبەدایمڕوولەعیمرانە.***

***ئومێدم لای خودا وایە***
***کە ئەشرافی هەموو هەولێر لە بەرزیدا بژین ئەم قەومە کوردانە.***

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە بەغدا لەگەڵ مامم (ڕەشید موفتی) دەرگای گفتوگۆم لەسەر (ئەحمەد خواجە) کردەوە ئەویش هەندێک بیرەوەری کۆنی خۆی بۆ باسکردووم.

ڕەشید موفتی لە ساڵی (١٩٢٥) لە تەمەنی لاویدا چووەتە بەغدا لەگەڵ ئامۆزای (ئیبراهیم یووسف عوسمان (نوێنەری هەولێر لە پەرلەمانی عێراق ١٩٢٤-١٩٢٨) بۆ خوێندن لە کۆلێژی ئەعزەمیە (كليه الاعظميه) و (ئەمجەد ڕەفیق خادم سەجادە)ش لە خوێندن لەگەڵی بووە، موفتی لە بەغدا ئەندامێکی چالاکی ڕێکخراوە کوردییەکان بووە، پاشان لە هەولێر لەگەڵ (ئەحمەد خواجە) و ئاصف مەلا ڕەئوف و سەعید قەزاز بەردەوام بووە.

ڕەشید موفتی لە چلەکان لە بەغدا لەگەڵ (خواجە) یەکدییان بینیوە، هەر بە یاوەری ئەو سەردانی شێخ مەحموودی حەفیدیان کردووە، بەڵام دوای کۆچی دوایی شێخی نەمر، لە ساڵی (١٩٥٦) و کودەتای سەر مەلیک (١٩٥٨) هەواڵی خواجەی لا نامێنێ تا ئەو ڕۆژەی من هەواڵپرسی خواجەم پێگەیاندووە، ڕەشید موفتی ڕق و کینەی لە موتەسەریفی ئەو سەردەمەی هەولێر بوو، دەیگوت ئەو دژایەتی هەموو مافێکی کوردی دەکرد و ڕێگەی نەدا، کە خەڵکی هەولێر، ڕۆژی هاتنی وەفدەکەی مەندوبی سامی بەریتانی بۆ هەولێر، گردببنەوە.

سەرچاوەکان دەڵێن: (لە سەرەتای ١٩٣٠ تۆفیق وەهبی وەک موتەسەریفی سلێمانی دەستنیشانکرا بۆ ڕازیکردنی شێخ مەحموودی حەفید و کەمکردنەوەی ناڕەزایی کورد. کە وەفدەکەی بەغدا ڕۆژی ١٩٣٠/٨/١٠ دوای هەولێر چووە سلێمانی، تۆفیق وەهبی هانی خەڵکیدا بە ئاشتیانە بێنە سەر شەقام و پێشوازی لە وەفدەکەی بەغدا بکەن).

لە هەولێریش هەوڵدرا گردبوونەوە بکرێت و قوتابیان و مامۆستایان بێنە پێشوازی وەفدەکە، بەڵام پۆلیس بە فەرمانی موتەسەریف (حەمید صرصر) گشت چالاکییەکی لەو جۆرەی قەدەغە

کرد، تەنیا ڕێگەی دابوو، کە خەڵکی هەولێر لە یانەی فەمانبەران ئامادەبن لەگەڵ کەسایەتی شار و سەرۆک هۆزەکان، کە بەخۆی هەڵبیژاردبوون و داوای لێکردبوون ئامادەبن، لەهەمان کاتدا پۆلیسی زۆری بڵاوکردبووەوە بۆ چاودێری هەر گردبوونەوەیەک، یان هەر جۆرە چالاکییەک، دەیگوت بێجگە لەوەی حەمید صرصر ڕقی لە کورد بوو، لەهەمان کات ئەو پیاوێکی ترسنۆک بوو، دەترسا نەوەک شتێک ڕووبدا و دەستڕێژی گوللەی لێبکرێ.

ڕەشید موفتی باسی لەوە کرد، کە عەلی مەحموود کاکەخان دزەیی، کە یەکێک بووە لە سەرۆکەکانی عەشیرەتی دزەیی و بەشداری لە شۆڕشی شێخ مەحمووددی نەمر کردووە، لە چالاکی کوردایەتییان هەمانگی کردوون، هەروەها هەمان ڕۆژیش خۆی و پیاوەکانی لە یانەی فەرمانبەران ئامادەبووە.

ڕەشید ئەفەندی لە مزگەوتی قەڵا لەگەڵ قوتابیانی ئایینی (فەقێ) ڕێککەوتبوو لەنێو شار خەڵک بانگهێشت بکەن بۆ ئامادەبوون لە یانەی فەرمانبەران، هەروا (شەهابە)ی دەنگخۆشی ڕاسپاردبوو بچێتە نێو بازاڕی هەولێر و هەواڵی هەبوونی ئاهەنگێک لە یانەی هەولێر بڵاوبکاتەوە، تا گشت خەڵک ڕوو لە یانەکە بکەن.

کە فەرمانبەرانی وەفدەکەی بەغدا دەگەنە یانەی فەرمانبەران قەرەباڵغی نێو یانەکە وای لێهاتبوو وەک گردبوونەوەی خۆپیشاندانێک وابێت، ئەو دیمەنەش (حەمید صرصر)ی تووڕەو ناڕەحەت کردبوو، کە خۆی پێڕانەگیرابوو، هەرکە سروودی (ئەی کوردینە ئەی مەردینە)ی گوێ لێبوو. هاواری لێ هەڵدەستێ و دەڵێت: (رایگرن).

سەبارەت بەو ڕۆژە ئەحمەد خواجە دەڵێت: لەکاتی هاتنی مەندوبی سامی و جەعفەر پاشادا من خۆم لە هەولێر بووم.

ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی و مەعرووف جیاووک لەگەڵ هەموو سەرۆک هۆزەکاندا کە لەسەر فەرمانی موتەصەریف حەمید صەڕصەڕ لەهەموو ناوچەکانی لیواوە بانگ کرابوون، پێش هاتنی وەفدەکە بەڕۆژێک لەقەڵای هەولێر لەماڵی سەعید ئاغا هاوسەری زەینەب خانی کچی مەلا ڕەئوفی باوکی دڵداری شاعیر و ئاسف بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ هاتنی مەندوبی سامی بەریتانی کۆدەبنەوە، بەبێ ئەوەی خواجە ناویان بهێنێت، کە کێ بوون خواجە دەڵێت: ئێمەیش لەماڵی حاجی سەعید ئاغا کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامدا بەتەواوی باوەڕمان و پەیمان یەکانگیر بوو. وەفدەکە، کە پێکهاتبوو لەنوێنەری مەندوبی سامی بەریتانی لەعێراق و بریکارەکەی، کە مەیجەر یۆنگ و هەروەها نوێنەری سەرۆک وەزیرانی عیراق جەعفەر عەسکەری لەگەڵ جەمال بابان وەزیری داد (١٨٩٧ – ١٩٦٥) و جەمیل مەدفەعی وەزیری ناوخۆ.

خواجە ئەوەش دەڵێت، کە وەفدەکە گەیشتنە هەولێر سەعات ٣ی پاش نیوەڕۆ بوو، یانەی فەرمانبەران ئامادەکرابوو، لە کۆبوونەوەکەدا پیاوە بەناوبانگەکانی شار و مەئموران و ئەو کەسانەی خۆیان هاتبوون، لەلایەکی ترەوە سەرۆک هۆزەکان جێگای خۆیان گرت، بەڵام دەرگا بۆ هەموو یەکێک کرابووەوە.

خواجە ئەو وتارانەی کە لە کەرکووک و هەولێر و سلێمانی گوترابوون لە ڕۆژنامەی ژین بڵاوکردەوە و لەکتێبەکەشی (چیم دی) بڵاویکردووەتەوە.

خواجە دەڵێت: هەندێ چالاکی و ڕووداو و قسە، کە کراوە لەڕۆژنامەی (ژیان) باس نەکراوە، یەک لەو باسانە قسەی شێخ محەمەد وەلاشی



**ئەحمەد ئەفەندی یەکەم موتەسەریفی هەولێر لەگەڵ شێخ مەحموود**

**"**

**هەڵوێستی مەلا ئەفەند- یمان بۆ دەرکەوت، کە کەسایەتییەکی چەند گرنگە بۆ پشتگیری جموجۆڵی ئەو لاوە کوردانە، نەک تەنیا بە قسە، بەڵکو بە پشتگیریکردنی پارەو پولیشەوە**

**"**

بووه، که کردویەتی هەروەها چالاکیەکانی نێو شاری هەولێر، بێگومان خواجه ئەو ماوەیەی، کە لە هەولێر ژیاوە بیرەوەری و شارەزایی لەسەر هەولێر زۆربووە لە نووسینی ڕاپۆرتێک لەڕۆژنامەی (ژیان) بڵاویکردووەتەوە

شێخ محەمەد وەڵاشی ساڵی ١٨٧٥ لەگوندی وەڵاشی لە دایکبووە و سەرۆکی عەشیرەتی باڵەک بووە، لە ساڵی ١٩٣٧ لەخولی ٨ دەبێتە ئەندامی پەرلەمانی عیراق و دۆستایەتی لەگەڵ زۆربەی سەرکردە و کەسایەتییەکانی کورد و پیاوانی دەوڵەت و ئینگلیز هەبووە. لە سەردەمی حوکمی پاشایەتی لەساڵی ١٩٥١ لەگوندەکەی خۆی کۆچی دوایی کردووە.

خواجە دەڵێت: بێجگە لەوانەی کە لە ڕۆژنامەی (ژیان)دا پیشانی داوە زۆر پێشتر ڕوویانداوە یەکێکیان ئەوەبوو شێخ محەمەد ئاغای وەڵاش لەلایەن حکومەتەوە ٢٠٠ ڕووپیەی بەناوی شابانییەوە وەردەگرت لەجەعفەر پاشا و مەندوب چووە پێشەوە و گوتی: بۆچی سەری خۆتان ئەیەشێنن کورد چەکدارە بەخۆشی، یا ناخۆشی مافی خۆی هەر ئەستێنێ ( چەپڵە نزیکەی دە دەقیقە) (بیستم مانگانەکەیان بڕی)

لەسەر سرووودی (ئەی کوردینە ئەی مەردینە) کە لەلایەن قوتابیانی قوتابخانەی هەولێر پرۆڤەی پێشتری بۆ کرابوو، موتەسەریفی هەولێر (حەمید صەر صەر) نەیهێشتووە سرووودەکەی تەواو بکەن، ئەو زانیاریەی لەلامان هەیە هەندێک لەو مامۆستایانەی ئەو قوتابخانەیەی هەولێر ساڵی ١٩٤١ لەڕووداوی شۆڕشی مایس کە ئۆتۆمبێلی موتەسەریفیان سووتاند و بەندیخانەی هەولێریان شکاند یەک لەوانە بەڕێوەبەر شێخ حەسەن نیعمەتوڵڵا حوکمدرا و چەند مامۆستای دیکەش لەکار لادران، خواجە دەڵێت: بەناوی خۆش هاتنەوە قوتابی سرووودی (ئەی کوردینە ئەی مەردینە)یان ئەگوت و مەدحەت موبارەکی مامۆستایان کەمانچەکەی لەگەڵی لێ ئەدا موتەصەریف حەمید صەڕ صەڕ توورە بوو گوتی: پێویست نییە، ئەویش وایزانی کەمانچەکە پێویست نییە داینا و خۆی هاودەنگی کردن، ئەمجارە زۆر بەبەرزتر دەنگیان هەڵبڕی.

ئەوانەی قسەیان کرد لەیانەی فەرمانبەران ڕۆژنامەی (ژیان) دەقی قسەکانیانی بڵاوکردوونەتەوە سەرچاوەیەکی بابەتەکەی خواجەیە لەکتێبی (چیم دی)

بێگومان ڕۆژنامەی (ژیان) سەرچاوەیەکی گرنگ بووە بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە، کە سەرەتا بەناوی (ژیانەوە) لەساڵی ١٩١٨ دەرچوو وەک هەفتەنامە و لەساڵی ١٩٢٦ ناوی گۆڕاوە بە (ژیان) و دواتر بووە ڕۆژنامەی (ژین) هەر پیرەمێرد ڕۆڵی سەرەکی لەدەرچوواندنیدا هەبووە، تا ساڵی ١٩٥٠ ئەوانەی لەم سەرچاوەیە نووسراوە قسەیان کردووە:

١- ئەحمەد عوسمان یەکەم موتەسەریفی هەولێر (ئەعیان)
٢- ئیسماعیل ڕواندوزی (ئەندام پەرلەمان)
٣- خدری ئەحمەد پاشا دزەیی
٤- مەعرووف جیاووک (ئەعیان)

من وام بیستووە بەشداربوانی ناو یانەکە ناویان نەهاتووە هەندێکیان بەکورتی قسەیان کردووە، هەروەها بەنووسراویش چەند کەسێک داواکاری مافی نەتەوەی کوردیان داوەتە مەندوبی سامی بەریتانی.

خواجە دەڵێت: جەنابی ئەحمەد ئەفەندی ئەعیان و وەطەنپەروەری غەیووری کورد هەڵسا فەرمووی: لەپێش ئەمەدا قسە بکەین، ئیجاب ئەکات ڕوئەسای عەشایەر فکری خۆیان بەیان بکەن چونکە ئەوانیش مەضبەتەکەیان تەقدیم کردووە، مەندوبی سامی فەرمووی باشە، لەسەر ئەوە ڕوئەساکان گوتیان بەعموومی جەناب خضر بەگی ئەحمەد پاشا لە ڕوئەسای دزەییمان کردووە بەوەکیل و مووما ئیلەیهی هەڵسا و گوتی: ئێمە هەموو عەشایەر موتتەفیقین تەئیدی مەطالیبی ئەهالی سلێمانی ئەکەین ، ئێمە لەگەڵ سلێمانیدا ئەژین و ئەمرین، یەکێکین، ئیسترحام ئەکەین ئەم سێ لیوایە کەرکوک، سلێمانی، هەولێر نابێ لەیەک جیابکرێنەوە، هەرچی بەسلێمانی بدرێ، ئەبێ ئێمەیش ئیستیفادەی لێ بکەین.

ئەحمەد ئەفەندی کە یەکەم موتەسەریفی هەولێر (١٩٢٣ – ١٩٢٧) بووە پاشان سلێمانی (١٩٢٧ – ١٩٣٠) برای بچووکی محەمەد موفتی هەولێرە،

خواجە چاک ئاگاداری ڕۆڵی ئەو بووە بۆیێ وەسفی کوردایەتی ئەو دەکات و دەڵێت: (ئەحمەد ئەفەندی وەطەنپەروەری غەیووری کورد) مێژوونوسەکەی مەلیک مەحموود ڕۆڵی ئەو کەسایەتیە هەولێریە بە دوو وشەی ڕێک هەڵیسەنگاندووە.

خواجە قسەکانی ئەحمەد ئەفەندی وا دەگێڕێتەوە و دەڵێت: لەدوای ئەمە جەنابی ئەعیان ئەحمەد بەگ هەڵسا فەرمووی: ئێمە کوردین و حقووقی خۆمان ئەوێ، بەندە چەند ساڵە لەخزمەتی حکومەتام و تێگەیشتووم، کە کورد بەعمومی لەسەر حقووقی خۆی ئیصرار ئەکات و ئەم هەقە بەقەراری عوصبەتولئومەممان دامـــەزراوە، پێویستە بماندرێتێ و لەسەر ئیعتراض و تەئثیری جەعفەر پاشا، خیطابەن بەجەعفەر پاشای گوت: پاشا تۆ بۆ عەرەبەکان بنچینەت دانا، ئێمەش حەقمانە لەڕێی ئەم حەقە میللییەمانا ڕۆحی خۆمان فیدا بکەین کەس حەقی عیتابی نییەو قەراری عوسبەتولئومەم ئەوەیە: لوغەتی کوردی ڕەسمی بێ، ئێمە بۆ ئەم حەقە موصیرڕین.

(لەسەر قسەکانی ئیسماعیل ڕواندوزی نوێنەری شاری هەولێر لەپەرلەمانی عیراق لەخولی (١٩٢٨ – ١٩٣٢) گەنجێکی چالاکی خانەوادەی ڕواندوزە

**ئەحمەد خواجە دەڵێت: ڕەشید موفتی یەکێک بوو لەو گەنجە باوەڕپێکراو و چالاکوانە کوردپەروەرانەی هەولێر، کە دەکرا پشتی پێبەسترێت**

کە لەساڵی ١٨٨٠ لەڕەواندوز لەدایکبووە بەمنداڵی باوکی کوژراوە بەپێنج زمان قسەی کردووە ساڵی ١٩١٩ دەکرێتە حاکمی ڕواندوز لەڕۆژی ١٩٣٣/٦/٨ بەهۆی ناکۆکی و دووبەرەکی ناوخۆیی لەڕێگای (هەولێر – ڕەواندوز) نزیک خەلیفان دەکوژرێت، خواجە دەڵێت: لەپاش ئەم گفتوگۆیانە ئیسماعیل بەگی ڕەواندوزی هەڵسا و گوتی: (پاشا جەعفەر عەسکەری ئێمە لەم قسە پرۆپوچانە تێربووین بەحسی موستەقبەل ئەکەن هەم صبحەینێ هەم دە ساڵی تر و هەتا ئاخری هەر موستەقبەلە ئێمە حالەن تەتبیقی قەراری عوصبەتولئومەممان ئەوێ و فەورەن ئەبێ لیوای دهۆک تەشکیل بکرێ میللەت بەئارەزوویەکی قەطعی داوای ئەم طەڵەبە ئەکات.

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە مەعرووف




**ڕەشید موفتی، لەنێو لاوانی کورد لە بەغدا ساڵی ١٩٢٦**

جیاووک ئەوکاتی لە ١٩٣٠/٨/٨ وەفدەکە لەکەرکوک دەبن، لە ماڵی مەلا ئەفەندی لەگوندی باداوە لەهەولێر لەگەڵ ئەحمەد عوسمان، ئیسماعیل ڕواندوزی و زۆربەی سەرۆک عەشیرەتەکان و کەسایەتیەکانی کورد کۆدەبنەوە، بۆ ڕێکخستنی هەڵوێستیان بۆ یەک وتار بەرانبەر وەفدەکەی بەغدا، مەعرووف جیاووک کەسایەتیەکی کوردی پارێزگای هەولێرە لەساڵی ١٨٨٥ لەنزیک گوندی جیاوک نزیک خەلیفان لەعەشیرەتی باڵەک لەدایکبووە، لەخولی هەشتەمی پەرلەمانی عێراق ١٩٢٨ – ١٩٣٢ ئەندام بووە، هەروەها چەندین پۆستی دادوەری وەرگرتووە، لەساڵی ١٩٥٨ کۆچی دوایی کردووە، وتار و قسەکانی مەعرووف جیاووک، کە ئەوەی گرنگە خواجە و ڕۆژنامەی ژیان بڵاویان کردووەتەوە:

مەعروف جیاووک هەڵسا و گوتی: لەقسەکانی جەعفەر پاشا دوو شتی تێگەیشتم

یەکەم: تەڵەبی وەحدەتی عێراقی کورد و عەرەب

دووەم: عەدەم تەئیدی حقوقی کوردان بەماددەیەکی خاص لەموعاهەدە

خواجە دەڵێت: ئێستا هەموو کوردێک مونتەزیرو ئەمینە، کە حکومەتی بەریتانیا تەعەهودی خۆی دێنێتەجێ زۆر ئارەزوو ئەکرا کە جەعفەر پاشا لەباتی ئەو کاغەزەی لەجانتاکەی دەریئەهێنێ، بیخوێندایەوە، کە هەموو کەسێک تێبگەیشتایە مەعە ما فیهی بەندە بە نەزەرێکی حقوقیم.

هەروەها دەڵێت: لەسەر ئەمە جەعفەر پاشا و مەندوبی سامی و موفەتیشی ئیداری دەستیان کرد بەسرکەسرک و موفەتیشی ئیداری چووە دەرەوە.
موقەرەراتی ئومەم چییە؟

١- ئەبێ مەئمورەکانی کوردستان لەعونصوری کوردی بن

٢- لوغەتی کوردی ڕەسمی بێ لەم ئەسنایەدا موفەتیشی ئیداری گەڕایەوە و لەناو فایلێکا موقەڕەراتی عوصبەتولئومەمی تەسلیمی مەندوبی سامی کرد, ئەویش فەرمووی ئەمە موقەرەراتی عوصبەتولئومەم.

مولاحەزە: لەپێش ئەمەدا جەعفەر پاشا موصیر ئەیگوت ناڵێ مەئموورەکانی کورد لەعونصری کوردین، ئیللا هەر کوردی بزانن، مەندوبی سامی خوێندیەوە تەرجەمە کرا و مەعلووم بوو، کە ماددەکە ئیللا ئەبێ مەئمورەکان لەعونصوری کورد بن، لەسەر ئەوە ئەحمەد ئەفەندی هەڵساو فەرمووی ئەمە تەئویل و تەفسیر قوبووڵ ناکات، چونکە صەریحە و مەعلومە، جیاووک ووتی: جەعفەر پاشا چاکی ئەزانێ ئێمە لەگەڵ عەرەبا مومکین نیە بەو صورەتە بژین، فەقەت بەصورەتێکی (ئینجا ئەمجارە پەنجەکانی جووت کرد) گوتی قابیلە بەم نەوعە وەکو ئوسترالیا و مەجەرستان بژین، هەموو کەسێک ئەمەی ئیدراک کردووە، میللەت لەحاڵی ئینتباهدایە، لەپاش ئەمە جەریدەکانی بەغداد هاوار داخڵی موعاهەدەکە بکرێت، کە ئەو ماددەیە بەقانونێکی خاص حقوقی کوردەکان تەئمین بکات، لەمەدا مانیع چییە؟ خولاصە هەموو کوردێک مونتەزیری تەتبیقی قەڕاری عوصبەتولئومەمە.

خواجە هەروەها دەڵێت: (حازیرون بەعموومی بێ ئیستسنا فەرموودەی جیاووکیان تەئید کرد و جولووسەکە دوایی هات و بڵاوبوونەوە، جەلال صائیب ئینگلیزی و عەرەبیەکەی ئەگۆڕی بەکوردی، خدری ئەحمەد پاشا پێی وت: (جەلال ئەفەندی کەلیمەیەک کەم بڵێیت گوللەی کورد تۆڵەت لێ ئەسێنێ) لەکۆتایی دانیشتنەکەدا خواجە دەڵێت: لەو کۆبوونەوە مەزنەدا بەیەک دەنگ هاوار ئەکرا (مردن و ژیانمان لەگەڵ سلێمانیە داوای ماف ئەکەین) وەفدەکە دوای کۆتایی ئەو ڕۆژە زانیان، کە هەڵوێستی کوردانی هەولێر یەک وتارە لەداواکاریان بۆ مافی کورد پاشگەزی لێناکەن، دەبێ زمانی خوێندن بەکوردی بێ و فەرمانبەران کورد بن، هەروەها نووسینی کوردی لەدەزگا فەرمییەکان بچەسپێ و ئەو پەیمانەی بەغدا لەگەڵ ئینگلیز بێ دیاریکردنی مافی کورد لێی جێگای قبوڵ نییە، وەفدەکە بۆ بەیانی ١٩٣٠/٨/١٠ بەڕێکەوتن بۆ سلێمانی، بەڵام لەهەگبەی جانتاکەیان تێبینیەکانیان نووسیبوو، کە هەولێر شاری کوردانە و لەکەرکوک و سلێمانی جیانابێتەوە بۆ داواکردنی مافی کورد.

# ئەدەب

- 

- **شێوازی شیعری جەلالی میرزا کەریم**

ڕزگار جەباری

- **فنجانێک قاوەم بدێ، با وەرزەکانی قاوە و سەفەر بخوێنمەوە**

ئەحمەد مستەفا زەکی

- **جەلالی دارتاش**

یوسف ئیسماعیل عەزیز

- **هەورازە ڕێ**

محەمەد کەریم نانەوا

- **پێنج چیرۆکی زۆر کورت**

بڵند باجەلان

- **تووڕەبون لە ئاو، نزایەک بۆ ژن**

بەیان ئیبراهیم

ڕەخنە
و
لێکۆڵینەوە

## شێوازی شیعری
# جەلالی میرزا کەریم



ڕزگار جەباری

**پێشەکی**

**ڕێگا دوورەکان**

زانینی شێوازیی شیعری هەر شاعیرێک، بەرزەفتکردنی هزر و جیهانبینی شاعیر و دۆزینەوەی چوارچێوەیەکی هونەریی بەرهەمەکەیەتی. وەکوو ((شوپنهاوەر دەڵێت: شێواز ناسینەوەی سیمای زەینی خاوەن قەڵەمە)) (چالی، ٢٠٠٨: ٢٤)

کەواتە دەکرێت بڵێین هەموو هەوڵێک بۆ داڕشتنی چوارچێوەیە، هەوڵە بۆ ناسینەوەی سیمای ئەو زەینە. ئەڵبەتە ئەمە بە واتای بانگەشەی ئەوە نایات، کە ئیدی هیچ کەلێنێک بۆ دۆزینەوە و قسەیەکی دیکە نامێنێتەوە لە شێوازی شیعری شاعیردا، بەهۆی بوونی میتۆدی هەمەچەشن لە زانستە جیاوازەکان، دەق هەمیشە کراوەیە بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی دیکە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دیاریکردن و ناساندنی شێوازی شیعری (جەلالی میرزا کەریم) و چوارچێوەیەکی گشتی بۆ فۆرم و کرۆکی شیعرەکانی، کە چەقی هزری شاعیرە بکێشێت.

ئەم شاعیرە لە شیعری کوردیدا وەکوو نەیزەک دەرکەوت و زوو کوژایەوە، بەڵام وەکوو نەیزەکێکی کلکدار بوو ڕۆشناییەکەی بۆ هەمیشە لە مێژووی شیعری کوردیدا درێژ دەبێتەوە.

**وێستگەکانی ژیانی جەلال**

لە ساڵی ١٩٥٣ لە شاری سلێمانی لە دایکبووە. لە خێزانێک پەروەردە بووە، کە باوک و کەسوکاری هەڵگری بیروباوەڕی مارکسی بوون. لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە چووەتە ڕیزی یەکێتیی قوتابیانی عێراق و مەشقی بەربەرەکانی کۆنەپەرستانی کردووە. لەدوای کودەتا سوپاییەکەی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ی بەغدا، بوو بە ئەندامی لێژنەی ناوچەی پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە سلێمانی. لە ساڵی ١٩٥٩ بوو بە کارگێڕی گۆڤاری (هیوای کوردستان) ئۆرگانی یەکێتیی قوتابیانی عێراق لە سلێمانی. لە ساڵی ١٩٦٤ لە ئێستگەی ڕادیۆی کوردیی وەک فەرمانبەر دامەزرا. لە ساڵی ١٩٧٠ بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (بەیان) هەڵبژێردرا. لە ساڵی ١٩٧٤ ڕووی کردە شاخ. لە ساڵی ١٩٧٦ ژیانی ئاوارەیی هەڵبژارد. لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ گەڕایەوە نیشتمان و لە ئەیلوولی ١٩٩٢ لە ئێستگەی ڕادیۆی کوردستانی عێراق لە هەولێر دامەزرا. لە ڕۆژی ١٤ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٣ کۆچی دوایی کرد. (خەزنەدار، ٢٠١٠: ٧٠١ و ٧٠٢)

**ئەزموونی شیعری جەلال:**

توێژینەوەی پرۆسەی گۆڕانکارییەکانی مێژووی ئەدەبی گەلان ئەوە پیشان دەدەن، کە ڕووداو و قەیرانە کۆمەڵایەتی، سیاسی و کلتوورییەکان؛ شێواز و ڕەوتی تازەی ئەدەبی لە داوێنی خۆیاندا پەروەردە دەکەن. هەر نەوەیەک لەسەر بنەمای دەستکەوتەکانی سەردەم بە شێوازی خۆی گەشە دەکات و کۆمەڵگە و بوارەکانی ژیانیش بۆ نەوەی دوای خۆی دەگۆڕێت. کەوتنی ڕژێمی پاشایەتیی عێراق لەمیانی کودەتای کۆماریخوازان لە ساڵی ١٩٥٨ و هاتنە ئارای کەشی تازەی سیاسیی-کلتووریی، دیپلۆماسیی و ڕووداوەکانی ساڵانی ١٩٦١ – ١٩٧٠ کە تێیدا وێنەیەکی ئاڵۆزی، ئارامی و تراژیدی لە مێژووی ناوچەکەدا کێشا، نەوەی دووەمی شیعری هاوچەرخی کوردیی (دوای گۆران) سەریهەڵدا (معرفت، ١٣٩٣: ٢٩)

گرووپی ڕوانگە لەم چرکەساتەی مێژووی کوردستان یەکێک بوون لەو گرووپانەی هەستیان بە پێویستیی گۆڕانکاری و تازەگەریی لە شیعری کوردیدا کرد و ئارەزووی گۆڕانکاریی و تازەگەرییان تێدا هێند بەهێز بوو کە لە بەرانبەر دۆخی چەقبەستوو و نۆرمی شیعری (شێوازی

گۆران)دا دەیهەژاندن. (معرفت، ١٣٩٣: ٣٠)

لای ئەم گروپە نائومێدبوون بوو بە زەمینەیەک بۆ ئەوەی ئەدەب بکەن بە ئەلتەرناتیڤ، ئەڵبەتە ئەلتەرناتیڤی سیاسی نا، دەیانویست نائومێدی سیاسی لە ڕێگەی ئەدەبەوە بشکێنن. هەر ئەم خاڵەش وایکرد سیمای حەماسی و شۆڕشگێڕێتی بەسەر سیماکانی تردا زاڵ بێت و شیعر مۆرکێکی شۆڕشگێڕیی هەڵگرێت. (مەحەمد، ٢٠١٢: ١٠٨)

جەلال یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی گروپی ڕوانگە، بۆیە بە شاعیری دوای قۆناغی گۆران دادەنرێت. ئەگەرچی لە سەرەتاوە لە ژێرکاریگەریی شێوازی گۆراندا بووە، بەڵام دواتر لە هەوڵ و ئەزموونی دۆزینەوەی شێواز و دەنگی خۆیدا بووە و دواجاریش توانیویەتی ئەمە بکات. تەنانەت ببێتە مۆدێک و پێشەنگێک بۆ ماوەیەکی دیاریکراوی مێژوویی و بۆ کۆمەڵێک شاعیری سەردەمی خۆی و دوای خۆیشی.

جەلال بە بڵاوکردنەوەی هەردوو شیعری (ژانی ڕۆژانی هۆنراوە) لە ژمارە (٣)ی گۆڤاری ڕوانگەی ساڵی ١٩٧٢ و شیعری (ڕوانینەکانی چاوی شەقام) لە ژمارە (٨)ی گۆڤاری بەیان-ی ساڵی ١٩٧٣ وەک مانیفێستی شیعری حەفتاکان خەسڵەتی شیعری ئەو قۆناغەیان داڕشت. (ڕەنجدەر، ٢٠١٢: ١٨٣)

شاعیرانی حەفتاکان لە سەرەتای ئەزموونیاندا بەشی زۆرینەیان لە ڕەنگ و فۆڕمدا لە (ڕووبەری بیندراو)ی جەلال سوودمەند بوون. بۆیە دەکرێت ئەم شاعیرە وەک دیاردە و دامەزرێنەری ماوەیەکی دیاریکراو (١٩٧٠ – ١٩٧٥ز) پێناسە بکرێت. (ڕەنجدەر، ٢٠١٢: ١٨٤)

ئەم کاریگەرییەکە لەو ئاستەدا بووە، شێرکۆ بێکەس، کە لە قۆناغی دواتر جێی وی دەگرێتەوە، دەڵێت: جەلال نەک لەسەر ئەزموونی من، بەڵکوو کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر شیعری جەمال شارباژێری و سامی شۆڕش و زۆر شاعیری دیکەی ساڵانی شەستەکان و حەفتاکاندا هەبووە. (سوبحان، ئایندە ٧٩)

بەڵام جەلال لە دوای ئەو ماوەیەی ئاماژەی پێ کرا، ئەزموونی بەرەو کزی چوو، تا ڕادەیەک لە کورتیدان و شکستهێنان. کە لە کوردستان دەڕوات بۆ تەراوگە، پچڕان و بۆشاییەک دەکەوێتە نێوان دەنگی شاعیر و دەنگی جەماوەر-کۆ. لە تەرواگە مەودایەکی نوێ لە ئەزموونی شاعیریەتی ئەو زیادی نەکرد. (ڕەنجدەر، ٢٠١٢: ١٨٥)

د. پەخشان لە هێڵکاری ماوەی نووسین و بەردەوامی شاعیرانی نوێخوازی کورد لە باشووری کوردستاندا ماوەی نووسین و بەردەوامیی جەلالی میرزا کەریمی لە ساڵی ١٩٦٠ بۆ ١٩٩٠ دیاری کردووە. (محەمەد، ٢٠١٢: ٤٢٧) بەڵام لە ڕاستیدا ئەم بەردەوامییە تا ساڵی ١٩٩٣ درێژ دەبێتەوە.

یەکەم کۆمەڵە بەرهەمی جەلال (کاروانی وشەی ڕاچەنیو) بوو، کە ساڵی ١٩٧٤ ئامادەی چاپی کرد و چووە چاپخانەش، بەڵام بەهۆی بارودۆخی سیاسی، لە چاپخانە وەرگیرایەوە.(ڕەنجدەر، ٢٠١٢: ٢٧٠)




**هەموو بەرهەمی شیعریی جەلال بریتین لە:**

١-کۆمەڵە شیعری بە عەرەبی بە ناوی (الولادة) لە ساڵی ١٩٨٢ لە ئەمریکا چاپ و بڵاوکردەوە.

٢-کۆمەڵە شیعری (چرپەی ژانێکی نقووم بوو) لە ساڵی ١٩٩١ چاپ و بڵاوکردەوە.

جەلالی میرزا کەریم



جەلالی میرزا کەریم

٣-کۆمەڵە شیعری (ڕێگا دوورەکانی چاومان) لە ساڵی ١٩٩٢ چاپ و بڵاوکردەوە (سایتی زانیاری، ٢٠٢٢)

**شێوازی شیعری جەلال:**

شێواز لە واتادا بە واتای هەڵبژادنی هەژەندانەی زمانە، یان شێوازی لادان لە نۆرم، دەرچوون لە زمانی پێوانەیی دێت، کە تایبەتمەندییەکانی تاکی تێدا سفرە. بۆیە شێواز بابەتێکی زۆر بەرفراوانە، زۆر بوار و بابەت دەگرێتەوە. یەکێک لەوانە شێوازی ئەدەبییە، بەتایبەت ژانری شیعر، کە تێیدا تایبەتمەندییەکانی تاک تەوەری سەرەکییە. بە جیاوازی لەم ڕوانگانەوە شێوازی دەق دێتە ئاراوە:

١-زمانی خوازە: شتێک بگوترێت و مەبەست شتێکی دیکە بێت.

٢-دەسەلاتی شاعیریتی: ئەوەیە، کە شاعیران ئازادن لە دەستوەردان لە بنەما و یاساکانی زمان.

٣-چڕوپڕی: واتا و پەیام و هزر لە کەمترین وشەدا پوخت بکرێنەوە.

٤-بەرجەستەسازی: شاعیر خۆی لە باو دەرباز بکات.

٥-هێماسازی: شاعیر بتوانێت هێمای ناباو دابهێنێت.

٦-دەنگی شاعیر: لە غیابی نیشانە دژەکان، وەک پرەنسیپ وایە، کە شیعر بە دەنگی دانەر (نووسەر) بنووسرێتەوە.

٧-بونیاتە وێنەییەکان: سەروا و کێش و ڕیتم و درێژی و کورتی ڕستە و کۆپلەکان دەگرێتەوە. (مهاجر، نبوی، ١٣٩٣: ١٢٣ و ١٢٤)

> "ئەم شاعیرە لە شیعری کوردیدا وەکوو نەیزەک دەرکەوت و زوو کوژایەوە، بەڵام وەکوو نەیزەکێکی کلکدار بوو ڕۆشناییەکەی بۆ هەمیشە لە مێژووی شیعری کوردیدا درێژ دەبێتەوە"

هەمووئەم خاڵانە بابەتی هونەری چۆنێتی گوتنە و بەگشتیی دەقێکی شیعرین، بۆ دیاریکردنی شێواز دەتوانین لە دوو ئاستدا هەڵیسەنگێنین، کە لە بنەڕەتدا خودی پێکهێنەرە سەرەکییەکانی دەقن:

یەکەم: چی گوتن (کرۆک) چی گوتراوە؟ پرسیارە لە هزری بەرجەستەبووی شاعیر لە کرۆکی دەقدا. جیهانبینی و بینینی شاعیر بۆ بوون و ژیان و دیاردە و ڕووداوەکان دەگرێتەوە.

دووەم: چۆن گوتن (فۆرم) چۆن گوتراوە؟ پرسیارە لە هونەری بەرجەستەبووی شاعیر لە فۆرمی دەقدا. هەڵسوکەوتی شاعیر لە بەکارهێنانی زمان و سەلیقەی ئەدەبییانەی وی دەگرێتەوە.

جەلالی میرزا کەریم لەو شاعیرانەیە، لە مێژووی شیعری نوێی کوردیدا توانیویەتی لە ڕەوت و شێوازی پێش خۆی دەرباز بێت و شێوازێکی نوێ بدۆزێتەوە. شاعیر هەم خاوەنی دیدی تایبەت بە خۆی بووە، هەمیش ئەم دیدەی بە شێوازی هونەرییانەی خۆی دەربرێت.

**لە ئاستی هونەریدا:**
**ئەلیف/ فەرهەنگی وشە:**

نەریتی هەڵبژاردنی وشە لە شیعردا پێی دەڵێن (بەیان) بۆیە هەموو شاعیرێکی نوێخواز دەیەوێت بەیانێکی تایبەت بە خۆی هەبێت. بەڵام هیچ شاعیرێک لەم هەڵبژاردنەدا ناتوانێت بەتەواوی خۆی لە فەرهەنگی زمانی شیعریی ئەزموونەکانی پێش خۆی دابرێت، چونکە زمانی ئاخاوتن پانتایی داهێنانی ئەوە و گۆڕانی زمانیش پرۆسەیەکی خاوە. وشە لە فەرهەنگدا بە گشتیی داماڵراوە لە واتای مەجازی تەنیا ئەوکاتانە بارگاوی دەبێت بە واتای دیکە، کە بکەوێتە ناو بەستێنێکی ئەدەبییەوە. ئەوەی شاعیرانی نوێخواز لە هەڵبژاردنی وشەدا دەیکەن بریتییە لە:

١-خۆبواردن لە هەندێک وشە و چەمکی چەقبەستووی قۆناغی پێشووتر و مانەوەی پاشماوە.

٢-بەکارهێنانی فەرهەنگی زمانە بەگشتیی، بەتایبەتی زمانی میللی و بابەتە فۆلکلۆرییەکان،

که وشەی ڕەسەنیان تێدایە.

٣-بارگاویکردنی وشە بە واتای دیکە، واتا هێماسازی.

٤-بەکارهێنانی وشە لە فەرهەنگی شاعیرانی بێگانەوە.

٥-ئەفراندنی چەمک و دەستەواژەی نوێیە.

٦-بەکارهێنانی وشەی زمانی هاوچەرخ و وشەی زانستە جیاوازەکان.

ئەم شەش خاڵە لە ئەزموونی شیعری جەلالدا دەبینرێن. ئەڵبەتە بەهۆی کەمیی بەرهەمەکانی جەلالەوە لە ڕووی چەندایەتییەوە، فەرهەنگی وشەکانی شیعری جەلال فراوان نییە. لەم فەرهەنگە بەرتەسکەشدا پەنای بۆ وشەی زمانی بێگانە بردووە. بۆ نموونەی وشە لە زمانی عەرەبیدا کە هەندێکیان بێژەی کوردییان پێدراوە: دنیا، ئەڵقە (حلقە) قەفەس، غەریب، عەسا، تەلیسم، سەعات (ساعة) تەگبیر (تکبیر) و ...هتد. بەکارهێنانی وشەی عەرەبی لە ئاخاوتن و لە نووسینیشدا دوو فاکتەری هەیە:

**یەکەم:** هەژموونی ئایینی دەیان سەدەی ڕابردوو.

**دووەم:** خوێندن و پەروەردەی مۆدێرن بە زمانی عەرەبی لە باشووری کوردستانی لکێندراو بە عێراقی عەرەبییەوە. بۆیە پاشخانی ڕۆشنبیریی جەلال، بە پلەی یەک لە ڕێگەی خوێندنەوەی عەرەبییەوە بووە و هەر بەکاریگەربوون بە شاعیرانی نوێخوازی عەرەب و خوێندنەوەی بابەتی وەرگێردراوی بیانی بۆ عەرەبییەوە ئەنگێزەی نوێخوازی و تازەگەریی لا دروست دەبێت.


لەگەڵ ئەوەی سەرچاوەی ڕۆشبیریی جەلال خوێندنەوەی عەرەبیی بووە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەم وشەی عەرەبیی بەکارهێناوە، بەڵام بە مەبەست پەنای بۆ زمانی فارسی بردووە کۆمەڵێ وشەی بەکارهێناوە وەکوو: زەندەگی، خیابان، ئاشوب، ڕەستاخیز، کوچە، زبان، ئەختەر، پارەپارە و ...هتد. بەکارهێنانی ئەم وشە فارسییانە، دەکرێ ئاماژە بن بۆ بەشێک لە کاریگەریی جەلال بە ئەدەبیاتی فارسی.

لەو وشە بیانیانەی لە سەدەی بیستدا بەهۆی تەکنۆلۆژیاوە هاتبوونە نێو زمانی کوردییەوە نموونەی ئەمانەی بەکارهێناوە: پۆستەر، تابلۆ، تەل، بۆمب، تەلەفیزیۆن، ئەلبووم، ئۆرکسترا، دیکتاتۆر، لیستە، جۆکەر، سۆشیالیزم، مێک و کلاشینکۆف و ...هتد. ئەم نموونانە ئاماژەن، کە جەلال خۆی سەربەست کردووە لە بەکارهێنانی هەر وشەیەک، کە بووەتە باو لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکیدا. دەستکراوەیی لە بەکارهێنانی وشەی مۆدێرن، کە شەقڵی نوێخوازیی بە شیعری جەلالی بەخشیوە.

وەکوو نەریتێکی شیعری چی کۆن و چی نوێ، ناوهێنانی کەسایەتیی ئەفسانەیی و مێژوویی و هاوڕێی هاوچەرخی شاعیر، کۆمەڵێک دەلالەت و واتا هەڵدەگرێت. بەشێک لەو کەسایەتییانەی جەلال ناوی هێناون: فەرهاد (ئەویندارى شیرین لە داستانە شیعر) بیکاسۆ، جوولێت، شێرکۆ بێکەس، حوسێن عارف، قازی، بارزانی، خوسرەو ڕوزبە، گوڵسورخی، موعینی، مارتن لۆسەر، میرابۆ، سلفادۆر، شەهاب، جەعفەر، سەلام عادل، مەرزیە، شاسوار جەلال، کاوە، شیرین، زووحاک، گۆران، چۆمان، مەم، زین، زەردەشت، مەزدە (ئاهومەزدا) مارکس، سەددام.

لە ڕێگەی بەشێکیانەوە جۆرێک هەڵوێستی شاعیر دەبینین لەمەڕ ئەو ڕووداوە سیاسییانەی، کە لە سەردەمی خۆی ڕوویانداوە. هەندێکیان ئاماژەن بۆ ئاستی ڕۆشنبیریی و ئاگاداریی شاعیر لەبابەتی مێژوو و هزر. هەروەها بەشێکیان وەکو خۆیان بەکارهاتوون و بەشێکیشیان وەکوو هێما.

بەرزترین فریکوینسی وشە کوردییەکان لە شیعری جەلالدا بریتین لە: گیانە، نەورۆز، سێدارە، سەنگەر، پێشمەرگە، نەخشە، شار، شۆڕش، چەک، شەهید(ان) هەژار(ان) ئازادی، کورد و کوردستان. بە چاوخشانێک بەم لیستە وشەیە، ئەوەمان بۆ



“

**توێژینەوەی پرۆسەی گۆڕانکارییەکانی مێژووی ئەدەبی گەلان ئەوە پیشان دەدەن، کە ڕووداو و قەیرانە کۆمەڵایەتی، سیاسی و کلتوورییەکان؛ شێواز و ڕەوتی تازەی ئەدەبی لە داوێنی خۆیاندا پەروەردە دەکەن**

”

"

**عێراق لەمیانی کودەتای کۆماریخوازان لە ساڵی ١٩٥٨ و هاتنە ئارای کەشی تازەی سیاسیی- کلتووریی، دیپلۆماسیی و ڕووداوەکانی ساڵانی ١٩٦١ - ١٩٧٠ کە تێیدا وێنەیەکی ئاڵۆزی، ئارامی و تراژیدی لە مێژووی ناوچەکەدا کێشا، نەوەی دووەمی شیعری هاوچەرخی کوردیی (دوای گۆران) سەریهەڵدا**

"

دەردەکەوێت، کە ئەوینی کوردستان مۆتیڤی سەرەکییە لە شیعری جەلالدا. تەوەری سەرەکی و چەقی هەست و هزری شاعیر بریتییە لە پرسی کوردستان و دۆزە ڕەواکەی، کە بووەتە خەم و خەون و خۆزگە. ئەمەش گیانێکی شۆڕشگێڕانەی بە شیعرەکان بەخشیوە.

سیمایەکی دیکەی شیعری جەلال لە زماندا ئەوەیە، کە جەلال لە بەشێکی شیعرەکانیدا بنزاری سلێمانییانەی بەکارهێناوە. ئەمە پێیدەڵێن (کەسایەتی سازیی زمان) هەموو کەسێک کۆمەڵێک وشەی لە زەیندا هەیە و دەیانزانێت و تێیاندەگات و بەکاریان دەهێنێت بەم کۆمەڵە وشەیە دەڵێن (وشە کەسێتییەکان) هەڵقووڵاوی ئەزموون و فێرکارییەکانی ئەو کەسەن (رودمعجنی، ١٣٩٠: ٧٥)


ئەوەی ڕۆڵیان تێدا دەگێڕێت شوێنی لەدایکبوون و تەمەن و ڕەگەز و زانست و خوێندن و ڕەچەڵەک و ئایین و مەزهەب و نەتەوەن و بەشدارییان لە زمانە کەسێتییەکەدا هەیە (رودمعجنی، ١٣٩٠: ٧٤)

جەلال گفتوگۆی ڕۆژ وەکوو بەکارهاتوویەکی ئەندازەیی بەبێ زیاد و کەم بەکاردەهێنێت و توانا زەینییەکانی خۆی تێدا نیشان دەدات. ئەو زەینەی فۆرم بە شتە هەستییەکان دەدات. گیانێکی جەماوەرخوازە و شیعرەکانی دەربڕینی ڕاستەقینەن لە ناسنامەی کۆمەڵگەی کوردیی وەک باری سیاسیی، نەوەک باری گیانی. هەروەها دەچێتە نێو قەوارەی زاندراوی (کلتوور) و (مێژوو) بۆ دۆزینەوەی خەیاڵ و پڕوزەکردنی زمانی هەستیارکراو بە دەنگی کۆ. (ڕەنجدەر، ٢٠١٢: ١٨٠)

ناڵێم: ئاسنی سارد ئەکوتین

بە خۆڕایی خوێنمان ئەڕژێ (کەریم، ٢٠٢١: ٨٠)

سەباح ڕەنجدەر لەبارەی زمانی کۆمەڵە شیعری (ڕوانینەکانی چاوی شەقام) دەڵێت: زمانی لە خودی شیعرییەوە نەبردووەتە ناو خودی کۆمەڵگەوە، بگرە لە خودی کۆمەڵگەوە بردوویەتییە ناو خودی شیعرییەوە. بارودۆخی ژیانی حەفتاکانی کۆمەڵگەی کوردی و زەینییەتی شیعریشی ئامادەیی ئەوەی تێدا بوو، ئەو زمانە وەرگرێت و قەبووڵی بکات. (ڕەنجدەر، ٢٠١٢: ٢٩٦)



لە هەموو ئەوانەی گوتران لەبارەی زمانی شاعیرەوە دەتوانین بڵێین: ئەگەرچی زیاتر پێڕەوی لە ئەدگاری شیعری ئەورووپی کردووە، بەڵام هوشیارانە هەندێ بەڵگە و زاراوە و ناوی جێگە و ڕێگەی کوردەواریی بەکاردەهێناوە. ئەمەش شەقڵی کوردیی داوە بە بەرهەمەکەی. ئەگەر وا نەبووایە، خوێنەر وای دەزانی لە شیعری ئەورووپییەوە وەرگێردراون (خەزنەدار، ٢٠١٠: ٧١٠)

جەلال دەچێتە قۆناغی شیعری دوای گۆرانەوە:

لەم نموونە شیعرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەمە زمانێکی تازەی شیعرییە و دابڕاوە لە ڕەوتی گۆران:

***ڕێ بۆ هەوارگەیەک دەڕوا..***
***چرکە چرکی سەعاتی بەرباخەڵی ئەخوا،***
***ڕۆژ هەفتە یەژمێرێ و حەفتە:***
***سەرێ لە مانگ و ساڵ ئەدا..***
***ساڵ، لەبەردەم سەدەی بیستا***
***مل کەچ ئەکا*** (کەریم، ٢٠٢١: ٥٧)

**ب/ مۆسیقا لە شیعرەکاندا:**

**مۆسیقا و ڕیتم لە شیعری نوێدا دەگەڕێتەوە بۆ دوو بنەما:**

**یەکەم:** چۆنێتی پێگەی فۆنیمەکان لەگەڵ زمان و ڕیزبەندکردنیان. ئەمەش ڕەگەزدۆزی و هاودەنگی و سەروا و..هتد دروستی دەکەن.

**دووەم:** مەودای پێوەندیی فۆنیمەکان لەگەڵ واتا. یان چۆنێتی بەشداریی مۆسیقا لە ئەفراندنی واتادا. بۆ نموونە ئەگەر لە شیعردا وێنەی پیاسەی کەسێک بەسەر گەڵای وشک و هەڵوەریوی شەقامێکدا بکیشێت، لەکاتی خوێندنەوە دەنگی خشپەخشپی هەنگاوەکان وەکوو زایەڵەیەک دروست ببێت و بێتە بەر گوێ. ئەمەش بە هۆی ڕیزکردنی ئەو دەنگانەی لە چنینی دەقەکەدا بەکارهاتوون.

شیعری جەلال خاڵی نییە لە مۆسیقا و بگرە هەندێکجار تەواو مۆسیقین، بەڵام لەبەر ئەوەی مەشقی شیعری عەرووزی و کێشی شیعری میللی سیلابی نەکرووە، بۆیە شیعرەکانی خاڵین لە مۆسیقای کێش – سەروای ستوونی، کە مۆسیقایەکی دەرەکی شیعرە، بەڵام بەر هەندێک برگەی شیعریی دەکەوین، کە لە چەند دێڕێک لە کێش و سەروادا هاوئاهەنگن. ئەمە سەرتاپای جەستەی شیعری دەقەکەی نەتەنیوە، تەنیا کۆپلە و برگەن. وێڕای ئەمە، جەلال بەشێوەیەکی فراوان سەروای بەکارهێناوە. سەرواکان تا کۆتایی چونیەک نین، بەڵکوو دەگۆڕێن و شەپۆل ئاسا دەلەرێنەوە، کە ڕیتمێکی ئازاد بە شیعر دەبەخشێت. ئەم ڕیتمە تا ئاستێکە دەکرێت بڵێین شیعرەکە دەخاتە خانەی لیریکەوە.

سەباح ڕەنجدەر لەبارەی مۆسیقای شیعری جەلالەوە دەنووسێت: ترپە و ئاوازی گەرم و ڕەگەزە بنیادنەرەکانی زمان، مۆسیقایەک دادەهێنێت خوڕ و سەرپەڕ، وردە دەمارە قووڵەکانی هەست لە مرۆڤدا دەدۆزێتەوە بۆ بزواندن. وا لە مرۆڤ دەکات لە شوێنی خۆی هەستێت و هەوڵ بدات شوێن بگۆڕێت. ترپە و ئاواز لەم شوێنگۆڕکێیەدا وەردەگرێت. ترپە و ئاوازێکی بەجۆش بەسەر گیان و دڵی وێنەکاندا دەڕێژێت. گیان و دڵەکان دەجمێن و ئامادە دەبن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و نیشتەجێبوون لە ناوچەی شیعر و واقیعی زیندوودا. (ڕەنجدەر، ٢٠١٢: ١٧٨) ئەم شاعیرە لە لایەنی مۆسیقا و ترپە و ئاوازی شیعرییەوە ناوەندە ڕایەڵێکە دەتوانرێت لێیەوە هەنگاو بۆ داهێنانی دیکە هەڵگرێت. بینینێکی شۆڕشگێرانەی بۆ دۆخگۆڕین و ئێستێتیکای ژیان پێشکەش کردووین (ڕەنجدەر، ٢٠١٢: ١٧٩)

پاتکردنەوەی دەنگ لە هەردوو جۆری هاونەبزوێنی و هاوبزوێنی و ڕەگەزدۆزیی تەواو و ناتەواو و سەروا و ڕستەی هاوکێش، ڕیتم و مۆسیقای شیعری جەلال دروست دەکەن:

***گەر دێڕ نەبێ***
***بە سەنگەری پێشمەرگەی دەنگ***
***دەنگیش نەبێ***
***بە توورەیی ژانی تفەنگ***
***یەک بە یەکیان گڕێ ئەدەم*** (کەریم، ٢٠٢١: ٤٦)

دەنگی (گ) لە گەر و سەنگەر و پێشمەرگە و دەنگ و تفەنگ کە بە دوای یەکدا دێن، ڕیتمی داوە بە کۆپلەکە. هەروەها دەنگ و تفەنگ هەم وەکوو ڕەگەزدۆزیی ناتەواو و هەمیش وەکوو سەروا دەردەکەون. ئەم چەشنە مۆسیقایە بەشێکی هەرە زۆری شیعری جەلالی تەنیوە.

***شەوە .. کێ ئەتوانێ نەنگیی***
***ڕەهێڵەی دڵی ئاسمان***
***بخواتەوە؟***
***خەوە .. کێ ئەتوانێ شەرمی***
***ناوچەوانی دۆڕاندنی،***
***بشواتەوە*** (کەریم، ٢٠٢١: ٣١)

دەنگی (ـەوە) وەکوو هاوبزوێنی لە وشەکانی (شەوە و خەوە، بخواتەوە و و بشواتەوە) ڕیتمی داوە بە شیعرەکە.

**ج/ لایەنی ئەدەبی:**

**یەکەم-ناونیشانی شیعر:**

ناوونیشان لە ڕەخنەی نوێدا لایەنێکی گرینگ لە ستراتیژییەتی دەق پێکدەهێنێت و دەبێتە دەروازەیەک بۆ چوونە نێو جیهانی دەقی ئەدەبیی و خوێنەر لەوێوە بەرەو ڕەهەندە نادیارەکانی دەق هەنگاو هەڵدەگرێت، بۆیە دەگوترێت: ناوونیشان وەکوو یەکەم کلیلی دەستبەکاربوون هەژمار دەکرێت تاکوو لە ڕێگەی ئەوەوە بتوانین، سیمۆتیکی نهێنی دەق بکەینەوە.

لێرەوە، ناونیشان جگە لە ئەرکی سەرنجراکێشان و ئاماژەکردن بۆ خودی دەق، خۆیشی وەکوو بابەت و وەکوو تەوەر لە دوتوێی دەقی ئەدەبیدا

**“ شێرکۆ بێکەس، کە لە قۆناغی دواتر جێی وی دەگرێتەوە، دەڵێت: جەلال نەک لەسەر ئەزموونی من، بەڵکوو کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر شیعری جەمال شارباژێری و سامی شۆڕش و زۆر شاعیری دیکەی ساڵانی شەستەکان و حەفتاکاندا هەبووە ”**

بەرجەستە دەبێت و ڕەنگ دەداتەوە. بەو پێیەش پێکهاتەی ناونیشان، نیشانەکانی سیمۆتیکای زمانە. (دەشتی، ٢٠١٢: ١٧٣)

**ناوونیشانی شیعرەکانی جەلال بەمجۆرەن:**

١-کۆمەڵەی ڕوانینەکانی چاوی شەقام: ڕوانینەکانی چاوی شەقام، بڕوای شار، ڕازێکی دەروون، ڕازەکانی هەفتە، داستانی هەفتە، ڕێگا، ڕۆژژمێر و ڕاپەڕین و خەمی بێ کۆتایی، خوێننامەی دڵدارێکی تینوو، لە خولیای داستانی مەرگی زەردەشتدا، بەشێکی تر لە گاتا، یاد و یاقووت و نەهەنگ، پرسیار بۆ هاتنی گۆدۆ، ژانی ڕۆژانی هۆنراوە، سووتان لە ئاهەنگی ئاشتییا، سەرەتای داستانێکی ونبوو، خۆشەویستییەکی شێتانە، تیشکی چاو، تەمەنی دە ساڵەی دێرێک، تەمەنی خەم، نەورۆز دێنم، گۆرانی ڕێبوارێکی یاخی، عیزەت (قودسی، خەیرولڵا، خۆشناو) وەرزەکان، ڕازێکی هەتیوکەوتوو.

٢-کۆمەڵەی ڕێگا دوورەکانی چاومان: پێناسە، تەمەن، نەخشەی خەونەکان، لە کوێم، پێشکەشە بەو شۆڕشگێڕانەی هێشتا نەمدیون، ئاوێنەی هیوایەکی سەرهەڵگرتوو، ڕێگا دوورەکانی چاومان، تێگەیشتنی یادگارییەکان، دووری، زەماوەندی باوەش پیاکردنەوە، ڕۆژگارە سەرگەردنەکان، وەرام، هەنگاوی زام، هەڵوێست، نەورۆزی خۆزگە، گەشتەهەڵوێست، ناونیشانی یادێکی کۆچکردوو، حەزنامەیەکی ئاوارە، چرپەی ژانێکی نووقمبوو، سەرەتای حەیرانی تەمەنمان، گریەشیعر، هاوڕێ، لە خەمی هەڵەبجەی ژارا، پەیامەژێ، دوو چاوی.

**ناوونشانەکانی شیعرەکان لە ڕووی پێکهاتنەوە بەم جۆرەن:**

**یەکەم/ ناوونیشانی تاک وشە:**

بە هەردوو کۆمەڵەوە (٨) ناوونیشان هەن و تەنیا یەکێکیشیان لە حاڵەتی کۆدایە.

**دووەم/ گرێ:**

ئەمە دوو جۆری هەیە: گرێی دوو وشەیی و گرێی زیاتر لە دوو وشە.

جۆری دوو وشەیی بە هەردوو کۆمەڵەوە (١٥) ناوونیشانن. هەروەها گرێی زیاتر لە دوو وشە (٢٠) ناوونیشانن.

**سێیەم/ ڕستە:**

بە هەردوو کۆمەڵەوە (٣) ناوونیشانن.

وەکوو دیارە زۆربەی ناوونیشانەکان گرێی ئاڵۆزن.

بە چاوخشانێک بە ناوونیشانەکان ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ڕێژەی نائومێدی و خەم و نیگەرانی بەرزترە لە هیوا و بەردەوامی و کۆڵنەدان. ئەمەش بەرەنجامی ئەو ڕووداو و ڕەوشی ئەو سەردەمەیە شاعیر تێیدا ژیاوە. وەکوو دیارە شاعیر ناوونیشانی هەمە چەشنی بەکارهێناوە و لە ڕووی واتا و مۆسیقیشەوە جوانییەکی بەرزیان هەیە. شاعیر سەرکەوتوو بووە لە هەڵبژاردنی ناوونیشاندا. ناوونیشانی شیعرەکان وەکوو شادەمار بەنێو جەستەی دەقدا هاتووچۆ دەکەن و بەشداری دەکەن لە ئەفراندنی واتا. نموونەی شیعری (پێناسە) کە خودی وشەی پێناسە لەنێو دەقەکەدا نەهاتووە بەڵام لەگەڵ هەموو دێڕێکدا خۆی بەرجەستە دەکات و واتا تەواو دەکات.

**دووەم-دەنگی شاعیر و بەردەنگ:**

جەلال هەمیشە وەکوو خۆی دەدوێت. لە ڕێگەی جێناوەکانی (من – م) خۆی بەرجەستە دەکات. بەردەنگیش؛ کۆیە، واتە جەماوەر – گەل. بەڵام ئەو لە ڕێگەی بە بەردەنگکردنی کەسێکەوە واتە (تاک) دەدوێت. ئەویش بە (گیانە) بانگی دەکات. ئەڵبەتە چەند بەردەنگێکی دیکەی وەکوو (هاوڕێ) (ئازیزەکەم) (براکانم)ی بەکارهێناوە. بەڵام گیانە سەرەکییە. لە سەرجەم شیعرەکاندا زیاتر لە (١٦) جار بەکاریهێناوە. گیانە چی وەکوو بانگکردن یان وەڵامدانەوە، بارگاوییە بە خۆشەویستی. لە کلتووری کوردیدا زیاتر بۆ (مێ)یە وەکوو (یار، دڵدار، هاوسەر) ڕەنگە لە نەریتی شیعری کلاسیکەوە هاتبێت بەتایبەتی بێژە فارسییەکەی: (جانا) لە نەریتە کلاسیکییەکەدا زیاتر وەکوو خوازە بەکارهاتووە کە جانا=ئەی یار، ئەوینێکی عیرفانی و ئاسمانییە.

گیانە لە شیعری جەلالدا هەمیشە دەکەوێتە سەرەتای ڕستە و کۆپلە و شیعرەوە.

> **"نەریتی هەڵبژاردنی وشە لە شیعردا پێی دەڵێن (بەیان) بۆیە هەموو شاعیرێکی نوێخواز دەیەوێت بەیانێکی تایبەت بە خۆی هەبێت. بەڵام هیچ شاعیرێک لەم هەڵبژاردنەدا ناتوانێت بەتەواوی خۆی لە فەرهەنگی زمانی شیعریی ئەزموونەکانی پێش خۆی داببڕێت"**

**سێیەم-خوازە:**

گرینگیدان بە ئاستی ستوونی زمان، بەخۆی خوازە دەخوڵقێنێ، خوازە تەنانەت لە شیعری مۆدێرنیشدا هێشتە ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە لە ئەفراندنی وێنەی شیعریدا. هاوشان لەگەڵ لێکچواندن و ئایرۆنیدا لە هونەرەکانی ڕەوانبێژین. بەسەرنجدان لە شیعری هاوچەرخی کوردیی بەتایبەتی لە سالانی (١٩٧٠ – ١٩٩١) (ئەو ماوەیەی جەلالی تێدا دەرکەوت) وێنەی شیعریی بە ڕێژەیەکی بەرز بەهۆی خواستنەوە بە تایبەتی (خواستنی درکاو) دروستکراون، کە لە تازەگەریدا لە ژێر ناوی (بەمرۆڤکراو – التشخیص) پێناسە کراوە، واتە بەخشینی خەسڵەتەکانی مرۆڤ بە چەمکە ئەبستراکتەکان (محەمەد، ٢٠١٢: ١٧٩) ئەمە وەکوو ڕەگەزێکی هونەریی لە شیعری جەلالدا ڕێژەیەکی بەرزی بەکارهێنانی هەیە. تەماشاکردنی شت وەک مرۆڤ دیاردەیەکی دێرینە بەتایبەتی لە شیعری کلاسیکدا، کە هەمیشە گەردوون و دەوران بە مرۆڤێکی بێوەفا پەسن کراوە. یان گێتی بە ئافرەتێکی سۆزانی هەر جارە و لە باوەشی کەسێکدایە. لای جەلال زۆر شت: شار، شیعر، هەور، تفەنگ، شەقام، هەور و ...هتد بە مرۆڤ کراون.


***کەژاوەی بووکی هیوا بە چیای خۆری***
***خەونا سەرخەم*** (کەریم، ٢٠٢١: ٤٤)

لێرەدا هیوا بە مرۆڤ کراوە (مێ – ژن – بووک).

**چوارەم- هێما:**

هێما وەکوو وێنەی شیعری خودین، نەک بابەتی، ئەبستراکتە هەستپێکراوەکان دەگوازێتەوە بۆ جیهانی عەقڵ و هۆشیاری ناوەوە. بە شێوەیەکی ڕێژەیی ئایدیاییە چونکە بەندە بە سۆز و لایەنە ورد و قووڵەکانی دەروونەکە. بۆ ئەوەی وێنەی هێمایی ئامانجەکە بپێکێ، دەبێت پشت بە ئامرازەکانی ئاڵۆگۆڕی نێوان هەستەکان لە خەسڵەتەکانی هەستپێکراوەکان ببەستێ (محەمەد، ٢٠١٢: ١٥١)

لەبارەی هێما لای جەلال، ڕەنجدەر دەڵێت: لە ئاستی بەکارهێنانی هێمادا قووڵایی هێمای نەپاراستووە. لە قووڵاییەکی پێویستدا هێما بەرەو ژیانێکی بزێو نارِوات. بەرهەمێک دێنێتە کایەوە و لەناوی ڕوون دەبێتەوە و بەشداری خۆی ڕادەگەیەنێ.




لەو هێمایانەی جەلال بەکاریهێناون: ئەفسانەیی، مێژوویی، ئایینی و کەلەپووریی لە پێشەوەی ئەوانی دیکەن:

***-هێمای کلتووریی:***
***بەهەشت .. ئاوسە و ژانێتی***
***باوەگورگور قوربانێتی***
***شەوەی دۆزەخ لێ ناگەڕێ***
***ئەم نیشتمانە ..***

کەرکووکی تاقانەی لە باوەش بنێ (کەریم، ٢٠٢١: ٧٢)

لەم کۆپلە شیعرەدا (شەوە) کە هێمایەکی کەلەپووری کوردەوارییە و هێمای هێزێکی نادیاری ترسێنەر و بکووژە و دژی کۆرپەیە، وەکوو هێما بەکارهاتووە بۆ دەسەڵاتی ستەمگەری بەعس و شۆڤێنێتی عەرەبیی.

***-هێمای ئەفسانەیی:***
***زوحاکەکەی تەختی بەغدا***
***ئەژدیهایەکی حەوتسەری***
***ئالانۆتە گەرووی زامی کانییەکانمان***
***نەء .. نەخشەی تەمەنمان*** (کەریم، ٢٠٢١: ٦٠)

زوحاک پاشای ئەفسانەیی ستەمگەر و خوێنمژ

“
**یەکێک لە تەکنیکە تایبەتییەکانی جەلالی میرزا کەریم، کە نزیکەی (٣٠) جار دووبارەی کردووەتەوە. بریتییە لە دەربڕینی پەیامێک، یان وەسفێک و ڕەتکردنەوەی ئەو دەربڕینە و خستنەڕووی دەربڕینێکی دیکە**
”

و خاوەن دوو ماری سەرشان لە داستانەکانی شانامەی کوردیدا وەکوو هێما بەکارهاتووە بۆ سەددام سەرۆکی حزبی بەعس، بەڵام لەبری دوو مار، وەکوو ئەژدیها بە حەوت سەرەوە دەردەکەوێت، لە ڕاستیدا شاعیر هێماکەی لە کۆلاژی دوو فیگەری ئەفسانەیی دروست کردووە، کە زوحاکی پاشا و ئەژدیهای حەوت سەرە. ئەم ئەژدیهایە لە ئەفسانەی کوردیدا کانیاوی ئاوی ژیانی داگیرکردووە.

**پێنجەم- ڕەتکردنەوە:**

یەکێک لە تەکنیکە تایبەتییەکانی جەلالی میرزا کەریم، کە نزیکەی (٢٠) جار دووبارەی کردووەتەوە. بریتییە لە دەربڕینی پەیامێک، یان وەسفێک و ڕەتکردنەوەی ئەو دەربڕینە و خستنەڕووی دەربڕینێکی دیکە. ئەم ڕەتکردنەوەیە بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی نەرێ (نەخێر، نەئ).

***کاروانی ئەو ئەستێرانەی،***
***کوژانەوە***
***نەخێر.. بەژنی ئەو مۆمانەی***
***توانەوە*** (کەریم، ٢٠٢١: ٣٢)

ئەوەی لەم دیاردەیەی شیعری جەلال دەخوێنرێتەوە، جۆرێکی بەراووردکارییە لە نێوان دوو پەسن، بابەت، بۆ زیاتر بەرجەستەکردنی پەیامەکەی. هەروەها جۆرێک لە دوودڵی دەگەیەنێت لە هەڵبژاردنی یەکێک لەو دووانە.

هونەری شیعری جەلال زیاتر هەڵدەگرێت و ڕەگەزی دیکەی وەکوو وێنەی شیعریی، کە هەڵقووڵاوی خوازە و هێمان دەکرێت بە نموونەوە ڕوون بکرێنەوە. بەگشتیی شێوازی شیعری جەلال لە ئاستی هونەریدا دەکرێت لەم چەند خاڵەدا پوخت بکەینەوە:

١-دارشتنی هونەری دەستگرتوو بە پێکهاتەکانی و ڕۆنان و یەکێتیی.

٢-قووڵی ئەزموونی هەستەکی و پانتایی هێزی تێگەیشتن لە جیهانی بوون.

٣-بایەخدان بە کەلەپووری کوردیی.

٤-هەڵوەستەکردن لەسەر بابەتەکانی پەیوەندیدار بە ژیانەوە و ئاماژەدان و پارێزگاریی لە جوانیی ئاسۆیی.

٥-بایەخدانێکی تایبەت بە ماسکی شیعری و تەوزیفکردنی لە خزمەتی بونیادی شیعرییەت.

٦-پارێزگاریی لە کرۆکی گشتیی و ڕژدبوون لە نواندنی ڕەهەندی جوانی.

٧-بایەخدان بە بیرۆکە، کە گوتاری لەسەر بونیاد دەنرێت.

٨-بایەخدان بە زمانی شیعریی بە شێوەیەکی ورد.

٩-زیندوویێتی خەیاڵی شیعری و قووڵی پانتاییەکەی.

١٠-ئامادەیی ڕوانگەیەکی ڕوون بۆ جیهانی بوون و پەسنکردنی بە خودی.

١١-بایەخدان بە موفاجەکەی وێنەیی (عبدالله، ٢٠١٥: ١٥٤)

**لە ئاستی هزردا:**

ئەم ئاستە ئەوەیە، کە ئیدی شاعیر دەیەوێت چی بڵێت. سەرچاوە هەژێنەرەکانی پشتەوەی گوتاری شاعیر چین و لە کوێوە ئاو دەخۆنەوە. لەم سەردەمی فرەهزرییەدا لە کایەکانی فەلسەفە و ئایین و سیاسەت و ..هتد لە دەلاقەی کامیانەوە دەڕوانێت و شاعیرانە پێیدەدوێت. ئایا هەڵگری بیروباوەڕی دێرینە، یان مۆدێرن. ئایا وەکوو ئایدۆلۆژیستێک دەدوێت، یان گەردوونیانە و ئازاد لە هەموو پاشخانێکی چوارچێوەدار؟

شیعری شاعیرانی بزووتنەوەی ڕوانگە بەگشتیی لەنێو تەمومژێکی وشیارانەدا بارگاوی بوو بە ئایدیۆلۆژیا (ڕەنجدەر، ٢٠١٢: ٢٧١)

**١-ئەویندارى:**

ئەزموونی ئەویندارى لە شیعردا ئەزموونێکە زاتییە و دەشێت هەموو شاعیرێک پێیدا تێپەڕێت. چونکە ئەوین مێژووی نییە، بەو واتایەی بابەتێک نییە شاعیرانی ڕابردوو پێشیانخستووە و گەیاندوویانەتە قۆناغێک و ڕادەستی شاعیرانی دوای خۆیانی بدەن. ئیدی لەوێوە شاعیرانی نوێ کاری لەسەر بکەن و ئەوانیش بەش بەحاڵی خۆیان پێشی بخەن. بەڵکوو ئەمە ئەزموونێکی خودیی تایبەت بە شاعیرە و وەکوو مرۆڤ خۆی دەبێت ئەزموونی بکات و لە سۆنگەی ئەزموونی خۆی و بە ئاستی باڵادەستیی خۆی لە هونەری شیعردا ئەو هەستە دەکات بە دەق. جەلال لەم ئەزموونە

> **"گروپی ڕوانگە لەم چرکەساتەی مێژووی کوردستان یەکێک بوو لەو گروپانەی هەستیان بە پێویستیی گۆڕانکاری و تازەگەریی لە شیعری کوردیدا کرد"**

زاتییەی خۆی کاری کردووە. لە ئەزموونەکانی سەرەتایدا خەریکی سۆزی ئەوینداریی و دڵداریی ناوەوەی دەروونی خۆی دەبێت. (خەزنەدار، ٢٠١٠: ٧٠٣) لە ئەزموونەکانی دواتریدا هیوا و ئامانجی گەلی کورد لە پێناو ڕزگارکردنی نەتەوەدا، کوردایەتی دەبێتە سەرچاوەیەکی هەرە گرینگ و سەرەکی بۆ ئەفراندنی شیعر (خەزنەدار، ٢٠١٠: ٧٠٣) لەم ئەزموونەدا ئەوین بزر نابێت، بەڵکوو ئاوێتە بە ئەوینی نیشتمانیی و نەتەوەیی بەتایبەتی لە پەیڤی بەردەنگی (گیانە)دا لە زۆرینەی دەقەکاندا بەرجەستە دەبێت.

**٢-نیشتمانی:**

نیشتمان کلیلی هزری شاعیرە، گەورەترین و سەرەکیترین ئەنگێزە و مۆتیڤەکانی شاعیر بریتین لە هوشیاربوونەوەی نەتەوەیی، هەستکردن بە ئازاری داگیراویی و دابەشکراوی و بندەستیی نیشتمان و نەتەوە، هەڵگیرساندنی شۆڕش و خەباتی هزری و چەکداری، گەیشتن بە سەربەخۆیی و ئازادیی. لە نێو و لە پەنای ئەم خەون و پرۆژە و چالاکی و ئامانجانەدا، دەیان بابەتی پێوەندیدار بەم پرسانەوە هەن، کە ختۆکەی هزر و هەستی شاعیر دەدەن و بوونەتە خەمی شاعیر، وەکوو: ناکۆکی و دووبەرەکیی ناوخۆیی و ناپاکی و دواکەوتوویی و...هتد. لە هەموو ئەمانەدا شاعیر هەڵگری خەمێکی گەورەیە و زۆرجار نیگەرانی و نائومێدی و ڕەشبینی دەردەکەون و هەندێکجاریش بە ئومێدەوە دەڕوانێتە ئاسۆ. بەشێک لە شیعرەکانیشی ئاماژەی دیکەی پرسەکانی نیشتمانی تێدایە، وەکوو گازندە لە نیشتمان و ناپاکی و دووبەرەکی و ..هتد.

جەلال تەنیا بە پەیڤی (نیشتمان) خەریکی دەربڕینی هەست و داڕشتنی هزری نییە، بەڵکوو هەردوو چەمکی (شار) و (نەخشە) وەکوو هێما و ئایکۆن ئاماژەن بۆ نیشتمان و هونەرییانە بەکاریهێناون:

**شار:** جەلال لە ڕێگەی وێنە و وەسفەکانی شارەوە وێنەی نیشتمان دەکیشێت. کورد وتەنی: مشتێ نموونەی خەرواریکە. جەلال جگە لەوەی ناوی چەند شارێکی کوردستانی هێناوە وەکوو: دیاربەکر، زاخۆ، هەڵەبجە، سلێمانی، کەرکووک، مەهاباد (سابڵاخ) و دەرسیم، کە هەریەکەیان بەهۆی ستەمەکانی دوژمنەوە بوونەتە سیمبوڵی جینۆسایدی گەلی کورد، شاری بەمجۆرە وەسف کردووە: شاری بێڕەنگ و بۆ، شاری دووکەڵ و ماتەم، ڕیسوایی شار، شاری زوقم. شار لێرەدا وێنەی بچووکراوەی نیشتمانن واتە کوردستان. شاعیر لە شارەوە بەدوای ناسنامەیەکی نوێوەیە بۆ نیشتمان. لە شیعری (داستانی شار) هەوڵدەدات شار و ناسنامە پێکەوە ببەستێت (مەنتک ٦٠ شار/شوێن و بەرهەمهێنانی ئازادیی پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە یەکەوە هەیە. لەم شیعرەدا شار دەبێتە بوونێک، خاوەنی چیرۆکی خۆیەتی. شار دەبێتە ناسنامەی ستەم چونکە گەواهیدەری ستەمەکانی داگیرکەران بووە (مەنتک، ٢٠١٨)

***دەنگی ژانی ئەم شارانە***
***چاوەڕێی گۆرانییەکە***
***هێشتا کاروانی قوربانی***
***دێڕەکانی نەچنیوە*** (کەریم، ٢٠١٨: ٨٦)

نەخشە یەکێکە لە جۆرەکانی نیشانە، کە دەچێتە ڕیزی شێوە (ئایکۆن)ـەوە. هەموو جۆرە نیشانەیەک، کە لە لۆژیکدا بەریان دەکەوین، بریتین لە شێوە (ئایکۆن) ئاماژە (ئیندێکس) و هێما (سیمبوڵ) ئایکۆن نیشاندەری ڕاستییەکی چۆنێتییە (دنیەس، ١٣٨٩: ٨٤)

ئایکۆن وێنەی عەینی و زەینییە، وێنەی عەینی هەمان ئەو وێنانەن، کە لە بوارە جیاوازەکانی زانستی بیرکاریی سەروکاریان لەگەڵدا هەیە. وێنەی زەینی ئەو وێنانەن، کە لە بواری تێگەیشتنی زەیندا بەدی دێن (دنیەس، ١٣٨٩: ٨٤)

فریکوێنسی نەخشە بەگوێرەی بەرهەمەکانی، تا ئاستێک زۆرە، هۆکاری ئەم زۆرییە بەشێکی گەورەی خەم و خەونی نیشتمانپەروەرانەی شاعیرە، وەک نوێنەری دەنگی گەلێک لە نەبوونی نەخشەی نیشتمانەکەی هاوکات لەگەڵ نەبوونی ئاڵاکەی لە ئەتڵەسی جیهاندا.

جەلال ئەم ئایکۆنەی بەرز کردووەتەوە تا ئاستی هێما (سیمبوڵ) لەم وەسفانەوە دەردەکەوێت، کە نەخشە لای جەلال خودی نیشتمانە: نەخشەی وڵاتی ژان، نەخشەی وڵاتێکی سووتوو، نەخشەیەکی دڕێنراو.

**هەزار بنکەی بەخوێن سوور بوو**

***“ جەلالی میرزا کەریم لەو شاعیرانەیە، لە مێژووی شیعری نوێی کوردیدا توانیویەتی لە ڕەوت و شێوازی پێش خۆی دەربازی بێت و شێوازێکی نوێ بدۆزێتەوە ”***

**لەم نەخشەی کوردستانە لەت کراوەدا، ڕاوێستاون** (کەریم، ٢٠٢١: ٤٠)

جەلال لە شیعری (لە کوێم) دروست پرسیار لە بوونی نەخشەی نیشتمانەکەی دەکات لە نێوان بەغدا، تاران و ئیستامبووڵ و شام.

شیعری جەلال بۆ پرسی نیشتمان و دۆزی نەتەوەکەی لە سێ جۆر، یان قۆناغدا پۆلێن دەکرێن:

**-هوشیاربوونەوەی نەتەوەیی:**

***قووتابی بووم .. دەستم هەستم ئەکرد،***
***باسی مێژووی خۆم ناکرێ***
***ئای کە مێژوو درۆزنە ..***
***بۆچی ناوی کورد نابرێ؟*** ( تێگەیشتنی یادگارەکان)

ڕێی هوشیاربوونەوە لای شاعیر لە چرکەساتی ئێستادا، ئاوڕدانەوەیە لەو مێژووە، بۆ ناسینی خود و زیندووکردنەوەی ناسنامە و گیانی نەتەوە.

**-هەستکردن بە ئازاری نەتەوە:**

لە ڕێگەی چەندین کلیلە وشەوە ئەم هەستەی دەربڕیوە. یەکێک لەوانە زاراوەی (سێدارە)یە، کە چەکێکی دڵڕەقانەی دووالیزمیانەی یاسا – ستەمی ڕژێمی دیکتاتۆری بووە:

***کاتێک ئەم شارە ...***
***لەناو شەقامی کپ و خامۆشیا***
***لە گۆڕستانی بێ کفن پۆشیا***
***چزووی کۆڵەکەی قورسی سێدارە***
***بە گیانیا چزا..*** (کەریم، ٢٠١٨: ٤٠)

**-شۆڕش و خەبات لەپێناو پێشکەوتن و ڕزگاری:**

شاعیر بۆ دەربڕینی ئەم لایەنەی هەست و هزری دەیان زاراوەی بەکارهێناوە وەکوو: شۆڕش، چەک (تفەنگ) سەنگەر، شەهید، نەورۆز (گواستنەوەی لە هێمایەکی ئەفسانەیی بۆ هێمایەکی نەتەوەیی ئاماژەیە بۆ شۆڕشی کاوە) و هتد:

***ئێستاش کە من وەکوو کوردێک***
***باسی مارتن لۆسەر ئەکەم***
***زۆر حەز ئەکەم***
***گیانی لۆسەر لێرە بووایە***
***وەک من ... وەک تۆ***
***وەکوو ئێوەی هەموو دنیا، بماندیایە***
***دەستمان لە ملی کردایە***
***شۆڕشێکی تازەمان دەست پێکردایە*** (کەریم، ٢٠٢١: ٢٢)

**ئایدیۆلۆژیای شاعیر:**

ئایدیۆلۆژیا کاریگەریی لە سەر وشە دادەنێت، بۆیە ئەو وشانە دەبنە هێمای ئایدیۆلۆژی. کاریگەریی ئاییۆلۆژیا لە پەنای وشەکاندا لە ڕێگەی نیشانەکان، تایبەتمەندییەکانی زمانەوانی و نیشانداریی وشەکان لەو توخمانەن، کە دەق دەبەستنەوە بە بونیادەکان و پێشینەدەقی کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە (رودمعجنی، ١٣٩٠: ٢٦٠)

هەموو وشەکان بەشێوەیەکی یەکسان هەڵگری هزر و ڕوانگەی ئاخێوەر نین. برێکیان بێلایەنن، واتە خاڵین لە واتای کرۆکی و واتاکانی بەها کلتووریی و کۆمەڵایەتییەکان و برێکیان هەڵگری واتای کرۆکی و بەهاکانن، بۆیە دەبن بە دوو دەستەی نیشاندار و بێشان (رودمعجنی، ١٣٩٠: ٢٦٢)

بۆ نموونە: لە ڕووی بیری کولتوورییەوە وشەی (ماڵ) بێنیشانە؛ ماڵی دەوڵەمەند. هیچ جۆرە ئایدیۆلۆژیایەک لەم پەیامەدا نییە. بەڵام ئەگەر (دەوڵەمەند) بکرێت بە (فیرعەون) ماڵی فیرعەون؛ ئەوا ئەم هەواڵە هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەکی دژە، جا ئایینی بێت، یان ئایدیۆلۆژیای دیکە.

وەکوو لە ژینامەکەیدا باس کرا، شاعیر لە بنەماڵەیەکی هەڵگری بیری چەپ گۆشکراوە و خۆیشی لەسەر هەمان جۆری هزر بەردەوام دەبێت. ئەم جۆرە هزرە لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. لە ڕێگەی هاوچەشنی لە دروشم و ئامانجەکانی چەپگەراییدا لەگەڵ بەشێک لە دەربڕینەکانی شاعیر، دەتوانین بڵێین هەڵقووڵاو و ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیای شاعیرن وەکوو کەسێکی چەپ:

***نانی هەرزن***
***بۆتە کفنی ئەوانەی ژین***
***بە مەرگ ئەکڕن***
***.. هەر کاروانی هەژارانە و***
***ژەمێک پشکۆ لە پریاسکەی***
***نهێنییان ئەئاخنن*** (کەریم، ٢٠٢١: ٥٠)

**“ لەگەڵ ئەوەی سەرچاوەی ڕۆشبیریی جەلال خوێندنەوەی عەرەبیی بووە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەم وشەی عەرەبیی بەکارهێناوە ”**

ڕوانینی شاعیر بۆ ئایین ئەوەیە، کە دەبێت ببنە ئامڕاز بۆ ئامانجەکانی نیشتمان و نەتەوە. بە پلەی یەک وەکوو بەشێک لە ڕۆشنبیرانی سەرەتای سەرهەڵدانی هەستی ناسیۆنالیزم لەنێو کورددا ئایینی زەردەشتی، بە کەلەپورێکی ڕەسەن و دێرینی کورد دەزانێت و زاراوە سەرەکییەکانی ئەم ئایینە وەکوو هێما بەکاردێنێت:

***بۆ پێشوازی مەزدەی ژیان***
***لەگەڵما بن،***
***بۆ بەهاری نوێی کوردستان***
***لە گەڵما بن*** (کەریم، ٢٠١٨: ٨٠)

بەڵام خۆی وەکوو پیرەوارێکی هیچ ئایینێک نازانێت، لای شاعیر تەنیا ناسنامەی نەتەوەیی گرینگە و لەو پێناوەدا هاوار دەکات:

***شوناسنامەی ئاسمان و زەوی بدڕێنم***
***دوا هاوارم (کوردستان!) بێ و***
***ببمە هاونشینی دەریا*** (کەریم، ٢٠٢١: ٧٦)

**٣-گەردوونی:**

ئایدیای ئەنتەرناسیۆنالیزم و بیرکردنەوە لە چارەنووسی مرۆڤایەتی، هەوێنی هەندێک لە بەرهەمەکانێتی(خەزنەدار، ٢٠١٠: ٧٠٣)

بۆ نموونە خەمی گەلان و وڵاتانی وەکوو، سلڤادۆر، ڤێتنام، لوبنان، فەڵەستین و ...هتد. بەڵام لای جەلال خەمی لەمە گەورەتریش دەبینرێت، کە خەمی گەردوونی و مرۆییە، ئاشتی و ئارامییەکی گەردوونی و هەمیشەیی، جیهانێکی یۆتۆپی و هەماهەنگی هەمیشەیی:

***کەی بێ؟ چرکەی..***
***تەمەنی پڕ مەینەتی ئەم جیهانە،***
***لە داستانی ملیۆنی ساڵا ڕاوەستێ و***
***نەخشەیەکی ئاوریشمینی***
***پڕ پێکەنین***
***بەسەر ڕووی زەمینا بدات*** (کەریم، ٢٠٢١: ٤٢)

جەلال دیاردەیەکی لەباربووە بۆ کۆمەڵی کوردەواری، شاعیرێکی نیشتمانپەروەری بە دیمەن بووە. بە درێژایی ژیانی، وەکوو لە بەرهەمەکانیشیدا ڕەنگی داوەتەوە، باوەڕی بە هەر بیر و ئایدیۆلۆژیایەک بووبێت، پێیوابووە سوودی بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد هەیە و لە بەرژوەندەی دۆزی کوردە(خەزنەدار، ٢٠١٠: ٧١٠)

**سەرچاوە/**

**کوردی:**

١-خەزنەدار، مارف (٢٠١٠) مێژووی ئەدەبی کوردی ب٧، ١٩٤٥ – ١٩٧٥، کتێبی ئاراس – ژ: ١٠١٥.
٢-چالی، شەعبان (٢٠٠٨) شێوازی شیعری جزیری چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، سپیرێز ژمارا وەشانێ: ٢٩٥.
٣-دەشتی، عوسمان (٢٠١٢) لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر (تێکست و لێکۆڵینەوە) بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژ: ١٥٧، چاپخانەی حاجی هاشم.
٤-ڕەزا، ئەحمەد (٢٠٠٧)، هونەی شیعرنووسین ب١، دەروازەیەک بۆ ناسینی شیعر، چاپخانە: شەهید ئازاد هەورامی.
٥-ڕەنجدەر، سەباح (٢٠١٢) سێ کتێب لەبارەی شیعرەوە، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانە: بینایی.
٦-سوبحان، کامەران () گۆڤاری ئایندە – ژمارە ٧٩ قسەکردن لە ئەزموونی جەلالی میرزا کەریم.
٧-غەمبار، کەمال (٢٠٠٨) بەرەو جیهانی شیعریی چەند شاعیرێک، بڵاوکراوەی ئاراس – ژ: ٧٩٢، هەولێر.
٨-کەریم، جەلال میرزا (٢٠١٨) ڕوانینەکانی چاوی شەقام.
٩-کەریم، جەلال میرزا (٢٠٢١) ڕێگا دوورەکانی چاومان، دەزگای سەردەم ژ: ٩٨٤، سلێمانی.
١٠-محەمەد، پەخشان سابیر (٢٠١٢) ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خواروی کوردستان ١٩٧٠ – ١٩٩١، لە بڵاکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی – ژ: ١٥٥.
١٢-مەنتک، حەمە (٢٠١٨) شار و ناسنامە شار لە تێڕوانینی (جەلالی میرزا کەریم)دا، گۆڤاری ڕامان ژ: ٢٤٨.
١٣-سایتی زانیاریی (zaniary.com). ٢٠٢٢/٦/١١.

**عەرەبی:**

-عبدالله، سرور (٢٠١٥) حرکە الحداثە فی الشعر الکردی، موسسە آیدیا – السلیمانیە تسلسل رقم ٨٠.

**فارسی:**

١-دنیەس، آنە (١٣٨٩) درآمدی بر نشانەشناسی، ترجامن: مظفر قهرمان، نشر پرسش، چاپخانە: دانا.
٢-رود معجنی، محمود فتوحی (١٣٩٠) سبک شناسی، نظریەها، رویکردها، روشها، انتشارات: سخن، تهران ١٣٩٠.
٣-معراف، انور (١٣٩٥) سرآغاز شعر نو کردی و تحول فرمهای آن، گوتار.
٤-مهاجر، مهران و نبوی، محمد (١٣٩٣) به سوی زبان شناسی شعر، نشر: آگە.

# فنجانێک قاوەم بدێ، با وەرزەکانی قاوە و سەفەر بخوێنمەوە





ئەحمەد مستەفا زەکی

من هەمیشە لە شیعردا بە دوای فۆرم، یان ئیجا و وشەکاری، وێنا و هونەری گوتندا دەگەڕێم، ئەو ئێوارەی هاوڕێمان هۆشەنگ شێخ محمدی شاعیر و وەرگێڕ دوا دیوانی شیعری شاعیری دووره نیشتمانی پێبەخشین، شەو بۆی دانیشتم و لە دەرگای کۆمەڵەی یەکەمی وەرزی قاوەدا بەرەو پانتایی وەرزەکانی قاوە، وەرزی سەفەر و سەفەری باکان، قەسیدەی عاشقێکی دڵشکاو هەڵکشام و شوان عوسمان پەنجەی شیعری پێدام و ڕایکێشامە نێو کۆڕی قاوە فڕکردن و سەفەرە سەرشێتەکان و گەشتەکانی ڕۆژهەڵات و نووسینەوەی یادەوەرییەکانی سەفەر، لەم دیوانەدا سەرنجمان بۆ زۆر لایەنی شیعرەکان دەڕوات و هەڵوەستە لەسەر چەندین گوتنەوە دەکەین، لە ڕووی ماناوە تێبینی ئەوە دەکەم لە کۆی دەقەکاندا مانا شێوەیەکی ئاسۆیی هەیە و ڕووی هەر گوتن و مانایەک ڕاستەوخۆ دەگاتە خوێنەر، بۆیە خوێنەر لە کۆی دەقەکاندا هەست بە دژواری تێگەیشتن لە خودی دەقەکان ناکات، بگرە بێ هیلاکبوون و ڕووچوونە نێو دەق خوێنەر بە خێراییەکی بێ ئاستەنگ بە مانا دەگات، ڕەنگ بێت ئەمە لایەنێکی هونەریی کۆی شیعرەکان و تەکنیکی شاعیر بێت، بۆیە ئەو گەیشتنە چەمک و دەلالەت و گەیشتن بە مانا شیعرییەکان لەم ئەزموونەی شوان-دا شێوە ئاسۆیی وەردەگرێت، کات یەکێک لە ڕەگەزەکانی ئەم ئەزموونەیە شاعیر پەنای بردووەتە بەر و وەک زەمەنێکی نێو هەفتە تەرکیز لە ڕۆژێک دەکاتەوە (کاتەکان بۆ شاعیران هەمیشە کەرستەی پرۆسێسی چالاکی و کارکردنن، لە کاتدا سەفەر هەیە، لە کاتدا فڕکردنی قاوە هەیە، لە کاتدا چێژەکان چالاک دەبن) ئەمانە ماددەی خاوی دەقەکان دەبن و لە یادەوەری شاعیردا دەبنە خەیاڵ و مانا ئەندێشەی شاعیر دادەڕێژن بەرەو وێنای شیعری، ئەم داڕژانە لە تێگەیشتنمان بۆ مانا ئاراستەیەکی ئاسۆیی لە پرۆسەی خوێندنەوەی دەق بۆ خوێنەر بەرهەم دێنێت.

شەممە ئەو زەمەنە دیاریکراوەی نێو هەفتەیە، کە بەشێکی چالاکی خەیاڵی شاعیری تێدا بەرجەستە بووە:

***بەر لەوەی دووشەممە بێ و تامی قاوەکانی بکەم***
***لە شەممەدا بیریان لێ دەکەمەوە***
***بە میزاج و عەتری ئەمڕۆ، کە دێنە من و***
***فڕم دەکەن، فڕیان دەکەم***...ل٣٧

***یەکەم شەممەی ساڵی نوێ***
***فنجانی ئەمساڵم هەر فنجانی پار و قاوەکەش هەر هەمان قاوە***
***بە هەمان تراکسۆ و هەمان ڕۆب، لە دوای خەوی دووەمی***
***شەمموانم***
***لە هەمان شوێن دائەنیشم***
***وەکو پار بەدەم فەیرۆز بیر ئەکەمەوە***
***قاوە ئەخۆمەوە و کتێب ئەخوێنمەوە***
***بەڵام بەختەوەم***
***ئەمساڵ نە کتێب، نە خۆم، نە تەمەن و نە بیرکردنەوەم وەکو پار نابن***

(شیعر بۆ دۆخی دەروونی و ورووژاندنی گیانی، لەنێوان مەوداکاندا دێت و دەچێت، دۆخی دەروونیش بەشێکە لە وزە زیندووەکانی زانیاری، چونکە بینین دەگۆڕێ، بەڵام جیهان ناگۆڕێ)[1]

من وا هەست دەکەم بەشێکی زۆری ژیانی

شاعیر خۆ بەتاڵکردنەوەیەکی دەروونییە بە ئاراستەی جیهان، شاعیر لە سەفەر و خەیاڵی نێو قاوە و خەیاڵی نێو گۆرانییەکانی فەیرۆز و ماملێ-وە کەسایەتییەکە لە دوو کارەکتەر، وەک دوو زەمەنی جیاواز خۆیان لە تەمەنی شاعیردا حەشارداوە، زەمەنی یەکەم، کە بە تراژیدیای منداڵی و چۆن منداڵیەکی ڕۆژهەڵاتی دەست پێدەکات لە ڕۆژهەڵاتیش سەخترین زەمەن زەمەنی منداڵی کوردە، کوردبوونیش بۆ ئەوێ ڕۆژێی شاعیر، وەک شانازییەک سەردەردێنێ، بەدیاریکراویش لەم ماوەی منداڵییەدا پرسەکانی شۆڕش و ئازادی و تێکۆشان بە ڕیتمێکی ئاسۆیی بەشێکی زۆری بیر و ئایدیای کۆمەڵگە داگیر دەکات لە ناویشیدا لە منداڵێتی هەروازتر، کە مێرد منداڵییە ئەم چەمکە نوێیانەی خودی ئەم زەمەنە دەبنە خۆراکی پڕۆسەیەکی نامۆ و سەرەتاکانی شوان بە شۆڕش دەنووسنەوە، لەم زەمەنەی منداڵی + مێردمنداڵی، کە ئەم قۆناغە هەڵگری سەدان خولیا و هەستی خۆشەویستی و ئەویندای لە خۆ دەگرێ + شاخ و شۆڕش و پێشمەرگایەتی + ڕاپەڕین و دەرەنجامەکانی بە شەڕی ناوخۆشەوە، ئەمانە زەمەنی، یان باشتر وایە بڵێین کارەکتەری یەکەمن، لە کەسایەتی شاعیردا دەبینرێ و شاعیر بە چاوی دەرەوەی ئەم زەمەنە دەچێتەوە سەر کۆی یادەوەرییەکانی زەمەنی دەسپێکی ژیان، نۆستالیژیانە بۆیان دەگەڕێتەوە و لە ئاستیاندا دەکەوێتە پرسیار و پرسیار و پرسیار، وەک لەم دیوانە شیعریەدا کۆی پرسیارەکانی لەسەر یادەوەرییەکانی ئەو زەمەنە دەچنە نێو دەقی شیعریەوە و زەمەنەکە وەک گومانێک لە پەشیمان بوونەوە بۆ نەوە دستکەوتەکانی جوانی و خۆشگوزەرانی مرۆڤبوون دادەمێنێ، ئەمانە دەبنە کەرەستەی تراژیدیانەی چەندین دەقی شیعریی

و لە دارشتنەوەی یادەوەریەکاندا هەست بە تازەبوونەوەی پڕۆسەی ئەدەبی نووسینی شاعیر دەکەم و ئەم دیوانە و داهاتووی شاعیر بە بەردەوامی دەتەنێ، چونکە سروشتی بیری شاعیر بەردەوام بە پرسیارەوە دەبینم، پرسیارەکان خۆیان لە داهاتووی ژیانی شاعیر و پڕۆسەی ئەدەبیی دا تازە و تازەتر دەکەنەوە، سروشتی باکگراوندی یادەوەرییەکانی شاعیر ئەوەمان پێدەڵێن:

***ئێمە لە وڵاتێ***
***گەورە بووین،***
***لە زەمەنێک***
***هاتین***
***نە لە خۆمان***
***بە خەبەر***
***بووین، نە لە***
***زەمەن***
***بەدەم ڕێوە***


**“**

***من وا***
***هەست***
***دەکەم***
***بەشێکی***
***زۆری ژیانی***
***شاعیر***
***خۆ بەتاڵ***
***کردنەوەیەکی***
***دەروونییە***

**”**



**شوان عوسمان**







***خەواڵووبووین و هەمیشە پرخەمان دەهات***
***بۆیە دەبێ بە قاوەیەک وشیار بینەوە***..ل٩٣

شاعیر سەفەر وەک پرۆسەیەکی ژیاری و مەعنەوی دەخاتە نێو تابلۆکانی ژیانی و نووسینەوەیان لە زاکیرە و ئەندێشەدا، هاوکات گەیاندنی سەفەر بە پانتاییەکانی دەقدا (کاتێک منی شیعری دەیەوێت جووڵەی جەستە ڕەسم بکات، لە ڕێگەی جوگرافیاوە دەچێتە ژوورەوە و بە نهێنییەکانی ناوەوە شۆڕ دەبێتەوە)[2]

لە دەقەکاندا شوان عوسمان بەردەوام بیری لای سەفەر و نوسینەوەیان و گرێدانیان بە یادەوەرییە، وەک دەقەکان خۆیان پێم دەڵێن ئێمەش گیرۆدەی سەفەرین، بەڵام سەفەری دەقەکان جێی تێڕامان و ورد بوونەوەن بۆ خوێنەری عاشق بە سەفەر و بە قاوە، ئاخر شوان هەر سەفەر نانووسێتەوە، لەگەڵ سەفەردا قاوە، وەفا، هاوڕێیەتی و مرۆڤبوون و دونیایەکی دی لەوەی پێشوو ئامانج گەلێکی شاعیرن شایستە بە بوونە دەقی شیعرین، بەردەوام دەیەوێت بکەوێتە ڕێگەی گەیشتن بە هەموو شتەکان، بە ژوان، بە سەفەر، بە قاوە، بە سڕینەوەی یادەرەرییە تفتەکانی تەمەن، شوان ماندوو دەبینم بەدەست ڕۆژگاری ڕۆژهەڵاتەوە، ئاخر ڕۆژهەڵات نەوەک هەر بۆ خودی شاعیر مایەی زۆرترین پوچییە، ئەوە نییە کۆمەڵگەی ئێرە (خۆرهەڵات) لەبەردەم چ دەهشەیەکی زەمەنی گومان دایە، بۆیە، کە شاعیر بەر لەوەی بگاتە

> "
> **لە ڕووی ماناوە تێبینی ئەوە دەکەم لە کۆیی دەقەکاندا مانا شێوەیەکی ئاسۆیی هەیە**
> "

کارەکتەری دووەم زەمەنی خۆی، دەڵێت:

***هەموو جار بە خۆم دەڵێم، ئەو سەفەرە وەکو هیچ سەفەرێک نییە***
***هەموو جارێکیش بە نەگۆڕەکانم ئەڵێم: بگۆڕێن سەفەر پڕە لە گۆڕان***
***تا خۆم نەگۆڕم، شوێنەکان ناگۆڕێن***
***ئەوانەی گومان دەبەزێنن، دەبەنەوە***
***نەک ئەوانەی دەترسن***
***ئەوانەی بەدەم ڕێگاوە دەڕۆن و خەون دەبینن***
***هەموو ڕێگاکان دەکەنەوە***
***هەست بە کوڕبوونەوەی هەوراز و قاقای نشێوەکان دەکەن***
***وەکو بێگانە بە وڵاتە غەریبەکان ڕاناوەستن***
***وەکو ئاو بێ ئاوڕ دەڕۆن***....ل٩١

(ئەوە تۆی موسافیری چۆن مەزەندەی ئەو دەرگایانە و ئەودیو دەرگاکان دەکەیت، تەنیا شاهیدێکیش ئەو هەقایەتانەن، کە لە توێی تێکستەکەتەوە گەشتەکەمان بۆ دەگێڕیتەوە)[3]

شاعیر چەند عادز بەو یادەوەریانە دەردەکەوێت و چەند ماندووی زەمەنی نێو یادەوەرییەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕۆژگاری دژواری زیندەگییە، ئەو نایەوێت لە گەڕانەوەی بۆ هەمان مەنزڵ بگەڕێتەوە بۆ هەمان خاڵ، کە خاڵی تراژیدیای نەهامەتییەکانی هەمان مەنزڵگەیە و نایهەوێت دەستبەرداری نۆستالیژای ئەو مەنزڵگەیە بێت، دیقەت بدە چۆن هەمیشە یادەوەری دەچنەوە نێو دەقەکان:

***تا بڕۆم بیر لە سەفەرێک ئەکەمەوە***
***کە پڕ بێت لە ڕۆیشتن و نەگەڕانەوە بۆ هەمان مەنزڵ نا***
***بەڵکو نەگەڕانەوە بۆ هەمان خاڵ***...ل٩٠

شوان عوسمان قاوە وەک هۆکارێک دەخاتە نێو ژیان و یادەوەری و پێیەوە گیرۆدە دەبێت و یادەوەرییەکانیش بە قاوەوە دەخزێنە زۆرترین دەقە شیعرییەکانی، شاعیران کەم هەبوون نەچووبنە نێو سەفەر و هۆکارێکیان نەبێت تا لە نێو خودی یادەوەرییەکانیانەوە نەبن بە خاوەنی زۆرترین ئازێشەکان و تۆمارێک نەدەنە ڕۆژگار و خۆیان نەنووسنەوە، خوانی شاعیران هەمیشە تایبەتمەندبوونە و پڕبوون لە پرسیار و مەی و عیشق و یاخیبوون و سەفەر، شوان بە هەردوو

کارەکتەرێتیەکەیەوە ڕێ دەکات و بەردەوام سەرمەستی خۆ نوسینەوە و ئەو نوسینەوەیە بووە، دەسەڵاتی ڕەهای بەسەر دەقی شیعرییەوە جێماوە و لە هیچ وێستگەیەک ناسەنگرێتەوە، ڕەگەزێکی دی شوان خەونە، ئەو خەون بە بەشێک لە درامای ژیان دەبینێ و پێیوایە بێخەونی خۆبەدەستەوەدانی کۆتایی زەمەنی بوونە، هاوکات ئەوی دووەم دەدوێنێ و ناخوازێ بێ خەون بێت، ئەوی نێو یادەوەریی و نێو دەقەکان و ئەوی هاودەمی قاواندن:

***تۆ لە خەون مەبە***
***مرۆ بێ خەون ناتوانێت بە تەنیا لەو ژیانە جەنجاڵ و بێخەوییە،***
***تۆزقاڵێک هەڵبکات***
***بێ خەونی، یانی مردن***...ل١١٢

دیسان شاعیر کەسەری خەونی بچووک و ساردی ڕۆژهەڵاتیانە بە کوردبوونیشەوە دەکەوێتە خەیاڵ و هزری، بچووکبوونەوەی ئەو خەونانەی سەرتاپای کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی تەنیوە و بوونەتە لەمپەری ئاسوودەیی ژیانی تاک و کۆ، بەراوردکردنی دوو خەونی هۆڵەندیەک و کوردە بۆرەیەک پرسیارگەلێک دێنێتە پێشەوە، لێرەوە دەبێت دیقەتی ئەم چەمکە بدەین (کوردە بۆرە) کە لەرووی واقیعیەوە چ دەلالەتێک، یان چ مانا و مەغزایەکی هەیە، لە کوێی یادەوەری و لە کام توانجەوە دەستەواژەی کوردەبۆرە ئاراستە دەکرێت، دیارە خودی چەمکەکە توانج ئامێزە لە لایەک بۆ لاوازی پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و فەرهەنگیی، لەلایەکی دیکەوە بێباکی ئەم گەلە (کورد) دەخاتەڕوو، من وای دەبینم دەستەواژەکە بۆ ئێمە شەرمنانەیە چونکە کوردە بۆرە لە شوێنێک بەکارنەهاتووە، کە تاکی کوردە بۆرە توانییێتی لە ململانێ هەمە شێوەکاندا سەرکەوتنی مێژوویی تۆمار بکات، لە کاتی هەڵوێستە لاوازەکان (هاکەزایی) چووەتە نێو جدیاتی ژیانەوە و خەونەکانی چکۆڵە و یەک ڕەنگن، بۆیە دەشێ ئەمە خەمێکی دی شاعیر بێت، لە بێخەونی گەورەی کورد بێت، ئەو دوو بەراوردە باوێتە نێو دەقەی شیعریەوە:

***لەو وڵاتانەی هەموو لەزەتێک حەرام و مردنە***
***بیرکردنەوە و بڕیاردان و هەڵبژاردن، سێکوچکەی***
***حەرام و تا بۆن***
***هەموو بوونێک لێرە خەونێکی چکۆڵەیە و***
***لەوێوە دەست پێدەکات،***
***خەونەکان سەرەتا هەموویان یەک ڕەنگن***
***بەڵام دوایی بە گوێرەی گۆڕانی شوێنەکان، دەگۆڕێن***
***خەونی هۆڵەندییەک زۆر جیاوازە لە خەونی کوردە بۆرەیەکە***
***با ئێستا پەساپۆرتی هۆڵەندیشم لە باخەڵ بێ، هەر جیاوازم***

دووبارە دەمەوێت ئاماژە بەو لاوازیەی تاکی کوردەبۆرەیەک بدەم، کە بێباکیەکەکەی لەگەڵدا گەورە دەبێت و لە هەرشوێنێک بێت، پەساپۆرتی هەر وڵاتێکی لە باخەڵدابێت، ئەو دواجار دەگەڕێتەوە سەر بنچینەکەی خۆی، ئەوەشمان دەکەوێتە بەرچاو، کەشاعیر لە گۆڕانکاری تاکی کۆمەڵگەکەی زۆر نائومێد دەردەکەوێت، دواتر شاعیر دەیەوێت هەستی هاندان ئاراستە بکات و هەمان تاک، یان هاوشێوە بانگ دەکات و دەڵێت:

***وەرە با ئێمەش دەست پێ بکەین و بکەوینە ڕێ***
***با بزانین، چ ڕێگایەک دێتە سەر ڕێمان و بەرەو چ خەونێکمان دەبەن؟***
***بزانین چ دەڤەرێک لەبەر پێمان دەرژێ***

دەشێ خودی دەقەکە ئاراستەی بەرەو تاکێکی تایبەت و زاتی بێت، بەرەو ڕێگەیەکی خەوندار بێت و دەڤەرێکیان لەبەر پێ بڕژێت.

ئەوەی من تێبینیم کردبێت، شاعیر لە کۆی دەقەکاندا زیاتر پەخشانی و لە هەندێک شوێنیشدا تووشی شێوە وتارێک دەبێت و شیعرەکانی هونەری شیعریی لە دەست دەدەن، بەڵام ئەمە بۆ خەیاڵڕژانی شوان نابێتە گرفتی دابەزاندنی دەق، شوان عوسمان دەیەوێت بەردەوام گوتن ئاراستە بکات و خوێنەر بخاتە ژێر بەرپرسیارێتی دەق و ماناوە لێرەدایە شاعیر دەکەوێتە بەردەم دوو پرۆسەی نووسینەوە، کە دەق وەک ژانرێکی شیعریی پانتایی دیوانەکەی داگیرکردووە، کە ئەوەش لە ڕووی فۆرم و هونەری وێنە ومانا و ئیحاوە گرینگی هەیە و شوان وەستایی لێ بەکارهێناوە، هەر لە بەشێکی بچکۆلانەی خودی هەمان ئەو دیوانەدا جۆرێکی دی پرۆسەی نووسین

**"ئەوەی من تێبینیم کردبێت، شاعیر لە کۆی دەقەکاندا زیاتر پەخشانی و لە هەندێک شوێنیشدا تووشی شێوە وتارێک دەبێت و شیعرەکانی هونەری شیعریی لە دەست دەدەن"**

(مانا) وای دەبینم لەم پڕۆسەی نووسینەدایە شاعیر چەند ئاراستەیەکی شێوە شیعریمان پێدەدات، کە لە پێناو گوتن و مانادا کردەی هونەری وێنەی دەبێتە قوربانی گوتن و مانا، ڕەنگە شاعیر لەم شێوە پڕۆسەیەی کۆی کردەی شیعریەدا بێ ئاگا بووبێت و بێ ویستی خۆی ئەم شێوە نووسینە پێتێکی دیوانەکەی، یان دەقەکەی گرتبێتەوە، شاعیر لەم پڕۆسەیەدا گەڕاوەتەوە بۆ ئاراستەکردنی مانا لە شێوەی پەخشانی، بەتایبەتیش شوان ئەزموونێکی پەخشانی لە ڕابردوودا هەیە.

دوا خوێندنەوەمان، کە پەیوەستە بە قاوە و یادەوەری شاعیر دەقی شیعری (قاوەیەک فرمان دەکات، تا بەرەو ئەوێ بگەڕێینەوە) لە ناوی ئەم دەقە هونەری پێچەوانەبوونەوەی مانای فرکردن لە ئێمەوە بۆ قاوە، لەبری ئەوەی قاوەیەک فڕبکەین قاوەیەک فرمان دەکات، بۆ؟

تا بگەڕێینەوە ئەوێ، ئەوێی کۆی ئەو یادەوەریانەی وەڵامی پرسیارەکان بە دوای خۆیاندا دەهێنن:

***قاوەیەک لە نێو دەستەکانی تودا دەکوڵێت و***
***بۆنی بە گەڕەکەکەماندا دەڕوا***
***ئەو گەڕەکەی نە گەڕەکی منداڵی و نە نیشتیمانی دایکیشم بوو***
***ئێستا نیشتیمانمە***

بە هۆی بە شیعربوونەوەی مانا، گشت وێستگەکانی ڕابردوو بۆ شاعیر دەبنە پرسیار، کۆمەڵگەی کوردیی بە ڕادەیەک لە لایەن شاعیرەوە بووەتە جێی تێڕامان و بیرکردنەوە. بۆچی بیر و بۆچوونە جیاوازەکان لە شوێن و لە کاتی خۆیاندا پەیرەو ناکرێن و تاکەکانی کۆمەڵ بۆچی لە بەرانبەر بیروباوەڕ و پرەنسیپەکانیان ڕاستگۆ نەبوون؟ تەنانەت لایەنە سیاسییەکانیش لەم تێبینییە بەدەرنین، وەک چەپەکان، ناسیۆنالیستەکان، مەزهەبییەکان، گشتیان لە ئاست تێز و ئایدیاکانیان ناراستگۆیانە ڕەفتار و کردەوەی ژیان دەنوێنن:

***هاوسێکانم هۆڵەندی و پۆڵۆنی تورک و فارس و فلیپینین***
***ئێستا هەموو نەتەوەکان برامن***
***من لە ڕێی قاوەیەکەوە نەک تیۆرێک چەپم،***
***نێو نەتەوەییم***
***بۆنی ئەو قاوانە***

***چەند دادپەروەرن هەموو بەیانیەک بە زمانێکی هاوبەش***
***وەکو یەک سەر بە ماڵەکان دەکەن***
***لە بری ئەوەی بڵێین کرێکارانی دونیا یەکگرن دەڵێین:***
***قاوە دێمی کێشا و قاوەخۆرانی گەڕەک وەرن،***
***بە کوچە و کۆڵانەکانی ناوەوەم وەربن،***
***یەک یەک بسوڕێنەوە***...ل٥٨-٥٩

شاعیر دەگاتە ئەو بڕوایەی مرۆڤەکان لەسەر زەمینی واقیعی بەبێ جیاوازی ئایدیا و بیر و زمانی نەتەوەیی و نیشتمان، لە دوورە وڵاتی زمانێکی هاوبەش هەموویان کۆ دەکاتەوە، کە زمانی بۆن و تامی قاوەیە و بەنێو کووچە و کۆڵان و هاوسێکاندا ڕۆڵی لە یەک گەیشتن دەبینێت، خەمی گەورەی تاکی هەر نەتەوەیەک لە غەوارەیی، تا لە دوور بکەوێتەوە نیشتمان دەبێتە بیرەوەری:

***شانبەشانی ئاگرە غەریبەکانی دوورە وڵاتی***
***تا دوور بکەویتەوە، نیشتیمان زیاتر دەبێتە بیرەوەری***...ل٥٩

(زمان یەک لە گرنگترین توخمەکانی ئەدەب و نووسینە، لە قوتابخانەی فۆرمالیستی ڕووسیا و لە لای کۆڕپەکەشی، کە بونیادگەراییە، لێکدانەوەی زمان گرینگی زۆری هەیە، بنەرەتی فیکری ئەم ڕێبازانە زیاتر لە سەر دەرکەوتوویی تێکستە ئەدەبییەکان و نامۆیی و دوورکەوتنەوەی لە زمانی ئاسایی ...)[٤]

شاعیر چۆن لە پاڵ ئەم دێڕەوە گلەیی لە برادەرە چەپەکانی دەکات، کە بەرەو دواوە گەڕاونەتەوە، وەک ئەم گلەییە بۆ ئەوانی دیش ڕاستە و لە تێز و بیر بڕوای سەردەم و قۆناغی شۆڕش و ئامانجەکانی شۆڕش هەڵگەڕانەوە و بەشێکی زۆریان بوونە بەچکە دیکتاتۆر و بۆرژوای مشەخۆر، لە پاڵ ئەم گلەیی شیعرەیەدا شاعیر زۆر شت دەڵێت، بەتایبەتی تەوژمی شۆڕشگێڕیی ئەوسا ڕێک دوای پڕۆسەی ئازادی و ڕاپەڕین پێچەوانە بوونەوە و ڕاستگۆیی وبیروباوەڕەکانی شاخ گشتیان بوونە یادەوەرییەکی خەیاڵی:

***برادەرە چەپەکانی ئەوێم***
***ئەوەندە بەرەو دواوە گەڕاونەتەوە، بوونەتە هەڵم***

> **"لە دەقەکاندا شوان عوسمان بەردەوام بیری لای سەفەر و نووسینەوەیان و گرێدانیان بە یادەوەرییە، وەک دەقەکان خۆیان پێم دەڵێن ئێمەش گیرۆدەی سەفەرین"**

**مامۆستاکان،**
**لە پەیامی خۆیان هەڵگەڕاونەتەوە،**
**ئەوانیش وەکو تێکڕا لەگەڵ خۆیان ڕاستگۆ نین**...ل ٦٠

بە هەڵەدا ناچم ئەگەر بڵێم شاعیر سووتاوی دونیایەک خەم و کۆڤانە، ئەوە لە مەنفایە مەنفای یادەوەرییەکان و جۆرێک لە تەنیایی نیشتمانی و یادەوەرییەکان و ئەو هاوڕێیانەی هاویادەوەرین.

**من ئەوەندە سووتاوم**
**دووره ولاتی و قاوە ناوێرن چیتر تخونی ئاگرەکانم بکەون**...ل٦١

شوان عوسمان ئەوەندە گیرۆدەی قاوە و فنجان و ئەو و بەیانی و ڕۆمانسیەتی تاریکییە تا دەگاتە نێو دەقی شیعری لەگەڵیدا درۆیە قاوەییەکان بە سەربوردەوە سپی دەکاتەوە، لە شیعری حیکایەتەکانی فنجان و قاوەکانم شاعیر بەنێو پانتایی دەقدا بڵاودەبێتەوە:

**وەرە با بە قاوەیەکی ڕەش و فنجانێکی سپی**
**هەموو سەربوردە قەترانی و درۆیە قاوەییەکان،**
**یەک یەک سپی بکەنەوە**
**بەرلەوەی شەوێکی تاریک بێت و تاریکترمان بکات،**
**بەشەوە ڕەشەکان، با خۆمان سپی بکەینەوە**...ل ٧٠

ئەوەی لای من وەک هونەرێکی مانای شیعری لەم دەقەدا جێدەمێنێت، شاعیر بە دەستەواژەیەکی جوانی شیعریی قفڵی دەقەکە دەکات وخوێنەر لە دووڕیانی پرسیارێکەوە جێدێڵێ و دەبێژی

**بەو بەیانییە**...ل ٧٠

وەرزی سەفەر و وەرزی باکان، ئەم قەسیدەیە ٧٢ بەشە بۆ هاوسەفەری ڕۆژهەڵاتی کامەران مەهابادی، کە ڕێبواری نێو دەقەکەش بووە، ئەگەرچی خوێندنەوە و تێرامان بۆ دەقەکە کات و گوتنی زۆری پێویستە، بەڵام ئێمە لە چەند وێستگەیەکی چامەکەوە هەڵوەستە دەکەین و خوێندنەوەی بۆ دەکەین، شاعیر لە کۆی دەقەکەدا گشت یادەوەری و خەیاڵ و گەڕانەوە و نۆستالیژیانەی بۆ مێژووی خاک و نیشتمانی ڕۆژهەڵات کردووە و سەرنجمان بۆ ڕۆژهەڵاتیانە ڕادەکێشێت، جێی سەرسوڕمان نابێت، ئەگەر بڵێم شاعیر لەو سەفەرەدا هەست بە بوونی یاسایەکی دژواری ڕۆژهەڵات دەکات و پێکەنین نەگاتە لێوی هیچ بنیادەمێکی ئەوێی نێو وشکە یاسا، کە لێرەی ڕۆژهەڵات و لێرەی دونیایە، دوای ئێرەش ئەوێی قیامەت و ترس و گریان:

**لێرە لەبەر یاسا کەس پێناکەنێت**
**لە وێش لەبەر گریان بۆ قیامەت و ترس لە حەرامەکان**
**کوپی بەختەوەرییەکی بیتامیش نەماوە فڕێ بکەین**..ل ٨٧

دەبێ لەم دەقەدا ئاماژە بە ئاستی وێنەی شیعریی بدەم، کە دەسەڵاتی هونەریانەی شاعیری بەسەردا زاڵ بووە، لەم ڕووەوەش شوان عوسمان توانیویەتی لایەنی هونەری شیعریی لە دەقەکەدا فەرامۆش نەکات:

**ئەوانەی بەدەم ڕێگاوە دەڕۆن و خەون دەبینن**
**ڕێگاکان دەکەنەوە**...ل ٩١
**سوپاس بۆ مەلەکان، ڕێوری لەگەڵمان بوون لە سەفەر**... ل ٩٥
**وەرە با، لە باوەشم بکە**....ل ٩٦
**تۆ ئەگەر عاشقی سەفەریش نەبیت**
**ڕێگایەک هەر دەبێ هەڵت گرێ وەکو جانتا**...ل ٩٨
**سەفەر، منی گەیاندە خۆم و**
**هەموو ڕێگا نادیارەکانی ڕابردوو و داهاتووم**...ل ٩٩
**وەرە موسافیری بڕام، تۆ هێشتا تامی دۆڕانێکت نەکردووە**...ل ١١١
**چی لە چرا بکەم، کە ساڵ دەڕوا و مۆمی**
**تەمەنی حەوت ساڵیم تاقەتی سوتانی نەماوە** ...ل ١٧٢
**ئەگەر دەرەوە بارانیش بێت، ژوورەوە بەفرە**
**تۆ کە بڕۆی، بۆ کورسیەکان لێرەبن؟**ل ١٧٣
**ئەو قاچانە فێری سەفەری دەرەوە مەکە**
**ئەوان کە فێری ڕۆیشتن ببن، ناتوانن بگەڕێنەوە**...ل ١٨٣

خوێنەری بەڕێز ئەم خوێندنەوەیەی بەندە پێوەر نییە بۆ ئەوەی ئەم دیوانە لەوە زێتری پێویست نەبێت بۆ گوتن و خوێندنەوەیەکی هونەریی و زمانی شیعریی و وێنەیی، ئەم باسەم لەمەڕ دەقەکانی دیوانە شیعری وەرزەکانی قاوە و سەفەر، ڕا و سەرنجی بەندەیە بۆ خودی شیعرەکان و خودی شاعیر، هیوادارم توانیبێتم دەرگایەک بۆ خوێنەر لەسەر دیوانەکە بکەمەوە و خزمەتێکی بچکۆلانەم خستبێتەڕوو.

**سەرچاوە:**

**١- دوو کتێب لە بارەی شیعرەوە، سەباح ڕەنجدەر هەولێر ٢٠١١.**


**٢-شیعری نوێی کوردی دوای ڕاپەڕین عەبدول موتەلیب عەبدوڵلا، لێکۆڵینەوە و شیکار، هەولێر ٢٠١٩.**

**٣-خود نووسینەوە، ئەنوەری ڕەشی عەولڵا، دیدار و وتار، هەولێر ٢٠٠٨.**

**٤- گۆڤاری نما ژمارە ٥٢ ل ١٧٧ چنوور فتحی، ئەزموون و تازەگەری، هاوینی ٢٠١٢.**

چیرۆک

# جەلالی دارتاش



یوسف ئیسماعیل عەزیز

نزیکی خۆر ئاوابوونە، دەگەڕامەوە بۆ ماڵ کەسێکی بەتەمەنی ڕووخۆشم بینی، پرسیاری شتێکی لە خەڵکەکە دەکرد، بەڵام دیاربوو ئەوەی دەیویست دەستی نەکەوتبێت.

جل و بەرگێکی نوێی کوردیی لەبەردابوو، کەسێکی شیک پۆشبوو، هەر لە جلوبەرگە ئوتوکراوەکەی، چۆنیەتی بەستنی پشتێنەکەی کەسێکی بە ویقاری دەنواند، کڵاشەکەی زۆر لەو کەفانەی سەر دۆ سپی تر بوو ڕەنگی تەستبێحە گەورە قەزوانیەکەی، هاوشێوەی خەنجەری بەر پشتێنەکەی بوو.

– بە دوای کەسێکدا دەگەڕێیت؟

– بەڵێ، تۆ خەڵکی ئێرەیت؟

– بەڵێ، لەدایکبووی ئێرەم و هەرلێرەش گەورە بوومە.

– باشە تۆ داودی حاجی عەلی دەناسی؟

– بەڵێ، بۆچی؟ ئەوە منم!

– داود، ئەوە تۆی؟ من ناناسی هاوڕێ کۆنەکەت؟

– نەخێر تۆ ناناسم کام هاوڕێ؟

– داود جەلالم، جەلال!

– کام جەلال؟

– دەمی هێنایە بەر گوێیەکانم بەنووبی پێی گوتم: من جەلالی دارتاشم، ئەوەی تۆمەتی کوشتنتان خستە پاڵم و شار و وڵاتم جێ هێشت.

– جەلال ئەوە تۆیی؟ لەخۆشیا نەمەزانی چی بکەم، باوشم پێدا کرد و چاوەکانم فرمێسکی پێداهاتنە خوارێ.

– خێرا، جەلال با بچین بۆ ئەو چایخانەی نزیک ماڵی خۆمان، لەوێ دەبێ هەموو شتێکم بۆ باس بکەی. بۆوا پیربویتە؟ خۆ تۆ تەنیا سێ ساڵ لەمن گەورە تری!

– داودی برام خەم و دووری وای لێکردووم.

– دەنگۆی ئەوە هەبوو، کە مردووی؟

– گوێ بەقسەی خەڵکی مەدە، با بچین بۆ ئەو چایخانەیە هەمووت بۆ باس دەکەم.

گەیشتینە چایخانەکەی نزیک ماڵی ئێمە، بانگی گارسۆنم کرد و گوتم خێرا دوو چایی کەم ڕەنگ بێنە.

جەلال لای ئێمە ناسراوە بە جەلالی دارتاش، کاری دارتاشی دەکرد لە گەڕەکەکەمان زۆر بەتوانا و لێهاتوو بوو، ئاغا و دەرەبەگەکان پێی سەرسام بوون، خەڵک زۆر بەخیلیان بە جەلال دارتاش دەبرد. جەلال کچێکی خۆش دەویست ناوی فاتیمە بوو، ئەویش بەهەمان شێوە، بەڵام کوڕی ئاغا واتە ئاغای بچووک (ئاغا حەسەن) ئەو دەیویست فاتیمە بۆ ئەو بێت، ڕۆژێک هەواڵ بۆ ئاغای بچووک هات، کە ئەم شەو جەلالی دارتاش و فاتمەی کچی لوقمانی عەتار لێک مارەدەکرێن. بەم هەواڵە ئاغای حەسەن زۆر تورە بووو، هیچی پێنەدەکرا. سێ مانگ تێپەڕی بەسەر زەماوەندی فاتیمە و جەلالی دارتاش، ئاغا حەسەن هەڵسا بە دانانی پیلانێک بۆ لەدەست دەرهێنانی فاتیمە لە ژێر دەستی جەلال، بۆیە پیاوەکانی خۆی کۆ کردەوە، کە لە ناوەڕاستی شەودا بەسەر ماڵی جەلالی دارتاش دابدەن و فاتیمە برفێنن، لە نیوەی شەودا دەچن بەسەر ماڵی جەلالی دارتاشدا دەدەن، بەڵام لەم کاتەدا کۆمەڵێک دزیش لە حەوشەی ماڵی جەلالدا دەیانەوەێت دزی بکەن پیاوەکانی ئاغا حەسەن-یش لەسەربانەوە ئەوان دەبینن و دەبێتە شەڕ لە نێوان پیاوانی حەسەن ئاغا و دزەکان.

شەڕێکی گەورە ڕوودەدات و خەڵکی هەمووی

دەچن بۆ بەردەرگای ماڵی جەلالی دارتاش، لەو کاتەدا جەلال و فاتیمە دێنە حەوشەی ماڵەکەیان و پیاوێکی ئاغا بە هەڵە تەقە لە فاتیمە دەکات و لەوێ دەست بەجێ گیان لەدەست دەدات. بۆ بەیانییەکەی ئاغای گەورە دەڵێت بۆ دوای نوێژی شێوان کۆ ببنەوە و بڕیار دەردەکەم. جەلال لە بێ هیواکان بێ هیواتر بوو، لە کەسە دەر بەدەرەکان دەربادارتر بوو. شەو هەموو کۆبونەوە و ئاغای گەورە دەیزانی کە کوڕەکەی تۆمەتبارە، بەڵام نەیدەویست کوڕەکەی خۆی تۆمەتبار بکات، چونکە تاوانێکی ئاوا قێزەون دەبێت حوکمی سێدارە بێت، حەسەن ئاغاش لە مردنی فاتیمە دڵگرانە و دەیەوێت تۆڵەی خۆی لە جەلالی دارتاش بکاتەوە، جەلالی دارتاش-یش بە خەم و کەسەرەوە لە دووریی خەڵکەکە وەستابوو

– ئەی خەڵکینە! هەمووتان دەزانن، کە دوێنێ شەو چی ڕوویداوە، ئەوەی ئەو کارەی کردەوە دەبێ سزا بدرێ، تاوانبارییش وەک ڕۆژی ڕووناک دیارە.

–هەموو خەڵکەکە بە یەک دەنگ گوتیان: ئاغا ئەو کەسە کێیە؟ ئێمە دەبێ خۆمان تۆڵەی فاتیمە بکەینەوە.

– ئەو کەسە جەلالی دارتاشە خۆی ئەو پیلانە چەپەڵەی داڕشتووە، تاوەکوو لەو ڕێگەیەوە سەروەت و سامانی باشی چنگ بکەوێت.

کاتێک جەلال گوێبیستی ئەمە بوو، هەموو شتێکی بۆ ڕوون بۆوە، خێرا ئەوێی جێهێشت و گەڕاوە ماڵەوە و هەرچی زێڕ و پارەی هەبوو کۆیکردەوە و لە سەربان ڕاکشە تا لە دەرفەتێک هەڵێت. ئاغا و پیاوەکانی هەڵیان کوتایە سەر ماڵی جەلالی دارتاش بەڵام هیچیان دەست نەکەوت لەو کاتەدا جەلال ڕای کرد و خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکەی و هەڵات، ئاغا گوتی: ئەوەی جەلالی دارتاش بگرێت چ بە زیندوویی ، چ بە مردوویی من هەزار درهەمی پێدەبەخشم.

خەڵکەکە، کە گوێ بیستی ئەمە بوون هەموویان سواری ئەسپەکانیان بوون و دوای جەلالی دارتاش کەوتن. بەڵام بێ هیچ دەسکەوتێک گەڕانەوە، جەلال وەک دەرزی لە کادێنی کادا ون بوو، ئیدی خەڵک کەوتنە قسەکردن دەربارەی ئەو پیاوە هەر یەکێک قسەیەکی دەکرد، یەکێ دەیگوت: چووە بۆ وڵاتێکی دی تا لەوێش ئەو جۆرە کارانە بکات. ئەو پیاوکوژە خوا لێی بمانپارێزێت.. هتد...

– ئێ جەلال تۆ چیت بەسەر هات؟ بۆ کوێ چووی؟

– من وڵاتم جێ هێشت بەڵام بیرم لای تۆڵەکردنەوە بوو.

– وەڵلە جەلال تۆڵە مافی خۆتە ئەوەنە کەم نەبوو بە تۆیان کرد.

– تۆ بیرتە لەدوای مندا ئاغا حەسەن چی لێهات؟

– بەڵێ، کاتێک چوو بۆ شار لە کەمینێکی دوژمندا کوژرا.

– نەخێر بەو شێوەیە نەبوو، کە ئەوان بۆ ئێوەیان باسکردووە.

– ئەی چۆن بوو؟ دیارە هەموو شتێک دەزانی؟

– داود من کەسێک بووم لە ژیانم ئازاری مێروولەیەکم نەداوە، بەڵام داخ و خەفەتی بی فاتیمەیی وای لێکردم کۆمەڵێک کار ئەنجام بدەم. من کەوتمە بیری تۆڵەکردنەوە و پیلانم داڕشت بۆ ماوەی شەش مانگ چاودێری حەسەن ئاغام دەکرد، پیاوێکم بە کرێ گرت، تا چاودێری بکات، تا بزانم کەی دەچێتە شار، بۆم ڕەخسا و بۆسەیەکم بۆ نایەوە و لەدەرەوەی شار گرتم، دوای ئەوەی پیاوەکانی لەگەڵی بوون، هەموویانم کوشتم، حەسەن بە تەنیا مایەوە لەگەڵ ئەو کەوتینە گفتووگۆکردن.

– باشە بۆچی ئەو کارەت لەگەڵ من کرد؟

– دەبوو فاتیمە هیمن بوایە نەک تۆ.

– ئەی تۆ بۆ پێشی من نەچوویتە داوای و بیخوازی؟

– چووم بەس بەمن ڕازی نەبوو، بۆیە لەو کاتەوە کوشتنیم حەڵاڵ کرد.

کۆمەڵێک شتی پێگوتم و منیش بەهەمان شێوە، من گوتم: حەسەن ئاغا ئێوە چاکەیەکتان لەگەڵ فاتیمە کرد، بەڵام من ئەو چاکەیەت لەگەڵ ناکەم.

– ئەو چاکەیە چییە؟

– ئەو چاکەیە، فاتیمە بەبێ ئازار مرد، بە گوللەیەک کەمتر لە خولەکێک، بەڵام بڕیار نییە تۆ وا زوو و بەبێ ئازار بمریت.

خەنجەرەکەم دەرهێنا و دوو دانەم کێشا بە قاچیا، دوودانەش بە دەستەکانی. حەسەن وەک سەگ لەسەر زەوی لەدەوری خۆی هەڵبەز و دابەزی دەکرد دڵم هێشتا ئاوی نەدەخواردوە بۆیە دەمویست لەوەێ بیتۆپێنم، بەڵام حەزم دەکرد ئاوا ئازار بکێشێت، کە چۆن من بیست ساڵە ئازار دەکێشم، نزیک خۆراوابوون بوو، زۆری خوێن لێ ڕۆیی، هاواری دەکرد، جەلال تخوا بمکوژە، ئازارم زۆرە، هەموو گیانی شەلالی خوێن بوو، منیش لەوێ جێم هێشت تا شەو هەرچی گورگ و ڕێوییە گۆشتەکەی بخۆن.

– ئێ جەلال دواتر بۆ کوێ ڕۆیشتی؟

– چووم بۆ تورکیا لەوێ مامەوە، بەڵام تووشی کێشە هاتم، ڕۆژێک لەکاتی دەرچوونم لە هۆتێل لە ناو هۆڵێکی گەورە هەموو کەسانی ئەوێ جانتاکانیان دا بە کارمەندانی هۆڵەکە لەکاتی گەڕانەوەمدا پۆلیس دەست بەسەری کردم و خێرا جانتەکامیان هەڵدڕی و کۆمەڵێک مادەی تێدابوو، کە هی من نەبوو، هەرچەند گوتم، هیچ سوودی نەبوو، منیان برد بۆ دادگا و لەوێ بڕیاردرا. بەڵام بەهۆی نەبوونی هیچ بەڵگەیەک لەسەرم، بۆیە دە ساڵ حوکم درام.

– جەلال تۆ هیچ خۆشیت نەبینی دوای مردنی فاتیمە.

– بەخوا شەو و ڕۆژ بیرم لای ئەو بوو، بیرم لای تۆڵە بوو.

– تۆ تۆڵەی خۆت کردەوە ئێستە ئاسوودە بە.

– داود تۆڵە کۆتایی نەهاتووە.

– بۆچی؟ تۆ ئاغا حەسەنت نەکوشت!

– بەڵام کەسێکی دی دەستی لەم کارەدا هەبوو، دەبێت ئەویش باجەکەی بدات.

– ئەو کەسە کێیە؟

– لوقمانی عەتار.

– چی؟ تۆ حاڵت باشە، لوقمانی عەتار باوکی فاتیمە؟

– ئەو بەدەستەکانی خۆی ئەوی کوشت.

– ئادەی چۆن؟! خێرا بۆمی باس بکە.

– داود ئێستە نا، سەرەتا بمبە بۆسەر گۆڕی فاتیمە دەزانی چەندی بیردەکەم.

– ئێستە کاتی نییە، وائێوارە داهات، بەیانی دەچین بۆ سەرگۆڕەکەی، بەڵام ئەم قسانە سوودی نەبوو زۆر پێداگیری کرد و منیش بردم بۆ سەر گۆڕەکەی کاتێک گەیشتینە سەر گۆڕی فاتیمە، بێ ئەوەی فاتیحا بخوێنێ گۆڕەکەی لە باوش گرت، ڕووخساری خۆی نابوو بە خۆڵی سەر سنگی، بە جۆرێک دەگریا، کە تا ئێستە ئاشقێکی وام نەدیوە. زۆر هەوڵم دا تا بیبەمەوە بۆ ماڵەکەی خۆم بەس سوودی نەبوو گوتی: لێمگەڕێ داود دەمەوێت ئەمشەو لەگەڵ فاتیمە بخەوم تکایە بە جێمان بێڵە.

منیش لەوێ جێم هێشت، من تا بەیانی خەو نەچووە چاوانم لەبەر جەلال زۆر خەمبار بووم بەیانی گەڕامەوە بۆ گۆرستان و بیینم جەلال لە تەنیشت گۆڕەکە ڕاکشاوە و خەوتووە.

– جەلال هەڵسە ئەوە بەیانیە.

– داود ئەمڕۆ کارت هەیە؟

– نا بۆ دەپرسی؟

– بمبە بۆ شوێنێک.

– باشە ئەم شوێنە کوێیە؟

– تۆ ماڵی لوقمانی عەتارم پیشان بدە.

– باشە بە مەرجێک، کە ئازاری لوقمان نەدەی. چونکە زۆر پیر بووە، ناتوانێت بە ڕێگەشدا بڕوات.

– داود بەڵێن بێت.

بەرێکەوتین و چووین بۆ بەردەرگای ماڵی لوقمانی عەتار لەوێ جەلال گوتی: تۆ باسی من مەکە بەس بڵێ هاوڕێیەکی کۆنمە.

– باشە، لە دەرگاماندا دایکی فاتیمە دەرگای کردەوە و ئێمەی بینی زۆر بە شێوەیەکی سەیر لە جەلالی دەڕوانی گوتی: فەرموون

– دایە هاتووین سەردانێکی مامە لوقمان بکەین لە ماڵە؟

– بەڵێ کوڕم لەماڵە، بەس ئەو هاوڕێیەت کێیە؟ لەبەر چاوم غەریب نییە، دەڵێی لەشوێنێک ئەوم بینیوە؟

– نا نا ئەو هاوڕێیەکی کۆنمە تازە هاتووە بۆ ئێرە. ئێمە چووینە ژوورەوە و لای لوقمانی عەتار، لەوێ دەستمان بە گفتوگۆکردن کرد، جەلال گوتی:

– مامە تۆ هیچ کەست نییە، کوڕێک کچێک؟

– نا کوڕم تەنیا کچێکم هەبوو، ئەویش مردووە، مێردەکەی خۆی کوشتی.

– تۆ بەڵگەت هەیە، کە مێردەکەی کوشتبێتی؟

– بەڵێ خەڵکی گوند هەموو ئەو ڕووداوەیان لە بیرە.

– باشە ئێوە چیتان کرد پیاوەکەتان کوشت؟

– نەخێر ناپیاوە هەڵاتووە.

جەلال زۆر تورە بوو، لەشوێنی خۆی هەڵساو گوتی: خێراکە داود با بڕۆین.

ئەمە لەوێ ڕۆیشتین و جەلال یەک قسەی نەکرد، تا

چووینەوە ماڵی ئێمە لەوێ گوتی: ئەو ناپیاوە هێشتە درۆ دەکات.

– جەلال کوا بۆم باس بکە، کە چۆن لوقمانی عەتار تۆمەتبارە.

– تۆ دەزانی چەند جار ئاغا حەسەن چوو بۆ داوای فاتیمە و نەیاندایێ، ئاغا حەسەن پارەیەکی زۆری بە لوقمان دا و لەگەڵ دوکانێک. لوقمان ڕازیی بوو دەیویست بەزۆری فاتیمە ڕازی بکات و لە ئاغا حەسەنی مارە بکات، بەڵام سوودی نەبوو فاتیمە هەرمنی خۆشدەوییست. ئەو شەوەی، کە هێرشیان کردە سەر ماڵەکەم، فاتیمە باوکی بینی، کە لەگەڵ پیاوەکانی ئاغایە، بۆیە باوکی زوو زانی کار لەکار ترازاوە، لەوەی فیشەکێک بە فاتمەوە دەنێت تا کەس نەزانێت، ئەو دەیویست کچەکەی بفرۆشێت بە ئاغا حەسەن.

– باشە جەلال کێ دەڵێت ئەوە ڕاستە؟

– داود، ئاغا حەسەن پێی گوتم لەکاتی مردنی.

کاتێک ئەوەم بیست زۆر تێکچووم، چۆن توانی بۆ پارە کچەکەی خۆی بفرۆشێت ئەوە چ زەمانێکە، جەلال تۆ هیچ مەکە تازە ئەو پیر بووە. جەلال بە بێدەنگی چووە دەرەوە و بەرێکەوت بۆ گۆڕستان بۆسەر گۆڕی فاتیمە.

بەیانی لەگەڵ دەنگی دەرگا هەڵسام، زۆر بە توندی لە دەرگا درا، دەرگام کردەوە کەسێک زۆر بە پەلە و مشەوشی گوتی: میوانەکەی تۆ، کە دوێنێ لای تۆ بوو، کەسێکی کوشتووە.

خێرا چووم بۆ لای ماڵی لوقمانی عەتار لەوێ کاتێک پۆلیسەکان منیان بینی خێرا منیا قۆڵبەستکرد و بردمیان بۆ بنکەی پۆلیس، زیندانیی کرام و هیچیان پێ نەگوتم. لە ناکاو کەسێک گوتی: داود تۆ بۆ گیرایت؟

ئای ئەوە جەلالە. کوڕە تۆ چیتکردوە، خێرا بڵێ، منت تووشی کێشە کردووە.

– هیچ بەس لوقمانی عەتارم کوشتووە.

– ئەوە هیچە پیاو، تۆ هەمووانت تووشی کێشە کرد.

– دەزانی ئێستا کەمێک ئارامم تۆڵە کۆتایی هات.

– منی بەدبەخت چی بکەم؟

– تۆ لێرە دەردەچیت، شتێکت بۆ باس دەکەم داود؟

– بڵێ بزانم، من دۆخم زۆر خراپە.

– کاتێک چووم لوقمان بکوژم، لە دەرگام دا دایکی فاتیمە هات و خێرا قۆڵی گرتم و منی بردە ژوورەوە و گوتی: تۆ جەلالی دارتاشی دڵنیام، گوتم: بەڵێ، باشە بۆچی هاتویتەوە ئێرە. بۆ ئەوە هاتووم تۆڵەی فاتیمە بکەمەوە و لوقمانیش دەکوژم، هیچی نەوت و ماڵەکەی جێهێشت زانیم ئەوە هەموو شتێک دەزانێت و هیچی پێناکرێت.

– ئێ دواتر چی بوو؟

– چووم بۆلای ژوورەکەی لوقمان و خۆم پێناساند، گوتی: دەمزانی ڕۆژێک دێیت بە ئاغا حەسەن-یشم گوتبوو، چیت دەوێت؟ من تۆ دەکوژم تا دڵم ئاسودە ببێت، لوقمان لەسە جێگاکەی ڕاکشا و گوتی: شایستەی مردنم چەکەکەی بۆ هەڵدام و گوتی: کارەکە تەواو بکە.

– جەلال ئاوا بە ئاسانی؟

– بەڵێ ئاوابوو.

– باشە چۆن پۆلیسەکان هاتن؟

– تەرمەکەم بردە دەرەوە و خۆم بەخەڵکەکە ناساند و گوتم: تۆڵەی خۆم و فاتیمەم کردەوە، هەندێکیان نەیاندەزانی باسی چی دەکەم چونکە خەڵکی تازەی گەڕەک بوون، بۆیە پۆلیسیان ئاگادار کردەوە و ناوی تۆشیان دا.

– ئەی هەش بەسەری من منی داماو چی بکەم.

ڕۆژێک تێپەڕی و لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ کرا، لەسەرەتاوە جەلال گوتی: داود هیچی نەکردوە، ئەو تاوانبار نییە. من بۆیە ئەو کارەم کرد ئەوە تۆڵەی هاوسەرەکەم بوو، کە بیست ساڵ پێش ئێستە من و ژیانیان لەنێو بردم.

ئەفسەری لێکۆڵینەوە بڕیاری دا: داود بێ تاوانە و ئازادە. جەلال بەهۆی، کە پۆلیسی ئاگادار نەکردۆتەوە، دەبێت دە ساڵ زیندانی بکرێت.

جەلال تا هەشت ساڵ توانی بەرگەی زیندان بگرێت، بەهۆی سەرمابوونەوە، لە زیندان گیانی سپارد و گۆڕێکمان لە تەنیشت فاتیمەی هاوسەری بۆ هەڵکەند. لە زیندان سەردانی ژوورەکەم کرد نووسینی سەر دیوارێک زۆر سەرنجی ڕاکێشام، نووسیبووی (فاتیمەم من ژیانێکی کورتم ماوە، هیوا دەخوازم لە دونیاکەی تردا بە خۆشی و ئاسوودەیی بژین. چونکە لەم ژیانە تەنیا سێ مانگ خۆشیم بینی، من ژیانی خۆم فیدای خۆشەویستی تۆ کرد و لێی پەشیمان نیم

# هەورازە ڕێ



محەمەد کەریم ئانەوا

وەرە سەیری، سەیر و سۆبەتانکە!
بەسێلاق و کوورە کوور، بە نقەنق، بەری لە هەڵەموت و هەورازە ڕێ ملی ناوە، کەچی بەوای پشت ئێشە وتەنگەنەفەسی، هەرچەند هەنگاوێک و هەڵوێستەیەکی دەکرد، سووکە ئاوڕێکی دەداوە، نەبادا، یەکێک لەدواوە، بەهۆی (با)وە، هەست بەبۆن و بەرامی ڕەشە ڕەیحانە بکات، شەرمەزاربێ.
لەبەر شلوخاویی و بێهێزی ئەژنۆکانی، ناچارە، قاچی سێیەمی لەزەوی گیردەکرد، خۆی بەسەرداده، هەناسەیەکی ناگزووریی و شەکەت و کەسەری هەڵدەکێشا.
چەنەگەی خستە سەر پشتەدەست و گۆمگی گۆپاڵەکەی دەکردە بالیفۆکە سواری ئەسپی خەیال دەبوو، دەگەڕاوە سەر وەختی ساڵانی تۆلازی، هەنگی بەیەک پشی، لەبنار ڕا، هەیپای لێدەکرد، هەندەی بلێی بۆ ماوەی جغارەیەک ئاگردەی، لەدۆندی چیا، سۆتەکی جغارەکەی بە(با)دەدا، لەوێوە، بەشانازییەوە تەماشای بناری دەکرد.
لەدڵی خۆیەوە دەیگۆت: ئەوە کاری ڕۆژگارە ئەوەی دەتداتێ؟! بەقەردە، پاشان هێدی هێدی، بەشێنەیی وبەبێ دەنگی لێت وەردەگرتەوە، نەک وەرگرتنەوە، پێت دەتفێنتەوە.
زەردەخەنەیەکی خەماوی، بەسەرقەیتانی وشکی دادەهات، بەئاستەم دەگرژییەوە. لەبەرخۆی دەیگوت: کەچی ئەو هەتیوە هەرزەکارەی من، هێشتانەکێ هەر بەهێنی مندالی دەمیزی، کە بەلای شۆخێکدا ڕادەبوورم، یان جوانە خانمێک، بە پێشماندا ڕەت دەبێ! وەکو بولبولی نێو قەفەز، دەکەوێتە هەڵبەز و دابەز، یانیش کە گوێی لەدەنگی دەهۆڵ و سەدای فیقەی زوڕنا و هەیدۆ هەیدۆی شاباش و شایی و گۆڤەندی ڕەشبەڵەک دەبێ، لێم دەچێتە سەر لقی دارێ، هاوشێوەی ساوا، گرناگە دەگرێ! ئیلا وبیلا، دەچمە داوەتێ، عەیب و شوورەیی لە کنەوی نرخی قرانێکی سۆتی نییە.
ئەو زیرە کوشتییە دەغەزاری کردووم، خۆی لە پەناگەیەکی هۆتۆ قایم کردووە. دەستم نایگاتێ، ئەگینا وەکوو ئەو گورگە سپلەیەی کەزستانی پار، کۆترەکانمی خوارد، دارکاریم دەکرد، ئەو نامەردە، بەم سەری بۆز و ریشی سپیمەوە، شەرمەزارم دەکات. بێ غیرەتە، هەڵتەک هەڵتەک هاوچەشنی کووچ کووچەی دواوەی جەنجەر بەدوای خۆیدا ڕامدەکێشێ، بەڵێ بەهۆی ئەو هەتیوە بەدفەڕەوە گرفتارم، پێم دەڵێن: پیرە پیاو، مادام شنگ و تاقەت و تینی ئاو پژێنی سەر ئەژنۆیانت چکی کردووە، عەجەب دێیە گەڕی شایی و هەڵپەرکێ؟
لەقاقای پێکەنین دەدەن، پێم دەڵێن: پیرە قۆترِ بۆن و بەرامت گەلێ خۆشە کەچی هاتووی بەرەوبای شەمار ڕاوەستاوی.
ئارەقەی شەرمەزاری سەر نیو چەوان و ڕوومەتم دەسترمەوە. ئێ هێی دنـیا، بۆ ئەو سەروەخت و ڕۆژگارەی، کە ئەوە قەفی سمێڵم بوو، دوای نوێژی عەسران، کورتەک و شەڕواڵی مورادخانی (قەمەندۆری ڕەش) و کراسی سپیم لەبەر دەکرد، پژدێنی شاڵی ئێرانیم لەسەر دەبەستا، جووتێک کراشی سانتمی سپی بن قاڵتاغم بەسەر پێمەوە دەکرد، بەنەفت بنەکەیم ئاودێر دەکرد، کە بەناز و فیز بەسەر شۆستەدا دەڕۆیشتم، سەدای سیرە سیری کراشەکەم بەلاوە گەلێ لە (سەمفۆنیای بت هۆڤن) خۆشتربوو، تەزبێحەکی مارۆنیم بە دەستەوە دەگرت، هەندێ جاران، خۆم لەبرادەرەکانم دەدزیەوە، پیاسەیەکی گەڕەکی (تەیراوە)م دەکرد، بەگوزەری ماستفرۆشان و کۆلانی تەڕەفۆشاندا پیاسەیەکم دەکرد، سەدای سیرەسیری کراشەکەم سەرنجی کیژ و کاڵ و شۆخ و شەنگانم بەلای خۆمدا ڕادەکێشا، مەلیک بووم، مەلیکی چی! پاشابووم پاشا.
(وەی وەی، بەبانانەوە، بەرتیلیان دەدا و دەپارانەوە) ئەنگوستیلەیەکی زێرم لەپەنجەی برا تووتە دەکرد، هەنگێ ئاڵتوون هەرزان بوو، وەکوو ئێستا بەقورێ نەگیرابوو، خم خانەیە، زۆرجاران وادەبوو، قەیرەکچ، پەلاریان تێدەگرتم دەیانگۆت: چەندە دژوارە لە هەموو دەراواندا ئاو ناخواتەوە.
ئەوە هەمووی (باوبژە) بەبای دەدەم، ئەگینا ڕۆژگار هەر دەڕوا و دەڕوا، نەڕادەوەستێ نەدەگەڕێتەوە، نەئاوڕدەداتەوە بێ بەزەییە، بەزەیی بەکەس دانایەتەوە.
دوای ئەو هوڕێنانە، دەستی کردە چەپەری چاوی، بەری لەتیشکی خۆر گرت، سێرەی لەهەورازە ڕێ گرت!
کەچی هێشتانەکێ، هەر لەبنار چەقی بوو، لەو دەمەدا مەخلوقێکی سەرورِیش سپی، پۆشاک سپی لەبەر دەمیدا ئامادەبوو، پێیگۆت: دەستت بدە دەستم، وەرە بابچین لەو کانیاوە قومێک ئاو بخۆوە، پاشان زۆر بەئاسانی دەتگەینمە دۆند.

# پێنج چیرۆکی زۆر کورت

### مەرگ

پێیگوتم: بۆچی نایەیت بەیەکەوە بچین بۆ نووسینگەکەم؟ ڕۆیشتین. هێشتا سەعات نەببوو بە یازدە. نانمان خوارد. گوتی: ئەمە جانتای منە، پڕە لە بیرەوەریی. چوو بۆ لای دەستشۆرەکە، لچکی کراسە سپییەکەی تەڕ کرد. کاتژمێر ببوو بە دوانزە. گوتی: با بڕۆین ئەو کاغەزانە لە کۆمپانیا بهێنینەوە، ئەگینا ئەو گەمژانە ونی دەکەن. ئەوڕۆژە کاغەزێکی ونکردبوو. لە پەنجەرەکەوە دیاربوو خاوەنی کۆمپانیا، دوو هەنگاوی مابوو بگاتە لامان. لە دەرگایدا. خاوەنی کۆمپانیا نا، مەرگ. هاوڕێکەم دڵی وەستا.

### جوان

لەنێو دارخورما پیرەکان دادەنیشی. بیری زێرابی کۆڵانەکەتان دەکەی، کە جەنگ پڕی کردووە لە خوێن. نوێژ دەکەی. دەزانی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خوێن، پەیوەندییەکی لەمێژینەیە. بە پێچەوانەی ساڵانی ڕابردوو، کە بایەخت بە خەوتن نەدەدا، خەوتی. ئەوانەی بە تەنیشتی تووە تێدەپەرین، بە بینینی شێوازی خەوتنەکەت، دەیانزانی حاڵی تۆ چۆنە؟! کەسێک بانگی کردی: کاک (ڕامیز) لێرە چی دەکەی؟ دانیشتی. وەک مەیموونە شێتەکانی باخچەی ئاژەڵان، هەستت بە شێتی دەکرد. ویستت نوێژ بکەی. حەزت لە خواردنی خورما دەکرد و نەتدەخوارد. بەو پیاوەت گوت، کە خەبەری کردییەوە: کەس لە خودا جوانتر نییە!.

### خەڵووز

خۆی لەنێو وشەکانی دراوسێکەی ونکردبوو، وەک ئەوەی بەردەوام چاوەڕوانی وشەی زیاتر بێت. دراوسێکەی باسی ئەو ڕۆژانەی بۆ دەکرد، کە لە سڕەی سەهۆڵ وەستابوون و ئاواتیان گەیشتن بوو بە قاڵبێک سەهۆڵ. ئەو وشەیەکی نەگوت و سیمای خۆی لەنێو دەستەکانی خۆیدا شاردەوە. دەیویست وەک سەهۆڵ بتوێتەوە. بیری ڕابردووی دەکرد. لە بەرخۆیەوە گوتی: هەموو خەڵکی دەزانن کە من لەو سەردەمی قەیرانی سەهۆڵ و کارەبایە، چەند خودام خۆشدەویست و خەریکی پەرستنی بووم، بەرلەوەی گوناە دڵم بکا بە خەڵووز.

### سارا

باپیرم هەمیشە باسی ئەو ئازارانەی دەکرد، کە (سارا) لە کاتی شووکردندا بینی. باسی ئەو مێژووە ناشرینەی دەکرد، کە (کاوە) بە ڕشتنی خوێنی (سارا) نووسییەوە. من هەستم دەکرد، ئەو یاریی کوشتنە، ترسانە. هەستم دەکرد، ئەو مردنەی (سارا) نامۆبێت. ئەو دەیگوت: خودا (کاوە)ی لە سەربانی ماڵی ئێمەوە خستە خوارەوە و کوشتی. کەس نەبوو شیوەن بۆ (کاوە) بکات، ئەو بکوژی (سارا) بوو. کەس نەبوو شیوەن بۆ (کاوە) بکا، جگە لە (سارا) کە لەنێو گۆڕەکەیدا قیژاندی: هاوسەرە خۆشەویستەکەم، بیرت دەکەم!

### ترپە

گوتی: بێدەنگیی منداڵیمان، تا کۆتایی تەمەن یەخەمان بەرنادات، پێویستە تا کۆتایی بێدەنگ بین. لە ساتی سووتانی ماڵەکەیدا، کەس نەبوو تەلەفۆن بۆ ئاگرکوژێنەوە بکات. ئەوە ببوو بە پیشەی، هەرکاتێ بەلای شوێنەواری خانووە سووتاوەکەیدا گوزەری دەکرد، دڵی پڕ دەبوو لە گریان. دەیگوت: هەمووی درۆ بوو، بێدەنگیی منداڵی و غەڵبەغەڵبی ئێستا. هەمیشە بۆچونی لەبارەی سووتانی ماڵەکەی خۆیەوە ئەوەبوو، کە بەهۆی ئەو گوناهانەوە بووە، لەسەر سنووری نێوان (عێراق) و (ئێران) ئەنجامی داون. گوتی: من دەبێت تا کۆتایی، تەنیا گوێ لە ترپەکانی دڵی خۆم و زیکرەکانی سەر زمانی چۆلەکە بگرم.



**بڵند باجەلان**

شیعر

# تووڕەبون لە ئاو، نزایەک بۆ ژن

بەم ڕەنگانەوە دێم
ئەم تابلۆیانە، کە لە دوکەڵ دروستم کردوون
بە سەقفی ئاسماندا، هەڵدەواسم
کاسەیەک پڕ لە وشە
لە کانی قەسیدەیەک هەڵدەگۆزم
بەم وشانەوە دەڕۆم
دەڕۆم و ون دەبم
ژنیەتیم بە ڕەنگ لەسەر سنگی باخچەکان دەنوسمەوە
دەڕۆم و دوای خۆم
هەمو ئەو فرمێسکانە جێدێلم
کە شەوانەماڵم لە ئازادی پێ دروست دەکرد
ئەو نیگایانە جێدێڵم کە دەمبەنەوە سەر ئەفسانەکان
ژنیەتیم بە زەمیلەیەک برینەوە دەبەمە بەردەم دارستانەکان
بەدوای میهرەبانی ژنبوونمدا
هەموو دەربەندەکانی سمێڵ دەگەڕێم
بۆ خوێنی هاوڕێکانم
حاشا لە خەنجەری بەر بەرۆکی ئەو پیاوانە دەکەم
کە وشەیان لە ئاو و دڵیان لە ئاسنە
چاویان لە خوێن و قاقایان لە مسە

* * *

لێرەوە گوزەر دەکەم
ئەو قاچاخچیانە دەدۆزمەوە
کە بە دزی شیعرەوە
ئەسپێکی باڵدارم پێدەفرۆشن
باڵی پێ دەگرم و دەچمە لای خواکانی تیتان
هەر جارە و دەبم بە گیاندارێک
دەبمە تاوس و زیویس دەهێنمە لای مەولەوی
لە باران باڵای ژنێک دروست دەکەم



بەیان ئیبراهیم

سەوزایی لە بەهار دەسێنمەوە دەیبەخشمە چاوی ژنێک
قەسیدە دەکەم بە بیابان
هەمو ئەو جوانیانە لە شیعر دەسێنمەوە
کە بە دزی میهرەبانییەوە لە ژنیان دزی
ئەم جارە خوێن دەکەم بە کراس و دەیکەمە بەری قەسیدە
گریان دەڕێژمە سەر پیاوەتی قەسیدەیەکی نێر
زیویس فێر دەکەم هێرا ناو بنێت شەم و
بڵێ گیانە لە پرخەی خەونی خەومدا
پێ بنێ وەبان هەردو دیدەمدا
لە چیای ئۆڵۆمپ
لە پارچەیەک بەرد دێو دروست دەکەم
دێوێک لەبەرد ئاشق بە ژنێک لە ئاو
کاسەیەک لەخوێن دەڕێژم
تا زیویس دنیا بە سوری ببینێ و
وەلی دەست لە باڵای شەم هەڵبگرێ
* * *
هەر جارەو دەبم بە گیاندارێک
دەبمە نەورەس
حیکایەتی خۆر بۆ گوڵەبەڕۆژە دەگێرمەوە
توڕەبونی شەپۆلەکان
دەبەمە بەردەم دادگای ئاو
لە سپێتی خۆم کفنێک بۆ سمێڵ دەدوورم
ئەم جارەیان دەبمە بەڕو
حاشا دەکەم لەو هەڵۆیانەی بەسەر شانی زیویسەوە دەنیشتن
تاجی پاشایەتیان پێ دەبەخشی
بە هەورە بروسکە دەڵێم
ئەم ئاوێنانە پڕن لە جەستەی ژن
من، بە کوڵوانەی دایکم دامپۆشیون
تا دەرنەکەون و پاشا تاجەکەی دانەگرێت
* * *
ئەمجارەیان ڕووبار و باران ڕێککەوتن
لەسەر سنگی دەریا من بە دۆلفین بنووسنەوە
ئاشنام بکەن بە ئەپۆلۆ
لە بری دەریا بە گالیسکەکەی ئەپۆلۆ
ئاسمانەکان تەی بکەم
قسەی ئەو ژنانەی، کە سەرپۆشیان فڕێدا کۆبکەمەوە و
بیبەمە لای بێکەس و بڵێم

نەسرین پرچیان بڕی ئەمەش هاوارەکانی
لە هەگبەی ئەپۆلۆوە بۆم هێناوی
* * *
دەبمەوە بەژن
ژنیەتیم دەخەمە نێو گیانی ئاسکێک
بە ئارتمیس دەڵێم
بڕوانە ئەم هەموو ژنانە چۆن ڕەنگیان لێدەچۆڕێ
ئارتمیس لەو سەیوانە خەبەر دەکەمەوە
دەڵیم گوێبگرە لە هۆزی سمێل گورانی دەڵێن و دەڵێن
هاتووم لەنێو چاوەکانتا تێر تێر بنووم
کە وایان وت
لێیان مەپرسە بۆچی هاتوون
شمشێرە ژن برەکانیان بە دەستەوەیە و
وەک کوترێکی بێلانەن
* * *
ئەمجارەیان دەبمە چۆلەکە
دەچمە نێو هێلانەی دڵی ئافرۆدەیت
گورانی جریوە بۆ کوچان دەڵێم
دەبمە دار گوێزێکی شەل و
حیکایەتەکانی ئافرۆدەیت دەگوازمەوە بۆ لای شێرکۆ
ئافرۆدەیت دەهێنمە نێو خۆم
بە جریوە دەڵیم
هەرچەند دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم
بۆم نابێتە وشە و شیعرێکی ژنانەی پێ هەڵبەستم
* * *
دواجار دەبمەوە بەخۆم
بە قەسیدە دەڵێم
برۆ حاشا بکە لەو درەختانەی مانفێستی گەلا دەسوتێنن
حاشا بکە لەو چۆلەکانەی گورانی جریوە زیندە بەچاڵ دەکەن
حاشا بکە لەو دۆلفینانەی ئاو دەکەن بە قوربانی ئاگر
حاشا بکە لەو ئاسکانەی پەیمانی ئاشتەوایی لەگەڵ پڵنگەکان دەبەستن
حاشا بکە لەو نەورەسانەی بەدەم گریانەوە فرمێسکی مردن دەنووسنەوە
بە خۆم دەڵیم ببە بە ئافرودەیت
زیویس بهێنە سەر بەرماڵەکەی دەرویش عەبدوڵلا
ئەپۆلۆ بکە بە ئاسەوار و لە سەیوان دایشارە
بۆ ژنە شیعرێک
پەیکەرێک دروست بکە و بۆ ئەبەد
گورانییە خەمناکەکانی خوێن بۆ ژن بڵێرەوە

# ڕۆشنبیریی گشتیی

- **کورتە مێژوویەک لەبارەی واژەی «دیوان Dîwãn»**

ئەسعەد قەرەداخیی

- **سەردەمی چەتەیی ئەوروپا**

ن/ د. نعمت الله فازلی - و/ مقداد شاسواری

- **فەلسەفە لە نێوان چییەتیی مەعریفە و پێویستیی بابەتییبوون**

دڵشاد کاوانی

# کورتە مێژوویەک لەبارەی واژەی

# « Dîwãn – دیوان »



ئەسعەد قەرەداخیی

دیوان؛ دیڤان (Dîwãn:Dîvãn)، واژەیەکی ئاڤێستایی (زوانی مادەکان) و پەهلەویی/کوردیی زۆر دێرینە. هەر لەو سەردەمەوە تاکو ئێستا، بە چەند جۆر سازێنراوە و لە واژە و ڕستەی کوردییدا ڕەنگی داوەتەوە.

سەرەتا دوو ڕەگەواژەی کوردیی هەن کە مانای وێکنزیک (رَدِیف Synonym) بە یەکتر دەدەن، بەڵام لە ڕستەسازیدا دوو مانای جیاواز دەبەخشن.

ئەو دوانەیش بریتیین لە «بی:بَصَرْ:Sight» و «دی:نَظَرْ:Look» کە زۆرجار بەپێی ئەو برگەدەنگییە دێنە سەرزار، بە بیین و دیین دەبیسترێن.

ئەگەر بە شێوگ (صِیغَة:Rorm)ی «بین» بنووسترێت مانای «کەپو؛لووت» دەدات. هەرچەندە لە هەندەک جاریشدا هەر بەیەک «ی» دەنووسرێت، ئەوەیش هەر دەگەڕێتەوە بۆ شێوگی ئەو وشەیەی لەسەر زارەوە دەخرێتە ڕستەوە. گەر گوێبیستی وشەکە بین بە برگەدەنگی (بیین) دەبیینم (ئەبیینم) کە لە زارەوەرا دەردەپەڕێت، بە «ی»یەکی ژێرزمان و «ی»یەکی سەرزمانی زیاتر پێکەوە دەبیسترێت. بەڵام بۆ دوا گیرسانەوەی، دەنگی وشەکە دەشێت بە (بینییم) و (دینییم) بنووسرێت.....هتد.

وشەی بیین، لە هەندێک وشەڕەوییدا Context، پاشگری وشە وەرگرت، وەک نموونە لەم لێکەوتوانە؛ پێشبیین، دووربیین، گەشبیین، ڕەشبیین، یاخود شێوگی پێشگریی وەک بیینەر، بینیار، بیینەوەر، بیینا...هتد.

وشەی بیینایی کە دەبێتە چاوگەناو (إسم مصدر Verbal noun)، لە زانستی فیزیادا بۆتە زاراوە بۆ بیناییزانیی(عِلم البَصَرِیاتْ Optics.

لە سازاندنی هەندەک وشە لە «بیین» مانای هەناسە، پشوو، هەوک بەربیین (بَلْعُوم: Pharynx) دەگەیێنێت، ئەوەیش هەر لە ڕستەسازییدا ماناکەی دەردەکەوێت.

سەبارەت بە واژەی «دی»، کە لەم نووسینەدا مەبەستە، مانای ڕوو، ڕوانین، تێڕوانیین، ڕوانگە دەدات، واتە ئاڕاستاندن بۆ لایەک و لایەنی شتێک،.... .

هەندەک لەو لێڕشتانە Derivativeی لە وشەی «دی»یە دەکەوێتەوە، وەک؛ دیی، دییت، دییتن، دیتەر، دید، دیدە، دیدەندە، بەدیی (بدیهیة:Axiom) دیار، دیدار، دیاردە، دیو، دییوار، دیدیار، دیدوەر، دیمانە، دیمەن، دیین، دینیین، دیۆریی (نزیکە هەمان مانای ثیۆرییTheory یۆنانیی دێت، لەکاتێکدا پیتی «ث، ذ» لەو پیتە هەرە ڕەسەنانەن لە لاوژەی کوردی/ هۆرامییدا زۆر بە ڕەوانی گۆیان پێدەکرێت، کە دەبوایە لەبری بیردۆزە هەر ثیۆریی بەکاربهێنرابایە)....هتد.

جاروبار، هەر دوو واژەکە پێکەوە گوزارەیەک پێکدێنێت وەک؛ لەم بەیتە پڕمانایەی «مەولەویی»، دەفەرموێت

**بینایی دیدەم تۆ وە سلامەت**

**دیدەنی دیدار کەوت ئەو قیامەت (مەولەویی)**

دواواژەی «دی» کەلێڕشتە (مُشْتَقْ:Derivative)ی لێکەوتبێتەوە و لێرەدا مەبەستە، واژەی «دیو»ە کە ڕەگی «دی»یەوە هەڵێنجراوە، دەتوانرێت چەندین گەردانسازیی تێدادەکرێت. هەر ئەم واژەی «دی»یە مانایەکی دیکەیش دەدات، ئەویش: ڕوو: وَجْە؛ واجِهَة، صَفْحَة:تەمسیک؛ لاڕوو؛ لا (لاپاڵی چیا:ڕوویەکی چیا) صَحِیفَة: ڕۆژنامە کە چەندین پەڕەی تێدا کۆکراوەتەوە،

هەر پەڕەیەکی پێدەوترێت؛ دوو دیو. نموونەی دیکە وەک ئەمدیوی و ئەودیوی چیا، ئەم دیو و ئەو دیوی پارچە کوتاڵێک......هتد

کۆواژەی «دیو» دەبێتە دیوان، لەسەر کێشی؛ کرد؛ کردان، مەرد؛ مەردان، کورد؛ کوردان، یەزد؛ یەزدان...هتد

«دیو»؛ لەو مانایانەی نزیکمان دەکاتەوە لەو لێکدانەوەی مەبەستە ڕوونبکرێتەوە، وەک مانای «ڕوو، لا» کە ئاماژەن بۆ ڕووئاراستەکردن بۆ دیتراوێکی دیاریکراو، وەک دەوترێت ڕووی جوانی کاڵا، یاخود بە کەسێک بوترێت؛ فەرموو بۆ دیو (واتە بۆ دییتن یاخود بۆ ژوور، واتە بۆ سەرووی هۆدە و داڵانی دانیشتن).

هەروەها بەمانای ڕووی پەڕە Paperیەش دێت، بۆنموونە؛ بەڕەی دوو توێ نووسراو پێیدەوترێت دیوی پێش و دیوی پاش یان دیوی ئەمدیو و ئەودیو، یاخود بڵێین ڕووی پێشەوە (وَجْه الأمامي؛ Front sight) و ڕووی پاشەوە (وجه الخلفي Back sight) واتە لاپەڕە Page ی پێشەوە و لاپەڕە Pageی پاشەوە.

هەندێک جار لە ڕێزمان و گوزارەی کوردییدا دیو خراوەتە ڕستەوە، وەک دەوترێت؛ دۆ نەدیو، کۆی نەدیو دەبێتە نەدیوان، نەناس دەبێتە نەناسان، خێرنەدیو (خێرنەدیوان)..... هتد.

وشەی دیوەخان، بریتییە لەو هۆدەیەی خانەخوێی خانوویەک تایبەت بۆ پێشوازیی میوان و دیدەنیی. ئەم وشەیە، بەرەبەرە پەرەیسەند و گەیشتە ئەوەی کە پیاوان [بە شێوگی نەناس Passive form: کە کۆچەمکی پیاو و ئافرەت بگرێتەوە] و بنەماڵەی خانەدان و دەسەڵاتدارانی وەک سەرهۆز و باڵاتر، هۆدەی فراوانتر لە کۆشک و تەلاریاندا بیناکرابێت بۆ پێشوازیکردن لە ڕەویە (رَعِيَّة) و کەسایەتی نزیکیان بۆ وتووێژ و گەنگەشاندن لە بارودۆخی ڕۆژگار و هەنووکەیی.

ئەمەیش، هەر بەرەبەرە پەرەیسەند و شێوگی فراوانتری لەخۆگرت کاتێک شێواز و ڕژێمی کوێخایی و دەوڵەتداریی پەیدابوو، پێویست دەبوو بیر لە شێوازێکی دەسەڵاتداریی دەوڵەت بکرێت بۆ دامەزراندنی ڕێکخستنی بەڕێوەبردن و کارگێڕانی هێز و سوپا و پلەپایەی سەربازان (گوندان:جُنُودْ)، دەسنیشانکردنی بەرپرسان لە یاوەران و شالیاران، وەزیران و فەرماندەرکردن لەلایەن سەرۆک هۆز (دیاکۆ»دێ- ئاکۆ» واتە گەورەی دێ ) و میران و پاشایان (سەردەمی دواتر) بۆ ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی ئەو فەرمانانەی دەردەکران بۆ فراهەمکردنیان.

ئەم کاروبارانە، هەمووی ئوای دەخواست کە لەو هەیوان و هۆدە فراوانەدا دەستە بە سەتە و هەر دەستە و گروهـ(گروپ) بێنە دیدەنیی باڵادەست و بۆ کۆبوونەوە لەگەڵیاندا. ئەو شوێنە یاخود هۆدە و هەیوانە گەورەیە، وای خواست کە وشەی «دیو» شێوگی کۆی «دیوان» وەربگرێت و بکەوێتە سەرزارانی بەرپرسان و ڕەویان (رَعایا).

لەم دیوانەیشدا، بەرەبەرە دەرکەوت کە پێویست بە هۆدەیەکی تایبەتی لابەلاتر هەبێت و پێیبوترێت دەربار(بَلاط) بۆ باڵادەست کە دواتر نازناوی سەرۆک یاخود پاشا، سان...برا بەسەر ئەو بەرپرسێکی باڵا.

بۆ ئەم باڵادەستەیش، دەخوازرا بۆ دەسنیشانکردنی کەسێکی زۆر باوەرپێکراو تاکو بتوانێت کاروباری بەڕێوەبردنی ئەو دەربارە هەستیارە؛ لە ڕێکخستنی دیدەنییەکاندا بگرێتە ئەستۆ، لە چاوپێکەوتن و ئەو ئاخاوتن و وتووێژە و دیدەنییە گرنگانەی و ڕاپەڕاندنی ئەو فەرمانانەی کە ئامادە دەکرێن بۆ جێبەجێکردنیان.

ئەمانە لەو شوێنە دیاریکراوەدا پێیدەوترا دەرباری کاخ (بلاط القصر: Palace tile) ئەمانە هەمووی لەوێدا کۆک و ڕێک و تۆماردەکران.

لەسەرەتادا، بەو کەسە زۆر نزیکە پێیدەوترا میرزا، بەڵام دواتر وشەی دەفتەر هاتە ئاراوە و ناوی دەفتەربەدەست یاخود دەفتەرداریی بەسەردا برا.

ئەو شوێنەیش ئەو کارانەی تێدا جێبەجێ دەکرا، پێیدەوترا دیوەخان.

بەڵام، پاش ئەوەی شوێنی دەربارگە دەسنیشانکرا و کاروبار بەرفراوانتر بوو لە بەرەبەرە دەرکەوتنی فراوانیی دەسەڵاترەویی لە میرنشینیی و پاشایەتیی.

ئیدی واژەی دیوان هاتە کایەوە و چەسپێنرا.

> **"وشەی دیوان Dîwãn کە بە (دیڤان Dîvãn:)یش هاتوە. هەندێک لێکدانەوەی دیکە هەن، گوایە لە وشەلێکدراوی دیپ/وان Dip wan ی ئاڤێستا/ییەوە هاتوە"**

“ لە سەردەمی خەلافەترانی هارۆن الرشید، سەرەتای وشەی «دیوان» سەریهەڵدایەوە ”

وشەی دیوان Dîwãn کە بە (دیڤان:Dîvãn)یش هاتوە. هەندێک لێکدانەوەی دیکە هەن، گوایە لە وشەلێکدراوی دیپ/وان Dip wanی ئاڤێستا/بیەوە هاتوە. واژەی دیپ Dip {بە گۆی؛ دەپ Dep، دیڤ Div یاخود دیو Diw، تەف/یش هاتوە} بەمانای ڕوو، دیو دێت. دیو/یش کە لێرەدا بەو ڕووە دەوترێت نووسراوی لەسەر تۆماردەکرێت، پاشگری «ان» چۆتەسەر وشەی «دیو» و واژەکەی کردۆتە کۆ بەشێوگی دیوان (Archive, Collected writings) مانای ڕووان: لایان Sides دەگەیێنێت کە ئاماژەیە بۆ ڕووی کۆمەڵە نووسراوێکی تۆمارکراو.

{وشەی دەفتار یاخود دەفتەر/یش (گوایە ڕیشە وشەیەکی یۆنانییە و هاتۆتە نێو زوانانی دەوروبەری وەک کورد و فارس وعەرەب....، پێدەچێت وێکنزیکی دەپوان بێت، بەرەبەرە گۆ- گۆڕکێی بەسەردا هاتبێت و بە دەفتەر گیرسابێتەوە، دیوان/یش شێوگێکی وێکنزیک Formal synonym مانای جودای لەپاڵ دەفتەردا وەرگرتبێت}.

دانانی ئەم دەزگایەSystem دەرووی کردەوە بۆ هاتنی کەسانی فرە بەهرە و دەسڕەنگینان لە گەلانی جیاواز و ئەو هەرێم و ناوچەکانی ژێر خەلافەتیی عەرەبی ئیسلامییدا کە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەم پێڕەوە نوێیەدا.

ئەمانە بە لێزانیی و شارەزایی و هزروبیری



شاری کتیسیفۆن(تیسفۆن): مەدائن

بەپێزیانەوەڕا هاتنە نێو کۆڕی ئەفراندن و داهێنانی نوێوە. یەکێک لەو دیاردە لەبەرچاوانەی زۆر نوێ بوو بۆ ئەوسەردەمە. ئەو زوانانە بوون کە واژەگەلێک لەو زوانانە کە ئاشنابوو بە زوانی عەرەبیی و بوونە پاڵهێزێک بۆ دەوڵەمەندکردنی بە گەلێک زاراوە و هاوسازاندنیان لەگەڵ زوانی نوێدا. زوانێک کە لەو سەردەمەدا، زوانێکی ڕۆشنبیریی سەردەم بوو (واتە زوانی عارەبیی).

ئیدی هەرچی کاروبارێک ڕووی بدایە و فەرمانی بۆ دەرچوبایە، دەفتەردار ڕۆژانە دەکەوتە پەیلوا (متابعة:Following up) و پۆلاندن و تۆماراندن و هاوردنی بۆ دەربارگە و بەردەم خێوی گەورە (میر، سەرۆک، پاشا، خەلیفە) بۆ پەسەند و فەرماندان بەجێبەجێکردن تا لە دیواندا بنووسرێت و مۆربکرێت.

بە دەربڕین و لێکدانەوەی سەردەم، بەم کار پایەی دەفتەردارییە دەوترا جۆرێک لە دیوانگێڕ (دیوانڕازگر) یاخود «سەرۆکی دیوان»

ئەم ڕوونکردنەوەی (دیوان)یش، مێژوویەکی زۆر دێرینی هەیە لە ناوچەکانی خاوەرمیانەدا. لەبەرئەوە وا پێویست دەکات، بە کورتی و چڕیی لەبارەی ئەم واژەیە بئاخاوێین، بەتایبەتیی سەردەمی شاشانشینیی (شایشاهانشینیی) ساسانییەکان.

لە دێرین سەرەتای مێژووی ساسانەکانیشدا، ئەم چەشنی (نَمَط:Style) ڕێوڕەزم و ڕێکخستنی دەسەلاتڕەوییە، دەگەڕێنرێتەوە بۆ سەردەمی شاشانێتیی میدیا.

ئەم خۆڕێکخستنە بوە پاڵهێزێکی گرنگ بۆ زاڵبوون بەسەر دەسەلاتی ئاشوورییەکاندا کە هەمیشە هەڕەشەبوون بۆیان، کاتێکیش کە هەخامنشیەکانیش دەسەلاتیان لە مادەکان سەند، هەر بەهەمان ئاکار و ڕەوش، بەڕێوەبردنی کاروباری دەسەلاتڕەویی دەبرا بەڕێوە.

پاش ڕووخاندنی دەوڵەتی ئەشکانیی و هاتنی دەسەلاترانیی ساسانییەکان (٢٢٦–٦٥١ز) هەر لەسەر هەمان ڕەوش و شێواز دەوڵەت بەڕێوەبردن و کاروباری دەسەلاتڕەویی جێبەجی دەکرا.

لە مێژوە هەگبە Historical eraی ساسانییەکاندا، پایتەختی دەسەڵاترەوییان گواستەوە بۆ تیسفون کە دەکەوێتە بەریی خۆرەڵاتی ڕوباری دیجلە، کاخ (کۆشک) و هەیوانی کیسرا نوێژەنکرایەوە.

{کاتی خۆی یۆنانەکان بینایانکردبوو} نزیک بە شارۆکەی مادیانا (مادائین) کە دوایی لە سەردەمی نوێدا، ناوەکەی گۆڕدرا بۆ سەلمان پاک.

ئەم دەڤەرە بووبوە پایتەخی ئێلاخ (کوێستان) و شاری قەسری شرین/یش بە پایتەختی لەیلاخ (گەرمیان) بۆ کیسرا خەسرەو/دووەم (٥٩٠-٦٢٨ز) ناسراو بە (خاسرەو پەروێز) و شابانۆ شیرین (بەرەچەڵەک ئەرمەن)/ی هاوژینی.

لەسەردەمی کیسرا خەسرەوی دووەم و بەدوایدا کیسرا یەزدکورد/سێیەم دوا شاشانێتیی ساسانەکاندا، وشەی «هەیوان:رُوّاق» و «دیوان» زۆر بە ڕوونی لە فەرهەنگی پەهلەوییدا ئاماژە بەو دوو واژەیە دەدات، نەک هەر لە چێوار (إطار)ێکی دەوڵەترەوییدا، بەڵکو لەبواری هونەری شیعر و ساز و ئاوازیشدا بەکاردەهێنرا کە بەسەردەمی ئێستا لە هونەری مۆزیکدا بەکاردەهێنرێت .

بۆیەکە لێرەدا..... هێنانەوەی ئەم کورتە مێژووە پێویستە...چون ئەوەندەی مەبەستە لە بە سەلماندنی کوردێتیی ساسانییەکانە {چونکە ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر هەیە و زۆریش پێویستە کە کاری تێدا بکرێت} ئەوەندەیش مەبەستە لە بوونی دەسەڵاترەویی ئەو بنەماڵەیە بە سەرانسەری ئەو هەرێمە پانوبەرینەدا کە هەر لەو دەمگارە (فترة زمنية: Period of time) درێژخایانەوەرا بگرە تاکو ئێستایش زۆرینەی کوردنشینن.

لەسەردەمی خەلافەتی عمر بن الخطاب (٥٨٦/٥٩٠ پێشزایین- ٦٤٤ ز) دووەم خەلیفەی ڕاشیدین، بانگەوازی دینی ئیسلام بەرفروانتر دەبوو و دەسەڵاتی ئیسلام گەیشتە وڵاتانی سەرانسەری شام و ئێران (بە ئێرانی ئێستاوە) و میسر.

هەر لە سەردەمی خەلافەتی ئەمدا، شاشانێتیی ساسان، لەژێر زەبری هێزە عەرەبە ئیسلامییەکاندا، بە کوشتنی دوا کیسرا یەزدکورد/ سێیەم ٦٣١-٦٥١)ز( کۆتایی بە دەسەڵاتیان هێنرا.

مُغیرَە بن شُعبَة (٦٠٠-٦٧١ ز) لەو دەمەدا ویلایەتی ناوچەی کوفە/ی پێدرابوو و بەشداربوو لەو جەنگەدا. چەند دیلێک دەهێنێتە بەردەم ئیمامی عومەر، لەوانەیش؛ سێ کچی کیسرا و هورمزان لەگەڵ کەسێکی دیکە کە هەر زووتر بە کۆیلە گرتبوویە لای خۆی بەناوی پیرۆز نهاوەندیی (ناسراو بە ئەبولوئلوئە)

ئەمانە دەهێنێتە شاری مەدینە و بەردەم ئیمام عومەر میری ئیمانداران (أمیر المؤمنین) و بە ئیمام عومەریان دەناسێنێت.

ئەبولوئلوئە دەهێنێتە بەردەمی و پێیدەڵێت؛ ئەمە کەسێکی فرە دەسرەنگین و شارەزایە لە بیناکردنی و وەگەڕخستنی ئاش بە با Air mill و شارەزایشە لە پیشەی چەخماخسازییدا (واتە سازکردنی چەکەمەنیی).

هورمزان، کە لە کارزاری (معرکة القادسِیَّة) و جلەولا/دا بەشداربوە و بە دیل گیرابوە، دەهێنێت و بە ئیمامی عومەر/ی دەناسێنێت و پێیدەڵێت کە بنەماڵەیەکی خانەدانە و فەرمانڕەوا و سوپاسالاری هەرێمی خۆزستان بوە.

پاش لێخۆشبوو لێی و گفتوگۆکردن، بۆیدەردەکەوێت شەخسێکی بەتوانا و لێزانە لە کارگێڕیی و بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتدارییدا.

ئیمامی عومەر، لە خۆی نزیکی دەکاتەوە و ڕاوێژی لەگەڵدا دەکات لە چۆنێتیی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت. ئەمیش وەڵامی دەداتەوە و دەکەوێتە ئاخاوتن لەگەڵ خەلیفەدا، لەو ئاخاوتنەیرا ئاماژە بە هەندەک زاراوەی دەوڵەتداریی دەدات.

لەوانە؛ زاراوەی هەیوان بۆ چۆنێتیی دیدارڕێخستن بۆ کیسرا لەلایەن گشتەی ڕەویە (عامة الناس) بوونی زاراوەی دەرباری کاخی کیسرا کە تایبەت بۆ چاوپێکەوتنی کەسانی زۆر ناسراو لە شاعیران و بەزمسازانی خوانندەگان و دەسرەنگینان. دواتر بەدرێژیی لەسەر زاراوەی «دیوان» دەدوێت و بۆی ڕوونەدکاتەوە چۆن تەرخانکرابوو بۆ ڕێکخستن و تۆمارکردنی کاروباری ڕۆژانە و چاوپێکەوتنی میوانانی باڵا لە خانەدانان و بۆرەپیاوان (بۆرژوایان)

“

**وشەی دەفتار یاخود دەفتەر/یش (گوایە ریشە وشەیەکی یۆنانییە و هاتۆتە نێو زوانانی دەروبەری وەک کورد و فارس و عەرەب، پێدەچێت وێکنزیکی دەپوان بێت**

”

> ئەم ڕوونکردنەوەی (دیوان)یش، مێژوویەکی زۆر دێرینی هەیە لە ناوچەکانی خاوەرمیانەدا. لەبەرئەوە وا پێویست دەکات، بە کورتی و چڕیی لەبارەی ئەم واژەیە بئاخاوێین، بەتایبەتیی سەردەمی شاشانشینیی ساسانییەکان

لەو کارە گرنگانەی لەو دیوانەدا بەڕێوەدەچوو؛ تۆمارکردنی ناوی جەنگاوەران و دەسنیشانکردنی پلەدارەکانی ئەفسەر و سەرلەشکر و سوپاسالار و لێپرسینەوە لێیان، هەروەها چاودێرکردنی باج و گزیە و خەراج، بەرید...هتد.

ئەمانە هەمووی ڕێکوپێک و هەنداز دەکران و لە دەفتەرانێکی تایبەتدا دەپۆلێنران. کۆی ئەمانە هەمووی، ڕۆژانە پەیلواییان تێدا دەکرا و دواتر دەخرایە بەردەم شاشان. بەو جۆر و چەشنی کارگێڕیی و ڕێکخستنە، دەوترا بە دیوان.

تا ئەو دەمەی خەلیفە ئیمامی عومەر لە ژیاندابوو، شێوازی ئەم کارگێڕییە لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامیی، هێدی هێدی بەڕێوەدەچوو.

بەڵام... ئەبولوئلوئە کە پەنای دابوو بۆ کارکردن لەسەر پیشەکەی، بە پیلانێکی داڕێژراو، لە کاتێکی زۆر چاوەڕوانکراودا و لە ناو میحرابی مزگەوتدا ئیمامی عومەری کوشت و هەر بەهەمان پیلان دەربازبوو و ڕێی بۆ خۆش کرا و هەڵات.

ئیدی بە کوشتنی ئیمامی عومەر، ئەو دیوانگێڕیی و دەفتەرداریی و تۆمارکراوانە بێسەر و شوێن سەرنگومدەکران.....!

سەردەمی ئەمەوییەکان (٤١-١٣٢هـ/ ٦٦٢-٧٥٠ز) سەردەمی معاویە/والی شام کوڕی ئەبو سوفیان، بانگەشەی خەلافەتنشینیی ڕاگەیاند و بوە خەلیفەی سەرانسەری ئیسلام و پایتەختی خەلافەتڕانیشی لە مەدینەوە گواستەوە بۆ شاری دیمەشق.

ئەوەی کە زۆر جێی سەرنجڕاکێشە، تاکو ئێستا هیچ دەسنووسێک Paleography وەهای ئەو سەردەمە نەدۆزراوەتەوە کە ئاماژە بە بەکارهێنانی ئەم جۆرە زاراوە دەوڵەتییانەی وەک «دیوان» بدات.

ئەگەر هەیشبوبێت، هەر سەرزاریی بوو و لەو ئاستەدا نەبووە. چونکە هەژمونی ڕۆمەکانیان لە شێوازی دەوڵەتڕانیی بەڕێوەبردنی کارگێڕیی، هێشتا بەسەریانەوە مابوو.

لەسەردەمی خلافەتڕانی عَبْدُالمَلِك بن مَروان (٦٤٦-٧٠٥ز) لێدانی هەندەک سککە و دراوی ڕۆمانیی وەک؛ دینار و وشەی قانوون بۆ نێو زوانی عەرەبییەوە.....

لەو دەمگارەدا، ئەو ناوچانەی بە شام ناسراو بوون و بریتیبوون لەو وڵاتانەی کە ئێستا بە سووریا، ئەردەن، ئیسرائیل و لوبنان ناسراون.

لەدوایین ساڵەکانی خەلافەتڕانییاندا، «حجاج بن یوسف الثقفي» نێردرایە عێراق بۆ دانان سەرپەرشتیکردنی دیواندن(تَدْوِين)ی باج و خەراج

لە دوایین سەردەمی خۆراوابوونی دەسەڵات و کەوتنی خەلافەتی ئەمەویی، بنەماڵەی عبد الله السَّفاح بن محمد (١٣٢هـ/٧٥٠ ز) ناسراو بە (أبو العَبّاس السَّفّاح) دەرکەوت. بەهاوکاری و پشتیوانی هەندێک لە بنەماڵەی کوردانی هەرێمی خۆراسان.

یەکێک لەو کەسایەتییە ناسراوە خانەدانانەیش بەناوی «بەهزادان خۆراسانیی» بوو کە لە مێژوودا بە ئەبو موسلیمی خۆراسانیی (١٠٠هـ/٧١٨- ١٣٧هـ/ ٧٥٤ز) ناسراوە. توانی هێزی ئەمەوییەکان ببەزێنێت و أبو العباس السَّفاح/یش ڕەوایی خەلافەتنشینیی بەخۆی بدات و دەوڵەتێک بەناوی دەوڵەتی عەباسیی دادەمەزرێنێت و شاری بەغداد بکرێتە پایتەخت.

لە سەردەمی خەلافەتڕانی هارون الرشید، سەرەتای وشەی «دیوان» سەریهەڵدایەوە، لەو دەمەدا حجاج بن یوسف الثقفي فەرمانی پێدەدرێت بە کۆکردنەوەی باج و خەراج، کارمەندێکی ساسانیی لەلا دەبێت کە کاتیخۆی باوکی لە دەردەمی ئەمەوییەکاندا بووبوە مسوڵمان، کوڕێکی لەدوای خۆی جێهێشتبوو بەناوی (زادان فەڕوخ) دەبێتە دەفتەرداری حَجَّاجْ.

حَجَّاجْ فەرمانی پێدەکات کە بکەوێتە ڕێکخستن و تۆمارکردنی ئەو باج و خەراجانەی بە (بَيْتُ المال) ناودێرکرابوون، لە زوانی پەهلەوییەوە وەرگێڕدرێت بۆ عەرەبیی. ئەمیش دەکەوێتە کردنەوەی دەفتەر و ڕێخستنی دیوان بۆیان.

هەر لەو سەردەمەیشدا، کەسانی بەتوانا و زوانزانی پەهلەویی بۆعەرەبیی دەردەکەوتن و کەوتنە وەرگێڕانی ئەو نووسراوە پەهلەوییانە بۆ زوانی عەرەبیی، لەوانەیش داستانی (کەلیلە و دیمنە) کە کاتی خۆی بە زوانی هیندیی (بە پێنج بەند؛ پێنجەتنترا، لە سەتەی چواری زایین بە

سانسکریت نوسرابوو).

لە سەتەی شەشەمی زایین بە فەرمانی کیسرا/ یەکەم وەرگێردرا بۆ پەهلەویی، بەڵام، لە سەردەمی عەبباسییەکاندا (سەتەی هەشتەمی زایین) کرایە عارەبیی.

ئیدی بەدوای ئەمانەدا، چەندین کتێب و چامە و شیعر تۆمارکران و دیوانیان بۆسازکرا.

ئەو شاری بەغدایە، لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمی خەلافەتڕانییدا، بوە ڕوانگە و مەکۆی هۆشەندان و بیرمەندان، بەتایبەت سەردەمی خەلیفەتڕانیی مەئموون کە فەرماندرا بە تەرجوماندنی هەندێک لە دەسنووسەکانی پیثاگۆراس، ئیفلاتون و ئەرەستو بۆ زوانی عەرەبیی. زۆر لەو ڕەوشنمەند و بیرمەندای ئەو سەردەمە کە ڕوویان کردبوە بەغداد، فێری خوێندن و زوانی عەرەبیی کرد و دەروویان بۆ کرایەوە لە شارەزابوونیان بە فەلسەفەی یۆنانیی.

لەو کەسایەتییانەی زیاتر بەهرەمەندبوون ناوداربوون؛ عَبد الله مُحَمَّد بن مُوسَى الخَوارِزمي، عَلِي بن سِينَا البَلْخيّ، أبو بَكر بن زَكَرِيّا الرَّازِيَ، جابر بن حيّان الحَرّانِيّ.... .

لە بواری زانستی زواندا، کەسایەتی وەک سیبەوەی (١٤٨هـ -١٨٠هـ/٧٦٥-٧٩٦ز) کە زۆر زانابوو لە زوانزانییدا، أحمد خليل الفراهيدي لە زانستیی عەروز (عِلْم العَرُوضْ) تایبەت بە چامە و شیعر، فارابیی فەیلەسوف و مۆزیکزان، صفي الدين عبد المؤمن الأرموي (٦١٣هـ/١٢١٦ز-٦٩٣هـ/١٢٩٤) تایبەت بە داڕشتنەوەی زانستەکانی مۆزیک، و چەندینی دیکە لە نموونەیان..... .

ئەمانە بوونە سەکۆی ڕێخۆشکار بۆ دیواندنی ئەو بەرهەمە فراوانە بەپێزانە.

ئیدی، لەم دیدگەوەڕا... بە تەوژم، واژەی دیوان سەریهەڵدایەوە و دەسبەجێ زوانزان بۆ یەکەمجار لە مێژووی وێژەمەنیی عەرەبیدا، ئەم واژەیە کەوتە نێو کۆڕی ناسیین و زانیینی سەردەم و کەوتنە گەرداندن و واژەسازیی Morphology تێیدا، بەمەیش چەندین واژەی لێکەوتەوە، لەوانەیش؛ دَوَّنَ، مُدَوِّنْ، تَدْوين، دَواوِين، دِيوانِيّاتْ....هتد.

هەر ئەم واژەیە، جگە لە تەختی خەلافەتنشیندا، بەرەبەرە لەنێو کۆڕی هونەری شیعر و ساز (نغمة) و ئاواز (لحن)یشدا ڕەنگی دایەوە.

بۆنموونە لە کۆکردنەوەی کۆمەڵە شیعرێک لە کتێبێکدا بەناونیشانی دیوانی (یارۆ، واتە کەسێک....؟) دەردەکەوت. وەک دەسنووسی دیوانەکانی ئەو سەردەمانە لە دیوانی مُتَنَبِّي، یاخود دیوانی سۆفیگەر، ناسا (عارف) و ناسک (زاهد) پیر منصور حلاجی یارسانیی کە لە چامەیەکی یەزدانییدا دەکەوێتە باری دەروێشیەوە، ئاماژە بە فەلسەفەی یەکبوونیی (وحدة الوجود) خۆی دەدات و دەفەرموێت:-

*أنا مَنْ أَهوى وَمَنْ أَهوى أنا*

*نَحنُ روحانِ حَلَنا بَدَنا*

*نَحنُ مُذ كُنّا عَلى عَهدِ الهَوى*

*تُضرَبُ الأَمثالُ لِلناسِ بِنا*

*فَإِذا أَبصَرتَني أَبصَرتَهُ*

*وَإِذا أَبصَرتَهُ أَبصَرتَنا*

*أَيُها السائِلُ عَن قِصَّتِنا*

*لَو تَرانا لَم تُفَرِّق بَينَنا*

*روحُهُ روحي وَ روحي روحُهُ*

*مَن رَأى روحَينِ حَلَّت بَدَنا*

لە شیعری کوردییشدا، چەندین دیوانی مەزنەشاعیرانی کلاسیک هەن کە دیوانەکانیان پەخش و ڕازێنراونەتەوە بە واژە و وشەی ڕەنگین و سەنگین.

لەوانەیش، ڕەوانشادان؛ دیوانی ئەحمەدی خانیی، مەحویی، مەولەویی، پیرەمیرد...... و نالیی کە لە گۆشەیەک لە شاکارە دیوانەکەیدا دەڵێت:-

فارس و کورد و عەرەب هەرسێم بە دەفتەر گرتوە

«نالی» ئەمرۆ حوکمی سە ملکە، دیوانی هەیە

لەبواری هونەری مۆزیکدا، زۆر لە فەیلەسوفانی ئیسلام، بیر و فەلسەفەی خۆیان خستەگەڕ بۆ فرۆزاندن و ڕۆنان بە ناخی زێبایی و زانستی مۆزیکدا، لەوانەیش؛ سەفەدینی ورمێیی کە زۆر پێگەی هزر و بیری دیارە لە بەرهەماندنی چەند

> **ئەوەی کە زۆر جێی سەرنج و تێڕوانین و پرسە، زۆر وشە، واژە و پەیڤ، واچە و ڤاچا و واتەی کوردیی هەن کە لە نێو زوانە دراوسێکاندا هەن، بە ڕەگ و ڕەچەڵەک کوردین و لە لاوژە کوردییەکانماندا بە پاکوپوختە و پارێزراویی ماونەتەوە**

دەسنووسی زۆر بەپێز لەبواری ساز و ئاواز بە زوانی عەرەبیی و فارسیی تێهەڵکێش بە زوانـی پەهلەویی (چـون ئـەو سـەردەمـە، هـەر زوانـی پەهلەویی بـوە کە دەتەرجومێنران بۆ عەرەبیی. خۆشبەختانە هەندێک لەو دەسنووسانە دۆزراونەتەوە لە مۆزەخانەکانی ئەورووپا پارێزراون).

ئەوەی کە زۆر جێی سەرنجـڕاکێشانە لە شاکارەکانی ئـەم هونەرمەندە مۆزیکـزانە کوردنـەژادە سەفەدینی ئەرمەویی (ورمێیی) زۆر زرنگانە و فەرزانانە، زانستی دەسگا مۆزیکییەکانی لە چەند کتێبێکدا دیوانـڕێژکردوە کە تاکو ئێستا سەرچاوەی سرۆ (إلهام) و لێگەڕانن.

ئەو چەند دەنگانەی لە ڕستە مۆزیکێکی هەشت بڕگە دەنگییدا پێکەوە ڕیزبەندکردوە و بەستوونی پێکەوە بۆ داڕشـتن و دانانی ئـاواز و وانینـەوەی دەسگاکان و ناولێنانیان بـەو ناوانـەی کە لەنێو زوانـی کـوردی-پەهلەوییدا هەن، ناسراون بە ڕەسەن-واژەی پەهلەویی/ کوردیی و کەوتوونەتە نێو زوانانی دەرودراوسێیشەوە.

ئەم برگە دەنگانەیش بە زاراوەی سەردەم پێیانـدەوترێت نۆتە Note. ڕیزبەندکۆی ئەم نۆتانەیش، پێیاندەوترێت هەشتەک Octave (واتـە هـەشت ڕیزە دەنگ) یاخود دەستگا (مەقام: Mode)ی مۆزیک کە زۆرجارانیش بە «دیوان» دەناسرێت، وەک لەم نموونە نیگارەدا:




دەسگایەکی مۆزیک هەیە، بەناوی دەسـگای حیجاز دیوان Ĥicaz Diwan

کە لێڕشـتەیەکی سـەر بە دەسـگای حیجازە، وەک لەم نۆتاندنەی خوارەوە:-




ئەوەی کە زۆر جێی سەرنج و تێڕوانین و پرسە، زۆر وشە، واژە و پەیڤ، واچە و ڤاچا و واتەی کوردیی هەن کە لە نێو زوانە دراوسێکاندا هەن، بە ڕەگ و ڕەچەڵەک کوردین و لە لاوژە کوردییەکانماندا بە پاکوپوختە و پارێزراویی ماونەتەوە، بەڵام هەل و دەرفەت بۆ خاوەن زوانانی دەرودراوسـێ ڕەخساوە کە بە شێوازێک ئەو وشانە بهێنن و لەڕێی گەرداندن، سازاندنێکی وەهای بۆ بکەن کە بئاخنرێنە نێو زوانەکانیان و بەدەنگی خۆیان گۆی پێـبکەن و ئیدی خۆیان بکەنە خاوەنی.

بـەداخـەوە.... تاکو ئێستایش...لەم جۆرە کار و ڕەفتار و گوفتارانەدا، زۆر لە ڕۆشنبیران و وێژەوانانی کورد، تـاڕادەیـەک بێدەنگن و هیچ هەڵوێستێکی ئاکادیمیایی زارشـتـانـە (منطقي: Logically)ی وەهـایـان لێ نەکەوتۆتەوە کە بڵێن ئێمەیش هەین و ئەوانەی لە زوانی کوردییدا کەوتوونەتە سەرزار و گۆیـپێدەکەین (ڕەنگبێت بەهەڵەدا نەچووبم) مێژووی زوانی کوردیی لە پێش ئەو زوانانەوە هەبوویێت کە بوونەتە دراوسێمان.

بەڵام ئێستا.... دیسان بەداخەوە، وەک پێویست ئەوەندە خەمـخۆری زوانەکەمان نەبووین و گەیشتونەتەوە ئەو ئاستە ترسناکەی!...

ئەوان خانەخوێ بن و...... کوردانیش ڕەنجدەر

### ژێدەر و سەرچاوەکان


١. الدكتور جمال رشيد أحمد. ظهور الكورد في التاريخ دراسة شاملة عن خلفية الأمة الكوردية ومهدها. الجزء الثاني، الطبعة الثانية، أربيل، ٢٠٠٥، صفحة ٤٦٥ – ٤٨٠.

٢- الدكتور أحمد خليل، مملكة ميديا، أربيل، مؤسسة موكرياني للبحث و النشر ٢٠١١م.

٣- أبو جعفر بن جرير الطبري، تأريخ الأمم و الملوك، بيت الأفكار الدولية، عمان- أردن

٤- تأريخ ابن خلدون: ابن خلدون جلد:١ صفحه:٣٠٣

٥- السراج الطوسی، اللمع في التصوف، تحقيق: د. عبد الحليم محمود و طه عبد الباقی سرور، دار الكتب الحديثة، مكتبة المثنی، ١٩٦٠، ص/ ٤٦٨.

٦- The ١٠٠: Michael H. Hart" A Ranking of the Most Influential Persons in History", ISBN-١٩٧٨٩٧٨٠٨٠٦٥١٣٥٠٨


وەرگێرانی بۆ کوردیی «ئەسعەد قەرەداخیی»، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی هاوسەر(٤٨) سلێمانی، چاپی دووەم، ١٩٩٠ز.

٧. "Henrik Samuel Nyberg" Farahang i Pahlavīk, ١٩٨٨ ,٢٢:٥٧:٣٩ ٠٧-٠٩-٢٠٢٠

٨- دیـوانـی مـەولـەوی، کـۆکـردنـەوە و لـێکـدانـەوەی: سەید عەبدولکەریمی مودەڕیس، بەغدا: ١٩٦١.

٩- «ئەسعەد قەرەداخیی»، فەرهەنگی مۆزیک، فەرهەنگی مۆزیک، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٠ز.


*** ئەم بابەتە لەسەر خواستی نووسەر وەک خۆی بڵاوکراوەتەوە، بێ هیچ دەستکارییەکی ڕێنووس و زمانەکەی.**



# سەردەمی چەتەیی ئەورووپا

ن/ د. نعمت الله فازلی – و/ مقداد شاسواری

لە باکووری کیشوەری ئەوروپادا ناوچەیەک هەیە لەڕووی جوگرافییەوە ناسراوە بە ئەسکەندەنافیا. ئەو وڵاتانەی هەڵکەوتوونەتە نێو ئەو ناوچەیە بریتین لە سوید، نەرویج، دانیمارک، فینلاند، ئایسلاند و دوورگەکانی ڤارۆ. ڕەگ و ڕیشەی زمانی ئەو وڵاتانەش دەگەڕێتەوە سەر زمانی ئەڵمانی.

دانیشتوانی ئەو وڵاتانە لە وەچەی جەنگاوەرانی ڤایکینگن، کە بە چەتە ئەسکەندەنافییەکان دەناسران و لە سەردەمی کۆندا بەسوارییی کەشتی، هێرشیان دەکردە سەر ناوچەکانی دەوروبەری خۆیان و هەموو موڵک و سامانی ئەو شوێنانەیان بەتاڵان دەبرد، کە دەستیان پێدەگەیشت. فیشاڵچی و شات و شوتەکانی باکووری ئەورووپای ئەوسا، بەڕاددەیەک لە دواکەوتوویی ئەقڵی دا دەژیان، وەهم و خەیاڵاتی پوچ مێشکیانی داگیرکردبوو، چەندین خودای جۆراوجۆریان دەپەرست وەکو خودای ئۆدین و گورگی دێوئاسای فێنەریر.

ڤایکینگەکان بڕوایان وابوو، ئەگەر لە جەنگدا بکوژرێن ڕۆحیان دەچێتە «ڤالهالا» واتە بەهەشتی پاڵەوانە کوژراوەکانیان، لەوێ لەگەڵ ڤایکینگە کوژراوەکانیان لە دەوری مێزێکی دارینذا کۆدەبنەوە و شەرابی ئاڵووااڵ دەخۆنەوە و لەوپەڕی دڵخۆشیدا کات بەسەردەبەن.

لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانیی دووەم، کە وڵاتانی ئەورووپا بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر وێران و خاپوور ببوون و داریان بەسەر بەردیانەوە نەمابوو، سندوقیی جیهانیی دراو برە پارەیەکی زۆری بۆ نۆژەنکردنەوە و ئاوەدانکردنەوە، وەکو قەرزی درێژخایەن و پێشینە دەدایە ئەو وڵاتانە، بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەی شار و ئاوایییە وێرانکراوی وڵاتەکانیان. بەڵام جیاواز لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپا، وڵاتانی ئەسکەندەناڤی، ئەو قەرز و پێشینەیەیان وەردەگرت و تەرخانیان دەکرد بۆ ئاواکردن و بیناکردنی کتێبخانە و بڵاوکردنەوەی کلتوور و فەرهەنگی کتێب خوێندنەوە لەنێو خەڵکی خۆیاندا، بەڕادەیەک ئەو کارەیان برەوپێدا، سندوقی دراوی جیهانیی چەندجارێک ئەو وڵاتانەی ئاگادارکردەوە و هۆشداری پێیاندا، کە دەبێت پێشینەکە بۆ نۆژەنکردنەوەی شارەکان بەکاربێنن، بەڵام ئەسکەندەناڤییەکان سندوقەکەیان دڵنیا دەکردەوە، کە ئەوان پێیان باشە ئەو قەرزە بۆ برەوپێدانی کلتوریی و ڕۆشنبیریی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی و کتێب و کتێبخانە بەکاربهێنن.

لەدوای تێپەڕینی سەدان ساڵ، نەوەی ئێستەی ناوچەی ئەسکەندەناڤیا گۆڕانێکی زۆریان بەسەرداهاتووە و تێگەیشتوون و پێگەیشتوون و جیاوازییەکی بەرچاویان لەگەڵ باب و باپیرانیان هەیە، کە بە نۆردینگەکان ناسراون. وڵاتانی ئەسکەندەناڤیای ئێستە بەخێرایی بەرەو پێشکەوتنی هەمەلایەنە هەنگاو دەنێن و لەبری جەردەیی و چەتەیی و شەڕانگێزی و تاڵانکاریی ئەژدا و ئابایان، بەگشتیی خەڵکێکی هێمن و لەسەرەخۆ و ئاشتیخوازن، لەهەمانکاتدا بە بیرمەند و ڕۆشنبیر و شارستانیی دەناسرێنەوە، نەک تەنیا ئازاری دەوروبەریان نادەن، بەڵکو لەخەم و خزمەتی کۆی مرۆڤایەتیدان. ئەوان نەک هەر چیدی وەکو ڤایکینگەکان چاوی تەماعیان نابڕنە موڵک و ماڵ و سامانی کەس، پارە و نان لە دەست و دەمی کەس ناڕفێنن، بگرە بە پشتبەستن بە فۆرم و سیستەمێکی ئابووریی پتەو کارێکیان کردووە، کە هاوڵاتیانیان لەوپەڕی ئاسوودەیی و بەختەوەریدا بژین.

دەزگای «لیگاتوم» هەموو ساڵێک بە تاوتوێکردنی هۆکارگەلێکی وەک ئابووریی، هەلی کار، سیستمی دیموکراسیی، حوکمڕانیی، فۆرم، میتۆدی خوێندن، سێکتەری تەندروستی، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئازادییەکانی تاک و مسۆگەرکردنی داهاتی ساڵانەی تاک بۆ بژێویەکی بێ کێشە، لەسەر ئاستی وڵاتانی جیهاندا داتا و لیستێک لە دڵخۆشترین خەڵکی وڵاتانی دونیا بڵاودەکاتەوە و دەیانناسێنێ. کە چاو لەو لیستە دەکەین دەبینین، لە ساڵی ٢٠١٤ دا خەڵکی نەرویج لە پلەی یەکەمی دڵخۆشترین خەڵکی وڵاتانی دونیان. دانیمارک لە ڕیزبەندی چوارەم، سوید لە ڕیزبەندی شەشەم و فینلەندا بە پلەی هەشتەم و

ئایسلاند لە ڕیزبەندی یازدەهەمی بەختەوەرترین خەڵکی هەموو دنیا دا دێن. مایەی تێڕامانە چۆن ئەو خەڵکەی لە سەردەمێکدا بە خوترمە و شمشێر و بە سواری کەشتی هێرشیان دەکرد و پەلاماری ناوچەکانی دەوروبەری خۆیان دەدا و بەوپەڕی دڵڕەقی و وەحشیگەری هەرچی بکەوتبا بەردەستیان تالانیان دەکرد و پارووی دەست و دەمی خەڵکێکی دیکەیان دەرفاند، سکی خۆیان بە جەردەیی و ڕاوەڕووت و کوشتوبڕ تێردەکرد، گەیشتنە ئاستێکی ئاوها، کە دەتوانن وڵاتە سارد و زۆزانییەکانیان بە ڕادەیەک لە پێشکەوتن بەرێوە ببەن، کۆمەڵگە و خەڵکی خۆیان ئاسوودە و دڵخۆش بکەن.

ئەگەر بتەوێ وڵاتێکت هەبێ تێیدا خەڵکەکەی بە ئاسوودەیی و بەختەوەری بژین، هەژاری و جیاکاری و جەهل و نەزانی و نەفامی وا لە خەڵکەکەی نەکات بە دەروونێکی ئاڵۆز و مێشکێکی قفڵدرا و بیرکردنەوەیەکی توند و تیژ بکەونە وێزە و گیانی یەکدی، ئەوا پێویستە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سیاسیدا عەدالەت و یەکسانی بچەسپێنێ.

ئەگەر بتەوێ ئەندێشە و بیروباوەڕی کۆنخوازیی و دواکەوتوویی دزە نەکاتە نێو مێشکی دانیشتوانی وڵاتەکەت، دەبێت گرینگی و بایەخ بە بڵاوکردنەوە و بەرەودان بە زانستی سەردەم و ئاوەدانیی و باخچەی ساوایان و خوێندنگە و زانکۆکان بدرێت.

ئەگەر بتەوێ پەتاو ناساغی تەنگ بە هاوڵاتیانتان هەڵنەچنێ و نەیانتۆقێنێ، دەبێت ژێرخانێکی قایم و پتەو و سەرخانی سێکتەری تەندروستیی و سەلامەتی و بیمەی دڵنیایی یەکسان لە سەرانسەری وڵات بونیاد بنێن، کە هەمووان لەکاتی پێویستدا دەستیان پێڕابگات.

ئەگەر بتەوێت ئەدگار و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی هاوڵاتیانتان لە ئاستێکی ڕاقی و مەدەنی بەرزدابێت، دەبێت ئازادییەکانی تاک بە یەکسانی مسۆگەر بکرێت. لە کۆتاییشدا بەڕێوەبردنی هەموو ئەو سێکتەرانە پێویستی بە حکوومەتێکی لێزان و دڵسۆز و کەشێکی دیموکراسیی و هێمنایەتییەکی سەقامگیرە، کە بێ دروشم و قسەی بێ کردار لە خزمەتی وڵات و هاونیشتمانیاندابێ.

ئەو میتۆد و سیستەمە حوکمڕانییەی کە وڵاتانی ئەسکەندیناڤی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات پێڕەوی لێدەکەن، بە مۆدێلی نۆردیک ناسراوە، کە خۆیان بەناوی (سیستەمی هاوڕێتی) ناوی دەبەن. زەقترین و دیارترین تایبەتمەندی ئەو مۆدێل و سیستەمە ئەوەیە، کە بەرژەوەندی گشتیی دەخرێتە سەرووی بەرژەوەندی تاک و تایبەتەوە.

لەو ستایلەی حوکمڕانیەدا ڕێژەی لەسەدا چل هەتا سەدا شەستی داهات لە ڕێگەی باج لە هاوڵاتی وەردەگیرێت، هەڵبەت خەڵک و هاوڵاتیانیش بێ هیچ ناڕەزایەتییەک و خۆدزینەوەیەک ئەو برە باجە پێشکەش بە حکومەتەکەیان دەکەن، چونکە دڵنیان لەوەی ئەگەر نەخۆش بکەون و بچنە نەخۆشخانە، یان وەکو خوێندکارێک بچنە زانکۆ پێویست بەوە ناکات هیچ برە پارەیەک بدەن و ئەو شوێنانەش لەبری چارەسەرکردنی نەخۆشی و هەروەها خوێندن لە زانکۆ داوای هیچ بەرانبەرێکی ماددی لەکەس ناکەن.

هەرکەسێکیش پارەی زیاتر قازانج بکات و داهاتی زیاتر بێت دەبێت باجی زیاتر بدات. بۆیە لەنێو ئاوها سیستەمێکی حوکمڕانیدا مەودا و جیاوازی چینایەتی دروست نابێت.

هەر لەم سیستەمەدا، ئەگەر ئەم ئێوارەیە خواردنی مریشک لەسەر سفرە و خوانەکانتانە، دڵنیان لەوەی هیچێک لە هاوڵاتیانتان وەکو پشیلەیەکی برسی، سەری خۆی هەتا ناوقەدی بەژنی بەدوای هەڵگرتنەوەی پاشماوەی فڕێدراوی خواردنێک بۆنێو تەنەکە و حاویەی زبڵ و خاشاک شۆڕنەکردووەتەوە.

کاتێک هەژاری و دەستکورتی لە کۆمەڵگەیەکدا نامێنێ و هەرکەسێک دەستی لە بەرک و گیرفانی خۆیەتی، ئەوا دزی و تاوان، ڕاوەڕووتیش هەتا ئاستی سفر نزم دەبێتەوە، کۆمەڵگەیەکی ئارام و سەقامگیر و بێ کێشە دێتە کایەوە، خەڵک بە یەکسانی دەرفەتی کاری بۆ دەڕەخسێ و کاتی خۆی بۆ ئەنجامدانی کار و پرۆژەی گرنگ و بەسوود بۆ خزمەت و پێشکەوتنی شار و وڵاتەکەی تەرخان دەکات.

هۆشیاریی و پێگەیشتوویی بە شەو و ڕۆژێک هەر لە خۆیەوە دروست نابێت، بە پەروەردەیەکی درێژخایەن و بەردەوام، یان بە بیرکردنەوەییەکی قووڵ و بەرنامە بۆ داڕێژراو دروست دەبێ.

لە ئاوها میتۆدێکی حوکمڕانیدا کاتێک یەکێک پارەو سامانی خۆی ئەسپاردەی بانکێک دەکات، واتە پارەی زیادەی هەیەو، توانای مادی باشە، کاتێکیش کەسێک پێشینەو قەرز لە بانک وەردەگرێت، واتە پێویستی بە پارە هەیە. لە وڵاتی سویسرا بانکەکان بڕی یەک لە سەدای لە پارەی کڕیارەکانیان گل دەدەنەوە و لەبری پاراستنی پارە و سامانیان، بەڵام سوودی بانکیی لەوانە وەرناگرن، کە قەرز و پێشینە لە بانکەکان وەردەگرن. چەند باش دەبێت ئەگەر بەخۆمان بە خوێندنەوە و زانست و بەڕێوەبردنێکی باش دروستکەری بەهەشت بین بۆ هاوڵاتیانمان. هانیان بدەین کتێب بخوێننەوە. کەمتر ئامۆژگاری بکەین و زیاتر کاربکەین. کارەکانمان بە باشی و دڵسۆزیی و لێزانی ئەنجام بدەین، دیسان هەر کتێب بخوێنینەوە و کتێب بخوێنینەوە.

# فەلسەفە لە نێوان چییەتیی مەعریفە و پێویستیی بابەتیبوون



دڵشاد کاوانی

هەرچەندە بە درێژایی مێژووی فەلسەفە لەگەڵ هەر ڕەوت و دیدگا و قوناغێکی فەلسەفیی دا، فەلسەفە وەک میکانزمێکی فکریی مەعریفی لەپاڵ ئەو چەمکانەی کە کاری فەلسەفەکاری کراوە، کەوتووەتە بەر شەپۆلی هزری و پێناسە و وێنای جیاوازی بۆچوونەکان، بۆیە زۆر لەبارەی فەلسەفە نووسراوە و جۆرەها شیکار و ڕاڤەی بۆکراوە. فەلسەفە وەک جۆر و ژانری تایبەتی بابەتیی بوونی بابەتیی و یاخود وەک چییەتی مەرعریفە خراوەتە بەرباس. ئێمەش بە ئاسانی لە مانا و مەدلوولەکانی ڕاستەقینەی «فەلسەفە» ناگەین، چونکە فەلسەفە هاوشێوەی توێژینەویەکی زانستی نییە، چونکە زانست بابەتێکی ڕوونی هەیە، دێت و قسە لەبارەیەوە دەکات. گەر بپرسین بواری فەلسەفە چییە؟ بۆچی هەموو شت و مەعریفەیەکی لەخۆ گرتووە؟ ئایا بڵێین بابەتێکی تایبەتییە، یان تەنیا بیرۆکەیەکی ئەزموونەکراوە؟

ئایا فەلسەفە زانستێکی سەربۆخۆیە و بیرۆکە زانستییەکان دەوڵەمەند دەکات، یان بیری دەوڵەمەند و وردمان لەسەر بوونی بابەتیی پێ دەبەخشێت؟ یاخود فەلسەفە هونەری بیرۆکەیە؟ بۆچی ئێمە بۆچوونی جیاوازمان هەیە سەبارەت بە چارەنووسی هەزار ساڵەی مرۆڤایەتی؟

لێکدانەوەی فەلسەفە قورسە، چونکە ئێمە زۆر بۆچوونی جودامان سەبارەت بە ئامانج و ئەرکەکەی هەیە. لە لایەک فەلسەفە وەک ئەو زانستە بنەڕەتییە دەبینین، کە مانا بە هەموو شتەکان دەبەخشێت. لە لایەکی دیکەوە ئێمە فەلسەفە وەک ڕێنوێنییەک بۆ ژیانمان دەبینین. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا مرۆڤەکان فەلسەفەیان بە لقێک لە ئیلاهیات ناودەبرد، بەڵام ئەمڕۆ خەڵک وەک یارمەتیدەرێک بۆ زانستە سروشتییەکان و زانستە کۆمەڵایەتییەکان بیری لێدەکەنەوە.

ئەمە ئاسانە کە دەزانین لە ڕووی وشەسازییەوە، وشەی «فەلسەفە» لە فیلۆ سۆفیای یۆنانییەوە هاتووە، بە واتای «خۆشەویستی عەقڵ» یان گەیشتن بە حیکمەت، یاخود گەیشتن بە ژیریی دێت. بەم مانایە فەلسەفە تەنیا بابەتێک نییە، کە واتاکانی مەعریفە دەگەیەنێت یان هەستی ئیدراک دەجولێنێت، بەڵکو جۆرێکە لە ئارەزوو و داواکاریی مەعرفیی. لەلایەکی دیکەوە سوکرات دەڵێت: ئەوەی فەیلەسوف پێویستی پێیەتی، حیکمەت نییە، بەڵکو خۆشەویستیی.

سۆکرات بە ڕوونی ڕێگەی فەلسەفەی نیشان دا. گوتی: ژیان بەبێ ئەزموون نابێت، بۆیە دەبێت ڕێنمایی عەقڵ قبوڵ بکەین. دەزانرێت هەڵوێستی پرسیارکردن و لێپرسینەوە فاکتەری سەرەکی فەلسەفەیە. هەروەها ئاماژە بە لایەنە ئەخلاقییەکانی ژیان دەکات، کە زۆرجار لە فەلسەفەکاندا جەختیان لەسەر دەکرێتەوە.

ئەرستۆ تالس ناوەڕۆکی فەلسەفەکەی لە بەرهەمە نەمرەکانیدا دارشتووە. فەلسەفەی خۆی بەسەر چەند لقێکدا دابەشکرد، کە بێهاوتاییان «فەلسەفەی یەکەم» یان «میتافیزیک» بوو، کە پێکهاتبوو لە زانینی باڵاترین ڕێسا و پرەنسیپەکان. ئەم جۆرە جەختکردنەوە میتافیزیکییانە لە مێژووی فەلسەفەدا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە.

***فەلسەفە» لە فیلۆ سۆفیای یۆنانییەوە هاتووە، بە واتای «خۆشەویستی عەقڵ» یان گەیشتن بە حیکمەت، یاخود گەیشتن بە ژیریی دێت***

## سوکرات دەڵێت: ئەوەی فەیلەسوف پێویستی پێیەتی، حیکمەت نییە، بەڵکو خۆشەویستییە

مرۆڤە مۆدێرنەکان جەخت لەسەر سروشتی زانین دەکەنەوە. ئیمانوێل کانت زانست دابەشی سەر دوو شت دەکات. یەکێک لەوانە زانیاری ئەزموونییە، کە هاوتایە لەگەڵ زانستی سروشتی؛ یەکێکی دیکەیان ئەو مەعریفەی فیکرییە، کە لە ڕێگەی فەلسەفەوە دەتوانرێت بەدەست بهێنرێت. لە سەردەمی ئێمەدا مشتومڕێکی ناسک لە نێوان فەلسەفە و زانستدا هەیە. بەگشتیی مرۆڤەکان بەدوای زانستدا دەگەڕێن، نەک فەلسەفە. فەلسەفە هاوچەرخەکان تووشی پراگماتیزم بوون. تیایدا تەنیا مەعریفەی ئەزمونی مەعریفەی ڕاستەقینە و فەلسەفەش تەنیا لێکدەر و ڕەخنەگرەکەیەتی.

من بەم شێوەیە دەبینم: فەلسەفە مەعریفەی ڕوون و پڕ لە عەقڵ بەدەستەوە دەدات. حیکمەت سەبارەت بە مرۆڤایەتی و جیهان و خودا و ژیانی باش و کۆمەڵگەیەکی وشیار پێشکەش دەکات و بە وردی مامەڵە لەگەڵ پرسیارەکان دەکات سەبارەت بە سروشتی شتەکان و ئامانجی ژیان. بەم شێوەیە لە دیسیپلینەکانی دی، کە مامەڵە لەگەڵ شتە ڕووکەشەکان، یان دیدگایەکی دیکە بە بابەتە سەرەتاییەکان دەدات، واتا بە بێمانایی دەبەخشێت، هەربۆیەشە تائێستە فەلسەفە باڵاترە، لە بابەتیبوون.

بە پێی ئەوانەی باسم کردن فەیلەسووفان لە سەرەوەترن لە هەر کەسێک، کە پێویستییەتی گرنگیان پێدەدات. میتودۆلۆژیای ئاڵۆزی فەلسەفی پێویستی بە بیرکاری پێشکەوتوو، یان زانیارییەکی تۆکمە نییە، لەسەر جیاوازی و ئینتیگراڵە سووکەکان. فەیلەسوفی ڕاستەقینە گەوهەرێکی دەگمەنە، چونکە لە جیهانێکی وەها ئاژاوەگێڕدا، گەڕانێکی ڕۆحانەیە بۆ حیکمەت، لە فەزایی ناڕوونی دا ئەو ڕۆحێکی بەنرخە. جیهان بانگەواز بۆ فەیلەسوف دەکات و ئەم بانگەوازەش وەڵامێک لە هەریەکێکماندا دەوروژێنێت. چونکە تۆ دڵێکی خودا بەخشیت هەیە و تینوێتییەکی بێهاوتای حەقیقەتت هەیە، دەتوانیت تۆش فەیلەسوف بیت، وەلێ ئەمەش پەیوەندی بە قووڵبوونەوە و ڕۆچوونی ئاوەزییەوە هەیە.

پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە فەلسەفە جیاوازە لە زانستە ئەزموونییەکان وەک فیزیا و کیمیا و بایۆلۆجی. زانستێکی فیکرییە، کە لە ڕێگەی بیرکردنەوە و شیکاری سیستماتیکەوە گەشە دەکات، وەک بیرکاری. بیرکاران و فەیلەسوفەکان دەتوانن پشت بە تێبینییەکانی پراکتیک لە دەرەوەی ئەزموونی باو ببەستن. هەروەک ئەوەی زانستگەران لەبەردەم شێر دادەنیشن و بۆ دۆزینەوەکانیان کاری لەسەر دەکەن؛ ئەوان لە ڕێگەی تەنکنیکەوە بیرمەندی سەر کورسین، نەوەک بوێریی، وەلێ ئەرکی فەیلەسووفان لە بیر دا ئەوبووێرییەی دەوێت، کە بێ هاوکاری تاقیگەیی لەبەردەم دڕندەیی شێردا تەنیا بە چەکی ژیرییەوە دەوەستن و دڕندەیی دەروونی و ئاوەزیی مرۆڤ ماڵی دەکەن.

فەلسەفە هونەر نییە، بەڵکو ڕۆڵی ڕێنماییکەری هەیە بۆ هونەر. ئەمە بە تایبەتی بۆ دیالێکتیک ڕاستە. فەلسەفە ئیلاهیات نییە، چونکە ئیلاهیات لە باوەڕی ئایینیەوە سەرچاوە دەگرێت. خوێندەواری فەلسەفی چەمکە جۆراوجۆرەکانی شاراوە لە خوێندەواری مرۆڤەکاندا دەهێنێتە ئاراوە و سەرەتا جوانیان دەکات و پاشان دەیانگۆڕێت.

فەلسەفە پێشخانی مێژوویی نییە. فاکتێکە و سەر بە پاشخانە. مێژووی فەلسەفە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئارەزووی مرۆڤەکان بۆ فەلسەفە هێشتا زۆر دوورترە لەوەی گەیشتن بە جیهانی ئازادی مەعریفەی ئەزموونی. ژیانێکی کۆسمۆنتیکی بۆ باڵابوونی مرۆڤایەتی وا بەخێرایی بێنێتە کایەوە. هەرچەندە زانستی ئەزموونی لە هەندێک بواردا لە فەلسەفە پێگەیشتووترە و دەتوانین بڵێین گەیشتووەتە لووتکە. وەلێ هێشتا فەلسەفە منداڵە، دوای هەزاران ساڵی دیکە گەورە دەبێت.

**سەرچاوەکان:**


١- سقراط، إغتيال العقل. الدكتور محمد ممدوح. قسم العربي. الفلسفة والعلوم المتصلة بها, الكتب المطبوعة. سنه ١٩٩٨.

٢- ايمانوئل كانت. نويسنده: آنتونى كنى. مترجم: رضا يعقوبى. ناشر چاپى: بنگاه ترجمه و نشر كتاب پارسه. سال انتشار: ١٣٩٩.

٣- ارسطو. نويسنده: مارتا نوسباوم. مترجم: عزت الله فولادوند. ناشر چاپى: طرح نو. سال انتشار: ١٣٨٩.

# دیدار

# ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل



(دارەکـەی بـەر ماڵمان) یەکەم کۆمەڵە چیرۆکییەتی، کە ساڵی ١٩٦٨ چاپی کردووە، دواتـریـش کۆمـەڵـە چیـرۆکـی (دەسـتـی ئۆخەی، ئەسپ، چاوەڕوانی، بەردی سەبر، پەنجەرەکان و فڕینەکان-ی چاپکردووە. ئەو ئێستە بە تێکڕایی خاوەنی پەنجا کتێبی چاپکراوە.

## ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل:



# گۆڤاری شەفەق، وەختێک کەوتە دەست گۆران-ی شاعیر تێکی دا

دەمێک بوو دەمویست دیمانەیەک لەگەڵ چیرۆکنووس و وەرگێر ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل بکەم، چونکە پێموابوو کەسێک بەوتەمەنی حەفتا و پێنج ساڵییەوە هێندە لە خەمی ئەدەب و کتێبخانەی کوردیدا بێت شایانی ئەوەیە ئاوڕی لێبدرێتەوە. کاتێک بینیم سەرجەم بەرهەمەکانی (یڵماز گۆنەی)شی کردووەتە کوردیی، پێموابوو کاتییەتی ئەو دیمانەیە بکەین. ئەوەبوو ڕۆژی ٢٠٢٢/١١/٢٨ لە هەولێر ڕووبەڕوو دانیشتین و گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانەمان کرد. ئێستە، کە ئەو دیمانەیە بڵاودەکەینەوە ئەم ئەدیبە بە سەلیقە و ماندوونەناسە، باری تەندروستی باش نییە و لەسەر جێگە کەوتووە (هیوای تەمەن درێژیی و زوو هەستانەوە و کەوتنەوە سەرکاری بۆ دەکەین) پێشم باشبوو بەر لە بڵاوکردنەوەی سەردانی بکەم و بەسەر هەندێک لە زانیارییەکانی نێو دیمانەکەدا بچینەوە و سەبارەت بە هەندێک قسەشی، کە کردوونی پرسی پێبکەمەوە و ڕای وەربگرم. ئەمەش وەک کارێکی ئەخلاقیی و پیشەییانەمان لە گۆڤاری دیوان، بەرانبەر بە ئەدیبێک، کە تا ئێستە هەشتا و پێنج کورتە چیرۆکی نووسیوە و لە دووتوێی حەوت کۆمەڵە چیرۆکدا چاپی کردوون، لەگەڵ ڕۆمانێک بەناوی (بەهاری ڕەش) کە لەسەر ئەنفالی گەرمیان نووسیویەتی و بۆسەر زمانەکانی عەرەبیی و فارسیی و تورکی-یش وەرگێڕدراوە. دواجاریش، کە سەردانیم کرد، جۆرێک لەبیۆ هیوایی پێوەدیاربوو، گوتی ئەو نەخۆشییەم زۆری خایاند، من هێشتە زۆر کارم ماوە تەواویان بکەم. بەو قسەیەی دڵمی گوشی، بەڵام بەسەرخۆم نەهێنا، کوڕەکەی (دلێر)یش کە بەهۆی ئەو نەخۆشییەی باوکییەوە لە کەنەداوە گەڕابووە، هەستم کرد، چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک.

**دیمانە: سمکۆ عەبدولکەریم**

**- لەنێوان چیرۆکنووسی و وەرگێڕاندا بەچی دەستت پێکرد؟**

+ بەچیرۆکی کورت دەستم پێکرد، یەکەم چیرۆکیشم ساڵی (١٩٦٨) نووسی و بۆ ڕۆژنامەی برایەتی-م نارد، هەرچەندە من ئەوکاتە ئاگام لە هونەری چیرۆک نووسین نەبوو، زمانی کوردیم باش نەدەزانی، بە زمانێکی شلۆق و پڕ گرێوگۆڵ ئەو چیرۆکەم نووسی، دیاربوو پەسەندییان کردبوو، بۆیان بڵاوکردمەوە. هەوێنی چیرۆکەکەش ئەو دارەبوو، کە لە کاتی بۆردوومانکردنی فڕۆکەکانی ڕژێم بۆ سەر گوندەکەمان سووتا، منیش ئەو ڕووداوەم کردە چیرۆک. ئیدی ئەوەبوو نەمتوانی دەست لە نووسینی چیرۆک هەڵگرم. ساڵ بە ساڵیش، بەهۆی خوێندنەوەی بەردەوامم، بەتایبەتی بە زمانەکانی عەرەبیی و تورکیی، تێگەیشتن و دونیابینیم بۆ هونەری چیرۆک نووسین و ڕۆشنبیریی گۆڕا، ئەوە جگە لەو کتێبانەش، کە بەزمانی کوردیی دەستم دەکەوتن، بەتایبەتیش ئەو کتێبانەی، کە لە عەرەبیی و لە ئەدەبی جیهانییەوە وەرگێڕدرابوونە سەر زمانی کوردیی، ئەمە وایکرد خوێندنەوە و بیرکردنەوەم فراوانتر بن، هەر لە نەجیب مەحفوز و جبران-ەوە بگرە، تا دەگاتە نووسەرە ئەوروپاییەکان، کە لەو سەردەمەدا لەڕێگەی ئەو برادەرانەی هاتووچۆی بەغدایان دەکرد بەدەستم دەگەیشتن. بەمشێوەیە تێڕوانینم بۆ ئەدەب، بەتایبەتی بۆ چیرۆک گۆڕا و باشتر لە ئەدەب تێگەیشتم. بەهۆی زۆر خوێندنەوەی کتێبی کوردیش، وەک توحفەی موزەفەریە و بەرهەمەکانی هێمن و حیکایەت و مەتەڵە کوردییەکان زمانی کوردیشم زۆر باشتر بوو، هەموو ئەمانە وایانکرد لە چیرۆک نووسین بەردەوام بم.

**- بەڵام ئێستە زیاتر وەکو چیرۆکنووس دەرکەوتووی، یان وەرگێڕ؟**

+ من لە ساڵی ١٩٦٩-وە چوومەتە نێو دونیای چیرۆک نووسین، بۆیە بە دڵنیاییەوە خۆم بەچیرۆکنووس دادەنێم، بەڵام لە ناوەڕاست و کۆتایی ساڵی هەشتاکان دەستم بە وەرگێڕان کرد، ئەوەش کاتێک بوو، کە زانیم ئەدەب و خوێنەری کورد پێویستی بە بەرهەم و ڕۆشنبیریی بیانییە، بۆ دروستکردن و فراوانکردنی پانتایی ڕۆشنبیریی کوردیی و بۆ ئاگاداربوونی خوێنەری کورد لە ئەدەب و ڕۆشنبیریی میللەتانی دی، بەڵام هەر کتێبێکیشم خوێندبێتەوە وەرمنەگێڕاوە، چونکە هەمیشە چەند مەرجێکم هەبووە بۆ وەرگێڕان.

**- مەرجەکان چی بوون؟**

+ ئەوەبوو، کە دەبێت تا ڕادەیەک پەیوەندی بە نەتەوەکەی خۆمەوە هەبێت، هەروەها ئەو چیرۆک و ڕۆمانانەی، کە هەڵیاندەبژێرم ناوازە بن و بە تەکنیکێک و شێوازێک نووسرابن، لە ئەدەبی کوردیدا کەم بێت، بۆ ئەوەی ئاشنا و شارەزای شێوازی نووسینی نووسەرانی بیانی بین.

**- بۆ، پێت وایە، جگە لە وەرگێڕانی وشە و مانا، تەکنیک و شێوازیش تەرجوومە دەکرێن؟**

+ بێگومان، بێگومان، یەکێک لەو ڕۆمانانەی، کە لە تورکییەوە وەرمگێڕاوە (لە دارستاندا مردن نییە) تەکنیکێکی سەیری هەیە، کە لە ئەدەبی کوردیدا نییە. من هەوڵمداوە ئەو تەجروبەیە بهێنمە نێو ئەدەبی کوردییەوە، یان ئەوانەی باس لە جینۆسایدکردنی کورد دەکەن.

سێ ڕۆمانم دەربارەی ئێزیدییەکان وەرگێڕاوە، کە لە نووسینی ڕۆماننووسێکی عەرەبە بەناوی (وارد بەدر ئەلسالم) من وایدەبینم یەکەمجارە، ئەدیبێکی عەرەب باس لەو کارەساتانە بکات، کە بەسەر کورد-دا هاتوون، کە پێشتر ڕۆشنبیران، ڕۆماننووس و چیرۆکنووسانی عەرەب لێی بێدەنگ بوونە.

یان لەنێوەندی ئەدەبی کوردیدا نەدەزانرا، کە نازم حیکمەت ڕۆماننووسە، چوار ڕۆمانی هەیە، من سێ ڕۆمانیم کردووەتە کوردیی، من پرسیارم لە ئەدیب و نووسەرانی عەرەب-یش کردوە، لێمپرسیوون چی نازم حیکمەتتان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبیی؟ ئەوەی من بزانم (ژیان خۆشە هاوڕێ ـ الحیاة حلوه یا صدیقي) تەنیا ئەوە کراوەتە عەرەبیی.




**- چۆن بیرت لەوە کردەوە چیرۆک بنووسیت؟**

+ شتێکی سەیرە، نازانم، ئەو ساڵانە زۆر کتێبم دەخوێندەوە، ئیدی هەر لە خۆمەوە هەندێک شتم دەنووسی، وەک حیکایەت، هەندێک جار شتم دەبینی، یان باسی شتێک دەکرا دەمنووسی، هێواش هێواش، هەستم دەکرد ئەو ڕووداوەی، کە ڕوویداوە کاریگەری لەسەرم هەیە. بۆیە شتێکم نووسی، تۆ مەزانە وەکو چیرۆک وایە، ئیدی کەوتمە سەر چیرۆک نووسین و بەردەوام بووم.

**- تا ئێستە چەند چیرۆکت نووسیوە؟**

+ تا ئێستا (٨٥) کورتە چیرۆکم نووسیوە، لە



لەکاتی سەردانیکردنیدا، کە بەهۆی نەخۆشییەوە لەسەر جێگە کەوتبوو، بەمەبەستی پێداچوونەوەی هەندێک لە زانیارییەکان و جارێکی دی ڕا وەرگرتنی لەسەر چەند قسەیەکی، بەر لە بڵاوبوونەوەی دیمانەکە

دووتوێی حەوت کۆمەڵە چیرۆکدا لەگەڵ ڕۆمانێک بەناوی (بەهاری ڕەش) کە لەسەر ئەنفالی گەرمیان نووسیومە و بۆسەر زمانەکانی عەرەبیی و فارسیی و تورک-یش وەرگێڕدراون. بیست و پێنج کورتەچیرۆکم لەسەر ئەنفال نووسیوە.

لە کۆمەڵە چیرۆکەکانی ئەو دواییەش، کە هەمووی باری دەروونی تاکی کوردە، خەون، ئاوات و خواستی تاکی کوردە، کە دەیەوێت بێتە دی، توانیومە هەموو ئەو دیمەنانە بکەمە چیرۆک.

**- یەکەم بەرهەمت ساڵی چەند چاپکرد؟**

+ (دارەکەی بەر ماڵمان) بوو، کە ساڵی ١٩٦٨ وەک یەکەم کۆمەڵە چیرۆک چاپم کرد. دواتریش کۆمەڵە چیرۆکی (دەستی ئۆخەی)م بڵاوکردەوە، کە لەڕووی زمان، ناوەڕۆک، داڕشتن و هونەریشەوە لەگەڵ کۆمەڵە چیرۆکی یەکەم جیاواز بوو. ئیدی لێرەوە ڕوانینم بۆچیرۆک گۆڕا. دواییش (ئەسپ، چاوەڕوانی، بەردی سەبر، پەنجەرەکان، فرینەکان، و ڕۆمانی بەهاری ڕەش)م چاپکرد

**- سەرچاوەکانی ئەودەم چی بوون، کە سوودتان لێوەردەگرت؟**

+ ئەو ساڵانەش سەرچاوەیەکی ئەوتۆ لەبەردەست دانەبوو، کە بگەڕێتەوە سەری و سوودی لێببینی، وەکو سەرچاوە تەنیا گۆڤاری (گەلاوێژ) هەبووە، کە گرنگیی بەچیرۆک داوە.

دواتر هەر لە پەنجاکان چەند کەسێک هەبوون، وەک ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی، باسی دڵداریی و نەخوێندەواریی و باسی نەخۆشی میللەتەکەیان دەکرد، کە هیچ هونەرێکی تێدا نەبوو. تا گۆڤاری (شەفەق) دەرکەوت

**"جەمال نەبەز و مارف خەزنەدار-یش وەک دوو مامۆستا ڕۆڵیکی زۆریان هەبوو بۆ بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتی لە کەرکووک، کە کتێبی کوردییان دەهێنا و قوتابییە کوردەکانیان لەخۆ کۆدەکردەوە"**

**- تۆ باسی گۆڤاری شەفەق-ت کرد، دەکرێت بزانین ڕۆڵی ئەو گۆڤارە لە خزمەتکردنی ئەدەبی کوردیی لە کەرکووک چیبووە؟**

+ لە ساڵی ١٩٥٨ گۆڤاری شەفەق لە کەرکووک دەرچوو، کە ئەودەم ئەو شارە سەنتەری ڕۆشنبیریی بوو، هاوڕێیان ڕۆڵی زۆریان هەبوو، وەک فازل عەزاوی، زوهدی داودی و جەلیل قەیسی و زۆری دیکەش.




شەفەق تا ئەودەمەی لە کەرکووک دەردەچوو، خزمەتێکی زۆری ئەدەبی کوردیی کرد، بەڵام وەختێک کەوتە دەست گۆڕانی شاعیر، تێکی دا، لە ڕێڕەوی خۆی، ڕێڕەوی نەتەوەیی لایدا.

من ساڵی ٢٠٠٠ توێژینەوەیەکم لەسەر تایبەتمەندییەکانی گۆڤاری شەفەق نووسی، بە مەبەستی ساغکردنەوەی زۆر شت، کە تا ئەودەم بە ناڕوونی مابوونەوە، وەک سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤارە، هەروەها دەربارەی ئەوەی، کە ئایە ئەم گۆڤارە چەند ژمارەی لێدەرچووە، چەندی لە کەرکووک و چەندی لە چەمچەماڵ و سلێمانی دەرچووە، ئەوبابەتانەی گرنگیی پێداون و بڵاویکردوونەتەوە چیبوون، ئەمە جگە لە ساغکردنەوەی ناوە نهێنییەکانی ئەو نووسەرانەی ئەودەم، کە بەهەر هۆیەکەوە بووبێت بە ناوی خۆیان بابەتیان بڵاونەکردووەتەوە.

ئەوەم ڕوونکردووەتەوە، کە جیاوازی گۆڤاری شەفەق لەگەڵ ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی ئەوکات چیبووە؟ کە بەلای منەوە شەفەق گۆڤارێکی ناوازە و جیاواز بووە.

ئەو بابەتە ئەوەی بیرخستمەوە، شتێک هەیە دەمەوێت لە ڕێگەی ئەو چاوپێکەوتنەوە بیڵێم. لەوچەند ساڵەی ڕابردوو لە ئەکادیمیای کوردیی سەردانی دکتۆر جەبار-م کرد، یەکێک لەوێ دانیشتبوو، ناوی عەبدوڵڵا زەنگەنە بوو، تازە کتێبێکی لەسەر گۆڤاری شەفەق دەرکردبوو، لە

پێشەکی کتێبەکەیدا ئاماژەی بەمن کردبوو، نووسیویەتی: (یەکێک، گوێ بگرە یەکێک) پێش ئەم کتێبە شتێکی نووسیوە، کە شتێکی ئەوتۆ نییە.

کەچی هەر لەو کتێبەیدا کۆمەڵێک وتاری منی وەک سەرچاوە بەکارهێناوە، کە من ئەوکاتەی ئەندامەی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بارش-ی تورکمانی بووم، دەربارەی ڕۆژنامەگەری کوردیی لە کەرکووک بە ناوی (وەیسە) نووسی بوونم، کەچی لە پێشەکی کتێبەکەیدا بە کەسێک ناوی هێناوم.

بۆیە ئەوەم زۆر پێناخۆش بوو، پێمگوت من کەسێک نیم، من ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل-م نزیکەی پەنجا کتێبم نووسیوە، تۆ چیتکردووە؟ شت لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان کۆدەکەیتەوە و دەیانکەیتە وتار و کتێب. لە کاتێکدا من بەقەد بەژنی تۆ کتێبم نووسیوە.

**- ئەو چیرۆکنووسانەی ئەوسەردەم، کە ڕۆڵیان هەبوو لە پێشوەچوون و گۆڕانکاریی لە چیرۆکی کوردیی کێ بوون؟**

+ چیرۆکەکانی مارف بەرزنجی، کە لە گۆڤاری شەفەق بڵاویدەکردنەوە هونەرێکی زۆر سەیری تێدابوو، وەک گەڕانەوە بۆ دواوە، زەمەنی گۆڕیوە بەشێوەیەک گۆڕانکارییەکی گەورەی لەچیرۆکی کوردیدا کردووە.

هەر لە شەستەکان، گێڕانەوە بە تەنیا چیرۆکی کوردیی تازە نەکردەوە، بەڵکو سێ چیرۆکنووسی کورد گەورەترین گۆڕانکارییان لە ئەدەب و گێڕانەوەی کوردیدا کرد، کە بریتی بوون لە (لەتیف حامد، ئەحمەد شاکەلی و سەدرەدین عارف)

بەداخەوە (ئەحمەد شاکەلی) وەستا و ئیدی چیرۆکی بڵاونەکردەوە، بەڵام (سەدرەدین عارف) بەردەوام بوو، تا لە ساڵی ٢٠٢٠ کۆچی دوایی کرد (لەتیف حامد)یش لە ساڵی ١٩٧٤ کۆچی دوایی کرد.

**- زیاتر لە چ زمانێکەوە تەرجوومە دەکەیت؟**

+ لە تورکیی و عەرەبییەوە. بۆ نموونە کتێبی (ئەمە لەدەرسیم ڕووی دا) کتێبێکە (مونزور چەم) بە زمانی تورکیی دەربارەی ڕاپەڕینەکەی دەرسیم لە ساڵی (١٩٧٣) نووسیویەتی و بڵاویکردووەتەوە. نووسەر بۆ نووسینی ئەو کتێبەی، بەدوای ئەو منداڵانەدا گەڕاوە، کە لە ساڵی (١٩٣٨) تەمەنیان لە نێوان هەشت ساڵی و دوازدە ساڵیدا بووە.

زۆربەیانی لە ئەمریکا، کەنەدا، بەریتانیا و سوید بینیوەتەوە و دەربارەی کۆمەڵکوژییەکەی دەرسیم پرسیاری لێکردوون، کە چییان بینیوە و چی ڕوویداوە؟ ئەوان بۆیان گێڕاوەتەوە و ئەویش تۆماری کردوون، کە ئەمەش دەچێتە خانەی بەڵگەی دۆکۆمێنتاری، کە لە زمانی شایەتحاڵەکانەوە وەرگیراوە. ئەوەم کردووەتە کوردیی و پێشوازییەکی گەرمیشی لێکرا.

**- یانی زۆر گرنگیی بە وەرگێڕانی ئەو بەرهەمانە دەدەیت، کە پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە.**

+ بێگومان، دوو ڕۆمانی (فەرید ئەدگۆ) کە ڕۆماننووسێکی تورکە تەرجوومەم کردووە، کە زۆر دۆستی کوردە، لە چەپڕەوەکانی تورکیایە و زۆر بەناوبانگە، کاتێک بۆ ناوچەی هەکاری دوورخراوەتەوە، لەگەڵ کوردەکانی ئەوێ تێکەڵاوبووە، سێ ڕۆمانی دەربارەی کوردەکان لەوێ نووسیوە.

**- تۆ زۆر نەتەوەییانە قسە دەکەیت؟**

+ بێگومان من کەسێکی نەتەوەییم و بیری نەتەوایەتی زاڵە بەسەر بیرکردنەوەمدا، وەکو تاکێک و ڕۆشنبیرێکی کورد، حەز بە سەرکەوتن و ئایندە ڕۆشنی میللەتەکەی



ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتی چاپخانەی کارۆ

خۆمەوە دەکەم، هەرشتێک ببینم قازانجی میللەتەکەمی تێدایە و سوود بە میللەتەکەم دەگەیەنێت، دەیانخەمەڕوو، ئەمە لە نووسینەکانیشمدا ڕەنگی داوەتەوە.




**– ئەمە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟**

+ ئەم پرسیارەت دەمگەڕێنێتەوە بۆ ساڵانی پەنجاکان، ئەودەمەی من لە کەرکووک قوتابی بووم، لە بەشی ناوخۆیی، لەگەڵ کۆمەڵێ قوتابی خوێندەوار تێکەڵبووم، وەک (شێخ محەمەد شاکر، نوری تۆفیق) ئەوان مەیلی کوردایەتیان هەبوو، سەر بە پارتی بوون منیشیان فێر دەکرد، من کە تازە لە دێیەکی گەرمیانەوە هاتبوومە کەرکووک، کتێبی کوردییان پێدەدام و قسەی نەتەوایەتییان بۆ دەکردم، منیش بیرم کەوتە سەر ئەوان. جەمال نەبەز و مارف خەزنەدار-یش وەک دوو مامۆستا ڕۆڵێکی زۆریان هەبوو بۆ بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتی لە کەرکووک، کە کتێبی کوردییان دەهێنا و قوتابییە کوردەکانیان لەخۆ کۆدەکردەوە و هەواڵیان دەپرسین. لەوسەردەمە کەرکووک جێگەی ڕۆشنبیریی بوو، بە پێچەوانەی شارەکانی دیکەی کوردستان، زۆر کتێبخانەی تێدابوو، بەتایبەتی کتێبخانەی قەومیی و کۆمەنیستەکانی لێبوو، هەروەها کتێبخانەی تورانیی و ئیخوان موسلمین-ەکان، کتێبخانەیەکی کوردی-یش هەبوو خاوەنەکەی عومەر بێکەس بوو، کتێبی کوردیی دەفرۆشت و کەسایەتییە کوردەکان دەچوونە دوکانەکەی ئەو.

**– باشە لەو سەردەمەی، کە تۆ باسی دەکەی شوعییەکان، پارتی و ئیسلامییەکان-یش هەبوون، تۆ خۆت لەکوێ دۆزییەوە؟**

+ من خۆم لەنێو پارتیدا دۆزییەوە و بوومە پارتی، هەتاکو ساڵی ١٩٦٣، ئیدی وازم لێهێنا.

**– چۆن و لەبەرچی؟**

+ لەبەرئەوەی، چونکە هاوڕێکانی دەورووبەرم مەیلی کوردایەتییان هەبوو، کە تێکەڵاویان بووم، هانیاندام کتێبی کوردیی بکڕم و بخوێنمەوە، ڕۆژنامەی (ژین)م دەکڕی، لە ساڵی (١٩٥٨)ەوە ئیدی گۆڤاری (شەفەق) دەرچوو، کە ڕێبازەکەی نەتەوایەتی بوو، باسی کورد و ئەدەبی کوردیی دەکرد، دەمکڕی و دەمخوێندەوە. دوای ئەوە گەڕامەوە گوندەکەی خۆمان (هەفتەغار) لەوێ وەک مامۆستا دامەزرام، ئەو برادەرانەش، کە دەمناسین هەریەکە و بە لایەکدا پەرتبوون. دواتریش کە ناکۆکی کەوتە نێو پارتی و بەسەر دوو بەرە دابەش بوو، بە یەکجاری وازم هێنا.

**– ماوەی چەند لە گوندەکەی خۆتان مایەوە، دوایی چووی بۆ کوێ؟**

+ تاکو بەیانی یازدەی ئازار لە گوند مامەوە، دوایی چوومە (دووزخورماتوو) لەوێش هەر مامۆستا بووم، تاکو ساڵانی هەشتاکان.

**– ئەی خوێندنت، چۆن و لەکوێ دەستت پێکرد؟**

+ خوێندنی سەرەتایم تا پۆلی پێنج لە گوندەکەی خۆمان خوێند، دەبێ ئەوەش بڵێم، کە لەوێ مامۆستایەکمان هەبوو، من زۆر پێی سەرسام بووم، جوو بوو، دەرسی کوردیی پێدەگوتین، مامۆستایەکی زۆرباش بوو، منی زۆر خۆش دەویست.

**– ئەوکات خوێندن بەکوردیی بوو؟**

+ ئێمە ئەوکات لە گوندەکەمان (هەفتە غار) لە ساڵانی ١٩٥٤ بەدواوە بە کوردیی دەمانخوێند، بۆ خوێندنی پۆلی شەش هاتمە داقوق، لەوێش بە مامۆستایەک سەرسام بووم ناوی (ئیبراهیم داقووقی) بوو، وانەی وێنەی پێدەگوتین، هەندێک جاریش وانەی خوێندنەوەی قیرائەی پێدەگوتین. لەکۆتایی وانەکانیش، کتێبێکی لابوو دەیخوێندەوە، منیش حەزم دەکرد چاو لەوبکەم، زۆرجاریش کتێبی چیرۆکی منداڵانی بۆ دەهێناین و دابەشی دەکردە سەرمان، ئێمەش دەمانخوێندەوە.

**– ئیبراهیم داقووقی کورد بوو؟**

+ ئیبراهیم داقوقی دایکی کورد بوو، ڕۆژنامەنووسێکی بەناوبانگیش بوو، دواتر دکتۆرای وەرگرت، ئەدیب بوو، چەند چیرۆکێکیشی

**“ نووسەرانی عەرەب ئەدەبی بێگانەیان تەرجوومەی عەرەبیی دەکرد، نووسەری کورد-یش لە ڕێی ئەوانەوە دەستی بە ئەدەبی بێگانە دەگەیشت و دەیخوێندەوە ”**

له گۆڤاری (شەفەق) بڵاوکردەوە، بیرێکی چەپڕەوی هەبوو.

**– لەوسەردەم بە کێیدی سەرسام بوویت؟**

+ بە مامۆستا (جەمال نەبەز و مارف خەزنەدار) کە لە کەرکووک مامۆستام بوون، من زۆر پێیان سەرسام بووم. ئەو مامۆستایانە زۆر ڕۆڵیان هەبوو لە بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتی لەنێو قوتابخانەکاندا، لە ڕێگەی هاندانی قوتابیان و دابەشکردنی کتێبی کوردیی بەسەریاندا.

**– یەکەم جار لە کوێ بوویتە مامۆستا؟**

+ دوای ئەوەی خانەی مامۆستایان-م تەواوکرد، بۆ یەکەم جار لە گوندی (هەفتە غار) بوومە مامۆستا، دوایش گوازرامەوە بۆ (دوزخورماتوو) دوای ئەوەی ساڵی (١٩٧٤) شەڕ دەستی پێکردەوە، بەعس هەرچی مامۆستای کورد هەبوو لە گەرمیان، جەلەولا، کفری و کەلار گواستنیانەوە بۆ دهۆک، منیش یەکێک بووم لە گوازراوەکان.

چوار ساڵ لە دهۆک مامەوە، دوایی گەڕامەوە سلێمانی، لە سلێمانی-یش هاتمە کەلار، سێ چوار ساڵێک لەوێ مامەوە، دواجار دووبارە گەڕامەوە دوزخورماتوو، لەوێ مامەوە تا خانەنشین بووم.

**– کەی و بۆ هاتیتە هەولێر؟**

+ لە ڕاپەڕینەکەوە لە هەولێرم. ئیدی لەوێ ژیان نەما، بە خێزانەوە ڕامانکرد و لە عەنکاوە نیشتەجێ بووین، کەچی بیرم هەر لای گەرمیان و خورماتووە.

**– بیرتە یەکەم کتێب، کە خوێندبێتتەوە چی بوو؟**

+ من بە گۆڤاری (هیلال) دەستم پێکرد، لەگەڵ ئەو کتێبانەی، کە چاپخانەی عەسری لە کەرکووک چاپیان دەکرد وەک کتێبەکانی (ڕۆستەمی زاڵ و لەیل و مەجنون) کە ئەو کتێبانە بۆ ئەو سەردەم ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، کە لە کەرکووک بە عەرەبیی دەمانخوێند، عەرەبییەکەم باش بوو ئیدی گۆڤاری هیلال-م دەخوێندەوە، ئەو گۆڤارە مانگانەش کتابێکی بچووکی لەگەڵ بوو، چیرۆک، کورتە ڕۆمان، کورتەچیرۆک و دەقی شانۆیی تێدابوو.

**– باشە تۆ جگە لە زمانی عەرەبیی، کتێب لە زمانی تورک-یشەوە تەرجوومە دەکەیت، ئەو زمانی تورکیە لە کوێ فێر بوویت؟**

+ بە هۆی ئەوەی خوێندنم لە قۆناغی ناوەندی لە کەرکووک بە زمانی عەرەبیی بوو. لە گەرمیان-یش لەگەڵ تورکمانەکان تێکەڵ بووم، توانیم بەباشی فێری ئەو دوو زمانە ببم. زۆربەی گەرمیانییەکانیش پێیان دەڵێن سێ مەوجە. خۆشم پەرەم پێدا، لە ڕێگەی هەندێک برادەری تورکمانم، کە کتێبی تورکیان دەخوێندەوە، منیش دەستم کرد بە خوێندنەوەی کتێبی تورکی.

**– ئەوسەردەم چۆن دەستتان بە ئەدەبی بێگانە دەگەیشت؟**

+ ئەوسەردەم زۆربەی چیرۆکنووسانی کورد، لە زمانی عەرەبیی زیاتر هیچ زمانێکی دیکەیان نەدەزانی. نووسەرانی عەرەب ئەدەبی بێگانەیان تەرجوومەی عەرەبیی دەکرد، نووسەری کورد-یش لە ڕێی ئەوانەوە دەستی بە ئەدەبی بێگانە دەگەیشت و دەیخوێندەوە.

**– ئەو سەردەمەی تۆ باسی دەکەیت، فەلسەفەی عەبەسییەت و وجوودییەت نووسەرانێکی زۆری بەخۆییەوە سەرقاڵ کردبوو، ئایا ئێوەش کەوتنبوونە بەر کاریگەری ئەو تەوژمە؟**

+ لە سەرەتای ساڵی (١٩٦٠) تەوژمێکی عەبەسییەت و وجوودییەت ڕوویکردە ئەدەبی عێراقی و ئەدیبە عێراقییەکان پێوەی سەرقاڵ بوون، بەڵام ئەو تەوژمە لەوکاتدا، لە ئەدەبی کوردیدا ڕەنگی نەدایەوە.

پێموایە بەهۆی شۆڕشی ئەیلوولەوە لە شەستەکان، کە چیرۆکنووسانی کورد هەندێک بابەتی تازەیان قۆستەوە وەکو (دێ سوتاندن، پێشمەرگایەتی و خۆبەختکردن) ئەمە هۆکارێک بوو نووسەران و ئەدیبانی کورد ڕووی تێنەکەن. تا لە حەفتاکان، دوای ئەوەی عەرەبەکان وازیان



ئەو سێ کەسەی بەتەنیشت یەکەوە
لەچەپەوە: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، عەبدوڵڵا پەشێو، شێرکۆ بێکەس

> **“ لە سەرەتای ساڵی (١٩٦٠) تەوژمێکی عەبەسییەت و وجوودییەت ڕوویکردە ئەدەبی عێراقی و ئەدیبە عێراقییەکان پێوەی سەرقاڵ بوون، بەڵام ئەو تەوژمە لەو کاتەدا، لە ئەدەبی کوردیدا ڕەنگی نەدایەوە ”**

لە عەبەسییەت و وجودییەت هێنا، ئەدیبی کورد ڕوویــان تێکرد، بــەڵام هیچی لێ شین نــەبوو، هەرزوو لەبارچوو.

**– ئەگەر دیقەت بدەی لەو سەردەمەدا زۆربەی ئەدیب و نووسەرانی کورد بە شیعر دەستیان پێکردووە، بەڵام تۆ بە شیعر دەستت پێنەکردووە، وایە؟**

+ نا، منیش شیعرم نووسیوە، شیعرێکم نووسیوە حوسێن عەلی کردوویەتی بە گۆرانی.

**– شیعرەکە چی بوو؟**

+شیعرەکەی بە ئاوازی (سەوزێ سەوزێ) گوتووە. زۆرم پێخۆشە، پێنج شەش دێڕە گۆرانییەکی یەکجار بەلەزەت، شیعرێکی ڕۆمانسییە. ئەوکات وەکو گەنجێک خەریکی دڵداریی و ئەو شتانە بووم.

**– لەبەرت نییە، ئێستە بۆمان بڵێی؟**

+ ناوەڵڵا وشەکانم لەبیر نەمایە، تەنیا سەوزێ سەوزێ دەزانم.

**– ساڵی چەند و لەکوێ بڵاوت کردەوە؟**

+ لە گۆڤاری هەتاو، وابزانم ساڵی (١٩٥٩) بوو

**– ئەی تۆ گوتت، یەکەم بابەتم لە ساڵی (٦٩) بڵاوبووەتەوە؟**

+ ئەوە وەک چیرۆک، بەڵام یەکەم جار شیعرم بڵاوکردووەتەوە.

**– بەشێوەیەکی گشتی، لەنێو ئەدیب و نووسەراندا زیاتر دۆستایەتیت لەگەڵ کێ هەبوو؟**

+ لە هەفتاکان، دەستم کرایەوە و بەرچاوم ڕوون بوو، هاتووچۆی سلێمانی-م دەکرد، لەوێ ڕەئوف بێگەرد-م ناسی، لە بەغدا-ش شێرکۆ بێکەس، تاهیر ساڵح سەعید، حەمەڕەشید فەتاح، جەزا عەلی ئەمین و سەلام مەنمی-م ناسین، ناوە ناوە یەکدیمان دەدیت، مانگی جارێک لە بەغدا سەردانم دەکردن، هەم کتێبم لێیان دەست دەکەوت، هەم دیدەنییانم دەکرد.

**– دەکرێت بزانین کێ کاریگەری لەسەرت هەبووە، بەتایبەتی لە بواری چیرۆک نووسیندا؟**


+ کەسێکی دیاریکراو نییە، بەڵام هەرکەسێک بیری نەتەوایەتی هەبووایە، من حەزم دەکرد لێیەوە نێزیک بم، شیعرەکانی هێمن، بێکەس، دواتریش شیعرەکانی مەولەوی، چونکە ئەو گەرمیانیانە، هەمووییان شێوەزاری گۆران دەزانن و لێی تێدەگەیشتن.

**– ساڵی چەند، بۆ یەکەم جار بەسەردان چوویتە شاخ ؟**

+ بەهۆی ڕەئوف بێگەرد و برادەرانەوە، ئەگەرچی هێشتان سڵیان لێم دەکردەوە، هەموو شتێکیان بۆ من نەدەهاورد، ڕاستییەکەی هەتا لێم دڵنیانەبوون، هیچیان لەگەڵ باس نەدەکردم.

ساڵی هەشتاکان بوو، شێرکۆ بێکەس باسی پێشمەرگە و شاخ-ی دەکرد، وابزانم ساڵی ١٩٨٢-١٩٨٣ بوو، گوتیان ئەمجارە، ئەگەر هاتیتیەوە سەفەرێک دەکەین بۆ شاخ. منیش ئامادەییم تێدابوو، چووین خوالێخشبوو نەوشیروان-مان بینی، شەوێک ماینەوە، لە چادرێک بووین، مام جەلال خوا عەفوی بکات هاتە لامان، بەبیرم دێ ئێمە لەسەر قەرەوێڵەیەک دانیشتبووین مام جەلال-یش لەسەر زەوی دانیشت، من ئەوەم زۆر پێ سەیر بوو، ئەو لە زەوییەکە دانیشت و باسی پێشمەرگە و بارودۆخی کوردی بۆ کردین.

جارێکی دیش ڕۆیشتینەوە هەم لەگەڵ شێرکۆ و ڕەئوف بێگەرد، لەگەڵ سەرۆک مام جەلال دانیشتین، شەو و ڕۆژێک لەوێ ماینەوە، ئەوجارە بوو، کە بۆ یەکەم جار ئازاد هەورامی-م بینی، شەوێکیش لای ئەو ماینەوە و سازێکی جوانی بۆ



ڕەئوف بێگەرد، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

لێدابن، بۆ بەیانییەکەی گەڕاینەوە.

ساڵی (١٩٨٦)یش کوڕێکم، کە ئێستە لە کەنەدایە بردم بۆ (یاخسەمەر) بە مەبەستی ناردنە دەرەوەی وڵات، ماوەیەک لەوێ ماینەوە، مام جەلال گوتی: با کوڕەکەت بمێنێتەوە، من دەینێرم بۆ دەرەوە، من گەڕامەوە، کە گەڕامەوە زۆر سەخڵەت بووم، خۆم پێ نەدەگیرا، زۆر هیلاک بووم، گوێم لێبوو، ڕەئوف گوتی: شوکری تەماشایکە تەماشا، چۆن دەکولێت ئێستەش ئەوەم لەبیرە.

**– تۆش سەر بەڕێکخستنەکانی یەکێتیی بوویت؟**

+ نەبووبوومە یەکێتیی، بەڵام نزیک بووم لێیان، ئێستەش نزیکم لێیان.

**– پێشتر لە بڵاوکراوەکانی شاخ چیرۆکت بڵاوکردووەتەوە؟**

+ لەو ڕۆژانە نەوزاد عەلی ئەحمەد چیرۆکێکی بۆ هێنام، کە (٣٤) ساڵ پێش ئێستا لە گۆڤاری نووسەری کوردستان لە شاخ بڵاوبووەتەوە، خۆم لە بیرم نەمابوو.

**– چیرۆکی زنانە؟**

+ زنانە، زۆرم پێخۆش بوو. یەک سەعات بەناوەکەم پێکەنیم (مەغدید مەولود) بەوناوە بڵاومکردووەتەوە.

**– ئەو ناوە خۆت نووسیبووت، یان بۆیان دانابوویت؟**

+ نا نا خۆم ئەوناوەم نووسیبوو، لەبیرمە.

**– تۆ سەفەری دەرەوە زۆر دەکەی وایە، ئەو سەفەرانەت سەرچاوەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

+ سەفەرم زۆر کردووە، ئەوە بۆ سەردەمی منداڵیم دەگەڕێتەوە، ئەو تەنیایی و کەم دوورییەی منداڵیم وایکرد خوو بدەمە دوو شت، خەیاڵ و بیرکردنەوە، هەروەها قوڕ و بەرد و ئەو خۆڵەی من تیایدا دەژیم واتە وڵاتەکەم، یەکەمیان، کە خەیاڵەکەیە، دادەنیشم و بیرم بۆ شوێنی دوور دەڕۆات، شت لە مێشکم دروست دەبێت، وەک: بە خەیاڵ سەفەر بۆ شارەکان، بۆ گوندەکان بکەم، زۆرجار لە خەیاڵی خۆمدا شت دروست دەکەم، کەسیش ناتوانێت ڕێگە لە خەیاڵم بگرێت. خەیاڵ بۆ قوڕ و بەرد-یش ئەو یارییانەن، کە من لەکاتی خۆیدا دەستم نەدەکەوت، ناچار لە قوڕ و خۆڵی وڵاتەکەی خۆم دروستم دەکرد. ئەم کەمدوورییە و تەنیاییەش، کە لەگەڵم هات، وایکردووە هەمیشە حەزم لە سەفەر بێت. من مامۆستا بووم، پارەشم کەم بوو، بەڵام جەمعیەمان دەکرد، مانگی پێنج شەش دینار بوو، من هەمیشە لە کۆتایی ساڵ وەرم دەگرت، بۆ ئەوەی سەفەری پێ بکەم.

لە ساڵی (١٩٧٨)ەوە دەستم بە سەفەرکردن کرد، ساڵی (١٩٧٨) شێرکۆ بێکەس گوتی بۆ نایەی پێکەوە سەفەرێک بکەین، ئەوەبوو پێکەوە سەفەرێکمان کرد بۆ تورکیا، لەوێوەش چووینە بولغاریا، هەنگاریا، ڕۆمانیا و پۆڵەندا، لەو سەفەرەماندا زۆر شتی سەیر ڕوویاندا، کە کاتی بڵاوکردنەوەیان نییە.

**– ڕووداوێک لە ژیانتدا ڕوویداوە، ئێستەش بیرت نەچووبێتەوە؟**

+ – ڕووداوێک لە ژیانتدا ڕوویداوە، ئێستەش بیرت نەچووبێتەوە؟
+ شتێکت بۆ دەگێڕمەوە زۆر سەیرە، لە ساڵی (١٩٦٦) لە گوندەکەی خۆمان بووین، باڵندەیەکم هەبوو زۆرم خۆشدەویست، ئەو کوڕەم، کە ئێستە لە کەنەدایە، هات و گوتی پشیلە خواردی، منیش گەڕامەوە، ماڵ و گوتی ئەو پشیلەیە بوو، منیش داچەمیمەوە، ئاسنێک لەوناوەبوو، وەکو ئەوەی یەکێک بیخاتە نێو دەستت، ئاسنەکەم هەڵگرت و هاویشتم، دام لە سەری پشیلەکە و چاوی دەرچوو، دوای ئەوە پشیلەکە بە تەنیشتمدا ڕەتبوو، تەماشایەکی کردم و موچرکێکی

**“ ئێمە لەسەر قەرەوێڵەیەک دانیشتبووین، مام جەلالیش لەسەر زەوی دانیشت، من ئەوەم زۆر پێ سەیر بوو، ئەو لە زەوییەکە دانیشت و باسی پێشمەرگە و بارودۆخی کوردی بۆ کردین ”**




ئەحمەد محەمەد ئیشماعیل، جەزا عەلی ئەمین، ؟، مارف عومەر گوڵ، ئازاد هەورامی



شێرکۆ بێکەس، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

سارد بەهەموو لەشم داهات، زۆر پەشیمان بوومەوە، گوتم من بۆ ئەمەم کرد، باوەڕت بێت هەفتەیەکی پێنەچوو، چاوی چەپم کوێر بوو. بۆچارەسەرکردنی چاوەکەم هەر چیمان هەبوونەبوو فرۆشتمان بایی شەش سەد دینار بوو، چوومە بەغدا، دواتر بە یارمەتی خزم و کەسوکار پاسەپۆرتیان بۆ دەرکردم و لە بەغدا بە سواری قیتار ڕۆیشتم بۆ تورکیا، لەوێشەوە بۆ بولغاریا. نامەیەکی یەکێتی قوتابیانی کوردستانم پێبوو، گوتیان لە بولغاریا قوتابییە کوردەکان بدۆزەرەوە و ئەم نامەیان پێبدە، بە ناشارەزایی چوومە هۆتێلێک، دوایی چوومە بازاڕ، بە ئینگلیزییەکی شەڕ و شەق پرسیاری گازینۆیێکم کرد، کە چووم یەکێ دانیشتبوو، لێم پرسی قوتابی کورد لێرە هەن، گوتی ئا ئەمانە کوردن، چوومە لایان و نامەکەم پیشاندان، دواتر منیان لەگەڵ خۆیان بردە بەشی ناوخۆیی، گوتیان نامەیەکت دەدەینێ بۆ وریا ڕواندزی، ئەوکاتە ئەو دکتۆر بوو لە ڤییەننا، بەم نەشارەزاییەی خۆم، دوای خزمەتێکی زۆر سواری قیتارێکیان کردم و بەرێیان کردم بۆ بولگراد، پێشیان گوتم تۆ لە ئۆتێلەکە دەرمەچوو ناوونیشانمان لەسەر زەرفەکە نووسیوە لە ڕێی پۆستەوە دەگاتە دەستی و خۆی دێت بەدواتدا. گەییمە بولگراد شەو بوو، قیتار ڕۆیی، ئەوناوە چۆلوهۆل بوو، چیبکەم بۆ کوێ بڕۆم، یەکێک هات دیاربوو پۆلیس بوو، بە ئاماژە تێمگەیاند دەڕۆم بۆ ڤییەننا، دەستی گرتم و گوتی ئا لێرە بخەوە تا بەیانی سەعات شەش، کە هەستام چوار پێنج قیتار لەوێ ڕاوەستا بوون، قەرەباڵغ بوو، چەندی پرسیارم کرد کەس وەڵامی نەدامەوە، بە ناچاری خۆم هاویشتە نێو یەکێک لە قیتارەکان، بینیم کچێکی جوان دانیشتوە، گوتی وەرە دانیشە، بۆ کوێ دەڕۆی؟ گوتم بۆ ڤییەننا، گوتی ئەمە دەچێتە ئیتاڵیا. گوتم ئەی چی بکەم؟ گوتی لە زەغرب دابەزە، نیو سەعاتی دیکە دەگەینە ئەوێ، لەوێ سواری قیتارێکی دیکەبە دەتباتە ڤییەننا. کاتێک گەیشتمە ڤییەننا لەسەر ڕاسپارەدەی برادەران نامەکەم پۆست کرد و لە هۆتێل دەرنەچووم، تا ئەوکاتەی وریا ڕواندزی بەدوامدا هات و خزمەتێکی زۆری کردم و بردمییە لای دکتۆری تایبەتی چاو، دوای پشکنین و چارەسەریی و ماوەیەک مانەوە گەڕامەوە، بەبێ ئەوەی چارەسەرێکی یەکجاری چاوم بکرێت، لەوساوە ئەو چاوەم تووشی کەم بینایی بوو، ڕۆژ بە ڕۆژیش خراپتر بوو، بەشێوەیەک، ئێستە ئاستی بینینی ئەو چاوەم لەسەدا دەیە.




**- زۆر لە بەرهەمەکانی یەشار کەمال-ت کردووەتە کوردیی، بۆ هێندە گرنگیت بەوداوە؟**

+ ئەم پرسیارەم زۆر پێخۆشبوو، لە خەیاڵم بوو، گوتم پێی دەڵێم باسی یەشار کەمال بکەین،

من کە تا ئێستا پەنجا کتێبم کردووەتە کوردیی، دەکرێ بڵێم زۆرترینیان هی یەشار کەمال-ن.

ساڵی (١٩٨٦) باڵندەکانیش کۆچیان کرد، یەکەم وەرگێڕان و یەکەم بەرهەمی ئەوبوو کردمە کوردیی. هەندێک کەس گلەیی لە یەشار کەمال دەکەن، گوایە بە تورکی نووسیوەیەتی، من دەڵێم دەستی خۆش بێت بە تورکی نووسیوەیەتی، ئەگەر بە کوردیی بنووسیبایە، کەس پرسیاری ڕۆمانەکانی نەدەکرد، کەس نەیئەبردە بەر دەرگای نۆبڵ، کەس لە ئەوروپا، فەرەنسا و بەریتانیا یەشار کەمال-یان نەدەناسی، نەدەبوە هاوڕێی سەرۆکی فەرەنسا-ش.

دوای شۆڕشەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا و سەید ڕەزا دەرسیم لە ساڵی (١٩٣٨) تورکیا بڕیارێکی دەرکرد، نەک هەر نووسین، قسەکردنیش بە کوردیی قەدەغە بوو، نەدەبوو بە هیچ جۆرێک ناوی کورد و کوردستان بهێندرێ، بە پێچەوانەوە هەرکەسێ سەرپێچی ئەوەی کردبا زیندانی دەکرا.

دوو کەس گوێیان بەم بڕیارە نەدا، خوالێخۆشبووان موسا عەنتەر و یەشار کەمال. موسا عەنتەر لە ساڵی (١٩٥٩) لەسەر زمانی کوردیی لە ئیستانبوڵ زیندانی کرا، هەر لە زیندانیش شانۆگەری (برینا ڕەش)ی نووسی، کە وابزانم یەکەم کتێبی کوردییە لە باکوور بە کوردیی نووسرابێت و بڵاوکرابێتەوە، کە من تەرجوومەم کردووە، بەڵام چاپم نەکرد.

ئەم شانۆگەرییە باسی سێ دەردی کورد دەکات، هەژاری، نەخۆشی و نەخوێندەواری، شانۆگەرییەکی سادەیە، بەڵام زۆر گرنگە و ئاماژەی زۆری تێدایە، بەتایبەتی لەوسەردەم، کە زمانی کوردیی قەدەغە بوو.

**- چۆن بزانرێت ئەو کتێبەی موسا عەنتەر، یەکەم کتێبی کوردییە لە باکوور، نووسرابێت و بڵاوکرابێتەوە؟**

+ نەمبیستووە پێشتر کتێبی کوردیی نووسرابێت، ڕەنگە هەشبێت، بەڵام بەلای منەوە برینا ڕەش یەکەم کتێبی کوردییە لە باکوور بڵاوبووبێتەوە، ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردیی هەبووە، بەڵام وەکو کتێب نەبووە.

یەشار کەمالیش لە (١٩٥٨-١٩٥٩) ئەو قەیدەی شکاند و ئەو دەرگایەی کردەوە، لە ڕۆمانەکانیدا باسی کوردی کرد، ئێمە یەشار کەمال-مان باش نەخوێندووەتەوە. ئەو مێژووی ڕاپەڕینە خوێناوییەکانی کوردی یەکە یەکە لە ڕۆمانەکانیدا تۆمار کردووە.

لە یەکێک لە ڕۆمانەکانیدا دەڵێت: جەندرمەکان چوونە گوندێکی کورد، یەکێ لە جەندرمەکان بەدەستی کوردەکان کوژرا، قائیدەکەیان گوتویەتی: هەموو ئەوەی نێرینەیە لەم گوندە دەبێت بکوژرێن. یەشار کەمال ئەوە و زۆر شتی دیکەی تۆمار کردوون، کە ئەگەر ئەو نەبووایە کەس پێیانی نەدەزانی، ئەو زۆر ئازایانە لەسەر جووڵانەوە و ئەفسانەکانی کوردی نووسیوە.



تورک دەڵێت (تورک خوێنی پاکە، دەبێت هەموو نەتەوەکانی دی خزمەتکاری ئێمە بن)

یەشار ئەوەی تۆمارکردووە، ئەو مێژووی کوردی نووسیوە لەبەرئەوە من یەشار کەمال بە نووسەرێکی گەورە، زۆر گەورە دادەنێم، ئەگەر مێژووی کورد لە باکوور نووسرابێتەوە ئەو نوسیویەتییەوە.

**- کەواتە بەشیوەیەکی گشتی تۆ ڕات چییە بەرانبەر ئەو ئەدیبە کوردانەی، کە بە زمانی تورکی، عەرەبی و فارسی نووسیویانە و دەنووسن؟**

+ دیارە لە بارودۆخێکدا بووە، کە بۆیان هەڵنەکەوتووە بە کوردیی بنووسن. محیەدین زەنگەنە خوا لێیخۆشبێت شانۆنووس و ڕۆماننووسێکی گەورە بوو، لە جەلەولا و لە بەغدا گەورە ببوو، خوێندنی بە عەرەبیی بووە و کوردیی فێرنەبووە، ناچار بە عەرەبیی نووسیویەتی.

ڕۆمانی ئاسۆس بخوێنەوە، شانۆگەرییەکانی، هەمووی باسی کورد دەکات، توانیویەتی هەموو عەرەب



تێبگەیێنێت. زوهدی داودی، ئەویش لە ڕۆمانەکانیدا باسی ئەو گەرمیانە دەکات. سەلیم بەرەکات و زۆری دیش هەیە، لە تورکیا (یلماز گۆنای) و (ئەحمەد عارف).

**– پێتوایە ئەو ئەدیبە کوردانەی بەزمانی عەرەبیی نووسیویانە، بە ئەدەبی کوردیی دابندرێن؟**

+ نەخێر ئەو دەقانەی بە زمانی کوردیی نەنووسراون، بە ئەدەبی کوردیی داناندرێن، تەنیا دەکرێت بڵێین خزمەتی کوردییان کردووە، چونکە یەکێ لە مەرجەکان، بۆ ئەوەی شووناسی ئەدەبی پێ دیاری بکرێت زمانە.

**– تۆ بەرهەمی کوردیی دەخوێنیتەوە، بەکام لە چیرۆکنووس و ڕۆماننووسەکان سەرسامی و پێت باشن؟**

+ من بەرهەمی نووسەرانی کورد دەخوێنمەوە، لەنێو ئەدەبی کوردیدا نموونەی زۆر باش دەبینم، ڕۆماننووس و چیرۆکنووسی باشمان هەن، کە ڕووی مەجلیسانیان هەیە و پێشوازییان لێدەکرێت.

بەختیار عەلی ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی نووسیوە، کارێکی زۆر گەورەی کردووە، کێشەیەکی گەورەی کورد، کە قەدەغەکردنی زمانی کوردییە لە تورکیا و کەس دەستی بۆ نەبردووە، ئەو کردوویەتیە ڕۆمان، خۆزگە دەکرایە تورکی و شێوەزاری کرمانجی ژووروو.

هیوا قادر لەم بەیانانە کۆشکی سپی نووسی ڕۆمانێکی زۆر لایقە و دەست خۆشی لێدەکەم، دەکرێت بڵێم ئەدەبی کوردیی نموونەی زۆر جوانی تێدایە، بەڵام بێ خاوەنە و ڕەخنەمان نییە، هەندێک جاریش چاومان پێهەڵنایێن و دانیان پێدانانێین ئەوەش سیفەتێکی زۆر خراپە.

**– ئەی ئەگەر باسی خۆت بکەی؟**

+ خۆم کە ڕۆمانی بەهاری ڕەش-م نووسی لێرە زۆر بەبێ دەنگی تێپەڕی، کەس باسی نەکرد، بەڵام کە تەرجوومەی تورکی کرا، لە دیاربەکر پێشوازییەکی زۆر گەرمی لێکرا، زۆر دەست خۆشییان لێکردم، گوتیان ئەمە یەکەم جارە ڕۆمانێکی باشوور بە تورکی دەخوێنینەوە، کراوەتە فارسیش، لەوێش پێشوازییەکی باشی لێکراوە، کەچی لێرە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری دابوویانە شارەزاییەک، گوتبووی لایەقی بڵاوکردنەوە نییە.

> **من کەسێکی نەتەوەییم و بیری نەتەوایەتی زاڵە بەسەر بیرکردنەوەمدا**

**– بەڵام پێتوانییە لەبەرئەوەی تۆ لە ڕۆمانی بەهاری ڕەش-دا باسی ئەنفال دەکەیت، کە تەرجوومەی زمانی دیکە دەکرێت دەنگدانەوەی دەبێت، بەڵام خۆمان لەبەرئەوەی لەنێو ئەو کارەساتەدا گەورەبووینە، بۆیە بە ئاسایی سەیر دەکرێت؟**

+ بەڵێ، بە دڵنیاییەوە بۆ ئەوان کاریگەرترە، بۆ ئەوان شتێکی سەیرە باسی ١٨٢ هەزار کەس دەکەی، کە کوژراون، یان زیندە بەچاڵ کراون، بە شتێکی ناواقیعی و خەیاڵی دەزانێت تەسەور ناکات.

**– باسی ڕەخنەت کرد، کە نییە، هەر بەڕاستی پێتوایە ڕەخنەگرمان نییە؟**

+ ڕەخنەیەکی جددی و شیکردنەوەیەکی زانستییانەی ئەکادیمیمان نییە، هەموو ئەو ڕۆمان و چیرۆکە دەگمەنانەی بڵاودەکرێنەوە خوێندنەوەیان بۆ نەکراوە، کەچی لە بەغدا، کە کتێبێک دەنووسرێت دەیان وتاری ڕەخنەیی لەسەر بڵاودەکرێتەوە، کۆڕی بۆ دەبەسترێت.

لێرە من بە یەکێتیی نووسەران-م گوتوە، کە کتێبێکی ئەدەبی دەردەچێ و بە دڵتانە بیدەنە دوو ڕەخنەگر بیخوێنێتەوە، نووسەرەکەش بانگ بکەن باسی کتێبەکەی بکات، ڕەخنەگرەکانیش باسی بکەن، ئەمە هەم جووڵانەوەیەکی ڕەخنەیی پەیدا دەکات، هەم هانی خوێندنەوە دەدات، هەمیش خەڵکەکە لەوەها کتێبێک ئاگادار دەبێت، ئێستە کتێبی باش و خراپ تێکەڵ بووە، لەم ماوەیە کەریم کاکە (حەسەن و مریەم)ی نووسی، هەر لە فەیسبووک دوو سێ کەس نووسیبوویان شتێکی جوانە، لە کاتێکدا کەریم کاکە هونەرکارییەکی گەورەی بەکارهێناوە، کە لەنێو ڕۆمانی کوردیدا زۆر دەگمەنە. سێ دەنگ، هەریەک بە جۆرێک

ڕۆمانەکە دەگێڕنەوە، کە ئەمە لە ڕۆمانی دیکەدا نییە، ئەمە دەقێکی ئەدەبیی باڵایە دەبێت باش بخوێندرێتەوە، بەڵام کەس بەلایدا نەچووە، هەر لە فەیس بووک ئاوڕی لێدرایەوە، منیش شتێکم لەسەری نووسی، پێی باش بوو.

**- تۆش هەر لە فەیس بووک بڵاوتکردەوە؟**

+ بەڵێ لە فەیس بووک.

**- بۆ، چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار هەن بۆ لە فەیس بووک بڵاوتکردەوە، تۆ خۆت ڕەخنە لەوە دەگریت؟**

+ وەڵڵا ڕاست دەکەی

**- لەوماوەیەدا زۆربەی هەرەزۆری بەرهەمەکانی یڵماز گۆنا-ت تەرجوومەی کوردیی کرد، ماوی چەن خەریکیان بووی؟**

+ دوو ساڵی پێچوو، نۆ بەرهەمی ئەو نووسەرە گەورەیەم کردە کوردیی.

ئەم نووسەرە کوردە وەک پێویست نەناسراوە، لە هەشتاکان، تەنیا فیلمی (ڕێگا و میگەڵ)مان بینی بوو. نەماندەزانی ئەو کەسە نووسەرێکی هێندە بلیمەت و داهێنەرە، من خۆم نەمدیوە ئەم هەموو بەهرەیە لە کەسێکدا هەبێت، لە یەک کاتدا (شانۆنووس، ڕۆماننووس، سینارست، ئەکتەر، دەرهێنەری سینەمایی)

پێنج ڕۆمانی نووسیوە، کۆمەڵە چیرۆکێکی منداڵانی نووسیوە، کۆمەڵی شیعری هەیە، کۆمەڵێ چیرۆکی هەیە، گۆرانییەکی ئەحمەد کایا نیوەی شیعری ئەوە. نزیکەی لە (١٠٠) فیلم بەشداری کردووە، پەنجا فیلمی دەریهێناوە، هەموو ئەمەش لە تەمەنێکی کورتی (٤٧) ساڵیدا.

کەسێکی چەپڕەو بووە، بەڵام تا سەر ئێسقان کورد بووە، ئەو سیناریۆیانەی ئەو نووسیویەتی ئێستەیش لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا هەن، کە ئەو لەوسەردەم هەوڵیداوە بنبڕیان بکات و نەیانهێڵێت.

**- هەست ناکەیت وەرگێڕان کاتێکی زۆری بردوویت و لە چیرۆک نووسین چوویتەوە، لە کاتێکدا تۆ خۆت بە چیرۆکنووس دەزانی؟**

+ هەستم بەوە کردوە، بۆیە لەم ماوەیەدا بەخۆمدا هاتمەوە، کە وەرگێڕانم کردووە، چیرۆک-یشم نووسیوە، بەڵام بڵاوم نەکردووەتەوە.

**- ئێستە ڕۆژانە زیاتر بەچی خەریکی و چی دەخوێنیتەوە؟**





+ ئێستە کەوتوومەتە نێو کتێبخانەکەم ئەم یەک دوو ساڵە هەندێک کتێبم کڕیوە و بوار نەبووە بیانخوێنمەوە، ئێستە جیام کردوونەتەوە، یەکەیەکە دەریان دەکەم و دەیانخوێنمەوە.

**- لە چ بوارێک؟**




+ هەمەجۆرە، ئەدەب، ڕەخنە، چیرۆک، ڕۆمان، لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی مێژوویی-ش

**- تۆ باوەڕت بە چ جۆرە خوێندنەوەیەک هەیە،**




> “ یەکێ لە مەرجەکان، بۆ ئەوەی شووناسی ئەدەبی پێ دیاری بکرێت زمانە ”



**بۆ خوێندنی پۆلی شەش هاتمە داقوق، لەوێش بە مامۆستایەک سەرسام بووم ناوی (ئیبراهیم داقووقی) بوو، وانەی وێنەی پێدەگوتین**

**خوێندنەوەی شموولی، یان بوارێکی دیاریکراو؟**

+ وەڵڵا هەرشتێک، هەمووومان پێویستیمان بە زانیارییە، هەرشتێک زانیاریەکم پێبدا لەهەر بوارێک بێت، دەیخوێنمەوە.

**– ڕۆژانە چەند سەعات دەخوێنیتەوە؟**

+ ڕۆژانە سێ سەعات دەخوێنمەوە، ئەگەر تەرجوومەشم هەبێت ڕۆژانە سێ، چوار سەعات خەریکی تەرجوومە دەبم، کۆی گشتی ڕۆژانە حەوت، هەشت سەعات من سەرقاڵم.

**– با بێینە سەر ژیانی کۆمەڵایەتیت، ساڵی چەند ژنت هێناوە؟**

+ ساڵی ١٩٦٣

**– لە دێیەکەی خۆتان؟**

+ نەخێر خەڵکی دێیەکەی خۆمان نەبووە، خەڵکی خورماتوو بوو.

**– چەند منداڵت هەیە؟**

+ شەش، سێ کوڕ و سێ کچ دووانیان لە کەنەدان، یەکێکیشیان لە سویسڕایە، یەکێکیش لە سوێد، کوڕێکیشم لێرەیە، مامۆستایە.

**– ناوەکانیان کوردیین؟**

+ ئەی چۆن کوردیین.

**– ناوەکانیان؟**

+ با کچەکان بخەینە پێشەوە (میدیا، تارا، هێمن)

**– یەکەم جارە ببیستم کچێک ناوی (هێمن) بێت؟**

ئەوکاتی وابوو بە (هێمن)م زانی و ئەو ناوەم زۆر پێخۆشبوو، کچیش (هێمن) دەبێت کاکەبرا بۆ نابێت.

**– ئەی کوڕەکان؟**

+ دلێر، زانا، هیوا.

**– زۆر دڵتەڕ دیاری؟**

+ ئێ وەڵاهی وەکو ئینسانێک حەزم لە جوانیی و حەزم لە ڕابواردنی خۆشە، بەڵام لە چوارچێوەیەک دا، کە زیان بەکەس نەگەیەنێت، مەعقوول بێت، حەزم لە گەڕانە، حەزم لە جلی جوانە، حەزم لە خواردنی خۆشە، حەزم لە هەموو شتێکی جوانە.

**– ئەمە چی پێ بەخشیوی؟**

+ خۆشەویستی ژیان، ئێستەش هەست دەکەم دەژیم، هەست دەکەم بەردەوامم لە ژیان، هەست دەکەم توانام هەیە، بەوتەمەنەوە حەوت، هەشت سەعات کارەدەکەم، ئەدیبی کورد دەگاتە شەست ساڵی لێدەبێتەوە و دەوەستێت، تەنیا لە ئەورووپا لەدوای حەفتا و هەشتا ساڵی ئینجا داهێنان دەکەن. ئومێد دەکەم شتی باشتر بنووسم و تەرجوومە بکەم، بخوێنمەوە و شتی باشتر ببینم و پێبگەم.

**– دوایین پرۆژەی وەرگێڕان، بە نیازی چیت؟**

+ ئێستە لەبەرچاوم پشوویەک دەدەم، دوایی هەر ئەو نووسەرەی ڕۆمانی (ئەمە لە دەرسیم ڕوویدا)ی نووسیوە، ڕۆمانێکی دیکەی نووسیوە بە ناوی (پێبکەنە دەرسیم) سێ بەشە، بەرهەمێکی نایابە، زیندووکردنەوەی مێژووی دەرسیمە، تاقەتم هەبێت و تەمەن یارمەتیم بدات، ئەمساڵ بە نیازم ئەوە تەرجوومە بکەم.



# هونـــەر

• ڤان کوخ

عەزیز پیرداود




# ڤان کوخ
# Van Gogh

عەزیز پیرداود

(ڤان کوخ) لە ماوەی ژیانیدا بەتایبەتی لە (دە) ساڵی کۆتاییدا جوانترین نموونەی دڵسۆزی بۆ هونەر نیشانداوە بەرهەمەکانی ناوازەن و بە گەنجینەیەکی گەورەی هونەریی هەژمار دەکرێن، کە ژمارەی تابلۆکانی ڕای جیاوازیان لەسەرە و مەزەندە دەکرێت (٧٠٠) تابلۆ و (١٠٠٠) وێنەی هێڵکاری و کاری هونەریی نایابی لە دوای خۆی جێ هێشتبێت.

تا خۆی لە ژیاندا بوو زۆر بەنەداری و نەبوونی ژیاو، تەنیا دوو تابلۆ و (٢٠) نیگاری هێڵکاری فرۆشتووە، کە نرخی کۆی گشتییان نەگەیشتووەتە سەد دۆلار، کەچی بیست ساڵ دوای مردنی تابلۆی (گوڵە بەڕۆژە) بە بڕی پەنجا هەزار دۆلار فرۆشراوە، هەروەها لە ساڵی (١٩٥٣) کەسێک یەکێک لە تابلۆکانی کوخی لادەبێت و بڕی سەد و هەفتا و پێنج هەزار دۆلاری پێدەدەن، کەچی ئامادە نییە تابلۆیەکە بەو نرخە بفرۆشێت.

هەروەها یەکێ لە تابلۆکانی، کە دەنگ و سەدایەکی گەورەی دروستکردووە بە



تابلۆی هونەرمەند بەبێ ڕیش

ناوی (هونەرمەند بەبێ ڕیش) کە لەساڵی (١٨٨٩ - ز) لە تەمەنی (٣٦) ساڵیدا کێشاویەتی، بەو مەبەستەی بیکاتە دیاری بۆ دایکی، کە لە تەمەنی (٧٠) ساڵیدا یادی لە دایکبوونیان بۆ کردووە، دەشڵێن ڕەنگە ئەم بەرهەمەی دواکاری پۆرتریێت بووبێت و دوای ساڵێک لە وێنەکێشانی خۆی کوشتبێت.

ئەم پۆرتریێتەی دوای تێپەڕبوونی سەد ساڵ لە ڕێکەوتی (١٩/ ١١/ ١٩٨٩) لە هەراجخانەیەکی تایبەت بەکاری هونەری دانسقە لە شاری (نیویۆرک-لە ئەمریکا) بە بڕی بیست ملیۆن دۆلار دەفرۆشرێت.

(کوخ) توانی هونەر بکاتە مەنزڵێک بۆ دەربڕین و شێوازێکی بەهێز بۆ داهێنانەکانی کە تیایدا سۆز و ژیانی ئاوێتەی یەکدی دەکرد و سەلماندی، کە هەردووکیان هەرگیز بێ یەکدی هەڵناکەن و بە دابڕانیان لە یەکدی، ژیان چێژ و خۆشی تیا نامێنێت. هونەرمەند ئەوەندە ڕاستگۆیانە لەگەڵ هونەر دەست لە ملانێی بووە، تا کاریگەری بەسەر هونەرمەندانی سەدەی بیستەوەش هەبووە.

بەداخەوە مردن دوا قۆناغە و زۆر بە خێرایی ڕاپێچی دەکات و مۆڵەتی پێنادات خەونە سەوزەکانی بەدیبهێنێت، لە (٢٩ی یۆلیۆ١٨٩٠) لەتەمەنی (٣٧) ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات، شەش مانگ دوای ئەویش براکەی (تیۆ) کۆچی دوایی کرد.

وەکو باسی لێوە دەکەن گوایە نەیتوانیوە بەرگەی جیابوونەوەی براکەی بگرێت و لە گۆڕستانێکی بچووک لە ئاوایی (ئۆڤیر) لە تەک کوخ دەنێژرێت، چێورمەکەیان**

هەمیشە ڕووەکی گوڵە بەڕۆژەی تیادەچێنن، چونکە تا کوخ لەژیاندا بوو سەرمەستانە عاشقی ئەم ڕووەکە بووە و لە زۆرێک لە کەڤاڵەکانیدا وێنەی ئەم ڕووەکەی کێشاوە.

* (بابەتی گوێ بڕینەکەی قسەو باسی



تابلۆی گوڵەبەڕۆژە




تابلۆی پەتاتە خۆرەکان

زۆری لەسەر کراوە «خۆی ڤان کوخ نەخۆشی فێ و گرانەتای هەبووە» هەندێک دەڵێن لەو کاتانەی کە دەردی فێیەکە کەوتووەتە جووڵە ژاوەژاوێکی زۆر لەنێو مێشکدا دروستکردووە و ئارامی لێبڕیوە، ئەویش ناچار لە بێزاریدا دەستی بۆ گوێچکەی بردووە و بەچەقۆ بڕیویێتی چونکە فێیەکە پەڵەیەکی «دونگ» ئاسا لەنێو کەللە سەر و لە سەرووی گوێچکەیەوە بووەو وایزانیوە بە بڕینی گوێچکەکەی ئەم ژاوە ژاوەیەی لەکۆڵ دەبێتەوە، کەچی تا کۆتایی ژیانی هەرماوەتەوە، هەروەها یەکێکی دیکە دەڵێت: گوایە ئافرەتێکی شۆخ پێیگوتووە کوێندەرت جوانە مەگەر گوێچکەت نەبێ، ئەویش بڕیوێتی و بەدیاری بۆی بردووە هەندێکی دیکەش دەڵێن: لە بری کرێی خانوو و شتی وادا بەخشیوێتی ... تد، ئیدی قسە زۆرە)

** چێورمە: شورەی گۆرستانێک کە تایبەت بێت بە خێزانێک یان بنەماڵەیەک. لەدەشتی هەولێر ئەم وشەیە زۆر بەکاردەهێنرێت.



پێچانەوەی بڕینی گوێچکەی



تابلۆی کورسی

**سوودم لەم سەرچاوانە وەرگیراوە.**



**١. الفن فی اوربا، د. عفیف البهنسی، ب ـ ٢، ١٩٨٢**

**٢. قصة الفن الحدیث، سارە نیو مایر، ت. رمسیس یونان**

**٣. الفن والإنسان، د. عزالدین اسماعیل، ١٩٧٤**

**٤. ڤان کوخ، ن ـ فاتیمە عەلی، و/ تەها ئەحمەد ڕەسوڵ، ٢٠١٠**

**٥. کەلەکە بووی زانیاری سالآنی وانە وتنەوەم لە (پ ـ هـ ـ ج ـ هەولێر) لەوانەی (مێژووی هونەری شێوەکاری سالآنی ١٩٩١-٢٠٠٣)**



# خوێندنەوەی کتێب

- **پیاوە بێجامە شینەکە**

باهۆز مستەفا

- **حەرەس قەومییەکان .. قۆناغێکی دی لە مێژووی خوێناوی عێراق**

ئیسماعیل تەنیا – ئەڵمانیا

- **نووسەری گەورە و نووسینی بچووک!**

سەدیق سەعید ڕواندزی

# پیاوە بێجامە شینەکە



باهۆز مستەفا

هەموو ڕژێمە دیکتاتۆرەکان دەزانن نووسەران ئەو هێزە ئابووریی و سەربازییەیان نییە، تا ڕژێم بگۆڕن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە وشەی ئازاد و بێلایەن دەترسن، دەترسن جیهانبینی خەڵک بگۆڕن.

قورسایی ئەم کتێبە تەنیا گێڕانەوەی بیرەوەریی و مێژووەکەی نییە، بەڵکوو شێوازی گێڕانەوەکەیە، کە نووسەرێکی پڕ ئەزموون ئەو کارەی کردووە، سەرباری ئەوەی، کە خۆی نووسەر و ئەزموونێکی دووردرێژی لەگەڵ نووسیندا هەیە، بەڵام ددان بەوەدا دەنێت، کە نووسنی بیرەوەری تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی هاوکاری کراوە لەلایەن ئیدیتەرەکەیەوە، ئەو جۆرە قسەکردنە هەر لە خۆوە نییە لە لایەن نووسەرێکی دیاری وڵاتەکەمان.

ئەوە پێمان دەڵێت: نووسین ئەزموونە، هەتا بچینە نێویەوە شتی تازە فێردەبین، هەتا زیاتر خەریکی نووسین بیت باشتر دەزانی، کە تۆ زۆرت ماوە و شتی زۆر زیاتر هەیە هێشتان پێینەگەیشتووین و پێویستە کاری بۆ بکەین.

پێمان دەڵێت: نووسەربوون واتە سادە بوونەوە، دابەزین لەو پێگە وەهمییەی خۆمان، کە کۆمەڵگە بۆی دروستکردووین، واتە مرۆڤبوون، شکاندنی سنووری جیاوازییەکان، گەڕاندنەوەی مۆڕاڵی مرۆڤانە و ڕاستگۆیی، دوورکەوتنەوە لەخۆ بە زلزانینی بێ بنەما و ناتەندروست. لێرەدا قسەکەی پاولۆ کۆیلۆ-م بیردێنێتەوە، کە لە کاتی بڵاوکردنەوەی دوا بەرهەمیدا گوتی: ئەو ڕۆمانە (فریشتەی پارێزەر) ئەزموونێکی تازەمە هیوادارم سەرکەوتووبووبم. بەو هەموو بەرهەمە جوان و ناوازانە، کە پێشکەشی کردوون، بەو ناو و ناوبانگەی، هێشتان بەو ڕۆحیەتە قسە دەکات. بۆیە پێویستە ئێمەی کوردیش، کە لە کایەک لە کایەکان کار دەکەین، دبێت بزانین، کە یەکەم کەس و دوا کەس نین لەو بوارەدا، واز لە وەهم و بچووکردنەوەی بەرانبەرەکانمان بهێنین و کاری زیاتر بکەین و ئاستی بەرهەمەکانمان بەرز بکەینەوە نەک شتی دیکە.

ڕەنگە خەڵکانێک ئەوە بزانن، کە لە دونیای چاپەمەنی دەرەوەدا هەموو کتێبێک چاپ ناکرێت، ئەگەر لە ڕووی ناوەڕۆک و شێوازدا بەهێز نەبێت، هەروەها چاپکردنی کتێب لە خۆراوا بەگشتیی و لەو زانکۆیانە بەتایبەتی بە کۆمەڵێک فلتەردا دەڕوات، بۆیە کتێبەکانیان دانسەق و باشن، جارجار کتێبێک دەبینین، ئەو ئاستەی نییە، بەڵام لەلایەن دەزگایەکی بەناوبانگ بڵاوکراوەتەوە، ئەوە پەیوەندی بە خودی نووسەرەکەوە هەیە، کە نووسەرەکی دیار و ناسراوە، بۆیە لەسەر بنەمای ناوەکەوە بڵاویدەکەنەوە.

چاپکردنی ئەم کتێبەش (پیاوە بێجامە شینەکە) لە لایەن دوو زانکۆی دیاری جیهانیی، زانکۆی بەناوبانگی ئەڵبێرتای کەنەدی و میشیگانی ئەمریکی خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوەیە، کە کتێبێکی باش و سەرنجڕاکێشە، دواجاریش هەروا دەرچوو، کە ژمارەیەکی زۆری لێفرۆشراوە و لە لیستی کتێبە داواکراوەکان بووە.

بەڵگەش بۆ باشی ئەم کتێبە تەنیا بۆچوونی من نییە، بەڵکوو پێشەکییەکەی سەرۆکی نووسەرانی نێودەوڵەتییە، کە دەڵێت: سوپاسی جەلال دەکەم بۆ ئەم داهێنانە ناسک و هونەرییە.

هەروەها پێناسەی سەباح ساڵح پرۆفیسۆری ئەدەبیات لە زانکۆی بلومبێرگ لە پێنسلڤانیا ئەمریکا، کە دەڵێت: لەم بیرەوەریەدا چەند جەلالێک دەبینیت

١- کوڕێکی شەرمنی دوورەپەرێز
٢- لاوێکی هەرزەکاری عاشق

٣- جەلالێکی شەیدای تۆپی پێ، کە بە پارەی گوڵبەڕۆژە فرۆشی تۆپێکی لاستیک دەکرێت.

٤- جەلالی گەنج، کە دەبێتە خاوەن سەیوان، وادەزانێت هەموو دنیا هی ئەوە.

٥- دوای هەموو ئەمانە دەچێتە نێو دنیا شیعر و لە هەموو شتێک دووردەکەوێتەوە، دوای دەستپێکردنەوەی ژیانێکی تازە لە کەندا دەبێتە نووسەرێکی ناسراوی کەندا.

**ئەم بیرەوەرییە سێ قۆناغە**

**قۆناغی یەکەم:** تێکچوونی ماڵ و ڕاگوستن لە شوێنگەی خۆی، کە گوندی ئەشکەوت سەقایە، بۆ شوێنێک، کە هیچ بیرەوەری لەگەڵدا نییە، ئەویش سێتاقانی شاری هەولێرە.

**قۆناغی دووەم:** تێکچوون و تالانکردنی ماڵەکەیەتی لە ساڵی ١٩٨٦ دوای دەستگیرکردنی لە لایەن دائیرەی ئەمن.

**قۆناغی سێیەم:** تێکچوونی ماڵەکەیەتی لە کۆڕەوی ١٩٩١.

داوجاریش لە ساڵی ١٩٩٦ لەبەر شەڕی براکوژی دووبارە ماڵی تێکدەچێت و سەرهەڵدەگرێت بۆ دونیایەکی ئارام و سەقامگیرتر، کە لە پێناو گەیشتن بەو سەقامگیرییە، تووشی چەندەها کێشە و سووکایەتی و سەرکێشی بووەتەوە، زۆرجار گەیشتووەتە ڕادەیی گیان لەدەستدان.

دەبێ نووسینەکانم پارچە پارچە بن، وەک چۆن ژیانم پارچە پارچە بووە. بۆیە منیش پارچە پارچە باسی ئەو کتێبە دەکەم.

**کورتەیەکی ناوەڕۆک**

**دەستنووس ٢٠٠٨ چاپکردن ٢٠١١**

ئەم بیرەوەریە، لەسەر پەنجەرە شینەکەی ماڵە کۆنەکە دەست پێدەکات، کە هەمان ڕەنگی ئاسمان و چاووزارەکەی سەر کورتەکەکەیتی.

نووسەر ئەوەندە قووڵ و وردبینانە دەچێتە نێو شوێن و بابەتەکانی، کە تایبەتە بە خودی خۆی. لە زیندان کێشەی گەورەی ئەوەیە لۆ ئەو ڕۆژەی دەستگیرکرا، کراس و بێجامە شینەکەی لەبەربوو، لۆ کراس و بێجامە بازەکەی لەبەرنەبوو.

یان بیری سەعاتەکەی دەستی دەکات، کە ئۆلفەتی پێوەگرتبوو.


لە کاتی ئەشکەنجەدان، لە جیاتی ڕەق و کینە بیر لەوە دەکاتەوە، کە ئەو دوو جەلادە چۆن دەتوانن ئەوەندە ڕقیان لێبێتەوە، کە هیچی خراپی بەرانبەریان نەکردووە.

هەست دەکات، کە داگیرکەری ڕەگەزپەرستی دروست دەکات، پاشان ئەو ڕەگەزپەرستییە دەبێتە کلتوری وڵاتەکە و زۆرینەی دانیشتوانی دەگرێتەوە.

پێیوایە زیندان بۆ مرۆڤی کورد بووەتە میرات لە باب و باپیرانەوە بۆیان ماوەتەوە، هیچ خێزانێکی کورد نییە کەسێک، یان زیاتری بە دەستی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق نەگیرابێ.

هەروەها مەسەلەی ئازادیی، مرۆڤ تەنیا ئەوکاتانە قیمەتی ئازادیی دەزانێت، کە ئازادیی لێزەوت دەکرێت، لەو کاتانە ئێرەیی و حەسودی بە باڵندەیەک دەبەیت، کە بە ئازادیی بە ئاسماندا دەسووڕێتەوە، نە پارە نە مووچە جێگەی ئەو ئازادییە ناگرێتەوە.

ئەو بیرەوەری و ڕۆمان و کتێبانەی دەربارەی زیندانیکردن نووسراون هەموویان لەسەر یەک شت کۆکن، کە ئازادیی و دڵنیایی و ئاساییشی مرۆڤەکان لە هەموو شتەکانی دی



گرنگترن.

ڕەنگە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ئەو بابەتە زۆر گفتوگۆی لە بارەوە بکرێت، ئایا ئازادیی و ئاسایشی نەتەوەیی یان مووچە؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە ئەو بیرەوەرییە بخوێنەوە.

کاتێک مامۆستایەک لە ژیانێکی ئاسایی خۆیدا دەژێت و بە کراس و بێجامە لە ماڵەکەی خۆی دانیشتووە، بەبێ ئەوەی پەیوەندی بە هیچ کارێکی سیاسیی و کردەوەی چەکدارییەوە هەبێت، لەنێو ماڵەکەی خۆی لەگەڵ میوانەکانی پەلبەستی دەکەن و وەک مەڕ و ماڵات فڕێی دەدەنە پشتی پیکاب و پاشان لەو زیندان بۆ ئەو زیندان، بە هەموو شێوەیەک ئەشکەنجەی دەدەن و سووکایەتی پێدەکەن، بە بیانووی ئەوەی، کە براکەی دەستی هەبووە لە تەقەکردن لە پارێزگری هەولێری سەردەمی ڕژێمی بەعس.

مامۆستایەک، کە جگە لە سی مەتری ڕێگەیەکی دیکەی نەبووە بۆ بازاڕ و قوتابخانە و کتێبخانە، کە دواجاریش هەر لەسەر سی مەتری زیندانی دەکرێت.

مامۆستایەکی بێناز و دەستوپێ سپی دەخرێتە زیندان لەگەڵ منداڵباز و شەقاوە و حاجی و مەلا و دونیایەک خەڵکی جۆراوجۆر، مامۆستایەک، کە شاعیرە لەوکاتانەش حەز دەکات شیعر بنووسێت، بەڵام نە قەڵەم و نە کاغەزی پێنییە، ناچارە شیعرەکانی لەنێو مێشکیدا خەزن بکات.

> **قورسایی ئەم کتێبە تەنیا گێڕانەوەی بیرەوەریی و مێژووەکەی نییە، بەڵکوو شێوازی گێڕانەوەکەیە، کە نووسەرێکی پڕ ئەزموون ئەو کارەی کردووە**

ناچاربووە گوێ لە ئەکرەمە فەندی بگرێت، کە بە زاوا نەبووە.

لەگەڵ پێنۆی عارەق خۆر مامەلە بکات، کە نازانێت وشەی سێکس و جماع چییە. مامۆستایەک ناچارە باسی خەتەنەکردنی ئافرەت بۆ عەنتەر بکات، عەنتەری بەستەزمان، کە تێگەیشت مەوزوع چییە، گوتی: کەواتە هی ژنی منیان لە بنەوەڕا بڕییە!

لەگەڵ کەسێک دابنیشێت، کە لەسەر وێنەی ڕووتی تەزویرکراو گیراوە، وێنەی قوونی خۆی گرتییە بەناوی سوهەیل زەکییە فرۆشتیتیەوە.

مامۆستایەک نانی بەیانیانی لەگەڵ خێزانەکەی، بە گوێگرتن لە گۆرانی بووە، ئێستە لە زیندان هەموو تەرکیز و بیرکردنەوەی لەسەر ڕۆژی دووشەممەیە، ئایا ژنەکە و کچەکەی دێنە سەردانی، یان ڕێگەیان نادەن؟ لەبەر دابەزینی کێشی هەردەم دەستی بە بێجامەکەیەوە بووە، تا نەیەتە خوارێ.

لە ماڵێکی گەرم وگوڕ بۆ زیندانێک، کە تەنیا ٣٥ سم عارد هەبێ لەسەری دابنیشێت و سەیری مام زوبێر بکات، کاتێک لەبەرنەبوونی توالێت کیسی گووی لە دەست بەردەبێتەوە و گوو بە عاردی وەردەبێت، دوایش ناچاریدەکەن پاکی بکاتەوە.

دەیگوت: چانییە پیاو بێزی لە گووی خۆی نابێتەوە، پاشان گوتی: لەو پاکردنەوەیە بەردەوام دەبم هەتا بۆن گوو دەگاتە ژووری ئەفسەرەکان.

سەرەڕای هەموو ئەوانە، دابڕان لە ژن و منداڵ حاڵەتێکی پڕ سۆز و غەمگینە، بەتایبەتی، کە نامەکەی سەباحی خێزانی وەک نوشتە لەکاتی سەردانیکردندا بۆی دێنن، تێیدا نووسراوە:

جەلال ماڵمان تالان کرا، منداڵەکان کتێبەکانیان برد بۆ گوڵەبەڕۆژە فرشتن.

برادەرەکانت ناوێرن باسی بەردانت بکەن، دەڵێن: برینەکەی پارێزگاری هەولێر هێشتا لەفافی پێوەیە.

جەلال بۆم بنووسە چۆن دەژیت؟ چۆن دەخەویت؟ چۆن نان دەخۆیت و چی دەخۆیت؟ خۆت دەشۆیت؟ ئێوارێ کچمان باڵ دەگرێ بۆت.

دواجار، کە جەلال لە زیندان ئازاد دەکرێت بە کراس و بێجامە بۆرەکەی بە کۆلاناندا دەڕوات بۆ ماڵەکەی خۆیان، منداڵەکان هۆیهای لێدەکەن!

لەم بیرەوەرییەدا هەست دەکەیت، کە ژیانی نووسەر ژیانێکی نامۆ و پڕ لە دەردەسەری و ئازار و ئاوارەیی و بێڕێزی بووە. نەیتوانیوە، وەک مرۆڤێکی ئاسایی ژیان بەسەرببەرێت، هەر لە منداڵییەوە هەستی بەوەکردووە، کە ئەو کەسێکی پلە دوو بووە لەنێو خێزان و گەڕەک و وڵات.

لە ئاهەنگ و بۆنەکان، خواردنی بەرماوە دراوەتە منداڵەکان و قاپەکانیان لێستووەتەوە، لە هەرزەکاریدا ناچاربووە گوڵەبەڕۆژە بفرۆشێت، تا تۆپێکی لاستیک بکرێت، لە سەردەمی نووسەرایەتی پارەی قەرزکردووە، تا دیوانە شیعرەکانی چاپ بکات. لەکاتی هێنانەوەی دیوانە شیعرییە چاپکراوەکەی لە گەراجی موسل نیوەی کتێبەکانی لێدەکەوێتە نێو زێراب، سەرباری ئەوەش سایەق

تاکسییەک، کە دەبینی سمێڵی تاشیە، پێدەڵێت: مامۆستا ئەوە لۆ ئەوهات لە خۆ کردییە؟

لە کاتی دامەزراندنیدا وەک مامۆستا ناچاربووە بە کەروبار بەنێو شاخ و دۆڵ و دڕکدا بە کراس و پانتۆڵی قوماش و پێڵاوی باتە، لە کۆیەوەڕا بچێتە قوتابخانەکەی لە سکتان.

کێشەی گـەورەی ئـەو، وەک شاعیرێک لەگەڵ دەوروبەرەکـەیدا ئـەوەبـووە، کە کـەس تێیناگات، هەتا کەسە نزیکەکانی، شیعرەکانی بە پەند و بەند تێگەیشتوون.

لە حانووتەکەی باوکی، کە لە قوتابخانەی کچان بـووە، زانیویەتی قوتابخانەی کـوڕان و کچان زۆر لێک جیـاوازن، کچان نـەرم و نیانن وەک بەرخ، کەچی کوڕان لەکاتی پشووەکاندا سواری سەروگێلاکی یەک دەبن، لە جیاتی دەرگا خۆیان لە دیوار و چوارچێوەکەی دەدەن.

ڕۆژی لەدایکبوون لە وڵاتانی دەرەوەی کوردستان گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، لەوێ هەموو کەسێک لە هەموو ماڵێک و دامــەزراوە و کۆمپانیایەک یادی ڕۆژی لە دایکبوونی دۆست و برادەرەکانی خۆیان دەکـەنـەوە، زۆرجـار بەبێ ئـەوەی ئاگات لەو بەروارەبێت، لە ناکاو ئاهەنگێکی بچووکت بۆ ساز دەکەن. جا ئەو کەسانەی لە دەرەوە ژیاون، ئەوە دەزانن، کە هەرکەسێک ڕۆژی لە دایکبوونی نەزانێت عەیبێکی گـەورەیـە، بە پێچەوانەی لای خۆمان، هەتا پازدە بیست ساڵێک، کەم کەس گرنگی بە ڕۆژی لەدایکبوونی دەدا، بگرە هەندێک کەس هەر نەیدەزانی. جا جەلال بەرزنجی بەو بۆنەیەوە، کە لە کەنەدا گرنگی زۆر بە ڕۆژی لە دایکبوون دەدرێت، وەک زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو، حەز دەکات بزانێت، ڕێک کەی لەدایک بـووە، چونکە خۆراواییەکان، نەک هی خۆیان، بەڵکوو هی هەموو نووسەر و شاعیر و سیاسیی و..هتد هی چەندان سەدە پێش خۆیان دەزانن.

لە دایکی دەپرسێت: دایە گیان من ڕێک کەی لە دایکبوومە؟

دایکی: کـوڕم، کە تۆ لـەدایکبـووی، گیا سـەری دەرهێنابوو، خونچەگوڵ دەپشکوتی، کە تۆ لە دایک بـووی هـەندێک ڕەوەنـد لە ئاقاری گوندی ڕەشماڵیان هـەڵدەدا، سـەرۆکێکیان هـەبوو ناوی ئەحمەد شەمۆ بوو، ئەوڕۆژی ئەتو لە دایک بووی، کوڕی گەورەی ئەحمەدی ژنی دەهێنا،

ناوەکەشت بە نـاوی جەلالی بەندیێژی گوندی کراوە. ١٣٣٧

**لە ڕووی هونەریی و شێواز و زمانەوە**

توانیوبەتی زۆر بە جوانی جێگەی هەموو ئەو بابەتانە بکاتەوە، کە ویستویەتی باسیان بکات.

هەست بەبێ تاقەتی خوێندنەوەی ئەو بیرەوەرییانەی ناکەیت. لەڕووی شێوازی و زمانی نووسینەوەی، هەرچەندە کتێبەکە بیرەوەرییە و پێویستە ئەوها بنووسرێتەوە، کە جەلال بەرزنجی کاری لەسەر کردووە، مەبەستمە بڵێم زمانەکەی زۆرخۆشە و لە گێڕانەوەدا بێزارت ناکات، هەروەها زیرەکانە کۆمەڵێک بابەتی گرنگی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتیی ورەوژاندووە، بەبێ ئەوەی پەنا بۆ هێما و ئیدیۆم و ئاڵۆزی ببات. هیچ مەقوولە و ئەفۆریزمێکی نووسەرانی دونیای بەکارنەهێناوە، تەنیا باسی مێژوو خۆی و ئـەو ڕووداوانــەی کـردووە، کە پەیوەندییان بە ژیانییەوە هەبووە، یان کاریگەرییان لەسەر ڕەوڕەوی ژیانی ئەودا هەبووە.

لە کاتی گێڕانەوەدا تەنیا قسە و ڕووئیای خۆی نووسیوەتەوە. ئەمە هێزێکی دی بەو بیرەوەرییە بەخشیوە، هەست دەکەیت نووسـەر بڕوایەکی تەواوی بە خۆی و ڕۆشنبیریی خۆی هەیە و وەک کەساتییەکی پڕ و پێگەیشتوو هاتووەتە بەردەمت.

**لە ڕووی مێژووییەوە:**

ئەم بیرەوەرییە سەری هاروماری تێدایە، دەتوانم بڵێم یەکێکە لە کتێبە باشەکان بۆ ناساندنی کورد و مێژوو و کلتورەکەی بە جیهانی دەرەوە. گرنگترین کاریش ئەوەیە، کە کراوەتە ئینگلیزی.

لـە کـودەتـاکـەی عـبـدولسـەلام عـارف بـەسـەر عەبدولکەریم قاسمەوە، تا دروستبوونی حەرەس قەومی و هێرشی بۆ سەر کوردەکان باس دەکات.

هەروەها باسی سینەما حەمڕا دەکات، کە ساڵی ١٩٤٥ تەحسین عەلی پاشا دروستی کردووە. ئینجا باسی زێدی خۆی، کە ئەشکەوت سەقا و چیای کوڕەدێرە دەکات.

لەڕووی دوکومێنتارییەوە: میکایل: کاتی خۆ ئەو

**"نامەکەی سەباحی خێزانی وەک نوشتە لەکاتی سەردانیکردندا بۆی دێنن، تێیدا نووسراوە: جەلال ماڵمان تاڵان کرا، منداڵەکان کتێبەکانیان برد بۆ گوڵەبەڕۆژە فرشتن. برادەرەکانت ناوێرن باسی بەردانت بکەن"**

> **دواجار، کە جەلال لە زیندان ئازاد دەکرێت بە کراس و بێجامە بۆرەکەی بە کۆڵاناندا دەڕوات بۆ ماڵەکەی خۆیان، منداڵەکان هۆیهای لێدەکەن!**

زیندانەی ئێرە (خانە) بوو، کەر و هێستریان تێدا ئاودەدا. سورەتی ئەنفال لە ساڵی ٦٢٤ز شەڕی بەدر. یەکەم ئەنفال عومەری کوڕی خەتاب بوو دووەم ئەنفالیش سەددام حوسێن، کە کارەساتی بەسەر کوردستاندا هێنا و هەموو شتێکی لەنێوبرد لەوانە:

٥٧٧٧ خێزان، ٥٧٠ تەن دانەوێڵە، ٣٩١٧٠ هەزار خانوو، ٧ مزگەوت
٩ نەخۆشخانە ٧٨١ گوند، ١٤٣٠ ڕەز سووتێنران، ٥٢ تانکی و ٤٧ ئاش
٤٧٢٧٧٠ هەزار سەر مەڕ وبزن ١٥ هەزار ڕەشەوڵاخ.

ڕاپەڕین و گەڕانەوە و مادەی ٦٨٨ هێڵی ٣٦ و دژە فڕین: قەڵای هەولێر ٢٦ مەتر و ٢٥ سم لە عاردی بەرزترە، ١٠٢١٩٠ مەتر چوار گۆشەیە، سۆمەریی، بابلیی، فارسیی، یۆنانیی و عوسمانیی حوکمی قەڵایان کردووە. لە ١٩٩٦ سێ هەولێر هەبوو، کۆیە یەکێتیی، بەعس مەخموور، پارتی هەولێر.

**نۆستالیژیا و خۆشەویستی بۆ شوێنزا:**

گوندی ئەشکەوت سەقا چەقی نۆستالیژیایە بۆ کاک جەلال ناوەندی دونیایە، لەوێ دەستی بە ژیان کردووە و دوای ڕۆشتنیان و دابڕانی قەت ناتوانێت لە یادی بکات، لەم کتێبەیدا ئەوەندە باسی ئەشکەوت سەقا دەکات، وادەزانم لەوێ ژیاوم، لەو ماوەیەدا هەرکاتێک بەو ناوچەیەدا بڕۆشتبام حەزم دەکرد بزانم ئەو گوندە ڕێک کەوتووەتە کوێ؟ جا بزانن نووسین چەند گرنگە، کە باسی شوێنێک، یان کەسێک دەکات، بەتایبەتیش بۆ کەسانێک کە نەیان دیبێ، بۆ نموونە من حەز دەکەم گەڕەکی برۆکلن لە شاری نیۆرۆک ببینم چونکە سەدان فیلم و نووسین لەسەر ئەو گەڕەکە هەن.

**حاڵەتە کۆمیدی تراژیدییەکان:**

حاجییەک، کە ئەویش زیندانی بوو، کەشیدەکەی سەری لە پیسییان زەردییەکەی کاڵبۆوە دەیگوت: ئەوەندەم نوێژ چووە هەتا ماوم بیانگێڕمەوە، هێشتە هەر قەرزاری خودام.

بەفرینی جیرانی جەلال بەرزنجی، دەیگوت: توخوا جەلال ئەو هەموو کتێبەت لۆ چییە؟ هەندێکم بدێ لۆ گوڵەبەڕۆژە فرۆشتنێ.

عەولا پۆخچی گووی قوتابخانەی دەردەدا، خدرەکەڕیش چووبوو لەگەڵ عەولا پۆخچی ڕێککەوتبوو، کە گووەکە لە باخچەکەی ئەوان ڕووبکات، تا تور و خاسی پێ ئاو بدات، خەڵکیش لێیان دەکڕی!

لەڕووی تەکنیکییەوە: لە گۆڕینی بابەت سەرکەوتووبووە بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەیت. هەروەها ئاوێتەکردنی بابەتی مێژوویی و سیاسیی بە شێوازێک، بەبێ ئەوەی خوێنەر بێزار بکات. لەڕێگەی بیرەوەری خۆی تەواوی کلتوری کوردیی بە خوێنەر دەناسێنێت، هەروەتر لایەنە هەستیارەکانی بەسەر تەواوی کتێبەدا دابەشکردووە، لە هەر شوێنێک بزانێت خوێنەری دڵتەنگ و خەمبار کردووە، نوکتەیەکی ڕاستی ئاوێتە دەکات و دڵتەنگییەکەی دەڕەوەنێتەوە.

بۆ نموونە: قەشە حەنا باسی ماتریالیزم و ئایدیالیزمی دەکرد، یەکێکیتر دەیگوت، قسەکانت ڕاستە بە بێجامە بۆرەکەتەوە دیارە لە مێژە گیراوی.

خواردنەکەیان لە زیندان ئەوەندە پیس بوو هەموویان سکچوویان دەگرت، یان بە خۆیان دادەکرد، یان لە کیسیان دەکرد، مام کەریم، کەریم حەریق، چەند خولەکێک پێش ٣١ی ١٢ی سەری ساڵی ١٩٨٦ چووە لای دیوار و سەر ئەو کونەی بۆ گووکردن دیاری کرابوو، گوتی: گووەک دەکەم دوو ساڵی پێبچێت. گووی کرد، هەر بەوەش نەوەستا دوو تریشی کرد، جەماعەت گوتیان تەقەی خۆشییە.

**خەڵاتکردنی جەلال بەرزنجی:**

ئەم کتێبە، یان بیرەوەرییە هۆکارێکی بەهێزبووە، لە بەخشینی دکتۆرای فەخری بە جەلال بەرزنجی. کە وەک کورد دەبێت ئێمە شانازی پێوە بکەین، چونکە ئەو وەک نووسەرێکی کورد خەڵاتکراوە، واتە نوێنەری ئێمەیە، بۆیە پێویستە شانازی پێوە بکەین. ئەگەر کەسێک یان لایەنێک هەست بەو شانازییە نەکات کارەساتە، باوەڕیش ناکەم کەسی واهەبێت.

# حەرەس قەومییەکان

# قۆناغێکی دی لە مێژووی خوێناوی عێراق

کتێبی (الحرس القومي و دوره الدموي في العراق) کتێبێکی قەبارە گەورەی ٣٨٤ لاپەڕەیە (فایز الخفاجي) نووسیوویەتی، چاپی دووەمی لە ساڵی٢٠١٦ دا بڵاوکراوەتەوە. نووسەر لەم کتێبەیدا، باسی سەرەتای دروست بوون و هاتنە سەر حوکم و ڕۆڵی پڕ لە توندو تیژیی و خوێناوییان لە عێراقدا دەکات. ئەم میلیشیا چەکدارە، لە سەرەتای دروست بوونیدا تاوەکو لەنێوچوونیان، بە سێ قۆناغی سەرەکیدا، تێپەڕیوون:

– قۆناغی یەکەم: ئەو بەعسییانەی، کە لە سوریا وەک پەناهەندە ژیاون، لە ڕۆژی ١٩٦١/٩/٢٨دا، کۆمەڵە، یان ڕێکخراوێکیان دروست کردووە، کە لە شانەی جیا جیای خەڵکی سڤیل، پێکهاتوون. هەر لەوێ، مەشق و ڕاهێنانیان لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی چەک و فێربوونی شەڕی کۆڵان و دەستەویەخە کردووە. هۆکاری دروست بوونیشیان، بۆ نەبوون و بێهێزی ئەندامانی بەعس، لە ڕیزەکانی سوپای عێراقدا، گەڕاندووەتەوە.

– قۆناغی دووەم: ناوی ئەم شانە مەشق پێکراوانە لە ساڵی ١٩٦٢دا بووەتە (لیژنەی ئاگادارکردنەوە).

–قۆناغی سێیەم: لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٦٣دا، ناویان لە (لیژنەی ئاگادارکردنەوە) بۆ (حەرەس قەومی) گۆڕدراوە.

ئەمانە، باڵی سەربازی (حزبی بەعس) بووینە. لەگەڵ یەکەم ڕۆژی کودەتای ڕەشی هەشتی شوباتی ١٩٦٣ و دەسەڵات وەرگرتنیان و کوژرانی (عەبدولکەریم قاسم)دا، هاتوونەتە سەر گۆڕەپانی سیاسیی و عەسکەریی عێراق. جگە لە بەعسییە عێراقییەکان، بە سەدان پەناهەندەی دی عەرەبیی نموونەی (فەڵەستینی)یەکان، ئەندامی ئەم میلیشیا چەکدارییە بووینە.

لە سێیەم بەیانی (ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتی شۆڕش، شۆڕشی بەعسییەکان) کە لە کاتژمێر دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٦٣/٢/٨ لە ئێستگە خوێندراوەتەوە، هاتووە: (.... لەبەر بەرژەوەندی گشتیی و هەست کردنمان بە پاراستنی ماڵ و گیانی هاووڵاتییان، هەروەها باوەڕبوونمان بە بەشداری گەلیی بۆ پاراستنی شۆڕش و نیشتمان و کۆمارەکەمان، بڕیاری دامەزراندنی حەرەس قەومیماندا تاوەکو شان بە شانی هێزەکانی سوپا و پۆلیس، بەرگریی لە گەل و نیشتمان، بکەن.... ل ٣٥).

هەر لە هەمان ڕۆژ (١٩٦٣/٢/٨)دا، بەیاننامەی ژمارە چواری (سەرکردایەتی شۆڕش) دەرچووە. لە بەیاننامەکەدا، هەیکەلی ڕێکخستنی



**ئیسماعیل تەنیا – ئەڵمانیا**

**یەک لەم گرووپانە، ئەیاد عەلاوی سەرپەرشتی کردوون، کە جلوبەرگی خاکییان لەبەرکردووە و شەبقەیەکی تایبەتییان لەسەرناوە**

> “خەڵکی دیش لە ماوەی حوکمی ئەواندا، ئەندام و سەرکردەی دیاری حەرەس قەومی بووینە. ئەیاد عەلاوی و عادل عەبدولمەهدی و سەددام حوسێن، لە ئەندامە سەرەتاییەکانی ئەم میلیشییا چەکدارە و حزبی بەعس بووینە”

حەرەس قەومی و لێپرسراوەکانیان، دیاری کراوە (عەقید ڕوکن عەبدولکەریم مستەفا نەسرەت بە سەرۆکی هێزەکانی حەرەس قەومی، ئەبو تالیب عەبدولموتەلیب هاشیمی، بە جێگری سەرۆک، دەست نیشانکراوە. هەر یەکە لە نەجاد مەحموود سافی و سەباح محەمەد باقر مەدەنی و ئەحمەد عەزاوی و عەتا محییەدین، بوونەتە ئەندامی سەرکردایەتی ئەم میلیشییایە... ل٣٦).

جگە لەمانەش، خەڵکی دیش لە ماوەی حوکمی ئەواندا، ئەندام و سەرکردەی دیاری حەرەس قەومی بووینە. ئەیاد عەلاوی و عادل عەبدولمەهدی و سەددام حوسێن، لە ئەندامە سەرەتاییەکانی ئەم میلیشییا چەکدارە و حزبی بەعس بووینە. لە ڕووداو و پێشهاتەکاندا، ڕۆڵیان هەبووە و ناویان هاتووە. لە یەکەم ڕۆژی کودەتاکەدا، هاوشانی سوپا، لە گروپ و هێزی جیا جیادا، هێرشیان کردووەتە سەر (وەزارەتی بەرگری) و گەمارۆیان داوە.

یەک لەم گرووپانە، ئەیاد عەلاوی سەرپەرشتی کردوون، کە جلوبەرگی خاکییان لەبەرکردووە وشەبقەیەکی تایبەتییان لەسەرناوە. خەتێکی سەوزیشیان لەسەر قۆڵ بەستووە. لە کاتژمێر یەک و نیوی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی ٩-ی شوبات، بە فەرمانی ئەحمەد حەسەن بەکر (کە ئەوکاتە یەکێک بووە لە سەرکردە دیارە سەربازییەکانی بەعس) عەبدولکەریم قاسمیان کوشتووە.

هەر (بەکر) فەرمانی بە سەربازێک کردووە، کە سەری (قاسم)ی کوژراو بەرزبکاتەوە و تفێکیشی لێ بکات. سەربازەکە فەرمانەکەی جێبەجێکردووە. لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن پیشان دراوە. بۆ ڕۆژی دواتر، حەرەس قەومییەکان، تەنێکی قورسیان بە لاشەی (قاسم) بەستاوەتەوە و فڕێیان داوەتە نێو ڕووباری دیالا، تاوەکو نقوم ببێت و لاشەکەی ون بێت. ل٩٤.

ئەوان وەک گرووپێکی چەکدار بۆ هاوکاریکردنی سوپا و پۆلیس، لە هەموو کۆڵان و شەقامەکاندا چادریان هەڵداوە. ئەندامەکانیان دەوامیان تێدا کردووە و ئەرکیان پێسپێردراوە. لەهەر چادرێکدا (١٠-٢٠)کەسی تێدا بووە. خاڵی پشکنینیان داناوە و ناسنامەیان لە خەڵکی وەرگرتووە. لە یەکەم ڕۆژی کودەتاکەدا، لە هەموو شوێنە سەرەکییەکانی بەغدا، بارەگایان کردووەتەوە. جگە لە (بەغدا)ش، لە شارەکانی دیکەی وەک: مەحموودیە، سامەڕا، تکریت، بێجی، بەسرە، ناسریە، عیمارە، کوت، حیلە، نەجەف، کەربەلا، ڕومادی، ...، بارەگایان هەبووە.

هەروەها لە کوردستان-یش، هەرچەندە زۆر دیار و باڵادەست نەبووینە، لەگەڵ ئەوەشدا، لقیان لە هەولێر و کەرکووک و سلێمانی-ش هەبووە. ئەمەی هەولێریان (تەها یاسین ڕەمەزان جزراوی) سەرپەرشتی کردووە. ئەندامە سەرەکییەکانی ئەوان لە ناوچە کوردییەکاندا، فەرمانبەرە عەرەب و تورکمانەکان بووینە.... ل٤٥.

لە ماوەی حوکمڕانی کورتیاندا، زیاتر لە دوو سەد بارەگایان هەبووە، کە پەنجایان لە شاری بەغدا بووە. بە ئۆتۆمبێلی تازەو باش، وەک مەفرەزەی چەکداری بە شەقامی شارەکاندا سووڕاونەتەوە. مووچەکانیشیان وەک پلەدارە سەربازییەکان بووە.

بۆ نموونە: ئەوەی پلەی ئەفسەری دوو ئەستێرە (ملازمی یەکەم) بووبێت، مانگانەکەی هاوتا سەربازییەکەی، چل دینار بووە. جگە لە ئەرکی سەربازیی، لە هەموو شوێن و دائیرە و دامەزراوە مەدەنییەکانی وەک: نەخۆشخانە، شارەوانی، پۆستە، دەوامیان کردووە.

لە سەرەتای کودەتادا، ژمارەی ئەندامەکانیان تەنیا پێنج هەزار کەس بووە. بە تێپەڕبوونی کات، وردە وردە ژمارەیان زیادی کردووە و بوونەتە سەد هەزار ئەندامی خۆبەخش.

لە سەردەمی یەکەم حوکمڕانی بەعسییەکاندا (٨ی شوبات) چوار دامەزراوەی سەرەکی هەبوون، کە بریتیبوون لە:

١- ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتی شۆڕش.

٢- ئەنجوومەنی وەزیران.

٣- بەڕێوەبەرایەتی دادوەری گشتیی سەربازیی.

٤- حەرەس قەومی.

جگە لە هاوکاریکردنی سوپا و پۆلیس و ئەرک بینینیان لە دامەزراوە مەدەنییەکان، چالاکی ڕۆشنبیریی و هونەریی و وەرزشیشیان هەبووە.

بۆ یەکەم جار لە بواری ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنەوە، لە ڕۆژنامەی (الجماهیر)

ئۆرگانی حزبی بەعس، لە ڕۆژی ١٩٦٣/٤/١٢دا گۆشەیەکیان بڵاوکردووەتەوە. گۆشەکە هەفتانە بووەو ڕۆژانی سێشەممەوان، بڵاوکراوەتەوە. ناوەڕۆکی ئەم گۆشەیە بریتیبووە لە چالاکییەکانی حەرەس قەومی. گۆڤاریکیشیان بە ناوی (الحرس القومي) هەبووە، کە یەکەم ژمارەی لە ١٩٦٣/٧/١٥ دەرچووە و سەرنووسەرەکەشی نەجاد سافی جێگری سەرۆکی گشتیی حەرەس قەومییەکان بووە. ئەم گۆڤارە بە تیراژێکی زۆر بڵاوکراوەتەوە. نرخی فرۆشتنی بۆ ئەو سەردەم، زۆر گران بووە. زیاتر مەبەستییان کۆکردنەوەی پارە و پیتاک بووە. ژمارە چواری، کە دوا ژمارە بووە، لە ١٩٦٣/١١/٤ دەرچووە.

بەعس و حەرەس قەومییەکان بە پلەی یەکەم دژی هزری چەپ و حزبی شیوعی عێراق بووینە. دژایەتییەکی بەرچاوی نووسەر و ڕۆشنبیرە شیوعییەکانیان کردووە. دوای گرتن و ئەشکەنجەدانی نووسەری شیوعی (جاسم محەمەد موتێر) لە یەکێک لە بارەگاکانی حەرەس قەومی لە شاری بەسرە، کە پێشتر (یانەی ڕۆشنبیری) بووە، بە بەرچاوی خۆیەوە، لە ڕۆژی ١٩٦٣/٣/١٩ کتێبخانەکەیان سووتاندووە، کە زیاتر لە ٢٥ هەزار کتێبی تێدا بووە. جگە لە خەڵکی ڕۆشنبیر و بەرچاو، بێ گوێدانە ڕەگەز و تەمەن، بە سەدان ئەندامی حزبی شیوعییان کوشتووە، یان زیندانی کردووە. بە سەدان کچی تەمەن خوار پازدە ساڵییان گرتووە و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کردوون. بەشێک لە لێکۆڵەرەوەکان بریتی بوون لە (سەڵاح عومەر عەلی، محەمەد سەعید سەحاف و سەباح مەدەنی) ئەوەی بۆنی چەپ و شیوعییەتی لێهاتووە، لەسەر کار دەرکراوە. زیاتر لە پێنج هەزار مامۆستای (سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی و زانکۆ)یان لە کارەکانیان دوورخستووەتەوە. بەشێک لە دکتۆر و پرۆفیسۆرە دوورخراوەکانی زانکۆ چوونەتە سعودییە، لەوێ کاریان کردووە. دوای پێزانینی بەعسییەکان، حکومەتی عێراق نارەزاییان دەربڕیوە و یاداشتیان داوەتە سعودییە و سەرکۆنەی ئەو کارەی ڕێپێدانەیان کردووە. لە بەرانبەریشدا وەڵامی سعودییەکان بۆ عێراق ئەمە بووە: (ئایا شیوعی زیاترتان هەیە؟ گەر هەتانە، تکایە بۆ ئێمەیان بنێرن) مەبەست لەم وەڵامە ئەوە بووە، کە مامۆستا شیوعییەکان، مامۆستای باش و سەرکەوتوو بووینە لە بواری کارەکانیاندا. گەر ئێوە ئەم جۆرە خەڵکەتان ناوێت و دەریان دەکەن، تکایە بۆ ئێمەیان بنێرن.




ئەحمەد حەسەن بەکر، کە دواتر بووەتە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، زۆر ڕقی لە شیوعییەکان بووەتەوە. هەتا (عەلی حوسێن ڕەشید)ی ئامۆزای خۆی گرتووە و زیندانی کردووە، هەر لەبەرئەوەی ئەندامی حزبی شیوعی بووە (سەلام عادل)ی سکرتێری (حزبی شیوعی)یان لە ڕۆژی ١٩٦٣/٢/١٩دا، گرتووە و ڕاپێچی بەندینخانە سامناکەکانی بەعس و حەرەس قەومییان کردووە. یەکێک لەم بەندینخانانە (قەسر نیهایە) بووە.

قەسر نیهایە، ناوی خۆی (قەسری ڕیحاب) بووە

> **“ بەعس و حەرەس قەومییەکان بە پلەی یەکەم دژی هزری چەپ و حزبی شیوعی عێراق بووینە. دژایەتییەکی بەرچاوی نووسەر و ڕۆشنبیرە شیوعییەکانیان کردووە ”**

> سەلام عادل گوتوویەتی: ئەم دوو بەیاننامەیە ڕای گشتیی حزبی شیوعی نەبووە، من نووسیوومە و بڵاوم کردووەتەوە، لەم کارەمدا، هەڵە و پەڵەم کردووە. ئێستە ئامادەم ئەم هەڵەیەم ڕاست بکەمەوەو، دەمەوێت چاوم بە عەلی ساڵح سەعدی بکەوێت

(عەبدولئیلا)ی وەسی عێراق لە ساڵی ١٩٤٤دا، وەک کۆشکێکی شاهانە دروستیکردووە. دوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨، عەبدولکەریم قاسم بە شێوەیەکی تراژیدی قەتل و عامی بنەماڵەی شاهانەی کردووە، ناوەکەشی لە (ڕیحاب)ەوە کردووەتە (نیهایە) بەومانایەی لەم کۆشکەدا دەسەڵاتداریەتی پادشایی لە عێراقدا کۆتایی (نیهایەت)ی پێهاتووە.

دوای عەبدولکەریم، بەعسییەکان کردوویانەتە زیندان و شوێنی ئەشکەنجەدانی نەیارەکانیان، بە تایبەتیش شیوعییەکان. دوای کودەتای ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨یش، بووەتە زیندانێکی سامناک و دامەزراوەی ئەمنی عێراق کە (نازم گزار)ی بەدناو بەڕێوەبەری بووە. جاران هەرکەسێک بگیرابایە و ڕەوانەی (قەسری نیهایە) بکرابووایە، کەسوکارەکەی لە ئازاد بوونی بێ هیوا دەبوون.

سەباح مەدەنی، کە یەکێک بووە لە سەرکردە دیار و تاوانبارەکانی حەرەس قەومی، کە ئێستە لە بەغدا دەژی، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ نووسەری کتێبی (حەرەس قەومی) دەربارەی سەلام عادل، گوتوویەتی: (.. دوای پێنج کاتژمێر لە لێکۆڵینەوە، بە سەلامم گوت: بۆچی حزبی شیوعی دوو بەیاننامەی لە دژی ئێمە دەرکردووە و هانی خەڵکییان داوە دژی ئێمە بێنە سەر شەقام و شەڕ بکەن؟ لە وەڵامدا سەلام عادل گوتوویەتی: ئەم دوو بەیاننامەیە ڕای گشتیی حزبی شیوعی نەبووە. من نووسیوومە و بڵاومکردووەتەوە. لەم کارەمدا، هەڵە و پەڵەم کردووە. ئێستە ئامادەم ئەم هەڵەیەم ڕاست بکەمەوەو، دەمەوێت چاوم بە عەلی ساڵح سەعدی بکەوێت. ئەم کاتەش عەلی لە دەرەوەی وڵات و لە میسر بووە، بۆیە چاوپێکەوتنەکە ئەنجام نەدراوە.... ل١٣٦) هەر سەباح مەدەنی لە بارەی (سەلام عادل)ەوە گوتوویەتی: (هیچ جۆرە ئەشکەنجەیەکی سەلام و هاوڕێکانیانمان نەداوە، سەلام لە یەکەم شەوی گیرانیدا بینیم، کە کەسایەتییەکی بەهێز و شایستەی هەبوو، کەس جورئەتی ئەوەی نەبووە، کە ئیهانەی بکات... ل ١٣٦-١٣٧).

زیندانییەکی دی شیوعی، کە ناوی (زەکیە شاکر) بووە، ئەم بۆچوون و قسانەی (سەباح مەدەنی) بە درۆخستۆتەوە و لە گێڕانەوەکانیدا گوتوویەتی: (ڕۆژی ٢٦ و ٢٧ی شوباتی ١٩٦٣، سەلام عادل-م لە قەسری نیهایە بینی، ئەوەندەیان ئەشکەنجە دابوو، هەموو ئەندامانی جەستەی شێوا بوو، بە زەحمەت دەناسرایەوە، چاوەکانی لەدەستدا بوو، خوێن لە تەواوی جەستەی دەچۆڕایەوە بەتایبەتیش لە گوێ و کونە لووتی. بۆ ئەوەی ئازارەکانی کاریگەرتر بێت، بیبەر و خوێیان بەسەر برینەکانیدا دەکرد. خودی موحسین شێخ ڕازی-ش سەرپەرشتی ئەم ئەشکەنجەدانەی کردووە. ناوبراو لە ڕادەبەدەر دوژمنی سەرسەختی شیوعییەکان بووە... ١٤٠)

(تەحسین مەعلە)ی پزیشکی سەر بە بەعس دەڵێت: بە بەردەوامی چارەسەری ئەوانەم دەکرد... کەچی گیراوێکی دی حزبی شیوعی بە ناوی (ئیبتیسام ڕۆمی) تەحسین بە درۆ دەخاتەوە و دەڵێت: تەحسین درۆ دەکات، ئەو لە هەمووان زیاتر بێویژدان و دڕندەتر بوو. ئەوەندە دڵڕەق بوو هەردەم بە قاوشەکانی زینداندا دەسووڕایەوە و هانی جەلادەکانی دەدا، کە زیاتر ئەشکەنجەی زیندانییەکان بدەن.

دوای ئەم هەموو ئازار و ئەشکەنجەدانە، سەلام عادل و محەمەد حوسێن ئەبو عیس و حەسەن عوێنە لە ڕۆژی ١٩٦٣/٣/٦دا، مردوونە. ڕەشید موسلیح حاکمی عەسکەری هەواڵەکەی ڕاگەیاندووە (سادق حەمید عەلوش)ی پزیشکی تایبەتی بەعس و حەرەس قەومییەکان، دەربارەی مردنی ئەوان لە ڕاپۆرتێکی پزیشکیدا، نووسیویەتی: (ئەوانە لەژێر ئەشکەنجەدا نەمردوونە، بەڵکو بەهۆی فشار و وەستانی دڵ -سەکتە-وە مردوونە... ل١٤٣).

لە درێژەی هەڵمەت و ڕاوەدوونانی شیوعییەکان، ساڵح مەهدی عەماش، یەک لە سەرکردەکانی بەعس و حەرەس قەومی و بەشداربووی کودەتاکە دەڵێت: لە یەکەم ڕۆژی کودەتادا، ٨٠٠ ئەفسەری شیوعیمان دەستگیر کرد، کە ١٥٠یان فڕۆکەوان بوون. وایلێهات فڕۆکەخانەکان بێ فڕۆکەوان مانەوە... جگە لەمانە، چوار هەزار ئەندامی دی شیوعیمان گرت، کە بەشی زۆریان لە یەکەم ڕۆژی کودەتادا بەبێ دادگاییکردن و لێپرسینەوە کوژران.

لەبەر ئەم گرتن و ئەشکەنجەدانە، بەشێک لە شیوعییەکان (بەتایبەتیش ئەندامە کوردەکان) ڕوویان لە چیاکانی کوردستان کرد و شان بەشانی پێشمەرگەکان دژی هێرشەکانی بەعس وەستانەوە.

بەعسییەکان، بە دەیان شێوە و جۆری ئەشکەنجەدانیان داهێناوە و تاقییانکردۆتەوە لە نموونەی: (کارەبا لێدان. بە پانکە هەڵواسین، دەستوپێ بڕینەوە، ئوتووکردنی جەستە، بە

شیشەلێدان، ئێسک شکاندن، پەنجە لەچاو ڕاکردن، کوژاندنەوەی جگەرە لەسەر جەستە، نینۆک و ددان دەرکێشان، چاو دەرهێنان، دانیشتنی ناچاری لەسەر بتڵی شووشە تاوەکو بتڵەکە دەچێتە نێو کۆم....) لەم ڕووەوە، دوای گیرانی سەرکردەی شیوعی جەمال حەیدەری، دەستێکیان بڕیوەتەوە و بە دەستەکەی دیکەیەوە بە پانکەیان هەڵواسیووە... هەروەها زیندانییەکی دی شیوعییان بە ناوی عەبدولجەبار ئەشکەنجە داوە. بە مشار هەردوو پێیەکانیان لە خوار ئەژنۆوە بڕیوەتەوە، کەچی هەر ئیعترافی نەکردووە، بۆیە سەعدون شاکری جەلاد (کە دواتر بووەتە یەکێک لە وەزیرەکان و سەددام لە ساڵی ١٩٧٩ کوشتوویەتی) عەبدولجەباری گوللەباران کردووە..... ل١٤٨.

ئەوان بەرانبەر بە زیندانییە ئافرەتەکانیش زۆر درندە و دڵڕەق بووینە. لە زیندانا دەستدرێژی سێکسییان کردووەتە سەریان، کە بەشێک لەوانە لە زیندانا منداڵیشیان بووە.

لەم بارەیەوە نووسەری ڕەگەزپەرستی عەرەب (عەبدولمەجید ئەلبەکری) دەڵێت: نزیکەی ٢٠٠ ئافرەت لە زیندانا دەستدرێژی سێکسییان کراوەتە سەر.

لە هاتنە سەرکار و بەردەوامبوونی ئەم تاقمە چەتە و فاشییانە، نابێت ڕۆڵی سوریا و میسری سەردەمی جەمال عەبدولناسر نادیدە بگیرێت. ئەوان بە هەموو شێوەیەک (مادی و مەعنەوی) بە یەکەی سەربازی و چەک و تفاقەوە یارمەتییان داون.

سوریا چەندین یەکەی سەربازی ڕەوانەی عێراق کردووە. ئەم یەکانە شانبەشانی سوپای عێراق، هێرشیان کردووەتە سەر کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگە. گوندییان تاڵان کردووە، دواتر سووتاندوویانە. خەڵکی سڤیلیان کوشتووە. هێزەکانی (یەرموک)ی سەر بە سوریا، کە نزیکەی چوار هەزار سەرباز بووینە، بە تازەترین چەک هێرشیان کردووە. (جەمال عەبدولناسر)یش، سەرەڕای پاڵپشتی سەربازی و چەک ناردن، لە ڕووی ڕاگەیاندنەوەش بە شانوباڵی حەرەس قەومییەکانیدا هەڵگوتووە. ورەی شەقامی عەرەبیی عێراق و میسریان بەرزکردووەتەوە. ئەو (جەمال) کۆمەڵێک هونەرمەند و گۆرانیبێژی وەک: محەمەد عەبدولوەهاب، شادییە و ئوم کەلسومی ناردووەتە عێراق، وەک پشتیوانییەک، گۆرانییان بۆ سوپای عێراق گوتووە و ئاهەنگییان بۆ گیراون... ل٢٧٦.

ئەوکات، مەرجەعی شیعەکانیش ببوونە دوو بەش. بەشە سەرەکی و زۆرەکە، کە بارەگایان لە نەجەف بووەو (موحسین ئەلحەکیم) ڕابەرایەتی کردوون، هەڵوێستی باش بووە و هاوکاری بەعسییەکانی نەکردووە. ئەوەندەی بۆی کراوە، لایەنگیریی ئاشتی و دژ بە توندوتیژیی بووە. بەشە کەمەکەی شیعەکان کە (شێخ محەمەد مەهدی خاڵسی) ڕابەرایەتی کردوون، بە دڵ و گیان، بە سەرو ماڵ، بە هەموو شێوەیەک، پاڵپشتیان لەم تاقمە فاشییە کردووە. هەروەک چۆن لەدوای ڕوخانی (سەددام)یش پاڵپشت و هاوکاری گرووپە تیرۆریستییەکان بووینە. خاڵسی فەتوای داوە و گوتوویەتی: (شیوعییەکان هەڵگەڕاوەن، حوکمی هەڵگەڕاوەش تەنیا کوشتنە).

یەکێک لە سەرکردەکانی بەعس دەڵێت: حزبی بەعس ببووە ڕووکارێک بۆ تەسفیەکردنی ڕق

**سەرکردە باڵاکانی بەعس لە کاتژمێر شەشی بەیانی ڕۆژی ١٨/١١/١٩٦٣دا کودەتایەکی خوێناوییان بەسەر حەرەس قەومییەکاندا کردووە و دەسەڵاتییان لێسەندراوەتەوە و پەڕوباڵیان کردوون**

و حیساباتی کۆن لەنێو هەموو لایەنەکاندا. ئامانجی سەرەکی ئێمە وەک بەعس و حەرەس قەومی، لەنێوبردنی عەبدولکەریم قاسم نەبوو، بەڵکو لەنێوبردنی حزبی شیوعی عێراق بووە. حزبی شیوعی-ش ئەوەندە خاو و خلیچک بووینە، ئامادەگییان نەبووە، بەر بە پێشهاتەکان بگرن، هەرچەندە لەملا و لەولاش ئاگاداری نیازی کودەتاچییەکان بووینە. لەبەر زۆری هەواڵی لەم جۆرە و ڕاست دەرنەچوونیان، هەواڵەکانیان بە جدی وەرنەگرتووە و فەرامۆشیان کردوون. حزبی شیوعی جگە لە ڕیزەکانی سوپا، لەنێو هەموو چین و توێژەکانی گەل ڕێکخستنیان هەبووە، هەتا بە ئافرەتە لەشفرۆشەکانی بەغداش ڕادەگات. لەم ڕووەوە دەڵێن: (... حاتەم حەسەن کەرخی، موقەدەمێکی سوپا و سەر بە حزبی بەعس بووە، بە بەردەوامی هاتووچۆی مەلهاکانی کردووە. یەکێک لە ئافرەتە لەشفرۆشەکان، کە

ناوی فریال بووە، دۆست و جێگەی متمانەی ئەم مقەدەمە بووە. لە یەکێک لە سەردانەکانیدا، مقەدەم حاتەم بە فریالی گوتووە: لەم نزیکانەدا، کودەتا بەسەر عەبدولکەریمدا دەکەین. فریال دۆست و هەواداری شیوعییەکان بووە، بە پەلە هەواڵەکەی بە هاوڕێ شیوعییەکان گەیاندووە... لەبەر ئەوەی زوو زوو هەواڵ و دەنگۆی لەم شێوەیە گەیشتووە و ڕاست دەرنەچووە، گرنگیان پێنەداوە، فەرامۆشیان کردووە. هەر ئەم ئافرەتە، لە ڕێگەی خزمەکانی خۆیەوە، جەمال حەیدەریی ئاگادار کردووەتەوە. حەیدەریی-ش لە نیوە شەودا، چەند سەعاتێک پێش کودەتاکە هەواڵەکەی گەیاندووەتە لیژنەی حزب لە بەغدا. ئەوانیش هەواڵەکەیان بە شوێنی مەبەست گەیاندووە. بەهۆی خاوە خاوی بەشێک لە ئەندامانی دی، کە ئەم بابەتە تایبەت بەوان بووە، هەواڵەکە نەگەیشتووەتە شوێنی مەبەست. بۆ بەرەنگاربوونەوەی پێشهاتە چاوەڕوانکراوەکان، ئامادەکاری نەکراوە... ل١٣٢-١٣٣).

حەرەس قەومییەکان ئەوەندە باڵادەست بووینە، خەریکبووە لەدەست دەربچن و کۆنترۆڵی سوپا بکەن، هەربۆیە وردەوردە ناکۆکی کەوتووەتە نێوانیان و بەسەر چەند جەمسەرێکدا دابەش بووینە. سوپا و سەرکردە باڵاکانی بەعس لە کاتژمێر شەشی بەیانی ڕۆژی ١٩٦٣/١١/١٨ دا، کودەتایەکی خوێناوییان بەسەر حەرەس قەومییەکاندا کردووە و دەسەڵاتییان لێسەندراوەتەوە و پەروباڵیان کردوون. بە تانک و فڕۆکە بارەگاکانیان بۆردومان کراوە، نزیکەی سەد هەزار کەسیشیان لێگرتوون. دوای ئەمە، بە ڕەسمی داوایان لێکردوون، کە هەرچی زووە چەکەکانییان، تەسلیم بکەن. حەرەس قەومییەکان وەنەبێت بە ئاسانی تەسلیم بووبن، بەرگرییەکی باشیان کردووە. لە هەموو شارەکاندا ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان ئەوان و سوپادا، ڕویداوە بەتایبەتیش لە شاری موسڵ. بەم شێوەیە حەرەس قەومییەکان لەنێو چووینە و پۆلیس و سوپا هەیبەتییان بۆ گەڕاوەتەوە و بە ئەرکی خۆیان هەستاون. ئەم کودەتا ناوخۆییەی حزبی بەعس لە ئەدەبیاتی ئەم حزبەدا بە (ڕەدەی تشرین) بەناوبانگە... بەعسییەکانی سەردەمی حوکمی (ئەحمەد حەسەن بەکر و سەددام حوسێن) سەرکۆنەیان کردووە و بە لەکەیەکی شەرمەزارییان زانیوە. ئەوان لەگەڵ مانەوەی حەرەس قەومیدا بووینە

**"قەسر نیهایە، ناوی خۆی (قەسری ڕیحاب) بووە (عەبدولئیلا)ی وەسی عێراق لە ساڵی ١٩٤٤دا، وەک کۆشکێکی شاهانە دروستیکردوە"**

(خودی سەددام حوسێن لەکاتی کودەتای شوباتدا، یەکێک بووە لە ئەندامەکانی حزبی بەعس و بە دەستی خۆی بە پلایس نینۆکی شیوعییەکانی دەرکێشاوە و ئەشکەنجەی داون.... ل٢٦٣).

لەدوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە، ئەم بۆچوونەم بۆ دروستبوو: سەرەڕای ئەم ئەزموونە تاڵەی شیوعییەکان لەگەڵ بەعسییەکاندا، نازانم بە چ پێوەرێک شیوعییەکان لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٣دا (بەرەی نیشتمانیی)یان لەگەڵ بەعس و هەندێک حزبی کوردیی کارتۆنی، پێکهێناوە و حزبی بەعسیان بە حزبێکی مۆدێرن و پێشکەوتنخواز و خاوەن ئایدیا و ئاراستەی سۆسیالیستی،ناوزەدکردووە؟!ئەوان،هیچ پەندو دەرسێکیان لەم ڕابردووە تاڵە وەرنەگرتووە. ئاخر هەر ئەحمەد حەسەن بەکر و سەددام و هاوڕێکانیان بوون، کە ئەشکەنجەی ئەندامانی ئەم حزبەیان داوە و سەدانیانی لێکوشتوون، چۆن بە تێپەڕبوونی کات و چەند ساڵێکی کەم گۆڕانکاری ڕیشەیی بەسەر بیروباوەڕ و ئاراستەی فکرییاندا هاتووە؟

سەرەڕای خاڵە ئەرێنییەکانی ئەم کتێبە، خاڵێکی لاواز و زەقیشی تێدایە، کە ناکرێت فەرامۆش بکرێت. بەلای منەوە بووەتە کەلێنێکی گەورە، کە دەکرا بەشێک، تەوەرێکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرابووایە. نووسەری کتێبەکە، بەهیچ شێوەیەک (بە خراپ و چاک) باسی کارە دڕندەییەکانی بەعس و حەرەس قەومییەکانی دەرهەق بە کورد نەکردووە.

جا بە مەبەست بووبێت، یان نا، خۆی لە قەرەی ئەم باسە نەداوە. هەموومان دەزانین، کە حەرەس قەومییەکان چ دکرێکیان بە کورد (بەتایبەتیش بە گوندنشینان) کردووە. گوندیان سووتاندووە، ماڵیان تاڵان کردووە، هاووڵاتی سڤیل و بێ گوناهیان کوشتووە. خانەوادەی کورد نییە، کەسێکی (چ دوور چ نزیک)ی نەبووبێتە قوربانی دەستی ڕەشی ئەم تاقمە چەتە و خوێنڕێژە. مادام ناوونیشانی کتێبەکە هەر تایبەت نەبووە بە حەرەس قەومی و شیوعییەکان، دەبوو بە باس و تەوەرێک، قوربانییەکانی کوردیش بەسەر بکاتەوە.


***فایز الخفاجي: الحرس القومي و دوره الدموي في العراق، جرائم أول ميليشيا بعثية في تأريخ المعاصر عام ١٩٦٣، الطبعة الثانية المزيدة، ٢٠١٦.**

# نووسەری گەورە و نووسینی بچووک!

سەدیق سەعید ڕواندزی



لە دنیای ڕۆشنبیری ئێمەدا، هەمیشە شوناسی نووسەر لە پێشەوەی شوناسی دەق دێت و دەکرێتە پێوەرێک بۆ خوێندنەوەی بەرهەمی نووسەران. لەو ڕوانگەیەشەوە خوێنەرانێکی زۆر، ئەو بڕوایەیان لادروست بووە، کە هەر دەقێک هی نووسەرێکی بەناوبانگ بوو، ئیدی بریڤێکتە و دەبێت بخوێنرێتەوە و ڕەخنەی لێنەگیرێت، بەبێ ئەوەی توانا و ئاستی داهێنەرانەی ئەو نووسەرەمان لەبەرچاو بێت و بەراوردی بکەین بە هەڵکشانی تەمەن و قۆناغەکانی ژیان و ئەزموونەکانی نووسینیەوە. بەڵکو بیرمان بۆ هیچ سەرنج و ڕەخنە و تێبینیەکیش ناچێت. بە داخەوە ئەم جۆرە لە بینینی دەق و بە تەوتەمکردنی نووسەر و بەرهەمەکانی، وەک ئەوەی لای بەشێکی زۆری خوێنەرە گەنجەکانی ئێمە، بۆ نووسینەکانی (بەختیار عەلی) بە نموونە هەیە، هیچ نییە جگە لە بە پیرۆزکردنی هەندێک نووسەر و پەراوێزخستنی هەندێکی دیکەیان، کە دەشێ زۆر داهێنەر و جیاوازیش بن لەو نووسەرانە. ئەو جۆرە لە خوێنەر، لە بەراییدا خۆی لە سەر یەک جەمسەر یەکلاییکردووەتەوە، کە ئەویش بەرەی پەسن و ستاییشنامە و پیرۆزکردنی نووسەرە. دەبێ بزانین مەرج نییە ئەوەی نووسەرێکی بە ناو دەنگ بوو بینووسێت، ئیدی هەر هەمووی شایەنی خوێندنەوە بێت و کارێکی داهێنەرانە بێت. لە ئەزموونی نووسینی ژیانی نووسەراندا، گەلێک جار نموونەی دیارمان لەم ڕووەوە کەوتووەتە بەرچاو. بۆ نموونە: شیعرەکانی گۆران، لە سەرەتاکانی ئەزموونی شیعریدا، زۆر هونەریتر و بە هێزترن لەو شیعرانەی لە سەروبەندی نەخۆشکەوتنی، یاخود بۆ چەپ و کۆریای نووسیوە. کەواتە، دەشێ نووسەریش لە پەراوێزی کەوتنە نێو تەمەنەوە، یان داکشانی توانای داهێنان و نووسینی دەق، زۆرجار دووچاری جۆرێک لە خۆ جوینەوە و نووسینی بابەتی بێ ماناو سادە بێت. پەیوەندی خوێنەر لەگەڵ دەقدا، دەبێ پەیوەندییەکی هزریی و خوێندنەوەیی پراگماتیکی بێت و تەنیا تێکستەکە بۆ ئەو جێگەی خوێندنەوە و پرسیار و ڕامان بێت. نەک شوناسی نووسەر و ناو و ناوبانگی نووسەر. چونکە دەشێ نووسەریش وەک مرۆڤێک لە پەراوێزی چوونە نێو تەمەنەوە، یان کاوێژکرنەوەی نووسین و بۆچوونەکانی پێشووتریەوە، جۆرێک لەخولانەوە دووبارە و کردنەوەی لا دروست بێت، بۆیە دەبێت پەیوەندی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی دەق، پەیوەندی خوێنەر و دەق بێت، نەک پەیوەندی خوێنەر و ناوبانگی نووسەر.




کتێبی (دەنگدانەوەکانی ژیانم) کە نەجیب مەحفوز نووسیویەتی و (حەمە کەریم عارف) وەریگێڕاوە، بە بڕوای من یەکێکە لەو کتێبانەی دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، کە دەشێ نووسەری گەورە شتێ سادە و بچووک بنووسێت. مەحفوز، چونکە براوەی خەڵاتی نۆبڵەو ئێمە لە پێشا، ئەوهەستەمان لاروست دەکات، کە چونکە نۆبلی لە ئەدەبیات وەرگرتووە، ئەوا دەبێت هەرچییەکی نووسی وەک نووسینی گەورە و داهێنان سەیر بکرێت.

مەحفوز نووسەرێکی بە ناوبانگی عەرەب و دونیایە، بەڵام کاتێک

ناوەڕۆکی ئەو کتێبەی دەبینین، سەیرمان پێ دێت، نووسەرانێکی بەناو و دەنگ هەبن، بابەتی هێندە سادە و ڕۆژانەیی بنووسن، کە هەمووان دەتوانن بینووسن. ئەم کتێبە، ئەگەرچی ناسنامەی (ڕۆمان)ی بە سەرەوەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ڕۆمان نییە و بیرەوەریش نییە، بەڵکو جۆرێکە لە یاداشتی ڕۆژانەی ئاسایی، کە مەحفوز لە پەراوێزی پەیوەندی خۆی بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و ژیانییەوە ئەزموونی کردوون و یاداشتی کردوون. بۆیە دەکرێ بڵێم کتێبەکە لە کۆمەڵە (گوتنێک_قەولێک) پێکهاتووە، کە نووسەر لە پەراوێزی بینینی هەر دیاردە و ڕووداوێکەوە، کۆمێنتێکی خۆی لە بارەیانەوە نووسیوە. ئەم کتێبە، ئەگەر ناوەڕۆکەکەی بە نموونە بەراورد بکەین، بە پەندەکانی پیرەمێرد و دەربڕینە پڕ ماناکانی پیرەمێرد، هیچ گومانم نییە ئەو کتێبەی مەحفوز، ناگاتە دامێنی کتێبێکی پیرەمێرد. چونکە ئەو حیکمەت و گوتارە واتایەی لە پەندەکانی پیرەمێرد دا هەن لەو کتێبەدا نین. مەبەستی ئێمە لێرەدا، ئەوە نییە ئەو بەراوردە بکەین کە ڕەنگە دەرفەت نەبێت، بەڵکو پرسیار ئەوەیە ئایا هەر کتێب و نووسینێک، ئەگەر نووسەرێکی گەورە و بەناو دەنگی جیهانی نووسی، دەشێ وەک نووسینێکی پڕ بەهاو مەعریفی سەیری بکەین و وەرگێڕێکیش لە سۆنگەی دەسکەوتی ماددی، یان خۆناسین بێت وەریبگێڕێت؟ ئایا بەرلە وەرگێڕانی هەر کتێبێک، ئەوە گرنگ نییە بزانین ناوەڕۆکەکەی چەند لەگەڵ کلتوور و فەرهەنگی ئێمە دەگونجێت و کۆمەکی خوێنەران دەکات، بۆ دەوڵەمەندکردنی پاشخانی ڕۆشنبیریان؟ یان بڕوامان وابێت مادام نووسەرەکە براوەی نۆبلە و لەسەر ئاستی دونیا ناسراوە، ئیدی هەرچییەکی نووسی شایەنی خوێندنەوە و بەرز نرخاندن و وەرگێڕانە. لێرەدا نموونەیەک لە دەربڕینەکانی ئەم کتێبە دەهێنینەوە، تا بزانین هەنگانەوەکانی ژیانی مەحفوز چیان تێدایە. بۆنموونە:_

* لا ٢٣: (جەژن و سەیران لە وەرزی بەهاردا زۆر خۆشە).

* لا ٢٩:_(خواهیچ قەومێک ناگۆڕێت، تا بە خۆیان خۆیان نەگۆڕن) ئەم گوتنە، چ حیکمەتێکی تێدایە؟ مەگەر کەس هەیە ئەمە نەزانێت؟

**"کتێبی (دەنگدانەوەکانی ژیانم) کە نەجیب مەحفوز نووسیویەتی و (حەمە کەریم عارف) وەریگێڕاوە، بە بڕوای من یەکێکە لەو کتێبانەی دەرفەری ئەو ڕاستیەیە، کە دەشێ نووسەری گەورە شتی سادە و بچووک بنووسێت"**

* لا ٣٥:_ (باران ڕەحمەتی خوایە).

* لا ٤٣:_ (دەستبەرداری دنیا بوویت، وەک چۆن دنیا دەستبەراری تۆ بوو).

* لا ٦١:_(ئەشقیش جگە لە خەم و پەژارە، هیچی تری لێ ناکەوێتەوە).

* لا ١٠٧ (ئەگەر یەک ساڵ کاربکەم بێزار نابم، بەڵام ئەگەر یەک مانگ بێ کار بم، هەست بە بێزاری دەکەم) ئەم دەربڕینە، هیچ داهێنان و حیکمەتێکی تێدایە؟ کەس هەیە ئەمە نەزانێت؟

* لا ١١٥ :_(قەدەری ژیانی ئینسان وایە، کە لە نێوان خۆشی و ناخۆشیا لە هاتوچۆ دابێت).

* لا ١١٩ :_(جەوهەری ژیان لە حەڕەکەت و جووڵە دایە).

* لا ١٢٠:_(گۆرانی گفتوگۆی دڵی ئاشقانە).

بێگومان ئەمانە، بەشێک بوون لەو گوتنانەی، کە لەوکتێبەی مەحفوز هاتوون و زۆری دیکەیشمان باس نەکردوون. ئەمانە، هیچ حیکمەتێکییان تێدایە؟ ئەگەر گریمان ئەم قەولانە هی نووسەرێکی کورد بووان، کەس گرنگی پێ دەدا؟ بۆ دەبێ ئێمە وەک پەیامبەر بڕوانینە نووسەرانی دونیا و داهێنەر و نووسەرانی خۆشمان لاتەریک و پەراوێز بخەین و گرنگیی بە بەرهەمەکانیان نەدەین؟ ئەم کتێبە لە ڕووی وەرگێڕانیشەوە، هاوکات ستایلی نووسینی کتێبەکەشەوە، سەرنج ڕاکێش و بە چێژ نییە. بۆنموونە دەیان وشەی عەرەبیی وەک: (مەجلیس، عەمرات، حەرەکەت، ئیغرا، تەشبریق) گەلێک وشەی نامۆزیکی دیکە لەکتێبەکەدا هەن، کەچی سەیر لەوەدایە وەرگێڕ لە کۆتایی کتێبەکەدا فەرهەنگێکی بۆ زارەوە کوردییەکان داناوە! دواجار دەڵێم: هیوادارم وەرگێڕەکانی ئێمە هێندە سەرسام نەبن، بە نووسەرانی دونیا و هەرچییەکییان نووسی، بۆیان وەرنەگێڕنە سەرزمانی کوردیی، بەڵکو دەبێ هەست بەبەرپرسیاریەتی بکەن و وەرگێڕانی پێچەوانە بکەن و ئەدەب و فەرهەنگی خۆیان بە جیهان بناسێنن.

**• ناوی کتێب: دەنگدانەوەی ژیانم، نووسینی: نەجیب مەحفوز، وەرگێڕانی: حەمەکەریم عارف، بڵاوکراوەی: نێوەندی ڕەهەند_ ٢٠٢١.**

# لەبری پیرەوەری

- شەو لەکێوان - بەشی (١٦)

د. ئەرسەلان بایز

# شەو لەکێوان



د. ئەرسەلان بایز

(١٦)

ئەو ساڵانە، گوندی سەرگەڵوو، ئاوەدان و سەدان ماڵ دەبوو، بارەگای مەڵبەندی (١)ی سلێمانی-ش لەوێ بوو. هەڤاڵ (عەلی بچکۆل) لێپرسراوی مەڵبەندبوو. هەڤاڵان (مستەفا چاوڕەش، ئاوات عەبدولغەفور، شێخ دارای حەفید، شێخ محەمەدی سەرگەڵوو و شێخ عەبدولکەریم-ی شەدەڵە) ئەندامی مەڵبەند بوون. ڕێکخراوی کۆمەڵەش (سلێمانی) کە هاوڕێ (جەبار فەرمان) لێپرسراوی بوو، لە گوندی هەڵەدن بوو، کە نیو سەعاتێک لە سەرگەڵوو دوور بوو. سەرگەڵوو یەکێک بوو لە گوندەکانی دۆڵی جافایەتی، کە لە جادەی نێوان دوکان-بنگرد دەست پێدەکات و لە کارێزە کۆتایی دێت. ئەو دۆڵە کەوتووەتە نێوان چەندین زنجیرە چیای سەخت، لەوانە (ژیلوان-دابان-بەبۆ-چەرماوەند و ئاسنگەران...هتد) زستانی گەلێ سارده و شاخەکانی بە بەفر دادەپۆشران. بەهۆی ئەوەی ڕێگەی نێو دۆڵەکە قیرتاو نەکرابوو، هەر دەبوو بە پیادە بەو ڕێگەیەدا بڕۆین.

بەرگەڵوو چارەکە سەعاتێک لە خوار سەرگەڵووەوە، دوو زنجیرە شاخی سەخت و چەمێکی ئاودار و پڕ درەختی گوێز و چنار و بەڕوو ئەو دوو شوێنەی لێکدابڕیبوو، تووڵە ڕێگەیەکی باریک بە هەورازێکی کووڕ بەیەکەوەی گرێ دەدان. پێش چوونی بارەگاکانی ڕاگەیاندن، بەرگەڵوو نیمچە چۆڵەوانی بوو، جیا لە هەندێک باخ و باخاتی هەنار و دار چنار و سەوزەواتی هاوینان شتێکی دی لێنەبوو. باشووری بەرگەڵوو لە باوەشی دۆڵێکی سەخت دابوو. شوێنێکی پارێزراو لە تۆپبارانی سوپای عێراق. فڕۆکە جەنگییەکانی ڕژێمیش نەیاندەتوانی بە ئاسانی هەموو شوێنەکانی ناوچەکە بۆردومان بکەن. کاتێک ئەوان بار و بارخانەیان لە بەرگەڵوو خست، لە دوو کەلاوە خانووی تەواو نەکراوی پێشمەرگە هیچی دی لێنەبوو. بۆیە لەسەر چەمەکە چەندین کەپریان بە دار چنار و گەڵای بەڕووی شاخەکان دروستکرد. ئەندازیارەکانیش شوێنێکی شیاویان بۆ دانانی ئامێری ڕادیۆکە دانا، کە تاڕادەیەک فڕۆکەکانی دوژمنیش زەفەریان پێنەدەبرد.

سەرەتا کادیر و پێشمەرگەکان بەسەر بارەگاکانی پێشمەرگە و مزگەوت و ئەندامانی مەڵبەند دابەش بوون، بۆ چەند ڕۆژێک خواردن و خەوتنیان لای ئەوان بوو، بەڕۆژیش خەریکی دامەزراندن و سازکردنی بارەگاکانی خۆیان بوون. هەرزوو بەشی چاپخانە و بڵاوکراوە مانگانەکان ڕێبازی نوێ و (الشرارە) چوونە نێو دۆڵە سەختەکەی نێوان سەرگەڵوو و بەرگەڵوو، بارەگای ستافی ڕادیۆش بە پێنج سەد مەترێک لە خوار ئەوان بوو (شارا)خان و خێزانەکانی دیکەی پێشمەرگە و کادیرەکانیش هەریەکە و لە ڕێگەی خۆیانەوە گەڕانەوە شارەکان.

سەرگەڵوو، ئەو ساڵانە نیمچە شارە گوندێک بوو، چەندین دوکانی پێداویستییەکانی کشتوکاڵ و ژیان و سەوزە و میوەجاتی لێبوو، لە سلێمانی و سورداش و دوکان بە ئۆتۆمبێل کەلوپەلی پێویستیان دەهێنایە سەرگەڵوو. ناوچەکە خۆشی، پێداویستی ژیانی هاوینەی دابین دەکرد. بۆیە بۆ کادیرەکانی ڕاگەیاندن گۆڕانکارییەکی باش بوو. ئەوان لە چۆڵەوانییەوە هاتنە نێو ئاوەدانییەکی بە جووڵە.

هێشتە بارەگاکانی ڕاگەیاندن وەکو پێویست دانەمەزرابوون، بروسکەیەکی (مام جەلال) هات، کە گوندی بالیسانی لە دۆڵی خۆشناوەتی (هەولێر) دیاریکردبوو بۆ کۆبوونەوەی سەرکردایەتی. بەوەوە بۆیان دەرکەوت، کە پاش ماوەیەک لە ڕۆیشتنی بارەگای ڕاگەیاندن لە ناوزەنگ (مام جەلال) و هەڤاڵانی دی مەکتەبی سیاسی

و ناوەندی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان سنووری ئێرانیان جیهێشتبوو بەرەو دۆڵی خۆشناوەتی ڕۆیشتبوون، لە گوندەکانی (بالیسان، خەتێ) دامەزرابوون.

+ + + +

دوای ڕاوێژ لەگەڵ هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی، ئەوانەی پێشتر لەو ناوچەیە بوون. پاش نیوەڕۆیەک لەگەڵ کاک (فەرەیدون عەبدولقادر، عەلی بچکۆل و شێخ دارای حەفید) و ژمارەیەکی دی لە هەڤاڵانی سەرکردایەتی لەگەڵ دەیان پێشمەرگە، بەرەو دۆڵی خۆشناوەتی پارێزگای هەولێر بەڕێکەوتن. بەر بەرۆژی دۆڵی جافایەتی زۆر بێ ئاوە، دانیشتوانی گوندەکانی ئەو بەشەی ناوچەکە لە هاوینان لەبەر بێ ئاوی داد و بێدادیانە. بۆیە هەر یەک لە پێشمەرگەکان پێش بەڕێکەوتنیان مشوری مەتارە پڕ ئاوەکانیان خوارد. ڕێگەیەکی دووردرێژ، وشک و بەردەلان. هەمان شەو گەیشتنە سەر دەریاچەی دوکان، بە بەلەم بەرەو گوندی (تۆربە) پەڕینەوە. لەوێشەوە بە بناری چیای کۆسرەتدا ڕۆیشتن. ڕۆژەکەی تا ئێوارە لە گوندەکانی ئەو بنارە خۆیان سەرقاڵ کرد. لە هەندێک گوند هاوکاری جووتیارەکانیان کرد، لە بە داوەوەکردنی تووتن. پاش بانگی ئێوارە لە نزیک گوندی قەمتەران جادەی ڕانیە پەڕینەوە. سەر ئەو جادەیە چەندین (ڕەبایە)ی سوپای عێراقی لێبوو، لەوێوە بەرەو گوندی (کانیماران) شەو دوای نان خواردنێکی سەرپێی گوندەکەیان جیهێشت. چونکە نزیک بوو لە جادەی سەرەکی، لێمانەوەی جێگەی مەترسی بوو. بەرەبەیان گەیشتنە دۆڵی خۆشناوەتی. ئیدی لە مەترسی پەلاماری سوپای ڕژێم دەرچوون. لە گوندەکانی ئەو دۆڵە بەسەر ماڵەکاندا دابەش بوون. نان و ماست و پەنیر و چایەکی باشی بەیانیان خوارد. ئیدی هێزیان هاتەوەبەر. دوای پشوودانێکی چەند سەعاتی بەرەو بالیسان بەڕێکەوتنەوە. بەرەبەری پێش عەسر گەیشتنە مەنزڵگە. ئیدی هەریەکە و بەرەو لای دۆست و برادەر و ناسیاوی خۆیان ڕۆیشتن و جێی حەوانەوەیان بۆ خۆیان دابینکرد. بارەگای مەڵبەندی سێی هەولێر کە (د. کەمال خۆشناو) ئەندامی مەکتەبی سیاسی لێپرسراوی بوو لە گوندی بالیسان بوو. بارەگای (مام جەلال) و ناوەندی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕانیش لە گوندی (خەتێ) بوو.

ئێوارەی ڕۆژی پاشتر، لە سەر سەکۆ گەورەکەی مزگەوتی بالیسان لەبەردەم ڕۆشنایی (لۆکس) کۆبوونەوەی دەوری سەرکردایەتی دەستی پێکرد.

(مام جەلال) بۆ ماوەی زیاتر لەنیو سەعات ڕاپۆرتێکی هەمەلایەنەی لەسەر بارودۆخی سیاسیی و سەربازیی و دارایی (ی.ن.ک) و عێراق و ناوچەکە پێشکەش کرد. کە تیایدا باسی لە هۆکارەکانی چۆلکردنی بارەگەکانی سەرکردایەتی کرد لە ناوزەنگ و گوتی: (هاوکاریکردنی «ی.ن.ک» بۆ حزب و کۆمەڵە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە ڕوانگەی کوردایەتی و بەرژەوەندی میللەتەکەماندا بوو، بەڵام بەهۆی لاسەنگی هێز ئێمە و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان نەمانتوانی بەرگەی هێزی دەوڵەتێکی گەورەی وەکو ئێران بگرین و کشاینەوە. بەڵام بۆ مێژوو لاپەڕەیەکی پڕ سەروەریمان بۆ هاوکاریی و یەکهەڵوێستی ئەم دیو و ئەو دیوی کوردستان تۆمارکرد)

لەو شەڕەدا (١٢) پێشمەرگەی (ی.ن.ک) شەهید بوون. هەروەها باس لەوەکرا، کە حکومەتی عێراق لە ڕێگەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشنیاری گفتوگۆی کردووە. هەر لەو ڕاپۆرتەدا باس لە وەزعی سیاسیی، دارایی و سەربازیی هێزی پێشمەرگە کرا و بە پێویست

**“ سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بڕیاری دا دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق بکاتەوە، ئەویش لە دوای نێوەندگیریی (د.قاسملو بوو ”**



نامەیەکی بۆ (شـارا) نـارد. داوای لێکرد بێتە سەردانی لە گوندی بالیسان. پاش چەند ڕۆژێک (شارا) بە جل و بەرگێکی کوردییەوە گەیشت. کە پێشتر تەنیا جلی خاکی پێشمەرگانەی دەپۆشی. بە هۆی نەبوونی جێگە بۆ خێزان. یەکەوسەر چوونە ماڵی هاوڕێیەکی دێرینی خۆی بە ناوی (قاسم عەزیز) کە خۆی پێشمەرگە بوو لەگەڵ (وەعدییە) خانی خێزانی لە ژوور و حەوشەیەکدا دەژیان. شیاوی باسە پێوەندی (ئەو) لەگەڵ (قاسم عەزیز) دەگەڕایەوە بۆ ناوەڕاستی حەفتاکان.

(قاسم) گەنجێکی هۆشیار و خوێن گەرمی بواری یەکێتیی قوتابیان و بەرەچەڵەک خەڵکی یەکێ لە گوندەکانی ناحیەی دیبەگە بوو. ئەو ساڵانە پێوەندی نێوانیان لەسەر بنەمای خوێندنەوە و باسی سیاسیی بوو. کە سەرەنجام (قاسم عەزیز) بوو بە ئەندامی کۆمەڵە. کاک قاسم دووجار گیرا. یەکەم جار لە بەغدا دواتر لە (هیئە خاصە)ی کەرکووک هـەردوو جارەکە هـەموو گیانیان تێکشکاند. بەڵام قارەمانانە خۆی ڕاگرت و هیچ قسەیەکی نەکرد؟ بۆیە لەنێو هاوڕێکانی ناونرابوو قارەمانی زیندان.

قاسم عەزیزو وەعدییەخان ئەو ماوەیەی شارا لە بالیسان مایەوە ژوورەکەی خۆیان بۆ ئەوان چۆڵ کرد و خۆشیان شەوان دەچوونە ماڵی برادەران.

+ + + +

دوای گفتوگۆیەکی چڕی چەند ڕۆژە. سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بڕیاری دا دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق بکاتەوە. ئەویش لە دوای نێوەندگیریی (د.قاسملو) بوو. بیست ڕۆژێک دواتر (د.قاسملۆ) بە هەلیکۆپتەرێکەوە لە گۆڕەپانی گوندی (زیخان) کە دەکەوێتە خوار سەر جادەی سەرەکی دۆڵەکە لە خوار گوندی بالیسان نیشتەوە.

(مام جەلال) و ژمارەیەک لە هەڤاڵان (د.فوئاد معصوم، فەرەیدون عەبدولقادر، مەلا بەختیار، مولازم عومەر و دکتۆر خدر...هتد) بۆ دانوستاندن لەگەڵ (مام) گەشتی بەغدایان کرد. چەند ڕۆژێک پێش ڕۆیشتنیان بە بروسکە سەرجەم یەکەکانی هێزی پێشمەرگەیان ئاگادار کردەوە، کە هێرش و پەلامارەکانیان لە دژی سوپای عێراق ڕابگرن.



جەبار فرمان و ئەرسەلان بایز

زانرا پێشمەرگە پشووێک بدەن، چونکە شەڕی بەردەوامی ئەو ساڵانە ببووە هۆی هیلاکی پێشمەرگە. بەهۆی ئەوەی ڕژێمی ئێرانیش ڕێگەی پێوەندییەکانی یەکێتیی لەگەڵ دەرەوەی وڵات داخستبوو، بۆیە پێویست بوو یەکێتیی هەوڵی کردنەوەی دەرگایەکی دی بدات.

کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی لە بالیسان درێژەی کێشا. بۆیە (ئەو) لە ڕێگەی ناسیاوێکەوە

بەڵام لەکاتی پێویست بەرگری لە خۆیان بکەن.

هەموو حزبەکانی شاخ (پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی سۆسیالست، حزبی شیوعی، پاسۆک) دژی ئەو گفتوگۆیە بوون. ئەگەرچی ناکۆکی و شەڕ لەنێوان حزبەکانی کوردستان پێشتریش هەبوو. بەڵام گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی عێراق درزەکەی گەورەتر کرد، بۆیە لە هەر شوێنێک مەفرەزەکانی ئەو دوو لایەنە تووشی یەک ببوونایە بێ سێو دوو تەقەیان لێک دەکرد.

وەفدەکە لەکاتی ڕۆیشتنیان بۆ بەغدا ئامێرێکی (راکال)ی بێتەلیان لەگەڵ خۆیان برد. بۆ ئەوەی هەنگاو بە هەنگاو سەرەنجامی دانوستاندنەکەیان لەگەڵ وەفدی عێراق بە سەرکردایەتی بگەیەنن، کە لە بالیسان مابوونەوە، بەتایبەتی کاک (نەوشیروان).

ئەو چەند مانگەی (ی.ن.ک) لە گفتوگۆدا بوو لەگەڵ ڕژێم پێشمەرگە و خەڵکی ناوچە ڕزگارکراوەکان بە ئاسودەیی دەژیان، مەترسی هێرشی فڕۆکە و تۆپباران و سوپای عێراقیان لەسەر نەمابوو. ئابلوقەی ئابوری لەسەر دێهاتە ڕزگارکراوەکان هەڵگیرا. لیژنەی هەماهەنگی (لجان التنسيق) لەنێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە دانرا. ئیدی تاکوتەرا پێشمەرگە بە پسوولەی لیژنەی تەنسیق دەیانتوانی سەردانی کەس و کاریان بکەن لە شار و شارۆچکەکان، بەڵام کێشەی نێوان (جاش)ەکان و پێشمەرگە هەرمابوو.

دوای چەند ڕۆژێک لە چوونی شاندی (ی.ن.ک) بۆ بەغدا. هیچ هەواڵ و باسێک لە شاندەکە نەبوو. ئامێری بێتەلەکەش نەکەوتبووە کار. بۆیە جۆرێک لە دوو دڵی و گومان لای ئەو هەڤاڵانەی، کە لە بالیسان مابوونەوە دروستبوو. تەنانەت ڕۆژێکیان کاتێک (ئەو) سەردانی کاک (نەوشێروان)ی کرد لە خەتێ و هەواڵی هەڤاڵانی پرسی: کاک (نەوشێروان)یش جۆرێک لە نارەحەتی پێوە دیاربوو، بۆیە لە وەڵامدا گوتی: بەخوا بڵێم چی... وەعد بوو زوو زوو لە هەواڵەکان ئاگادارمان بکەنەوە. کەچی هیچ هەواڵێکیان نییە. منیش سەرم سوڕماوە. بەڵام دواتر دوای ڕۆژێک ئامێری بێتەلەکەیان کەوتە کار و پێوەندییان کرد. هەواڵی سەرەتایی ئیجابی بوو.

+ + + +

ڕێکخستنەکانی دەرەوەی وڵات دژی ڕاگرتنی شەڕ و دانوستاندن بوون لەگەڵ ڕژێمی عێراق، چونکە پێیانوابوو هەوڵ و کۆششی ئەو هەموو ساڵانەی ڕابردوو لە ڕسواکردنی ڕژێمی عێراق و ناساندنی وەکو دڕندە و پیاو کوژ بە ڕای گشتی ئەوروپا بە فیڕۆ دەڕوات و ڕیسەکەیان لێدەبێتەوە بە خوری. بەڵام چونکە ئەوان دوور بوون لە وڵات و ئاگاداری واقیعی (ی.ن.ک) نەبوون، بۆیە ڕاکانیان لەگەڵ سەرکردایەتی نێو وڵات لێک دوور بوو. بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی واقیعەکە (م.س)ی شاندێکی ڕەوانەی ئەوروپا کرد. تاکو واقیعی دارایی، پێشمەرگایەتی، سیاسیی. بۆ هەڤاڵان ڕوون بکاتەوە.

ئەگەرچی سوریا مەنزڵی دامەزراندن و ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) بوو، سەرکردەکانی لە نزیکەوە دۆستی (مام جەلال) بوون. بەڵام بە هۆی ئەوەی پێوەندییان لەگەڵ حکومەتی عێراق زۆر خراپ بوو، لەلایەکی دیکەشەوە بە هۆی مەزهەبیەوە (عەلەوی-شیعە) پێوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ حکومەتی ئێران هەبوو. بۆیە دژی ئەو هەڵوێستەی (ی.ن.ک) وەستانەوە. بەوهۆیەشەوە نوێنەری (ی.ن.ک) لە دیمەشق سوریای جیهێشت.

دوای هەشت، نۆ، دە ڕۆژێک، شاندەکە بە کۆپتەر گەڕانەوە هەولێر، لەوێشەوە بە چەندین

**"ئەو گروپە داوایان دەکرد (کۆمەڵە) (داش-عێراق)ی بۆ زیاد بکرێت"**




**پەخشان جەلال حەفید، ئەرسەلان بایز، ؟، ؟**

> **قاسم دووجار گیرا. یەکەم جار لە بەغدا دواتر لە (هیئە خاصە)ی کەرکووک هەردوو جارەکە هەموو گیانیان تێکشکاند. بەڵام قارەمانانە خۆی ڕاگرت و هیچ قسەیەکی نەکرد؟ بۆیە لەنێو هاوڕێکانی ناوێرابوو قارەمانی زیندان**

ئۆتۆمبێلی سەربازیی و بە یاوەری چەندین ئەفسەری گەورەی ناوچەکە هاتنەوە گوندی زیخان لە دۆڵی بالیسان. ئیدی ئەو هاوڕێیانەی لە بالیسان مابوونەوە یەک بە دوای یەک چوون بۆ بەخێرهاتنەوەی شاندەکە و زانینی دوا هەواڵی گفتوگۆکان.

(ئەو)یش کە جلێکی پێشمەرگانەی لەبەربوو چوو بۆ بەخێرهاتنەوەی شاندەکە. هەرهێندە لە دەرگەی هۆڵە گەورەکە چووە ژوورەوە و سڵاوی کرد. یەکەوسەر (مام جەلال) بە پێکەنینەوە ڕووی لە ئەفسەرەکان کرد و گوتی: ئەرەوەڵڵا ئەوە خۆی هات. (ئەو)یش بەخێرهاتنەوە (مام جەلال) و هاوڕێیان و ئەفسەرە یاوەرەکانی کرد.

لەوسەرەوە یەکێ لە ئەفسەرەکان بە تەوسەوە پێیگوت نایەیتە بەغدا؟ (ئەو)یش لە وەڵامدا گوتی: (مام جەلال) ئەمر بکات هەر ئێستە لەگەڵ ئێوە دێم. کاک فەرەیدون عەبدولقادر، کە ئەوسا ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ناوەندی کۆمەڵە و شاندەکەی بەغدا بوو هەڵیدایەو گوتی: مەترسە وتومە من لێپرسراوی دەزگای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک)م. (ئەو)یش بێ منەتانە گوتی: کاک فەرەیدون! تۆ بڵێی حکومەتی عێراق، کە خاوەنی ئەو هەموو دەزگا هەواڵگرییەیە نەزانێت کێ لێپرسراوی دەزگای ڕاگەیاندنە! ئینجا لەچی بترسم؟! ئەو بگرە و بەردەیەی ئەوساتە لە هۆڵەکە و پێشوازی (مام جەلال) ڕوویاندا بەڵگەی ئەوە بوو. کە ئەو ڕادیۆ شەق و شڕە و ئەو ڕۆژنامانەی (ی.ن.ک) (ڕێبازی نوێ- الشرارە) چەند کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر ڕژێمی عێراق هەبووە. هەر بۆیەش داوایان کردبوو لیژنەیەکی هاوبەشی ڕاگەیاندنی ڕژێمی عێراق و دەزگای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە و زەمینەسازی کاتەکانی گفتوگۆ دابمەزرێ.

\+ \+ \+ \+

هەروەکو چۆن ناکۆکی نێوان ڕیزەکانی گەلی کورد هاوشانی مێژووی میللەتی کورد خۆیەتی. مێژوونووسی گەورەی کورد شەرەفخانی بەدلیسی، فەیلەسوف و شاعیری گەورەی کورد ئەحمەدی خانی، حاجی قادری کۆیی و ئەمین زەکی بەگ، دەیان و سەدان ساڵ پێش ئێستە باسیان لێوە کردووە، بەهەمان شێوەش ناکۆکییەکانی نێوان ڕیزەکانی (کۆمەڵە) لەگەڵ دروستبوونی کۆمەڵە خۆی چەندین گرفتی هاتەڕێ.

یەکەمین جیابوونەوە لە کۆمەڵە لەسەر ئەوەبوو گوایە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە ئاستی عێراق، یان کوردستان بێت؟ فازل مەلا مەحموود، فوئاد قەرەداغی، دلێر صدیق و ئەشرەفی شێخ شەرەف وەکو کەسانی ڕووناکبیر و پێشکەوتووی کۆمەڵە هەر لە سەرەتاوە داوای بە عێراقی بوونی کۆمەڵەیان دەکرد. بۆیە کاتێک سەرکردایەتی کۆمەڵە بەلای کوردستانیدا ساغ بووەوە. ئەو هاوڕێیانەی سەرەوە لە کۆمەڵە جیابوونەوە. جیا لە (فازلی مەلا مەحموود) کە چووە ڕیزەکانی (قیادەی مەرکەزی حزبی شیوعی عێراق) و دواتر لە شاری ڤیەنناى پایتەختی نەمسا لەگەڵ د.قاسملۆ شەهید بوو. ئەوانی دیکە دانیشتن و حزبایەتیان نەکرد.

جیابوونەوەی دووەم لە کۆمەڵە لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا بوو. گروپێک لە سلێمانی بە ناوی (ڕێکخراوی ڕەنجبەران) جیابوونەوە. برایان (إبراهیم حەسەن و إبراهیم خەلیل) سەرکردایەتیان دەکردن. ئەوانە بە هۆی هەندێک توندڕۆییەوە هەرزوو کەوتنە بۆسەی سوپای عێراق و شەهید بوون. ژمارەیەکیش لە کادیرە گەنج و لێهاتووەکانیان کەوتنە زیندان و چەندین ساڵ لە زیندان مانەوە. بە شەهیدبوونی هەردوو (إبراهیم)ی ڕابەرەکانیان ئەو ڕێکخراوە کوژایەوە.

لەسەرەتای هەشتاکانیشەوە دوای ئازادبوونی (گروپی زیندان) لە زیندانەکانی ڕژێمی عێراق و پێوەندییان بە شۆڕشەوە، بەهۆی ئەو گرژییەی لەنێوان ئەم گروپە و گروپی بەیاننامەی شوبات، هەڤاڵان (مەلا بەختیار، سالار عەزیز و مامۆستا جەعفەر...هتد) دروست ببوو. ئینجا ناکۆکی نێوان گروپی شوبات و کاک نەوشیروان، گرژییەکان سەریان هەڵدایەوە. گروپی زیندان خۆیان بەلای کاک نەوشیروان دا ساغکردەوە. جێی وەبیرهێنانەوەیە، مام جەلال-یش زیاتر مەیلی بەلای کاک نەوشیروان و گروپی زیندان بوو. ناکۆکییەکان لە یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە

تەقینەوە و لە ساڵانی دواتریش زیاتر پەرەیان سەند. گرووپی بەیاننامەی شوبات وەک بڵێی ڕێکخستنێکی نهێنیان لەنێو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە دروستکردبوو، جارجارەش بە ئاشکرا ناڕەزایەتی خۆیان لەبەرانبەر کاک نەوشێروان و گرووپی زیندان نیشاندەدا.

ئەو گرووپە داوایان دەکرد (کۆمەڵە) (داش-عێراق)ی بۆ زیاد بکرێت. هەر چۆنێ بێ ئەو ناکۆکیانە بەردەوام بوون و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش زیاتر تاوی دەسەند.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران-یش کە ڕێکخراوێکی ئێرانی بوون. کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر هاندانی گرووپی شوبات هەبوو، لە زیادکردنی (-عێراق) بۆ ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. ئەو ساڵانەش کاتێک شۆڕش و پێشمەرگە هێشتە لە شاخەکان بوون، هەڵبژاردن بۆ دێهاتەکان کرا تاکو ئەنجوومەنی دێهاتەکان هەڵبژێرن. بۆ ئیدارەدانی کاروباری

**شاندەکە بە کۆپتەر گەڕانەوە هەولێر، لەوێشەوە بە چەندین ئۆتۆمبێلی سەربازیی و بە یاوەری چەندین ئەفسەری گەورەی ناوچەکە هاتنەوە گوندی زیخان لە دۆڵی بالیسان**

خۆیان. لەنێو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەش هەڵبژاردن بۆ کەرتەکان دەکرا. لەچەند شوێنێکی وەکو کەرتی شەقڵاوە گرووپی شوبات هەڵبژاردنەکەیان بردەوە. مامۆستا مەلا غەفور بوو بە لێپرسراوو هەیئەی بەڕێوەبەردنی کەرتەکە. ڕۆژێ ستافی کەرتی شەقڵاوە لە ناوچەی دۆڵی نازەنین بە جێبێکی لاندرۆڤەر بەرەو دۆڵی بالیسان دەگەڕانەوە، لە نزیک یەکێ لە گوندەکان بەسەر (مین)ێک کەوتن و بە داخەوە نۆ کادیری کەرتەکە شەهید بوون (مەلا غەفور لێپرسراوی کەرت. هاوڕێیان حاجی ئەکرەم، مامۆستا شەوقی، ئاشتی، زاهیر، بەکر حەمە عەلی، جەعفەر نازەنینی، هاوار بادینی



**وەفدی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە بەغدا**
**لە ڕاستەوە: تاریق عەزیز، عیزەت دوری، د. خدر مەعسووم، مەلا بەختیار، سەددام حوسێن، مام جەلال، مولازم عومەر، فەریدوون عەبدولقادر**

و هۆشیار کۆیی) شەش کادیر و پێشمەرگەی دیش بریندارببوون. لە ڕاستیدا ئەمە کۆستێکی گەورە بوو بۆ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە، بەتایبەتی بۆ پارێزگەی هەولێر. چونکە ئەوانە بەشێک لە کادیرە باش و لەخۆ بوردوو لێهاتووەکانی هەولێر بوون. بۆ نموونە (حاجی ئەکرەم) لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بە هاوکاری چەندین لە هاوڕێیانی شار (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، عەبدوڵڵا تۆفیق و بەهرۆز قەشقەیی) گوژمەی هەشتا هەزار دیناریان لە پارەی حکومەتی عێراق لە شارەوە بۆ شۆڕش هێنا. ئەو سێ هاوڕێیە لێپرسراو و ئەندامی کۆمیتەی شاری هەولێر بوون. حاجی ئەکرەم دەوری ڕاستەوخۆ و کاریگەری لەو پرۆسیەدا هەبوو. هەربۆیە دواتر ژن و ماڵ و منداڵەکانیان گرت و بە دڕندانەترین شێوە ئازار و ئەشکەنجەیان دان.

\+ + + +

پێش نیوەڕۆیەک مام مەحموود مامی (ئەو) بە مەبەستی سەردانی هاتە بالیسان نیوەڕۆ بەیەکەوە نانیان خوارد. مام مەحموود داوای دیدەنی مام جەلالی کرد (ئەو)یش نەیدەویست مام مەحموود مام جەلال ببینێت چونکە دەیزانی گلەیی لە ڕەفتاری هەندێک لە پێشمەرگەکان دەکات. بۆیە گوتی: مام جەلال کاری زۆرە و مەجالی دیدەنی نییە. دوای نان خواردن ماڵئاواییان لێککرد. بەرەبەری بانگی خۆراوا (ئەو) چووە قوتابخانەکەی خەتێ، بۆ کۆبوونەوەی سەرکردایەتی. لە دوورەوە مام جەلال بانگی کرد. کاتێک (ئەو) چووە لای مام جەلال گوتی: ئەمڕۆ مامت لەگەڵ کاک (سمکۆ دزەیی) هاتبوونە لام.

کاک سمکۆ دزەیی کوڕی تاهیر ئاغای مەحموودی کاکە خانە و لە پێشمەرگایەتی سەر تیپی هێزەکانی کۆیە بوو. دوو ساڵ پێش (مولازم خولە عەزیز دزەیی) سمکۆ دزەیی و ڕزگار عەلی مەحموود پێوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو. دواتریش خۆشەوی عەلی مەحمود و شۆڕش محەمەد سابیر، پێوەندییان کرد.

هەر زووش مولازم خولە بوو بە لێپرسراوی هێزی خۆشناوەتی. هاوڕێ شاخەوان (محەمەد عەباس) سەرکردە و پێشمەرگە، بوو بە لێپرسراوی هێزی

> ❝
> **جیابوونەوەی دووەم لە کۆمەڵە لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا بوو. گروپێک لە سلێمانی بە ناوی (ڕێکخراوی ڕەنجبەران) جیابوونەوە. برایان (إبراهیم حەسەن و إبراهیم خەلیل) سەرکردایەتیان دەکردن**
> ❞

دەشتی هەولێر. دواتر ئەو هێزانە بوون بە (تیپ)

سمکۆ دزەیی و ئەوانی دیکەش لە سکرتاریەتی مام جەلال بوون بە پێشمەرگە. دوای بریندارببوونی مولازم خولە لە شەڕی پشتیوانی کوردەکانی ئێران لەگەڵ (کیژخانی) خێزانی دەژیان. مام مەحموود و کاک سمکۆ دزەیش لە ماڵی مولازم خولە یەکدییان دیبوو. دواتر کاک سمکۆ مام مەحموودی بردبووە لای مام جەلال.

مام جەلال لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو، لە پڕ کاک نەوشیروان پەیدا بوو. مام جەلال بانگی ئەویشی کرد و هاتەلایان هەرسێکیان بەیەکەوە وەستا بوون. مام جەلال ڕووی لە کاک نەوشیروان کرد و گوتی: کاک مەحموودی مامی ئەرسەلان هاتبووە لام هەندێک گلەیی لە ڕەفتاری هەندێک پێشمەرگە هەبوو. کاک نەوشیروان بێ سێو دوو گوتی: (ڕاست ناکات) پێشمەرگە هیچ ڕەفتارێکی خراپیان نەکردووە. ئیدی مام جەلال زۆر گلەیی لێکرد و گوتی: هەرهیچ نەبێت برازاکەی لێرە وەستاوە تۆ ئەو قسە ڕەقانە دەکەیت. بەڵێ قسەکانی کاک مەحموود ڕاستە و لە چەندین لای ترەوە بیستوومە. کاتێک قسەی توند لە نێوان مام جەلال و کاک نەوشیروان ڕوویدا قسە بۆ (ئەو) نەمایەوە، ئیدی (ئەو) کۆبوونەوەکەی جێهێشت و بەدڵی شکاوەوە گەڕایەوە بالیسان.

پاش بانگی عەسری ڕۆژی پاشتر. مامۆستا جەمال تاهیر و عەلی بچکۆڵ چوون بۆ سەردانی و دڵدانەوەی و گوتیان کاک نەوشیروان هەروا قسە ڕەق و ڕوو شکێنە، بەڵام برای گەورەمانە، هەقە زۆر لە دڵی نەگری. ئیدی هەرسێکیان سواری پیکابێکی دەبل کابینە بوون و بەرەو خەتێ کەوتنە ڕێ. لە ماوەی ئەو ڕێگەیەدا چەندین پێشمەرگە لەسەر ڕێگەکە سواری پشتەوەی پیکابەکە بوون، سایقەکە ناوی جەبار بوو. پێشمەرگەیەکی لای کاک نەوشیروان تەمەنی بیست ساڵێک بوو. تازە خەریک بوو فێری لێخوڕینی ئۆتۆمبێل دەبوو. ئیدی لە ناوەڕاستی جادە تەختەکە پیکابەکە لە دەستی وەری گرت و وەرگەڕا. بە داخەوە مامۆستا جەمال شەهید بوو. هەزاران سڵاو لە گیانی.

(ئەو) و عەلی بچکۆلیش کەمێک زامدار بوون.

# وێستگەی دیوان

- (١) پرسیار (وریا ئەحمەد)
- دیوانی هەولێر (ئەحمەد ئاکۆ)

نازم دڵبەند

- یەکەم بابەت (موحسین ئاوارە)
- گۆشەی دیوان
- د. ئەنوەر دڵسۆز (١٩٢٤– ١٩٩٣) وڵاتپارێزێکی قەڵای هەولێرە

تاریق جامباز

- باوکی کۆمەڵایەتی، باوکی بایلۆژی

ڕزگار عومەر

- لە دەفتەری نەمریدا (حوسام حەسرەت)
- سالۆنی لاپەڕە (٩)

# پرسیار (١)

# چۆن بۆ یەکەم جار عارەب عوسمان-ت کردە گۆرانیبێژ؟

وەختی خۆی پیاوەک هەبوو لە هەولێرێ ناوی (بەکر مەلەک) بوو، بە ڕەحمەت بێت نەمایە. نەجاری خانوو بوو، جیرانی بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکان بوو.

جا ئەو پیاوە هەمووجارێک منی دەدیت، دەیگوت مامۆستا وریا من گۆیندەبێژێکت لۆ دەینم نەشیدەگۆ گۆرانبێژ، دەیگوت گۆیندەبێژێکت لۆ دەینم، خەنی دەبی، منیش دەمگوت بە سەرچاو بیهێنە بزانم چییە.

ڕۆژەکی لە بەڕیوەبەرایەتییەکەمان، چالاکیی قوتابخانەکان، کە کەوتبووە گەڕەکی موفتی بەرانبەر ئیسکان، دانیشتبووم، مۆسیقییەکان هێشتە نەهاتبوون، زۆر عاجز بووم. گوێم لێبوو بەکر مەلەک لە دەرێوە هاوار دەکات (مامۆستا وریا) گۆیندەبێژم هینایە. کە شێوە و بەژن و بالآی ئەو عارەب-ەم دیت کەسێکی گچکۆکە، بە کراس و شەروالێکەوە، نەعلەکی ئیسفەنج لەپێ.

لەدڵی خۆمدا گوتم ئەو کابرایە دەبێت چی لەباردا بێت، یەکسەر بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ لایەنێکی هونەریی، گوتم کاکە دە شتێکمان بۆ بلێ، هەر لەوێ لەنێو هۆڵەکەی. کە مۆسیقییەکانیش هەندێکیان هاتبوون.

وەڵا برام وەیلێ زاڵمەکی گوت، خوا شاهێدە کەس حەددی نییە لەسەر ئەو تەبەقە بەرزەی ئەوەی بڵێت، لەدڵی خۆمدا گوتم ئەوەی زۆر باش گوت، بەڵام پێشتر گۆرانبێژمان تەجرووبە کردبوو، یەکەم گۆرانی ئەوها بە جوانی دەگوت، دوایی قورگی دەکەت. پێمگوت دەتانی شتەکی دیش بڵێی؟

گوتی بەڵێ، ئەوجارە حیجازەکیشی گوت لەوی پێشی جوانتر، زۆر پێی سەرسام بووین، گوتم باشە، بەس مەقامی دەزانی، یان بەستەش دەزانی؟

گوتی ئەویش دەزانم، بلوێری شوانی گوت، کە تەواو بوو، گوتمە برادەران هەستن، هەموو واقیان وڕما، چونکە دەیانزانی من بەوشێوەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ گۆرانبێژ ناکەم، بەلایەنی کەم یەک هەفتە دەبێت ڕاهێنان بکات، بەڵام هی ئەو کوڕەی زۆر کاری تێکردم، ئەوکاتیش تۆمارگەیەکمان هەبوو، هەر لەوێ دەمودەست گۆانی بلوێری شوان-مان بۆ تۆمارکرد. لەوانەیە دە جارمان لێدابیتەوە، هەر لێی تێر نەدەبووین، دەمگوت کوڕە ئەو دەنگە چییە؟!

جا لێم پرسی ناوت چییە؟

گوتی ناوم عارەب-ە، ناوەکەی ڕاگرتم.

گوتم: باشە هەندەک باسی خۆتم بۆ ناکەی، ئێوە چەند بران؟

گوتی: مامۆستا هیچ برام نینە.

گوتم: ئەدی بۆ ناوت لێنرایە عارەب؟



عارەب عوسمان لەکاتی گوتنی گۆرانی بلوێری شوان

گوتی: مامۆستا، ئەوە سوڵتان عارەبەک هەیە قەبری لەسەر ڕێی مەخمور-ییە، دایکم دوو سێ کوڕی پێش من ببوو، هەموویان مردبوون، ئەوجارەی، کە زگی بە من پڕبووە، چوویتە سەر گۆڕی سوڵتان عارەبی و دوعای کردییە گوتویەتی (یا سوڵتان عارەب، بەس ئەو کوڕەم نەمری شەرت بێت ناوی لێنێم عارەب)

گوتم: باشە نابێت بیگۆڕین، مەسەلەن بلێی تەنیا عوسمان.

گوتی: مامۆستا ئەوە بەڕاستیتە، بەو خودایەی دایکم لە ماڵێ دەرم دەکات.

گوتم: مادام وایە، دەیکەینە تەنیا عارەب عوسمان، بەوەی ڕازی بوو. یانی ناوەکەش من بۆم دانا.

دوای ئەوە چووینە بەغدا بۆ ئەوەی ئەو گۆرانییەی بلوێری شوان تۆمار بکەین. مەحموود زامدار گوتی گۆرانییەکەتان تەرجوومە کردییە؟ ئەودەم وابوو، هەر گۆرانییەک تۆمار کرابووایە دەبووایە پێشتر تەرجوومەی عەرەبیی بکرێت، جا ڕەزامەندی لەسەر دەدرا، چونکە ئەگەر هەر بۆنێکی سیاسیی و کوردایەتیی لێهاتبایە ڕەتدەکرایەوە، پێشتریش بەم هۆیەوە چەند گۆرانییەکمان ڕەتکرابوونەوە.

بۆ ڕۆژی دوایی مەحموود زامدار هاتەوە و گوتی ئەو گۆرانییە زۆر خۆش و بەتامە، بەڵام شعرەکەی شێلایە، هەندەک سەر و گوێی شکاندییە و تێکیدایە، بەڵام تازە هیچ ناکرێت. گۆرانییەکەی زۆر خۆش گوتووە، محەمەدی ماملێ چەند هونەرمەندەکی گەورە و ناودارە، بەڵام حەددی نەبووە، وەک عارەب عوسمان-ی بڵێت. عارەب بە تۆنەک گوتوویەتی مووچرکە بە لەشت دادێنێت، بەبێ ئەوەی هیچ خۆی ماندوو بکات، بەڕاستی دەنگێکی سەیری هەبوو.

بەڵام ئەگەر بەراووردی شیعرەکەی هێمن بکەی، کە لە دیوانی (تاریک و ڕوون) دایە لەگەڵ ئەوەی، کە عارەب عوسمان گوتیتی دیارە هەڵەکان لە کوێیە.

دوای ئەوە عارەب عوسمان وەک گۆرانیبێژێک دەرکەوت و چەندین گۆرانی دیکەمان بۆ تۆمارکرد.

**وریا ئەحمەد**

## بلوێری شوان


دەستکردی عەلی مەندەلاوی

***نیوەشەوە، دنیا خامۆش***
***دێتە گوێم ئاهەنگێکی خۆش***
***ئاهەنگێکی گیان پەروەرە***
***شادی هێنە، خەفەت بەرە***
***ئاهەنگێکی دڵ نەوازە***
***تارە؟ یەڵۆنە؟ یا سازە؟***
***نا... نا... ئاهەنگی بلوێرە***
***جا وەرە گوێی بۆ ڕادێرە***
***هەزار خۆزگەم بەخۆت شوانە***
***کە بەو مانگەشەوە جوانە***
***دانیشتووی لە ڕژد و هەڵدێر***
***پەنجە دەبزێوی لە بلوێر***
***دەگەڵ تەبیعەت هاودەمی***
***شادی، بەکەیفی، بێ خەمی***
***ئاغاش بەنۆکەر ناگری***
***وەک من لە داخا نامری***
***وەرە شوانە هەموو شەوێ***
***نیوەشەوێ، کاتی خەوێ***
***لەو کێو و نواڵە زەنوێرە***
***تێ توورێنە لەو بلوێرە***
***لەسەر ترۆپکی ئەو کێوە***
***پەنجە لە بلوێر ببزێوە***
***با کێوەکە دەنگ داتەوە***
***شاعیریش خەو بیباتەوە***


**١٩٤٦**
**هەواری کرماویلە**

نازم دڵبەند

# ئەحمەد ئاکۆ

*** ئەندامی حیزبی (هیوا) بووە**
*** هاوڕێی نزیکی (دڵدار)ی شاعیر بووە**
*** دەستنوسێکی شیعرەکانی (عەلی بەردەشانی) لابووە**

لە هەرەتی گەنجێتیدا بووین، لەبواری نووسین و هونەر و ڕۆژنامەنووسیی کارمان دەکرد، بۆ ئەو زەمەنی، گەنجی دیاری هەولێریٚ بووین، خەڵک بەتامەزرۆوە سەیریان دەکردین، خۆشحاڵ دەبوون، کە لەگەڵمان بوەستن و قسەمان لەگەڵ بکەن، ئەگەر ئەو وێنەگرانەی وەکو خوالێخۆشبوان (ئەبو سەباح و شەعبان)ی گەڕەکی (کوران) و ئەوانی دی لەونێوە بونایە، بەشەرمەوە وێنەیەکیان لەگەڵ دەگرتین، لە هەولێریٚ، ئێمە کەسی ناسراوی بواری خۆمان بووین، ڕاستییەکەی ئێمەش حەزمان لەو جۆرە (پۆزانە) بوو، چونکە هەندێجار لە




ئەحمەد ئاکۆ، ١٩٥٦

شەقامی (باتا) و (بازاڕی سیروان) کچان-یش بە دزییەوە بە نیگایەکەوە لێیاندەڕوانین و هەستێکییان لا دروست دەکردین، کە زۆرجار ئەو هەستانە دەبوون بە (عیشق) بەڵام نەدەوێراین بە ئاشکرا دەریانبڕین.
ئێواران، کە لە پڕۆڤە، یان لە دانیشتنەکانمان لە هۆڵی (گەل) تەواو دەبووین، بەتایبەت بەندە و هونەرمەندی جوان (جەلال بەیار) و دۆستی ئازیزمان (جەبار عەولا) کە ئەویان هیچ پەیوەندییەکیشی بە هونەر و ئەدەبەوە نەبوو، تەنیا ئێمەی خۆشدەویست، هەندێجار ڕێگەی (یانەی پزیشکان)مان دەگرتەبەر، بەڵام هەر لە ڕێگەوە ترسی ئەوەمان هەبوو، کە چۆن بچینە ژوورەوە، چونکە ئەو پیاوەی پرسگە یادی بەخێر فرمانی پێکرابوو. کە ئەوەی (پزیشک) نەبێت، یان پێناسەی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی هەولێری نەبێت نابێت بێتە ژوورەوە، ئێمەش بە ناچاریی دەبوایە زووتر بچینە یانەکە، پێش ئەوەی لێپرسراوی پرسگەکە بێتە دەوام.
ڕۆژێکیان چووینە لای سەرۆکی سەندیکای پزیشکان، پێموایە ئەوکاتە ڕەوانشاد (دکتۆر عەبدولڕەزاق دەباغ) بوو، کە من و هونەرمەند (جەلال بەیار) چووینە ژوورەوە، لەپڕ بینیمان مامۆستا (ئەحمەد ئاکۆ) لای دانیشتووە.

بەر لەوەی (دکتۆر عەبدولڕەزاق) بەخێرهاتنمان بکات، ئەو هەرزوو لە شوێنی خۆی هەستاوە و بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە گوتی:
یاخوا بەخێربێن هونەرمەندە جوانەکانی هەولێریٚ.
ئینجا (دکتۆر عەبدولڕەزاق) فەرمووی لێکردین و دانیشتین و گوتی:
فەرموو چیتان دەویٚ هەتا بۆتان جێبەجیٚ بکەم؟
گوتمان :زۆر زۆر سوپاس دکتۆر.
(جەلال بەیار) گوتی: وەڵاهی ئێمە هیچمان ناوێت، تەنیا پسولەیەکمان بدەنیٚ تا ئەو برادەرەی پرسگە بهێڵیٚ بێینە ژوورەوە (تا فرە عارەقێک بخۆینەوە، بووە پێکەنین.
مامۆستا (ئەحمەد ئاکۆ) گوتی: جا ئەگەر ئێوەی نووسەر و هونەرمەند نەیەنە ئەو یانەیە، کیٚ بێت؟ ئێوە، کە توانیوتانە ئەو شارە جوان بکەن، ماقووڵە ئەو یانەیە جوانتر نەکەن.
ڕووی کردە (دکتۆر عەبدولڕەزاق دەباغ) و گوتی:
من چۆن کەفالەتی (تایەر تۆفیق)م کردووە، هەرواش کەفالەتی ئەوانە دەکەم، کە ڕۆژیٚ لەرۆژان هیچ

سەرپێچی و پێشێلکارییەک لەو یانەیە ناکەن، جگە لە پێکەنین و گۆرانی نەبێت، ئێ هەمووشمان حەزمان لەو دوو شتەیە.
ئەوەبوو لەمەودوا دەرگامان بۆ کرایەوە، کە دەچووینە یانەکەش بەتایبەت هاوینان، هەر سەر لە ئێوارەکەی مامۆستا (ئەحمەد ئاکۆ)مان لە سوچێکی باخچەکە دەدیت، پیاوێکی پۆشتەو پاک و خاوێن لەسەر کورسییەک دادەنیشت و مێزێکی لەبەردەم بوو، هەمووی میوەجاتێکی لەسەر بوو، زۆر جارانیش هونەرمەند (تایەر تۆفیق) هاودەمی بوو، کە نزیکی دەبووینەوە، بە زەردەخەنەیەکی جوانەوە پێشوازی لێدەکردین، بەشێوەیەک شەرممان لەو ڕێز و خۆشەویستیەی مامۆستا (ئەحمەد ئاکۆ) دەکرد، بەڵام بەپێی هەڵکشانی تەمەن و تێگەیشتنی زیاتر لەو پیاوە ئازیزە، بۆمان دەرکەوت، کە ئەو نەک هەر خۆشەویستی ئێمەیە، بەڵکو خۆشەویستی هەموو هەولێرییەکانیشە، ئیدی لەوساوە مامۆستا (ئەحمەد ئاکۆ) لای من و هاوڕێکانم بوو بە سیمبوڵی شار، نەدەکرا لەبیری بکەین، کە ماڵاوایشی کرد، کەلێنێک دروستبوو، چونکە چیدی ئێمەمانان کەسایەتی (ئەحمەد ئاکۆ)مان نەدیتەوە، بۆیە من گەورەیی ئەو پیاوەم هەر لەبیربوو، قەتیش لەبیری ناکەم، ئەو بەشێکە لە ژیانی گەنجێتی من، دوای ئەوەش کە لە گۆڤاری (دیوان) ئەو گۆشەیەم پێڕاسپێردرا لەسەر کەسایەتییە جوانەکانی هەولێرێ، دەمودەست حەزرەتی (ئەحمەد ئاکۆ)م وەبیرهاتەوە، لەبەرئەوەش من هەمیشە لەگەڵ ڕۆحی ئەو دەژیم و لەگەڵ کوڕانی ئەو پیاوە ئازیزە (دلێر و خۆشمێر) ئاشنام و هاوڕێی تەمەنین، هەر زوو من و کاک (دلێر) پێکەوە دانیشتین و چووینە نێو سەرەداوی ژیانی ئەو کەسایەتییە:
(ئاکۆ)ی ڕەحمەتی کەسایەتیەکی ڕووخۆش و هەمووکات دەم بە پێکەنین و قسەخۆش و نوکتەزان بووە، سێ زمانی بە نووسین و قسەکردن زانیوە.
لەبواری شیعر و ئەدەبیشدا لە بەغدا زۆر نزیکی (تۆفیق ووردی) بووە، هەروەها کاری لەسەر کۆکردنەوەی شیعرەکانی (عەلی بەردەشانی) دەکرد و هەمووشی وەک دەستنووس لای پارێزراو بوو، تا ڕۆژێکیان هەمووی لەگەڵ خۆی هەڵگرت و چووە بەغدا بۆ لای مامۆستا (ووردی) و دایە ئەو، ئەویش لە دووتوێی کتێبێکدا چاپیکرد، ئەم دەستنوسانەشی هەموی لە دەڤەری (ڕانیە و پشدەر) کۆکردبۆوە.
بەپێی دیکۆمێنتی (دەفتەر خدمەی عەسکەری) (ئەحمەد بەکر ئاکۆ) ناسراو بە (ئەحمەد ئاکۆ) ساڵی (١٩٢٣) لە دەڤەری (ڕانیە) لە دایکبووە و ساڵی (١٩٤١) ناوی بۆ عەسکەری هاتووتەوە،


خدمة العلم
نتائج الفحص النهائي
١٩٢٨ موصل
امضاءات اللجنة
التاريخ
٩٤١/٩/٢

قۆناغەکانی خوێندنی لە (کۆیە) تەواوکردووە، بۆیە زۆربەی هاوڕێ و دۆستەکانی لەم شارە بووینە، هەر لە (ڕانیە)ش لە ساڵی (١٩٤٧ - ١٩٤٨) ژیانی هاوسەری لەگەڵ (سەبریەی تۆفیق ئەفەندی) ناسراو بە (تۆفیق چاوشین) پێکهێناوە، کە کەسایەتییەکی دیاری دەڤەرەکە بووە، ئینجا دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن لە کۆیە ڕوو دەکاتە بەغدا و دەچێتە (معهد العالی للغابات) لەوێ درێژە بە خوێندن دەدا، دوای تەواوکردنی بووەتە فەرمانبەر، لە (کۆیە، ڕانیە، شەقڵاوە و هەولێر) کاری فەرمانبەرێتی کردووە، لە سەرەتادا بەناوونیشانی (جێگری پسپۆر) ئیجا دەبێتە بەڕێوەبەری (الغابات والبحوث الزراعية) جارێکی دیش لە ساڵی (١٩٥٦) هەر بەنیازی تەواوکردنی خوێندنی باڵاتر دەچێتە (قوبرس) دوای ئەم گەشتەی دەگەڕێتەوە هەولێر و بەتەواوی لەم شارەدا ژیانی خۆی دەگوزەرێنێ، چەند ساڵێک لەم کارەیدا دەمێنێتەوە، تا لە ساڵانی حەفتاکاندا لەسەر داواکاری خۆی، خانەنشین دەکرێت، هەرچەندە هێشتە چەند ساڵێکیشی مابووە.
(ئەحمەد ئاکۆ) لە کۆیە بووە هاوڕێ و دۆستی نزیکی (عومەر دەبابە) و هونەرمەند (تایەر تۆفیق) و مامۆستا (سدیق سادق) و (مەجید ئاسنگەر)ی شاعیر و (زەکی ئەحمەد هەناری) چونکە هەمیشە حەزی لە ئەدەب و هونەر بووە، دواتریش، کە لە هەولێر گیرسایەوە هەرزوو بوو بە یەکێ لە دۆستی خۆشەویستی هەریەک لە




**ئەکادیمیای قوبرس بۆ خویندنی باڵا لە دارستان: لە ڕاستەوە دانیشتووەکان: ؟ ئیبراهیم، ئەحمەد ئاکۆ. ساڵانی ١٩٥٦-١٩٥٨**

هونەرمەندان (ڕەسووڵ گەردی، فوئاد ئەحمەد، باکوریی و تەحسین تەها) هەروەها لەگەڵ کەسایەتییە دیارەکانی وەکو: (عزالدین فەیزی، دکتۆر عەبدولرەزاق دەباغ و فەتاح ئاغای ئەسعەدی)

(ئەحمەد ئاکۆ) لەمەڕ دۆست و هاوڕێی نزیکی خۆی (دڵدار)ی شاعیر دەگێڕێتەوەو دەڵێ: ئەو کاتانەی، کە لە کۆیەوە دەهاتە هەولێر شەوانە لە (یانەی فەرمانبەران) لەگەڵ دڵدار پێکەوە دەبووین، تا گەیشتە ئەو شەوەی (دڵدار) بەرەو ئوتێلی (فەرەح)ی (حاجی عوسمان چەلەبی) لەلای قەڵا دەگەڕێتەوە و لە ڕێگەدا دەرشێتەوە و ماڵاوایی دەکات، هەندێک کەس لەوکات و زەمانیدا وایان ڕاگەیاند، کە (دڵدار)ی شاعیر سەرخۆش بووە، بەڵام ئەمەیان وانییە، بەڵکو شەو، کە گەڕاوەتەوە تووشی (تەسەموم) بووە و ڕشاوەتەوە و کەوتووە، نەیتوانیوە بگاتەوە ئوتێل و هەر لەوێ ماڵاوایی کردووە، چونکە (دڵدار) هاوڕێیەکی زۆر نزیکی من بوو، قەت بەمشێوەیە نەبوو، کە لە هۆکاری ماڵاواییەکەی دەگێڕنەوە.

هەر لە گێڕانەوەی بەسەرهاتە خۆشەکانی خۆی (ئەحمەد ئاکۆ) وەکو نوکتە ئەم ڕووداوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: لە ساڵانی شەستەکان، شەوانە دەچوومە (یانەی فەرمانبەران) شەوێک پێشمەرگە بەسەر ئەم یانەیان دادا، زانیارییان هەبوو داروەدەستەی ئەوێ ڕۆژێی حکومەت لەوێ دادەنیشن، کە هەندێکیان (عەرەب) بوون و پیاوی حکومەت بوون، وەختێک بووە تەقە، کەس نەبووە ساحێبی کەس، هەموویان بە ئۆتۆمۆبیل ڕایانکرد، سەیری دەوروبەری خۆم کرد تەنیا من لەنێو یانەکە ماومەتەوە، منیش ئۆتۆمۆبێلم نەبوو، ناچار چوومە پرسگەکە و تەلەفۆنێکم بۆ پۆلیس کرد و گوتم: هەلەو پۆلیس، ئێوە ناڵێن (الشرطە فی خدمە الشعب) ئەوە من یەکێکم لەو شەعبە، ئەوە تەقە و هەراوهۆریایە لای (یانەی فەرمانبەران) من بە تەنیا ماومەتەوە، تا زووە وەرن خزمەتم بکەن، بێ ئۆتۆمۆبێلم بمبەنەوە ماڵەوە. هەرهێندەم زانی لەجیاتی موسلەحە (ناقیلە)یەک هات و منیان سوارکرد، تا بەردەمی دەرگە، جا لە هەمووی خۆشتر کە دایکی (دلێر) دەرگای کردەوە و منی دی لە (ناقیلە) دێمە خوارەوە گوتی:

ئەیەڕۆ (ئاکۆ) ئەو (ناقیلە)یە چیە؟ (ناقیلە) و (نادی)یان گۆتیە؟

وەکو باسمکرد ئەحمەد ئاکۆ، کە لە کۆیە فەرمانبەر بوو، زۆر دۆستی هونەرمەند تایەر تۆفیق بوو، ئێواران هەردووکیان بە مەبەستی دانیشتنی سەرمەستانە دەچوونە (نێو ڕەزان) دوای ئەوەی، کە دەگەڕانەوە زۆرجار لە ڕێگە تایەر تۆفیق مەقامی (شیرین بەهارە)ی دەگۆت و (کچە کۆیی)یش لەسەربان و تارمەکان، کە گوێیان لە چریکەی (تایەر تۆفیق) دەبوو دەستیان دەکرد بە هەلهەلە لێدان.



**لە چەپەوە: ئەحمەد ئاکۆ، تایەر تۆفیق، مائموری بنکەی پۆلیسی کۆیە. سەرەتای ساڵانی پەنجاکان**

لە ساڵانی چلەکانیش لە بەغدا لە (مەحکەمەی عورفی) داوای دەکەن و دەست بەسەر دەکرێت دەیبەن بۆ بەغدا، ئەو سەردەمەش بەنداوی (دوکان) نەبوو، ئەو ساڵیش لەبەر باران و لافاو ڕێگەی (کونە فلوسە) دەگیرێ و ناتوانرێت بیگەیەننە بەغدا، بەختی ئەو لەو ماوەیەدا (حوکمی عورفی) لادەدرێ و لێبوردنی گشتیی بۆ هەموو عێراقییەکان دەردەچێت، ئەویش دەگرێتەوە و بەردەبێت ئینجا دەیگوت:

(کونە فلوسە) بۆ من بووە فریشتە


دواجار (ئەحمەد ئاکۆ) لە ڕۆژی (١٨ - ١ - ١٩٨٨) ماڵاوایی کرد و لەدوای خۆیدا سێ کوڕ و چوار کچی بەجێهێشت بەناوەکانی: دلێر، خۆشمێر، شۆڕش، شلێر، ئەستێر، ڕەهێڵ، پرشنگ

درود بۆ ڕۆحی پیاوە قسە خۆشەکەی هەولێری.




(یەکەم بابەت گۆشەیەکی گۆڤاری دیوانە، تێیدا هەرجارەی یەکەم بابەتی نووسەرێک، یان شاعیرێک، یان هونەرمەندێک دەخەینەڕوو، بە مەبەستی ئاشناکردنی خوێنەران بە سەرەتا و یەکەم بەرهەمیان)

**موحسین ئاوارە: یەکەم شیعرم لە ئێزگەی دەنگی کوردستان، بە ناوی سروودی پێشمەرگە خوێندووەتەوە، کە ساڵی ١٩٧٩ پێشمەرگە بووم، بەڵام یەکەم شیعرم ساڵی ١٩٧١ لە گۆڤاری هەولێر بڵاوبوویەتەوە.**


یەکیتي بیر

محسن ئاوارە

*( لاویکي ڤیتنامي بوي گیر اینەوە )*

لاوی بووم !
روژی قول بەست کرام
وەك لاپەرەي پەیام
لوول درام ،
کاتی خوم دي ! راستە بە ئاگام
بەلام ئاوا منم ؟ مني ئاگر
بی هیچ تاوانی ناو دەریاي گر !
رەشم ئەکات ، ئەمپاکی
ئەمسووتیني بە ناپاکي

٢

بە گویما هات ووتیان
ئەمە سوتانیان !
لە بەرخووە سووتاو !
هاوارم کردە ئاو !
بە دیم کرد خوشکەکەم
ڤیژاني !
ووتي ئاي براکەم
کوا ؟ کواني ؟

٣

بەهەلکروزاوي ،
بەکسپەو زوخاوي
بەو بی رەنگي و بوما
لە سەر حالي خوما
کەوا چاووم پی کەوت
لە ئاگر بوە نەوت
بەنزکەي گریاني
هەر وەك ریبواري بە گوراني
ئەیلاوانمەوە بو
سەرکەوتن و هاني

٤

لەکاتي سروودي
شالاوي هاتە سەر
بو ئەمریکي بەدي
کیوي رقي دا بەر
دیم پیشمەرگەیەك بوو
بە دیمەن رەش ئەچوو
(دوایي یەکەي بوژمارەي داهاتوو)

٩٦

گۆڤاری هەولێر، ژمارە ٢و٤ی ساڵی ١٩٧١

## یەکیتی بیر
### (لاوێکی ڤیتنامی بۆی گێڕاینەوە)

**محسن ئاوارە**

١

لاوێ بووم!
ڕۆژێ قۆل بەست کرام
وەک لاپەڕەی پەیام
لوول درام،
کاتێ خۆم دی!ڕاستە بە ئاگام
بەڵام ئاوا منم؟ منی ئاگر
بێ هیچ تاوانی ناو دەریای گڕ!
ڕەشم ئەکات، ئەمپاکی
ئەمسووتێنێ بە ناپاکی

٢

بە گوێمان هات ووتیان
ئەمە سوتانیان!
لە بەرخووەسووتاو!
هاوارم کردە ئاو!
بە دیم کرد خوشکەکەم
قیژانی!
ووتی ئای براکەم
کوا؟ کوانێ؟

٣

بە هەڵکروزاوی
بە کسپە و زوخاوی
بەو بێرەنگی و بوما
لەسەر حالی خۆما
کەوا چاووم پێ کەوت
لە ئاگر بوە نەوت
ئەنزکەی گریانی
هەر وەکرێبواری بە گۆرانی
ئەیلاوانمەوە بۆ
سەرکەوتن و هانی

٤

لە کاتی سروودی
شالاوی هاتە سەر
بۆ ئەمریکی بەدی
کێویرقی دا بەر
دیم پێشمەرگەیەک بوو
بە دیمەن ڕەش ئەچوو

**(دوایی یەکەی بۆ ژمارەی داهاتوو)**

# لیوای کەرکووک لە پرۆگرامی خوێندنی ئامادەیی و خانەی مامۆستایان-ی عێراق لە ساڵی ١٩٢٤

**- زۆربەی دانیشتووانەکەی کوردن**
**- لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە عەرەب و فارس و تورکمان**
**- زۆربەی دانیشتووانەکەی زمانی تورکیی دەزانن**
**- ئەمەش کاریگەری ئەو سەربازە تورکانەیە، کە بۆ ماوەی پێنج سەدە لەوێدا بوونە.**

لیوای کەرکووک بە لیوای بەغدا و دیالە و سلێمانیی و ئەربیل دەورە دراوە.


زۆربەی زەوییەکەی شاخاوییە، لەگەڵ ئەوەش زۆر بە پیتە.

سەنتەری کەرکووک کەوتووەتە سەر ڕووباری خاسە و دابەشی سەر سێ بەش دەبێت: قەڵا، قۆریە، قارشویقە.

بەهۆی ئەوەی لەهەموو لایەکییەوە بە باخ و بێستان دەورەدراوە ئاو و هەوایەکی خۆشی هەیە. ئەوە جگە لەو چوار کەناڵ و جۆگەیەی پێیدا تێدەپەڕن، کە ناونراوە قۆرییە و تسعین و زارییە و بێلاوە، کە لەباکوورەوە ٢٥ کیلۆمەتر دووری سەرچاوەکەیەتی، لەوێوە دێتە نێو ئەو کەناڵانەوە، لەنزیک ئەو جۆگە و کەناڵانەش کانگەی ڕووخامی سپی و ٣ بیری نەوت هەن، هاوکات ژمارەی دانیشتووانەکەی نزیکەی ١٩٠٠٠ کەسە.

لەو شارۆچکەیەدا چەندین مزگەوت و شوێنی ئایینی هەن، زۆربەی دانیشتوانەکەشی کوردن، لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە عەرەب و فارس و تورکمان، بەڵام زۆربەی دانیشتووانەکەی زمانی تورکیی دەزانن، ئەمەش کاریگەری ئەو سەربازە تورکانەیە، کە بۆ ماوەی پێنج سەدە لەوێدا بوونە.

هۆکاری بونیادنانی کەرکووک دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەو ئاوە سازگارەی لەوێدا هەبووە، دەشتاییەکانیشی لەرێگەیەکەوە دەگاتە مووسڵ، ئەوە جگە لەوەی لەلایەکی دیکەوە رێگەکەی دەگاتە چەمچەماڵ.


هاشم السعدي

كتابخانه مجلس شوراي ملي مؤسسه ١٣٠٣


جغرافية العراق (الحديثة)

{ قررت وزارة المعارف الجليلة }
{ تدريسه في المدارس الثانوية ودار المعلمين }

الطبعة الاولى

حقوق الطبع محفوظة للمؤلف

{ طبع في مطبعة دار السلام * بغداد }
سنة ١٣٤٢ هـ / ١٩٢٤ م


{ ٢١٧ }

١٢ — لواء كركوك

لواء كركوك محصور بين لواء بغداد وديالى والسليمانية واربيل وان معظم اراضيه جبلية ومع هذا فهي خصبة جداً .

{ مركزه } : قصبة كركوك الواقعة على نهر الخاصة وتقسم الى ثلاثة اقسام : القلعة . قورية . قارشويقة . وهي قصبة جميلة هواؤها لطيف تكتنفها البساتين . ومما يزيدها لطافة المياه الاربعة التي تخترق جاداتها والمسماة قورية . تسعين . زاوية . بيلاوة التي تنبع من شمال القصبة بـ ٢٥ كيلو متر . بالقرب منها توجد مناجم للرخام الابيض اللطيف وفيها ٣ آبار للنفط . تبلغ نفوسها نحواً من « ١٩٠٠٠ » نسمة .

تصنع فيها انواع الاحرامات والاعبئة واقمشها وان معظم اهاليها من الاكراد وان هناك عدد غير قليل من العرب وقليلاً من الفرس والتركمان وان معظم الاهالي بل جميعهم يحسنون التكلم باللغة التركية واظن السبب في ذلك هو تأثير الجنود التركية الذين كانوا مرابطين هناك منذ خمسة عصور .

وحسب الظاهر ان السبب في بناء كركوك في هذا المحل : هو وجود مياه عذبة هناك . وان المحل كائن على طريق سهل يصل الموصل ببلاد العجم وذلك بعد ان يمر الطريق بجمجمال فهناك

( ف ٢٨ )

# د. ئەنوەر دڵسۆز (١٩٢٤– ١٩٩٣)
# وڵاتپارێزێکی قەڵای هەولێره

پارێزەر
تاریق جامباز

زۆرن ئەو کەسانەی، کە لە پێناوی نەتەوەکەیان خەباتی هەمەجۆریان کردووە، بەڵام بە دەگمەن ناویان هێنراوە، یان ئاماژە بە ناویان کراوە، بۆیە پێویستە و ئەرکی سەرشانی نووسەران و مامۆستایانی زانکۆکانی کوردستانە (بەشی زانستی مرۆڤایەتی) لە چ بوارێکدا ڕۆڵیان هەبووە، لێکۆڵینەوە، یان ماستەرنامە و دکتۆرانامەیەکیان لەسەر بنووسرێتەوە، چونکە ڕابردوو پەیوەستە بە ئێستە و ئایندە تاوەکوو سوود لە ئەزمونیان وەربگیرێ.

خوێندنەوەی کتێبی (کوردبوون)ی حەمەدی مەولوود پتر (ئەنوەر دڵسۆزە)ی پێناساندم، کە وڵاتپارێزێکە ئاورێکی ئەوهای لێنەدراوەتەوە، کە شایانی بێت، بۆیە بە ئەرکی سەرشانم زانی، کە لەبارەی لایەنەکانی ژیانی بنووسمەوە بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندیم بە زۆر کەسەوە کرد، زۆربەیان تەنیا هەر ناویان بیستبوو، یان یەکەمین جار بوو ناوییان دەبیست، ئەمە ساردی نەکردمەوە گەرچی کاری مەیدانی ئەرکێکی زەحمەتە، بەڵام بڕیارمدا، کە بەشێک لە پڕۆژەکانی دیکەی نووسینم دوابخەم، دوای مانگێک لە چاوپێکەوتن و پەیوەندیکردن بە وڵاتانی ڕووسیا و تورکیا و هۆڵەندا بە ئیمێڵ بەو کەسانەی، کە لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران خوێندوویانە، بەڵکو ئەم مرۆڤە وڵاتپارێزە بناسن و بزانن چی کردووە، تاوەکوو بە چڕوپڕی ئاشناتان بکەم.

ئەنوەر دڵسۆز لەدایک بووی ساڵی (١٩٢٤)ی قەڵای هەولێر- گەڕەکی تەکیەیە و هەر لە گەنجایەتی بووەتە ئەندامی حزبی هیوا، نازناوی دڵسۆز بووە، هەر بەم ناوەش ناسراوە و دواتر لە فەرمانگەی دابەشکردنی خۆراک لە ڕواندز دامەزراوە، کاتێکیش، کە کۆماری کوردستان لە ساڵی (١٩٤٦) ڕاگەیەنرا، یەکسەر پەیوەندی پێوەکردوون و بەرپرسیاریەتیشی وەرگرتووە، دوای داڕمانی کۆمارەکە، گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان، لە ڕواندز و کەرکووک زیندانی کراوە، دوای ئازادکردنی، بۆ خوێندن چووەتە یەکێتی سۆڤیەت، لەوێ بووە بە ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد و هەر ئەوساش دکتۆرای لەبارەی دۆزی کورد لە یاسای نێودەوڵەتی وەرگرتووە و نووسینی بەزمانی کوردیی بڵاوکردووەتەوە، سێ ژنیشی هێناوە و هەشت منداڵی هەبووە، کە بریتین (شەش کچ و دوو کوڕ) و لەساڵی (١٩٩٣) ماڵاوایی لە ژیان کردووە و لە گۆڕستانی مەلا فەندی لە باداوە نێژراوە، توانیومە زانیارییەکی زۆر لەبارەی ئەنوەر دڵسۆز-ەوە گەڵاڵە بکەم.


د. ئەنوەر دڵسۆز

هەوڵدەدەم هێندەی لە توانام دابێت و باری تەندروستی (هزریی و جەستەییم) جێگیربێت ئەوا چاوتان بە کتێبێک لەبارەی ئەم مرۆڤە ڕووندەبێتەوە.



ڕزگار عومەر

# باوکی کۆمەڵایەتی، باوکی بایلۆژی

لە هەرێمی کوردستان هەرجارەی هەواڵێک، ڕووداوێکی ناوخۆ، یان دەرەوە بەشی زۆری سەرنجەکان بۆ خۆی دەبا. لە سەر ڕووداوەکان و هەواڵە گەرمەکان کێشمەکێشمی جیاواز و بیروڕای جیاواز بە گژ یەکتردا دەچن، بەشێکی زۆری هەڵوێستەکان دژ بەم ڕووداوانە، یان کارەساتانە ئەقڵیەتێکە، کە بوونی خۆی لە بە «کۆمیدی» کردنی هەموو شتێک دەبینێتەوە، بە مانایەکی دی «بێ نرخکردنگ»ی هەموو شتێک چالاکییەکی جەماوەریی فراوانە لە سۆشیال میدیای کوردیدا.

ڕووداوەکانی ڕابردوو، ئەوەی ئەمڕۆ، ئەوانەی بەیانی، بە چاوپۆشین لە هۆکاری دروستبوونیان و ئاراستەکانیان بەشێکن لەو ماشێنەی دارمانی کۆمەڵگەیان خێراتر کردووە، لێکترازنەکانی کۆمەڵگەی کردووەتە کەرستەی دابەشبوونی بە ڕواڵەت ی«بەرە» کۆمەڵایەتییە بێ ناوەڕۆکەکان، کە هەروا دێ لەیەکدی توندتر دەکەن.

دابەشبوون لە سۆشیال میدیای کوردیی، کەوتن بەلای بەرەیەکدا، پێش ئەوەی پایەکی فیکریی هەبێت پایەکی بەهێزی لە « ناهۆشیاری» و نەبوونی هیچ «بەهایەکە» کە بکرێتە پێودانگ و میکانیزمی نواندنی هەڵوێست بەرانبەر ڕووداوەکان، یان هەواڵەکان.

ئەم نەخوێندەواری و ئەم ناڕۆشنبیرییە لە کۆمەڵگە، لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا چەند نەوەیەکی پێگەیاندووە، کە زۆر ئاسانە ناوی لێبنێین «حەشامەتی بێ سەروبەر» کە نازانێت بۆ هەڵوێست وەردەگرێ! نازانێت پێشینەی، یان ڕەگ و هۆکاری ئەو دیاردانەی بەرەوڕووی دەبنەوە سەرچاوەکەی چییە؟ کەچی حەماسێکی زۆر، پەلە پەلییەکی بێوێنەی هەیە لە نیشاندانی هەڵوێستی بێ بنەما. کۆمەڵگە بەرەو خەرەندێک دەڕوا، ڕۆژ بەڕۆژ ئەستەم دەبێ «ستۆپی» لێبکەیت، لەم دۆخەدا چەندە ئەرکی «ڕەخنەی شۆڕشگێر» یان «کۆمەڵناسی بەرپرسیار» زەحمەتر دەبێت؟

هەواڵی کوڕ و باوکێک، کە کوڕکە دەڵێ ئەو کەسە باوکمە و باوکەکەش دەڵێت تۆ کوڕی من نیت، نزیکەی چەند هەفتەیەک باسێکی گەرمی نێو سۆشیال میدیای کوردیی بوو.

ئەم باسە خۆی تراژیدیا و کارەساتە، کەچی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە بەهای ئەم جۆرە لە ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی کەمتر دەکرێتەوە.

وەک لە وردەکاری ڕاپۆرتەکانی میدیا دەردەکەوێت؛ پێشووتریش هەمان باوک ئینکاری لە باوکایەتی بۆ کچێکیتر کردووە، کە هەمان قسەی هەبووە. ئامانجی ئەم نووسینە؛ لێپێچانەوە نییە لە ڕاست و دروستی قسەی باوکەکە، یان کوڕەکە، یان هەڵبژاردنی بەرەیەک نییە، بەڵکو ووردبوونەوەیەکی زیاترە لەو ڕەگ و لق و پۆپانەی، کە بەر لە هاتنە پێشەوەی ئەم ڕووداوە هەبووە و دوای دروستبوونی ڕووداوەکەش هاتووەتە پێشەوە.

ئێمە وا گریمانە دەکەین، کە باوکەکە ڕاست دەکات و ئەم کورە کوڕی ئەو نییە. ئەوەی جێی سەرنج بوو ئەم پێداگریەی ئەو بوو لەسەر دەستەواژەی «کوڕی خۆم بە دەستی خۆم ناشتووە» لە هەموو چاوپێکەوتنەکانی باوکەکەدا دووبارە دەبێتەوە.

لێرەدا باوکی «بایلۆژی» یان بڵێن باوکی خوێنیی هەموو جۆرێک لە «پەیوەندی» لەگەڵ بەرانبەر دەپچڕێنێ، بەمەش ناوەستێ بەڵکو هەموو جۆرێک لە باوکایەتیش، کە پەیوەندی بە خوێن نەبێت بە ڵکو بەو سۆزە کۆمەڵایاتیانەش دەپچڕێنێت، کە لە ژێر چەتری باوکایەتی ڕەمزی کۆدەبێتەوە دەپچڕێنێت.

ئەم باوکە هیچ پەنجەرەیەک بە کراوەیی ناهێڵێ. مەبەستمان، خەڵکانێکی زۆر منداڵ بەخێو دەکەن، کە هی خۆیان نین، یان هی بێگانەیە، یان هی خزمی خۆی بوونە و بە خێویان کردوون. لێرەدا مەرج نییە، کە ئەگەر ئەم باوکە کوڕەکە قبووڵ بکات ناچارە بیباتە نێو ماڵی خۆی، یان مافەکانی میراتی پێبدات، لە کاتێکدا، کە کوڕەکە خۆی ئەم مافەی ناوێت. مەبەستەکە کاڵبوون و نەمانی تەواوی بەزەیی «مرۆڤبوون»ە.

کە ئەم بابەتە لە میدیای کوردیی گەرم بوو؛ هەردوو مرۆڤ باوکەکە و کوڕەکە لە شاشەی تیڤی «دادگایەکی» پڕ لە درزیان بۆ خۆیان دامەزراندبوو، کە میدیای کوردیی و سۆشیال میدیا وەکو مشەخۆر کەوتبوونە گیانیان. لە کاتێکدا ئەم جۆرە کەیسانە بەر لە گەیشتن بە شاشەی تیڤییەکان دەبوایە لە ڕووی (زانستیی و کۆمەڵایەتییەوە) بەسەرپەرشتی دەزگای

پسپۆر یەکلابکرێتەوە (بە بوون، یان نەبوون) بێ ئەوەی پێویستی بە میدیا هەبێت.
چیرۆکی کوڕەکە، واتا ڕابردووی ژیانی کۆمەڵایەتی پێویستی بە ووردبوونی زیاترە، چونکە ئەو لە خانەی بێ سەرپەرشتان بووە، خێزانێک بە خێویان کردووە، کاتێک باوکە بەخێوکەرەکە دەمرێت خانەوادەکەی دەریدەکەن و پێی دەڵێن تۆ خەڵکی هەڵەبجەیت و بڕۆ بۆ لای کەسوکاری خۆت. ئەم خێزانە هەموو ئەم تەمەنە لە پێکەوە ژیانی «کۆمەڵایەتی»یان لەبیر دەچێت و کێشەی «میرات» دێتە پێشەوە، خێزانەکە هەموو ئەم پەیوەندییە یەکسان دەکەنەوە بە «سفر».
لێرەدا کوڕەکە، کە باوکی «کۆمەڵایەتی» واتا بەخێوکەری لە دەست دەچێت، کاتێکیش پێی وایە باوکە بایلۆژیەکەی خۆی دۆزیتەوە ئەمیش حاشا دەکا لەوەی ئەمە کوڕی ئەو بێت، هەردووکیانی لە دەست دەچێت، باوکی بایلۆژی و باوکی کۆمەڵایەتی!
ئەمە کرۆکی کورتکراوەی ئەم ڕووداوەیە، بەڵام هەڵوێستەکانی کۆمەڵگە نیشانمانی دا، کە کۆمەڵگەی ئێمە «دڵڕەقترە» لە هەردوو ئەو هەڵوێستەی بەرەورووی ئەم کوڕە بووەتەوە!
ناکۆکییەکانی نێو ئەم ڕووداوە دەرفەت دەدا، کە بزانین ئاستی کۆمەڵگە لە بەهای هەردووجۆر لە باوکایەتی چۆنە؛ بۆ نموونە کوڕەکە بوونی کۆمەڵایەتی خۆی بەستووەتەوە بە «دانپیانانیک» کە ئەگەر ساغیش بێتەوە تەنیا بوونێکی بایلۆژی دۆکیومێنتکراوی بنەچەی پێدەدات، ڕوون نییە چ ئیزافەیەک دەخاتە سەر ژیانی ئێستا و ئایندەی، هەروەها ڕوون نییە ئەم کوڕە ئامادەیە تەقەبولی ئەوەبکات، کە ئەم باوکە بایلۆژیەش ئەوی دەوێت یان نا؟ مەسەلەکە تەنیا ڕووی «یاسایی» و «شەرعی» نییە، بەڵکو پەیوەندی بە ئیرادە و بەردەوامی هەیە لە ژیان و لە پەنا بردن بۆ مانا فەرامۆشکراوەکانی باوکی کۆمەڵایەتی، بێجگە لەوەش وەکو چەمکی «ئیرادە» و بەردەوامیی ئەم کوڕە، یان کۆمەڵگە لە کەیسی لەم بابەتەدا دەبێت هەڵبژاردەی سێیەمی هەبێت لە نێوان نەبوونی هەردوو جۆر لە باوکایەتی، ئەم کوڕە دەتوانێت «ژیان بەبێ باوک» هەڵبژێرێت ئەم لاپەڕەیە لە ژیانی خۆی داخات.
گریانی کوڕەکە پەیوەندی بەو ژیانە نییە، کە لە منداڵیکەوە کردیە پیاوێکی باڵغ و خاوەن ژن و منداڵ، واتە هەموو تەمەنی ڕابردووی یەکسان بووەتەوە بە سفر، خانەوادەکەی دەریان کرد، بەڵام ئەویش خۆی لەم ڕابردووە بێ بەری کردووە. ڕاستە هیچی لە دەست نایەت بەڵام کێشەیەکی جدیشی لە گەڵ نییە. ئەمە نیشاندەری ئەوەیە، کە لە پەروەردە و جیهانبینی مرۆڤەکانی ئێمە بەهای «پەیوەندی خوێن» گرنگترە لە بەهای « پەیوەندی کۆمەڵایەتی» تەنانەت ئەگەر پەیوەندییە خوێنەکە بۆ کاتژمێرێکیش بە خێوی نەکردبێت.
باوکە بەخێوکەرەکە ئیشێکی گەورەی کردووە، کە منداڵێکی پێگەیاند، بەڵام ئەم لە خۆگرتنە و ئەم بەخێوکردنە وەکو خۆشەویستی و سۆزی باوکی کۆمەڵایەتی درزێکی تێدابوو، کە نەیتوانیبوو بە تەواوی لەلایەن هەموو ئەندامانی دیکەی خانەوادەکەی لە دەمارگیریی «پەیوەندی خوێن» ڕزگاری بێ، بۆیە لە گەڵ مردنی باوکی کۆمەڵایەتی، ئەم دەمارگیریە بە بوونی کێشەی «میرات» دەرگای بۆ دەکرێتەوە و یەکێک لە ئەندامانی خۆیان کە لە منداڵییەوە لە گەڵیان گەورە بووە دەری دەکەن، لێرەدا دەمارگیریی «پەیوەندی خوێن» دووجار سەرکەوت بەسەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی!
حکوومەت و وەزارەتە پەیوندیدارەکانی لە نزیکەی ٣٢ ساڵی ڕابردوو؛ چ ئاسۆیەکی جدی و بەردەوامیان نیشانداوە، لەگەڵ مامەڵەکردن لەگەڵ ئاکام و کێشەکانی جینۆساید و دۆخی کۆمەڵایەتی دوای جەنگەکان؟ بەرپرسیاریەتی هەموو قوربانیانی جەنگ و کۆمەڵکوژییەکان، خێزانی قوربانییەکان و ڕزگاربووەکان و ونبوەکان و ئەوانەی دەدۆزرێنەوە، کێ بەرپرسیاریەتی دەروونی و کۆمەڵایەتییان لە ئەستۆ بگرێت؟ کێشەکان تەنیا مووچە نییە، کێشەکان موتوربەکردنی کۆمەڵگەیە بە میکانیزمەکانی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و هێشتنەوەی «بەها مرۆڤایوتییەکان» لە مامەڵە لەگەڵ دۆخی دوای جەنگ و کۆمەڵکوژییەکان.
لە ساڵانی ڕابردوودا چەندین تراژیدیای تەندروستی لەنێوچوون و مردنی بەرکەتووانی چەکی کیمیاویمان بینی، کە زۆربەیان چەند ساڵیک بەر لەمردنیان داوای یارمەتی و چارەسەریان دەکرد، کێ خەمی لێخواردن و کێ پرسیاری کرد بۆ مردن؟ کاتێک قوربانیان و ڕزگاربووان و کەسوکاریان هیچ جۆرە پاڵپشتکردنێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و هۆشیاریان لە ٣٢ ساڵدا پێشکەش ناکرێ، کاتێک سێنتەرێکی باوەڕپێکراوی DNA لە هەرێمەکەت دەست ناکەوێت، لە ڕووی لێهاتویی زانستی و متمانە و دەستپاکی، ئەو دەمی تاڵترین چیرۆکە جەرگبڕەکانی ڕزگاربوانی جینۆساید و کۆمەڵکوژی و جەنگ و کیمیاباران دەبێتە مادەیەکی سووککراو بە دەستی میدیا و حەشامەتی بێ بەهاو بێ پرەنسیپ!
کاتێک بەهای مرۆڤبوون سووک دەکرێت، مانا ڕەمزی و کۆمەڵایتییەکانی «باوکایەتی» کۆمەڵگە بۆ ڕۆڵەکانی، وەکو حیکایەتێک دێتە بەرگوێ، کە کەس تاقەتی گوێگرتنی نەماوە!

# حوسام حەسرەت
## ١٩٥٦ – ٢٠٢٣/٣/١



له دەفتەری نەمریدا

## حەسرەت لە دڵتەنگی و حەسرەتەوە هاتووە

# بۆیە ئەو نازناوەم هەڵبژاردووە، چونکە بەختم نییە

حوسام حەسرەت-ی شاعیری تورکمانی لە دیدارێکدا دەڵێت:

هەر لەمنداڵییەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ ئەدەب و ڕۆشنبیریدا هەیە، لەساڵی ١٩٧٣-وە هەستم بەتوانا شیعرەکانم کردووە، سەرەڕایی ئەوەی گەلی تورکمان زیاتر ئاشنای (قۆریات) بوون.

دوای دوو ساڵ دەستم بەنووسینی قۆریات کرد، قوریاتیش برگە شیعرییەکە، کە خۆی لەچوارینەدا دەبینێتەوە، لەکاتێکدا بۆ ماوەی دە ساڵ هیچ شیعرێکم بلاونەکردەوە، لەساڵی ١٩٨٣ بەشێوەیەکی بەردەوام لەرۆژنامەی (قارداشلق)ی سەر بە یانەی برایانی تورکمانی و ڕۆژنامەی (وبیرلیک سەسی)ی دەنگی یەکێتیی و ڕۆژنامەی (یۆرد-نیشتمان) کە لە بەغدای پایتەخت دەردەچوون بلاودەکردەوە، لەساڵی ١٩٨٨ بووم بەئەندامی یەکێتیی ئەدیبان و نووسەرانی عێراق، لەساڵی ١٩٩٧ وەک بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیریی و فەرمانگەی پەروەردەی سەر بە بەرەی تورکمانی عێراقی دامەزرێندرام، هەروا لە ساڵی ١٩٩٧ کرام بەسەرنووسەری ڕۆژنامەی (تورکمان ئیلی) لەساڵی ٢٠٠٦ بوومە ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، هەروا لە ڕێککەوتی ٣-٥-٢٠١١ بەشداری یەکەم کۆنگرەی یەکێتیی ئەدیبانی تورکمانم کرد و بە جێگری سەرۆکی یەکێتییەکە هەڵبژێردرام.

چەندین کتێبی شیعریم هەیە وەک (حەسەرەت-١٩٨٤) (لەتۆدا هەیە- ١٩٨٦) (هەستی سێینە-١٩٩٠) (شیعرەکانی مانگ-١٩٩٩) (مرۆڤایەتی لە فرمێسکەکانمان-٢٠٠١) (عاشق قوریان عەدنان ترزی-٢٠٠٣) (١٠٠١ قوریان-٢٠٠٨) (بالندەکان -٢٠٠٩) (ئەو وشانەی لەنێوەندی ژیاندا هاتوونەتە ئارا-٢٠٠٩) (داستانی هەولێر-٢٠١٠) (ونبوون لە ڕووناکیدا -٢٠١٠) (چەپکی هەولیر-٢٠١٢) (بیکە پێنج -٢٠١٢) (من تورکمانێکی مەزنم-٢٠١٢)

**ئایا هیچ بابەتی گەلانی دیکەت وەرگێڕاوە؟**

بەڵێ چەندین کۆمەڵە شیعر و پەخشانی ئەدیبانی کوردم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی تورکمانی و لە ڕۆژنامە تورکمانییەکان بلاوم کردوونەتەوە، وەک شیعرەکانی (عەباس عەبدوللا یوسف و بورهان جاهید و دڵشاد عەبدوللا و مامۆستا هێمن) لەگەڵ بیست چیرۆکی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، کە ئەو خەڵکی توزخورماتووە، بەمەش توانراوە ڕۆشنبیریی لەونێوەندەدا ئاوێتە و تێکەڵی یەکتر ببێت.

**بۆچوونت سەبارەت بە یەکیتیی ئەدیب و نووسەرانی تورکمان؟**

بوونی یەکێتییەک، کە خۆی لەنوێنەرایەتی ئەدیب و نووسەرانی تورکمان ببینێتەوە، لەم قۆناغەدا پێویستییەکی هەنووکەییە، چونکە هەموو ئەدیبەکان پێویستە دەزگایەک نوێنەرایەتیان بکات، بەڵام لەئێستادا پشتگیری ناکرێن، بۆیە یەکێتییەکە ناتوانێت بەخششەکانی پێشکەش بە ئەدیب و شاعیرانی تورکمان بکات، هیوامان وایە ئەم قۆناغە تێپەڕێنین و لەداهاتوودا باشتر ببێت.

**هەڵسەنگاندنت سەبارەت بە ڕۆشنبیریی تورکمانی لەئێستەدا؟**

ڕۆشنبیریی پردێکە، تا پەیوەندی لەنێوان شارستانییەتی دیکە و ڕەنگاوڕەنگی هزرییەکانی دیکەدا هەبێت، لەکاتێکدا شیعر لەبنەڕەتدا گرنگترین شێوازی گفتوگۆیە و بەهایەکی گەورەی هەیە لەنێو شارستانیەتدا، تا ببێتە بنەمایەک بۆ پێکەوەژیانی گەلان، بەشێک لەنەوەکانمان ناخوێننەوە و نەوەی نوێش دوورە لەخوێندنەوە ئەدەبییەکان، بۆیە کەموکورتی هەیە لەبەدواداچوونی ڕۆشنبیریی و ئەدەب، من ئەمڕۆ چەندین کتێبی مێژوویم لەبەردەستدایە، کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٢٠٠ ساڵ، بەتایبەت کتێبەکانی وەک (غریبی) و خاتوونی شاعیری هەولێری (نەسیم عەتاللا) کە نازناوەکەی (نەسیم هەولێری)یە، پێموایە زۆرێک لەنەوەکانی ئەم سەردەمە شتێکی وانازانن سەبارەت بەمێژوو و ڕۆشنبیرییان، هاوکات پێموایە ڕۆشنبیریی و ئەدەیب ڕۆڵی هەیە لەجووڵاندنی ئەم دۆخە، دیارە ئەمەش بەپشتگیری یەکێتییەکانی ڕۆشنبیریی و ئەدەبیات.

**ئایا شیعر جەماوەری هەیە، هەروەها شیعر سوودی چییە؟**

ڕاستییەک هەیە دەبێت دانی پیدابنێین، بەوەی جەماوەری شیعر لەپاشەکشدایە، بۆیە پێویستە لەسەر شاعیران جەماوەر بۆ لای خۆیان ڕابکێشنەوە ئەمەش لەڕێگەی کۆڕی شیعریی و ناساندنی هونەری شیعر، ئەی شیعر سوودی چییە؟ لەمەوە شیعر کاریگەر دەبێت بە پێشکەوتنەکانی ژیان، بەڵام هیچ کاتێک بەبێ سوود نامێنێتەوە، چونکە دەتوانێت لەهەموو دۆخەکاندا خۆی بگونجێنێت، سوودەکەشی لەنێوەندی ژیاندا بەدەردەکەوێت، بۆیە دەڵێم شیعر ژیانە، هیچ ترسێکی لەسەر نییە هەرچەند باسی لێوە بکەن، چونکە واقیعی دەربڕینی مرۆڤایەتییە، هاوکات سەبارەت بەنووسین ئەوا هیچ شتێک لەو قورستر و جوانتر نییە، ئەمە سووتانێکە بەبێ ئاگر، سووتاندنی دڵ و هۆشە، ئەو پەنجانەی پێی دەنوسرێن بەترس و نیگەرانییەوە دەست پێدەکات و وێنایەکە عەشقی دەبێ و لێی دووردەکەویەوە، لەگەڵ ڕۆژگاردا ژیانێکی دیکە لەدایک دەبێت، ئەمەش بەهۆی بڵاوکردنەوە و لەدایکبوونی هزری نوێ.

**بۆچی نازناوەکەت کردووەتە حەسرەت؟**

وشەی حەسرەت لە دڵتەنگی و حەسرەتەوە هاتووە، بۆیە ئەم نازناوەم لەخۆم ناوە، چونکە زۆرێک لەهیواکانم نەهاتوونەتە دی، بۆیە ئەو نازناوەم هەڵبژاردووە، چونکە بەختم نییە بۆ گەیشتن بەهیواکانم.

*** زەید مەحموود ساڵی ٢٠١٣ ئەم دیدارەی لەگەڵدا کردووە**

# ساڵۆنی لاپەڕە (٩)


لە درێژەی کۆڕەکانیدا ساڵۆنی لاپەڕە ٩ ی ناوەندی هەولێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ماوی ٢٠٢٣/٢/١٨ تا ٢٠٢٣/٣/١٨ ئەو کۆڕانەی ئەنجامدا، کە لە لایەن نازم دڵبەند بەڕێوەبران:

## ٢٠٢٣/٢/١٨

**ناساندن و دابەشکردنی کتێبی (فەرهەنگی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی) بۆ عەبدولستار خدر**





## ٢٠٢٣/٢/٢٥

**کۆڕێک بۆ ئەستێرەی تۆپی پێی هەولێر (سەرکار عەلی خان) بەناوونیشانی (ئەزموونی وەرزشی خۆم)**





## ٢٠٢٣/٣/٤

**کۆڕێک بۆ فەرماندە و پێشمەرگەی دێرین ڕێباز بێرکۆتی بەناوونیشانی ڕاپەرین، دەستکەوتەکان و ئاستەنگەکان**






## ٢٠٢٣/٣/١٦

**لەساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا، نمایشکردنی فیلمی (خەزانی ڕۆح) لە ئامادەکردن و سیناریۆ و دەرهێنانی (ستار محمد ئەمین).**




## ٢٠٢٣/٣/١٨

**کۆڕێک بۆ بۆ محەمەد مێرگەسۆری، بەمەبەستی ناساندنی کتێبی (داربەڕووەکەی کەرکووک، کاروانی گۆڤاری گزنگ)**





# مانگی سێ

ڕەنگە نەورۆز کۆنترین ڕووداوی نێو ئەو مانگەی هەموو ساڵێک بێت، کە لە دەفتەری مێژووی ئێمەدا تۆمارکراوە، دووریش نییە چەندین ڕووداوی دیکەی خۆش و ناخۆشیش، هەر لەم مانگەدا ڕوویان دابێت، بەڵام بە ئێمە نەگەیشتبن. بۆیە جگە لە نەورۆز، ئێستە هەڵەبجە و کیمیابارنکردن و ئەنفال سێ یادەوەریی تاڵی نێو مێژوون، ڕاپەڕین و کۆڕەویش دوو یادەوەریی خۆش و ناخۆشن، کە هەرهەموویان کەوتوونەتە نێو ئەو مانگە ئەفسووناوییەی پێدەگوترێت ئازار- ئادار.
ڕاپەڕین نوێترین ڕووداوی نێو ئەو مانگەیە، کە سەرەتاکەی زۆر ئومێدبەخش بوو، بەڵام کۆتاییەکەی جارێکی دی نەهامەتی بوو.
ئەو نەهامەتییانەی لە کۆڕەوی دوای ڕاپەڕین بەسەرماندا هاتن، لە یاد و یادەوەریماندا، هەردەمێننەوە.
ئێستەش دوای ٣٢ ساڵ نەتوانراوە لە ئاستی گەورەیی ڕاپەڕین دابین، بەشێوەیەک ڕووداوە یەک لە دوای یەکەکانی دوای ڕاپەڕین ڕۆژ دوای ڕۆژ خەڵکی نائومێدتر کرد، بەتایبەتی ئەو نەوەیەی ساڵانێکی زۆر لە پێناو ڕۆژێکی وادا خەباتیان کرد، ئامادەشبوون لەوپێناوەدا گیانیان بەخت بکەن.
ئەوە جگە لەو نەوەیەی لە ماوەی ئەو ٣٢ ساڵەدا لە دایکبوون و ئێستەش لە بەهاری تەمەنیاندان، نەوەیەک ستەمی بەعس-یان نەبینی، مەگەر لەڕێ لاپەڕەکانی نێو کتێبیاندا، بە بەشیکی تاوانەکانی بەعس ئاشنا بن، کە ئەمەش بەهیچ شێوەیەک بەراوورد ناکرێت بەوەی بەچاوی خۆت دەیبینی.





لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەگەر تا ئەم ساتەوەختەش دەرئەنجامەکانی ڕاپەڕین، نەبوونە هۆی بەدیهێنانی سەرجەم هیوا و ئاواتەکان، کە بە شێوەیەکی سروشتی لە هەموو شوێنێکی دونیادا شۆڕش و ڕاپەڕینەکان لە پێناویاندا سەرهەڵدەدەن، ئەوە دەتوانین هەر هیچ نەبێت بایەخی ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ی کوردستان لەوەدا بەرجەستە بکەین، کە پڕ مەترسیترین نەخشەی دوژمنانی پووچەڵکردەوە.
ئەو نەخشەیەی لە کاولکردنی گوندەکان و ئەنفال و کیمیابارنکردنی هەڵەبجە و ناوچەکانی دیکەی کوردستانەوە دەستی پیکرد، خواش دەزانێ بەچی کۆتایی دەهات.
ڕاپەڕین ئەگەر تا ئێستەش لەبەردەم کۆمەڵێک پرسیاردا بێت، بەڵام وەڵامێکی باشی ئەوەی داوەتەوە کاتێک سەددام لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی: (ئێمە، کە خوێناوی بین، واتە ڕاستەوخۆ دەست دەکەین بەسەربڕینی هەرکەسێک، کە خیانەت لەم وڵاتە بکات، یان لەم بیروباوەڕە گشتیانەی، کە مافی گەلە، خۆی پێ بحەسێنێتەوە، یان لە دڵسۆزیی بۆ ئەم خاک و ئاسمان و هەوا و خەڵکەکەی و ئاو و زەوییەکەی دەرچێت، یان یارمەتی بێگانە بدات دژ بە بەرژەوەندی وڵات و کەسوکارەکەی. بەڵێ هەرشتێکمان بۆ بدۆزرێتەوە، کە ئەم هەنگاوەی نابێت، بە ئاشکرا و بێبەزەییانە سەریان دەپەڕێنین. ئەوەش کردەوەی باپیرانمان بووە لە سەرەتای ئیسلامدا، وەک چۆن خالیدی کوڕی وەلید لە جەنگی هەڵگەڕاوەکاندا «الردة» سەری سی هەزار کەسی لە کۆمەڵگەی بچووکی دوورگەی عەرەبیی پەڕاند).
بۆیە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و دواتریش زۆر ناوچەی دیکەی کوردستان و پرۆسە یەک لەدوای یەکەکانی ئەنفال و کوشتن و زیندەبەچاڵکردنی ئەو هەموو مرۆڤەی کورد، بە جیگەیاندن و وابەستوبوونی سەددام بوو، بە بیروباوەڕە دڕندانەییەکەی.
ئەوەیە وامان لێدەکات هەمووومان سەر بۆ گەورەیی ڕاپەڕین دانەوێنین و لەوە تێبگەین، کە ڕاپەڕین چۆن هەموو ئەو ڕێڕەوەی گۆڕی، کە سەددامییەکان دەیانویست جارێکی دی نەخشەی ئەو وڵاتە دروستکراوەی دەستی ئینگلیز بە خوێنی ئێمە و لە ژێر ڕەحمەتی ئەو ئاسمانەی ئەوان بە زۆر کردویانەتە هی خۆیان بەوشێوەیەی، کە خۆیان دەیانەوێت داڕێژنەوە.
هەموو ئەوانەش، کە ئەمڕۆ بە هەر هۆکارێکەوە بێت، بەڕاستییان بێت، یان نا، خۆزگە بە سەردەمی سەددام و فەرمانڕەواییەکەی دەخوازن، نەیانتوانیوە ئەو پیاوە بناسن، ناشیانەوێت بیناسن، ئەوان هەرگیز ئەوچەند پەڕەی بیروباوەڕی ئەویان نەخوێندووەتەوە، کە ئامادە بووە، نیشتمانێکی هەڵچنراو بە کەلەسەری ئێمە بونیاد بنێت.

سمکۆ عەبدولکەریم